ئانێماری گێتمان-زیفەرت

# ڕێبەرییەک بۆ ئێستێتیک

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

کاوە جەلال

سلێمانی 2009

**ناوەرۆک**


پێشگۆتن بۆ چاپی دووەم

پێشگۆتن بۆ چاپی یەکەم

١- فەلسەفە و هونەر

١-١ هونەر وەک مەئریفە یان وەک کردار

- دەستپێکەکانی ئێستێتیک لە ئەنتیکە و چەرخی نێڤیندا
- ئێستێتیک وەک دیسپلینی فەلسەفەیی
- هونەر وەک مەئریفە
- هونەر وەک کردار

١-٢- ئەرکەکانی ئێستێتیکی فەلسەفەیی

- ڕوونکردنەوەی شیمانەی تێگەیشتن لە هونەر
- دیاریکردنی کایەی بابەت و بۆنێوچوونی مێتۆدیانە و تێگە بناغەییەکان
- ئێستێتیک وەک پۆئێتیک؟
- ئێستێتیک وەک ڕەخنەی تێگە بناغەییەکان و وەک تیۆریی زانست
- ئێستێتیک وەک رەخنەی پێش-بڕیار
- دیاریکردنی کارایی مێژوویيانەی هونەر

٢- هونەر وەک مەئریفە

٢-١ تیۆریی چێژ وەک بناغەی دیاریکردنی فەلسەفەییانەی هونەر

- شیمانەی فێرکردن و فێربوونی چێژی چاک
- پێوەرە ئۆبژێکتیڤییەکانی بڕیاری چێژ
- پێوەرە سەبژێکتیڤییەکانی بڕیاری چێژ
- توانستی بڕیار وەک بناغەی بڕیاری چێژ

٢-٢ ئێستێتیک وەک تیۆریی مەئریفە

٢-٢-١ ئێستێتیک وەک دیسپلینی فەلسەفەیی

- گونجاندنی سێنسێتی لەنێو کایەی زانیندا
- مافدانەوە بە سێنسێتی؟
- ئێستێتیک وەک بناغەڕشتنی "هزرینی جوان" یان بناغەڕشتنی بڕیاری چێژ
- ڕەخنەی چێژ
- مێتافیزیکی جوانێتی

- ناسینی ئێستێتیکی وەک بەدیهێنانی جیهان: ئێستێتیک و تیۆریی کردار؟
- پرنسیپی لاسایی و بناغەی مێتافیزیکییانەی ئێستێتیک
٢-٢ (...)
٢-٣ ئێستێتیک وەک یاساکاری بۆ پسپۆران
- ڕاستیی هەست بۆ جوانێتی
- ڕێسای چێژ وەک ڕێخۆشکەری ئەرگومێنتهێنانەوەی ئێستێتیکی
- سەرنجدان وەک سەرچاوەی ڕێسای چێژ
- ئێکسپێریمێنت و ئیندوکسیۆن وەک ڕێگەی ڕووەو ئیدێی جوانێتی
- مەرجەکانی شیمانەی فێرکردن و فێربوونی هەست بۆ جوانێتی و بڕیاری چێژ
- تەریبی نێوان چێژی سێنسەکان و چێژی هونەر
- ڕاهێنانی چێژ وەک فێربوونی فۆرمێکی ژیان
- بەدەربوونی پسپۆر لە پێش-بڕیار وەک مەرجی ڕێساکانی چێژ
- کێشەکان لەتەک هونەردا و سەرئەنجامە دامەزراوەییەکانی ئەو کێشانە: بیرۆکەی مۆزەخانە

٢-٤ ئێستێتیک وەک ڕەخنەی توانستی ئێستێتیکییانەی بڕیار
٢-٤-١ "دێبات لەبارەی چێژ ناشێت"
- هەست بۆ جوانێتی و "بڕیاری تایبەت"ی ئێستێتیکی
- هۆکان بۆ گشتێتیی بڕیاری چێژ
- تێگەی جوانێتی
- چێژی سێنسی و چێژی پەرچاوە: گشتێتیی هەست
- کۆمەڵەی پسپۆران و ڕێسا بناغەییەکانی چێژ
- بلیمەت (Genie) وەک "توانست"ی جوانێتی
- نەشیاوی بۆ ڕەخنەیەکی چێژ

**٢-٤-٢- ئێستێتیک وەک ڕەخنەی چێژ**
- توانستەکانی ئاوەز وەک هاوشێوەی ئۆبژێکتیڤێتی
- بڕیاری ئێستێتیکی بریتی نییە لە بڕیاری لۆگیکی
- ئێستێتیک وەک شرۆڤەی توانستی پەرچێنەری بڕیار
- ئانالیتیکی جوانێتی
- ئانالیتیکی مەزنی
- بناغەکانی ئێستێتیکی کانت
- توانستی بڕیار لە لایەنی وەرگرەوە: نێوبکەرێتیی بڕیاری ئێستێتیکی

- توانستی بڕیار لە لایەنی بەرهەمهێنانەوە: کاری هونەری
- دیالێکتیکی توانستی ئێستێتیکییانەی بڕیار

**٢-٤-٣- تێگە بناغەییەکانی ئێستێتیکی کانت**
- هونەر وەک لاسایی سروشت
- دیاریکردنی بلیمەت (ژێنی)
- ئیدیالی جوانی

**٢-٤-٤- کێشەکانی ئێستێتیکی کانت**

٢-٥- ئێستێتیک وەک تیۆریی مەئریفە بە دەستوێژی مۆدێرن
٢-٥-١- نوێکانتیزم و فێنۆمێنۆلۆژی
٢-٥-٢- ئێستێتیکی شرۆڤەیی
- ئێستێتیکی زمانشرۆڤەیی
- هونەر وەک زمان
- کارایی کۆگنیتیڤی سۆز
- تیۆریی زمان وەک تیۆریی مەئریفە
- هونەر و ڕیالێتی
- هونەر وەک داهێنان (اختراع)ی جیهان
- لابردنی باری بلیمەت
- کێشە و سوودەکانی ئێستێتیکی شرۆڤەیی

**٣- هونەر وەک کردار**
٣-١- پاڵپشتەکان لە ئێستێتیکی ڕۆشناییەکاندا
(...)
٣-٤- دیاریکردنی کارایی مێژووییانەی هونەر لای هێگل
٣-٤-١- تێگە بناغەییەکانی ئێستێتیکی هێگل
- تێگەی دیاردەی جوان
- دیاریکردنی ئیدیال
- هونەر و ڕاستی

**٣-٤-٢- ستروکتور و مێژوو: تێڕوانینی هێگل بۆ فۆرمەکانی هونەر**
- فۆرمەکانی هونەر وەک دیاریکردنی کارایی کولتوورییانەی هونەر

- فۆرمەکانی هونەر و بگۆڕیی کولتورییانەی هونەر
٣-٤-٣ **جیهانی هونەرەکان**
- تەلارسازی
- پەیکەر
- شێوەسازی، موزیک، پۆیێزی

٣-٤-٤ **تێزی کۆتایی هونەر لای هێگل**

٣-٥ **کارایی ڕەخنەیی-کۆمەڵایەتییانەی هونەر: ئێستێتیکی نوێ-مارکسیزم**
٣-٥-١ هونەر وەک ڕەخنەی کۆمەڵگە
٣-٥-٢ هونەر وەک دەرخستەی بینەیی ژیانی بەدیهاتوو

فەرهەنگۆک

## پێشگۆتن بۆ چاپی دووەم

خواستی هەندێک هونەرمەند و مامۆستای هونەر کە هەندێک بەرێزی دەستەی نووسەرانی "کوردڕاوم" دەریانبڕی، پاڵهێزبوو بۆ ئامادەکردنەوەی نووسینە وەرگێرراوەکەی ئانێماری گێتمان-زیفەرت بۆ چاپکردنەوە.

لە ڕەوتی پێداچوونەوەی وەرگێڕراوەکەی چاپی یەکەمدا بینیم کە باشتر هەندێک واژە یان دەستەواژە، هەروەها هەندێک دارشتنی فۆرمولەکراو دابرێژمەوە، هاوکات لە هەندێک جێدا گەرەک بوو بە برێک پەرەپێدان باشتر کەلێنەکانی ئەو جێیانە بگرم. لێ گەرەکە هاوکات ئاماژە بۆ ئەوە بدەم، لە ڕەوتی پێداچوونەوەدا هەندێک هەڵەی وەرگێڕانم ئاشکرا کرد کە لەبەر هەر هۆیەک ڕوویان دابوو و ئێستا لێرە چاککراون.

ئێمە بەگشتی لە وەرگێڕانی تێکستی ئەڵمانییەوە بۆ کوردی دەکەوینە بەردەم کێشەیەکی کرۆکی: لە لایەک زمانی تێگەیی ئەڵمانی، لە لایەکی دی زمانی پەخشانیی کوردی. ئەوجا لەبەرئەوەی فەلسەفە تەنیا دەشێت تێگەییانە بێتە دارشتن، ئەوا ئێمە لە وەرگێڕاندا دەکەوینە بەردەم پرسی تێگەسازی بە کوردی. بێگومان تێگەسازییەکی بەم چەشنە سەبژێکتیڤییە، لە خۆیدا دەستپێکیانەیە و بەمەش دەشێت تێگە سازێنراوەکان بۆ خودی سازێنەر کاتی بن، لێ ئەوە مەرج نییە.

بەگشتی دوو شێوازی وەرگێڕان هەن کە وەک پرنسیپ کاران و بەرهەمی وەرگێڕراو دەخەنەوە: هێنانی تێکستی دەرچە (ئەسڵی، لێرە: ئەڵمانی) بۆ لای خوێنەری تێکستی مەبەست کە وەرگێڕراوەکەیە (لێرە: کوردی)، یان بردنی خوێنەری تێکستی مەبەست (وەرگێڕراو) بۆ لای تێکستی دەرچە. بە شێوەی بەرجەستە ببێژین: لە ڕەوشی یەکەمیاندا تێکستەکە بەخۆماڵی دەکرێت، کەواتە تا ڕادەی شیان کوردییانە شیاوی خوێندنەوەیە، لە ڕەوشی دووەمدا تێکستە ئەڵمانییەکە بە بونیادی گراماتیکی و ستایلەوە دەپارێزرێت، کەواتە خوێنەر "بابەتێکی ئەڵمانی" بەکوردی دەخوێنێتەوە و هاوکات تێیدا ئەزموونی غوربەت دەکات.

بە دیدی من هەردوو شێواز پەیوەند بە وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە بۆ کوردی پرکێشەن، چونکە لە یەکەمیاندا نووسراوی ئەڵمانی بزر دەبێت، لە دووەمیاندا تا ڕادەی شیان وەک خۆی، کەواتە بە ئەڵمانی دەمێنێتەوە و دەشێت سەر لە خوێنەر تێکبدات وەک لەوەی لە تێکستەکە نزیکی بخاتەوە. لە بنەڕەتدا ئێمە بەبێ هەڵوەشاندنەوەی گراماتیکی ئەڵمانی ناتوانین وەرگێڕانەکە ئەنجام بدەین، کە ئیدی بۆ نموونە دەشێت ڕستەیەکی ئەڵمانی ببێت بە دوو ڕستە، جگە لەوە ئێمە لەم ڕەوتەدا دەکەوینە بەردەم پرسی دارشتنەوەی ڕاڤەیی، کە بێگومان ڕاڤەکردن واتای ڕوونکردنەوە و کۆمێنتار ناگەیەنێت بەپاڵ ڕستەیەکی وەرگێرراوی تێکستەکەوە، بەڵکو دەتوانین ناوی بنێین دانەوەی ئازادی ناوەرۆکگەلی لێتێگەییو کە ئیدی لە سەرەنجامدا دەشێت هیچ لێکچوونێک لە نێوان گوزارشتە / وشە ئەڵمانییەکان و کوردییەکاندا نەمێنێت.

لە کۆتاییدا گەرەکە ئاماژە بۆ ئەوە بدەم کە لەم چاپەی بەردەستدا ژمارەی دانراوی هەموو سیتات (ئیقتیباس)ەکانی چاپی یەکەمم لابردووە. لەم ڕوانگەیەوە گەر کەسێک ئیقتیباسێک بەکاربهێنێتەوە، دەتوانێت لەپاڵ ناوبردنی فەیلەسوفەکەدا ئاماژە بۆ لاپەڕەی ئەم کتێبە بدات.

کاوە جەلال

براونشڤایگ 2021

## پێشگوتن بۆ چاپی یەکەم

ئایا ئێستێتیک وەک دیسپلینێکی فەلسەفەیی چییە، ئایا چۆن سەرەتا بەگشتی لەنێو هزرینی فەلسەفەییدا بووە و پاشان بە هەوڵی تایبەتی فەیلەسوفان کراوە بە دیسپلینێکی سەربەخۆی فەلسەفەیی؟ ئەمانە و هەندێکی دیکە ئەو پرسیارانەن کە ئەم نووسینەی ئانێماری گێتمان-زیفەرت پێوەیان خەریکە.

ئەم نووسینە لە سێ بەش پێکدێت. بەشی یەکەم خەریکبوونێکی گشتی یان دەروازەییە بە کێشەی هونەرەوە و دەمانهێنێت بۆ نێو پرسیارە کرۆکییەکانی ئێستێتیک. لێ خەریکبوونی ئێستێتیک بە هونەرەوە دەخزێتە نێو هەندێک کێشەوە کە ناچارە وەڵامیان بداتەوە، چونکە هونەر نە بەروونی سەر بە کایەی مەعریفەیە کە ئیدی بشێت لەنێو تیۆرییەکی مەعریفەدا بناغەی بڕێژرێت، هەروەها نە بەڕوونی سەر بە کایەی کرداری مرۆڤە کە ئیدی بشێت وەک بەشێکی فەلسەفەی پراکتیکی دابنرێت.

بەم شێوەیە پەیوەند بە مامەڵەکردنی فەلسەفەییەوە لەتەک هونەردا دوو پارادیگما سەرهەڵدەدەن: هونەر بۆ پارادیگمای یەکەم شێوەیەکی مەعریفەیە؛ لەم ڕوانگەیەوە هونەر فۆرمێکی بینەیینانەی مەعریفەی جیهانە. بەشی دووەمی ئەم نووسینە ئەو هەوڵانە لە خۆ دەگرێت کە هونەر وەک شێوەیەکی مەعریفە دیاری دەکەن. لەم بەشەدا تیۆرییە ئێستێتیکییەکانی باومگارتن، هیوم، کانت، هەروەها لەپاڵ پوختەیەکی نوێکانتیزم و فێنۆمێنۆلۆژیدا، تیۆرییە زمانشرۆڤەییەکەی گوودمان داڕێژراون. بەرانبەر ئەم پارادیگمایە کە هونەر وەک شێوەیەکی مەعریفە دەبینێت، پارادیگمای دووەم دەوەستێتەوە و هونەر وەک کردار دیاری دەکات (بەشی سێیەم). ئەم جۆرە تێڕوانینەی ئێستێتیک هونەر دەخاتە نێو کایەی کردارەوە، لێ وەک فۆرمێکی تایبەتیی کردار دیاریی دەکات. لێرەدا تیۆرییە ئێستێتیکییەکانی هێگل، ئادۆرنۆ و مارکوزە داڕێژراون.

لێ پێویستە لەم پێشگۆتنەدا ئاماژە بۆ ئامانجی ئەم وەرگێڕانە کورتکراوەیە بدەم. ئەم کارە تەنیا فێرخوازانی زانکۆیی (بەشەکانی فەلسەفە یان هونەرە جوانەکان)، هەروەها هونەرمەندان، نووسەران و کەسانی هۆشئاوەڵا دەکات بە ئامانج کە پێویستیان بە پاڵهێزی ئێستێتیکییە بۆ پەرەدان بە پرسیار خۆییەکانیان (یان ڕەنگە هەندێک وەڵام) هەیە. پێویستە هاوکات جەخت لەو ڕاستییە بکەم کە تێگەیشتن لەم داڕشتنانە "زەحمەتە" گەر خوێنەر شارەزایی بەگشتی لە ئەلوبێی فەلسەفە و بەتایبەتی لە سەرجەم هزری هەر یەکەی ئەو فەیلەسوفانەدا نەبێت کە گێتمان-زیفەرت بە خەریکبوون پێیانەوە هەوڵی داوە ڕێبەریی خوێنەر بۆ نێو کێشەکانی ئێستێتیک بکات.

کاوە جەلال

## ٦- فەلسەفە و هونەر

لە مامەڵەکردنی ڕۆژانەماندا لەتەک هونەرەکاندا بڕوایەک سەروەرە کە گۆیا: هونەر بە یاریدەی زەین و ئاوەز شیاوی تێگەیشتن نییە، هەروەها هونەر ناچێتە نێو کایەی بەڕێوەبردنی ژیان و کرداری مەبەستمەندەوە؛ لەوە دەچێت هونەر بە پێچەوانەوە لەتەک هەستدا بدوێت و لە گەمەی بێمەبەستەوە سەرچاوەبگرێت؛ فێنۆمێنێکی بەم چەشنە ناشێت تێگەییانە دابڕێژرێت یان ڕەخنەی لێبگیرێت؛ هەر ئەوەندەی تێگە سەروەری بنوێنێت، ئیدی فێنۆمێنەکە تێکدەشکێت، هەر بۆیە پێدەچێت هونەر کێشەیەکی ڕاستینەی فەلسەفە نەبێت و ئێستێتیکی فەلسەفەییش نەتوانێت لە پرنسیپەوە مامەڵەیەکی گونجاو لەتەک ئەودا وەک بابەتی خۆی بکات. سەرباری ئەم بڕوا سەروەرانە، هەر لە سەرەتاکانی فەلسەفەوە هەوڵ دراوە فێنۆمێنی هونەر دیاری بکرێت، هەروەها هەوڵ دراوە گۆڕان بە تێگەی گونجاو بدرێت تاکو بە یاریدەی ئەو تێگانە شیمانەیەک برەخسێنرێت بۆ دیاریکردنی هونەر وەک توخمێکی ئەوتۆی کولتووری مرۆڤ کە نەشیاوی دەستبەرداریيە.

ئێستێتیکی فەلسەفەیی لە مامەڵەکردنی لەتەک هونەردا ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆ، کە نەک تەنیا لەبارەی هونەر بدوێت، بەڵکو هەروەها گۆڕان بە دیاریکردنێکی گشتگیری هونەر بدات. لێرەدا ئێستێتیک دەکەوێتە نێو کێشەوە، چونکە لەوە دەچێت کە هونەر بابەتێکی سروشتیی فەلسەفە نەبێت. ئاخر هونەر نە بەڕوونی سەر بە کایەی مەئریفەیە، کە ئیدی بشێت لەنێو تیۆرییەکی مەئریفە یان لەنێو مێتافیزیکێکی مەئریفەدا بناغەی بڕێژرێت، هەروەها نە بەڕوونی سەر بە کایەی کرداری مرۆڤە، کە ئیدی خۆی فەلسەفەییانە لەنێو ڕەخنەیەکی فەلسەفەی پراکتیکیدا ببینێتەوە. لە بنەڕەتدا دوو مۆرکی هونەر پاڵنەرن بۆ ئەوەی شوێنێکی بۆ دیاریکردنی فەلسەفەیی نەبێت: لە لایەک سێنسێتی و بینەیێتی، لە لایەکی دی بێمەبەستییەکەی. کاتێک سێنسێتیی هونەرەکان و پابەندبوونیان بە شعور و هەستەوە تا سەردەمی فەلسەفەی ئاوەزگەریی نوێکات ئاستەنگێک بوو کە دەرفەتی نەدەدا ئێستێتیک شکۆفە بکات و ئەوجا ببێت بە دیسپلینێکی خۆیی فەلسەفەیی، ئەوا لە لایەکی دیکەوە گریمانەی بێمەبەستییەکەی هونەر بوو بە پاڵهێزێک بۆ گومانکردن لە بایەخی هونەر بۆ کردار و بەمەش گومانکردن لە واتا کولتوورییەکەی.

ئێمە دەتوانین پەیوەست بەم کێشەیەوە دوو کۆنسەپسیۆنی هونەر لە ئێستێتیکی فەلسەفەییدا ئاشکرا بکەین، بە واتایەکی دی دوو پارادیگمای مامەڵەکردنی فەلسەفەیی لەتەک هونەردا ببینینەوە: هونەر یان سەر بە کایەی مەئریفەی مرۆڤ دادەنرێت و وەک فۆرمێکی بینەییانەی مەئریفەی جیهان دیاری دەکرێت، یان هونەر دەخرێتە نێو کایەی کردارەوە و وەک فۆرمێکی تایبەتی کردار، وەک بەکارهێنانی گەمەئاسای ئاوەز بە مەبەستی پراکتیکییەوە، دیاری دەکرێت.

## 1.1 هونەر وەک مەئریفە یان وەک کردار

گەر لە دیاریکردنەکانی هونەر بڕوانین کە لە مێژووی فەلسەفەدا گۆڕانیان پێدراوە، دەبینین کە دوو هەوڵی بنەمایی جیاواز بۆ مامەڵەکردنی فەلسەفەیی لەتەک هونەردا هەن: 1) دیاریکردنی هونەر وەک یەکێک لە شێوازەکانی مەئریفە، 2) جێکردنەوەی هونەر لەنێو کایەی کرداردا.

### – دەستپێکەکانی ئێستێتیک لە ئەنتیکە و چەرخی نێڤیندا

هونەر هەر لە سەرەتاوە فەیلەسوفانی ناچار کردبوو گۆڕان بە دیاریکردنی پوخت و هەنگێوەری خودی ئەم فێنۆمێنەی هونەر بدەن. کێشەی دیاریکردنێکی تێگەییانەی بەم چەشنە لای پلاتۆن دەردەکەوێت. هونەر بە دیدی پلاتۆن دیاردەی پەتییە، بۆیە هونەر بە بڕوای ئەو شایستەی تێڕوانینی فەلسەفەیی نییە. کەچی هەر خودی پلاتۆن، سەرباری ئەم تێڕوانینەی بۆ هونەر، ئیدێی جوانێتی (Das Schöne) لە سەرووی سەرجەم ئیدێکانی دیکەوە دادەنێت.

فەلسەفەی هونەر، لە مەغزایەکی تەسکدا، لە چەرخی نێڤیندا نییە: ئێستا زۆر کەم گرنگی دەدرێت بە هەوڵەکەی ئەرِیستۆتێلیس بۆ ئەوە کە جوانی وەک دیاردەی چاکە لەنێو کرداردا دیاری بکات. مرۆڤ بە پێچەوانەوە تێگەی جوانێتی لە فەلسەفەی ئیدێکانی پلاتۆنەوە وەردەگرێت و هەوڵ دەدات لەنێو فەلسەفەیەکی کریستیانەی ئیدێدا بیچێنێت، لێ مرۆڤ بەرێی ئەم هەوڵەوە زۆرتر مۆدێلێک بۆ مەئریفەی تیۆلۆژیانەی خودا نەک بۆ هونەر بەدیدەهێنێت.

کەواتە دەتوانین لە فەلسەفەی ئەنتیکە و چەرخی نێڤیندا پەرچاندنی جیاواز سەبارەت بە جوانێتی ببینین کە کەم یان زۆر بۆ دیاریکردنی هونەر گونجاون، لێرەشەوە دەشێت ئێستێتیکی فەلسەفەیی ی ئەنتیکە و چەرخی نێڤین وەک پلەیەکی سەرەتایی و ئامادەکارییەک بۆ ئێستێتیکی فەلسەفەیی لە مێژووی ئێستێتیکدا دابڕێژرێت، لێ ئێستێتیک بۆ یەکەم جار لە فەلسەفەی نوێسەردەمدا وەک دیسپلینێکی سەربەخۆ گۆڕان پێدەدرێت، لێرەشدا پۆئێتیکی ئەرِیستۆتێلیس هێندە بایەخ بۆ ئێستێتیکی فەلسەفەیی وەرناگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەتایبەتی مێتافیزیکی جوانێتی لای پلاتۆن بایەخ وەردەگرێت. بۆیە هەر لە سەرەتاوە هونەرەکان کە دیاردەی سێنسین، دەخرێنە ژێر گومانەوە و خودی ئەم گومانە دەبێت بە بارێک بەسەر ئێستێتیکی فەلسەفەییەوە. لێرەدا ئیدیالێتیی جوانێتی وەک دژبەری ئەوە دەمێنێتەوە کە سێنسیانە دیار دەدات و تەنیا مافدانەوە بە سێنسێتی دەتوانێت ڕێ لەم نالەبارییە بگرێت. پلاتۆن بابەگەورەی ئەو بارەیە کە خۆی بەسەر ئێستێتیکی فەلسەفەییەوە دەبینێتەوە. ئاخر پلاتۆن هونەر وەک دیاردەیەکی سێنسی دیاری دەکات، کە لە ئێنتوسیازمەوە سەرهەڵدەدات و مەبەستیشی هێنانەگۆڕێی ئێنتوسیازمە لای لێڕوانەران، بۆیە هیچ نەشیاو نییە کە هونەر ببێت بە مایەی مەترسی بۆ مرۆڤ، واتا

نەشیاو نییە کە هونەر بە هیچ شێوەیەک بە کەڵکی مرۆڤ نەیەت. ئاخر ئێنتوسیازم، بە دیدی پلاتۆن، کاریگەرییەکی ئەوتۆ دەنوێنێت کە مرۆڤ لە ئیدێ، لە کۆششکردن بۆ ژیانێکی گونجاو بە ئیدێ، دووربکەوێتەوە.

هونەرەکان ئاماژە بۆ ئیدێیەک دەدەن کە دوای پلاتۆن، بەتایبەتی لە فەلسەفەی پلۆتیندا، لێ هەروەها لە ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا، پێگەیەکی تایبەتی لەنێو جیهانی ئیدێکاندا وەردەگرێت. ئێستا ئیدێی جوانێتی لە سەرووی ئیدێی چاکە و ڕاستییەوە دادەنرێت، لێرەشدا ئیدێی جوانێتی دەبێت بە پۆپکەیەک و تێیدا ئیدێکانی دیکە یەکدەگرنەوە. کەواتە گەر بەم چەشنە بڕوانین، ئەوسا هونەر وەک بەدیهێنانی ئیدێی جوانێتی، پەیوەندیی بە چاکە و ڕاستییەوە دەبوو. لێ لە فەلسەفەی پلاتۆنی و هزرینی چەرخی نێڤیندا بە هیچ شێوەیەک هەوڵ بۆ دەرئەنجامگیرییەکی بەم چەشنە نادرێت، بە پێچەوانەوە ئەم دەرئەنجامە درەنگتر لە وەرگرتنی ئێستێتیکییانەی پلاتۆندا لە لایەن ئیدیالیزمی ئەڵمانییەوە ئەنجام دەدرێت: تێڕوانینەکانی پلاتۆن بەسەر نوێپلاتۆنیزمدا دەپەڕێنەوە بۆ نێو ئێستێتیکە سیستەماتیکەکەی شێلینگ و هێگل. ئاشکرایە کە ئێستێتیکی شێلینگ ناو دەنرێت "مێتافیزیکی هونەر"، هەروەها تیۆرییەکەی هێگل وەک "پلاتۆنیزمی ئێستێتیکی" دیاری دەکرێت و هەر بەم ڕێیەشەوە هەوڵ دەدرێت ڕەخنە لە سەرچاوە پلاتۆنییەکانی ئەم سیستەمانە بگرێت. لێ دەبێت جەخت لەوە بکەین کە لە ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا بۆ هەمیشە کۆتایی بە گومانی فەیلسوفان لە هونەر دەهێنرێت (هونەر وەک دیاردەی سێنسیانەی جوانێتی)، ئەمەش بە مافدانەوە بە سێنسێتی ڕوو دەدات. ئەم مافدانەوەیە بە سێنسێتی بە گەڕانەوە بۆ ئیدێی پلاتۆنییانەی جوانێتی ئەنجام دەدرێت — جوانێتی وەک یەکخستنی ڕاستی و چاکە، ئەوجا، وەک سەرئەنجامی ئەمە، هونەر نەک تەنیا بە مەئریفەی جیهانەوە پەیوەند دەکرێت، بەڵکو هاوکات دەخرێتە پەیوەندیشەوە لەتەک کرداری مرۆڤدا. بە وەرڕاڤەیاندنی پلاتۆن پارادیگمای ئەرپستۆتێلی کە دیاریکردنی هونەرە وەک کرداری جوان، واتا پەیدا دەکات. ئێستا هونەر وەک مەئریفەی جیهانێکی مێژوویی دیار دەدات، کە هاوکات تەنانەت بۆ کرداری مێژوویی مرۆڤیش دەبێت بە پارادیگما، ئەویش چونکە هونەر لە کردارێکی تایبەتییەوە، لە سازاندنی ئازادەوە، سەرچاوە دەگرێت.

## – ئێستێتیک وەک دیسپلینی فەلسەفەیی

لەتەک هزرینی نوێسەردەمدا، یان پوختتر ببێژین، لە فەلسەفەی ئاوەزگەرییدا و ئەمەش لای باومگارتن، شێوازی پەرچاندنی فەلسەفەیی سەبارەت بە هونەر سەرهەڵدەدات. باومگارتن گۆڕان بە ڕاستییەک دەدات کە سێنسیانە دیاردەدات، لێ ئەمە ڕاستییەکە کە تەنیا تێگەییانە دیاری نەکراوە. باومگارتن لەم ڕاستییەوە گۆڕان بە ئێستێتیکێک وەک فەلسەفەی هونەر دەدات. بێگومان لێرەشدا هەر یەکەی هەڵوێستەکان بە گەڕانەوە ڕووەو لێهزرینەکانی ڕابوردوو، بەتایبەتی ڕووەو تێڕوانینەکانی پلاتۆن و ئەرپستۆتێلیس، دیاری دەکرێن، لێ ئێستا هێندە نەبێت کە ترادیسیۆنی فەلسەفەیی فۆرمێکی تایبەتی وەردەگرێت: دەبێت بە بناغەی ڕێبازێکی بەربڵاوی هونەر و جوانێتی و هاوکات بناغەی ئەزموونکردنی هەردووکیان — واتا دەبێت بە بناغەی ئەزموونکردنی هونەر.

ڕووکردنە ئەزموون بریتییە لە مۆرکی پرۆگرامە مۆدێرنەکەی نرخاندنی جوانێتی و هونەر. ئێستا تێڕوانینی جوانێتی (ئیدێی جوانێتی)، لێ هەروەها هونەری ئەنتیکە و چەرخی نێڤین، بەڕێی ئەم دەستپێکەوە بناغەیەکی نوێ وەردەگرن. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە مرۆڤ دەتوانێت فەلسەفەی هونەر بگەڕێنێتەوە بۆ پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس، لێ دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە لای ئەمان جارێ ئێستێتیک لە مەغزایەکی ڕاستینەدا نییە. لە ئەنتیکەدا تەنیا دیاریکردنی بنەماییانەی هونەر لەنێو کۆنتێکستی ناسین یان کرداردا هەیە، لێ ئەم دیاریکردنانە لە خۆیاندا دەبن بە پێوەر بۆ ئەو هەوڵانەی ئایندە کە بۆ گۆڕاندان بە ئێستێتیکێکی فەلسەفەیی دەدرێن.

- **هونەر وەک مەئریفە**

لەتەک سەرهەڵدانی ئێستێتیکدا وەک دیسپلینێکی سەربەخۆی فەلسەفەیی، بەزەرووری تێگەی هونەر لە زەمینە کولتوورییەکەی تێگەیشتنی هونەر، هەروەها لە گونجاندنی هونەر لەنێو فۆرمی ژیانی مرۆڤدا، ئەبستراکت (تەجرید) دەکرێت. پرسیارەکە سەرەتا ئاڕاستەی مەئریفەیەکی تایبەتیی جوانێتی دەکرێتەوە، لێ مەئریفەیەکی ئەوتۆی جوانێتی کە ڕەچاوی کاریگەرییە ژینجیهانییەکەی خودی جوانێتی ناکات. گەر مرۆڤ ئەم مەئریفەیەی جوانێتی لەنێو چێوەی گشتگیری تیۆرییەکی مێتافیزیکیانەی ناسیندا دابنێت، ئەوا هونەر سەرەتا وەک دووڕەگەزێک لە نێوان لێڕوانینی سێنسی لە لایەک، لێ ئاوەزمەندییەکی شیاوی شرۆڤەکردن لە لایەکی دی، دیار دەدات. مەئریفەی جوانێتی دەبێت خۆی سەرەتا وەک مەئریفە مسۆگەر بکات، چونکە ئەم مەئریفەیە، جیاواز لە زەین و ئاوەز، هێشتا هەر لەنێو بەرهەمی ناسیندا، واتا لەنێو شتی جواندا، سێنسێتی لە خۆ دەگرێت. لەبەر ئەم هۆیە یەک ڕێگەچارە دەمێنێتەوە: مرۆڤ ئێستێتیک دەکات بە تاقیکردنەوەی "بڕیارەکان / حوکمەکان (Die Urteile) " بەسەر شتی جواندا، دەیکات بە تاقیکردنەوەی بڕیارەکانی چێژ (Geschmacksurteile). جوانێتیی بینەیی-سێنسی وەک شتێک لەنێو بڕیاردا دیاردەدات کە ئاوەز دەتوانێت بچێتە نێوییەوە، لێ ئاوەز لێرەدا مەئریفەی کارێکی هونەری شرۆڤە دەکات نەک ئەزموونی سێنسی کە هەردەم تاریک دەمێنێتەوە.

ئێستا ئێستێتیکی فەلسەفەیش، بەگوێرەی هەر مێتۆدێکی فەلسەفەیی بۆ بناغەڕشتنی ڕاستیی مەئریفە، شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرێت. لە خوارەوە پابەند بە تێڕوانینە مێتافیزیکییەکەی باومگارتنەوە دوو ئەلتەرناتیڤ پێشان دەدەین: یەکەم فەلسەفەی ئەزمونگەری هیوم کە هەوڵ دەدات بە مێتۆدی ئیندوکسیۆن یاساکانی مەئریفەی جوانێتی بدۆزێتەوە، دووەم فەلسەفەی ترانسسێندێنتالی کانت، واتا "ڕەخنەی توانستی بڕیار" کە بێگومان بریتییە لە ڕەخنەی بڕیارە ئێستێتیکییەکان.

بەگوێرەی سێ جۆرەکەی دیاریکردنی هونەر وەک مەئریفە، دەتوانین سەرەتا بەکورتی تێگە بناغەییەکانی ئێستێتیکی فەلسەفەیی لە واتایەکی پارادیگمایی تایبەتیدا دیاری بکەین. ڕوانگە کرۆکییەکان بریتین لە:

- دیاریکردنی هونەر وەک لاسایی سروشت
- دیاریکردنی هونەرمەند وەک بلیمەت (ژێنی)
- دیاریکردنی جوانی وەک سازاندنی ئاوەزمەندانەی شتەکان، وەک ئیدیال
- تێزی ئۆتۆنۆمیی هونەر

**- هونەر وەک کردار**

لە دیاریکردنی هونەردا وەک مەئریفە چەند کێشەیەکی نەشیاوی چارەسەرکردن دەمێننەوە و دەبن بە پاڵهێز بۆ گۆڕاندان بە پارادیگمای دووەمی ئێستێتیکی فەلسەفەیی کە دیاریکردنی هونەرە وەک فێنۆمێنی کردار. لەم ڕووەوە هونەر، وەک داواکاری بۆ چێژی چاک، لە کولتووری مرۆڤدا ڕۆڵێکی نەشیاوی دەستبەرداری وەردەگرێت- هونەر ڕۆڵی پەروەردەکردنی مرۆڤ وەردەگرێت، یان دەبێت بە ئامادەکارییەک بۆ بەکارهێنانی بەتوانای ئاوەز، ئەمەش بنەمایەکە کە لە ڕۆشنایییەکاندا وەک پێشمەرج دادەنرێت. هونەر توانا بە مرۆڤ دەدات لە مێژووەوە و بۆ ئایندە فێر ببێت، بەم ڕێیەشەوە هونەر کارایییەکی کرۆکی لە پەروەردەکردن و هێشتنەوە و گەیاندنی کولتووری مرۆڤدا وەردەگرێت. هونەر پشتگیریی پەروەردەکردنی مرۆڤ بۆ بوون بە مرۆڤ دەکات، پشتگیریی مرۆڤ دەکات ئاوەزی خۆی بەگونجاوی بەکاربهێنێت و ئازادییەکەی خۆی بەدیبهێنێت.

شیلەر، خۆگرێداو بە کانت و خۆخەریککردوو بە هێردەر و لێسینگەوە، گۆڕان بەم جۆرە دیاریکردنەی هونەر دەدات. ئەوجا هێگل خۆی بە مێتافیزیکی جوانێتییەوە لای شێلینگ خەریک دەکات و بنەما هزرییەکەی شێلینگ وەردەگرێت تاکو بە شێوەیەکی گشتگیر کارایی هونەر لەنێو مێژووی مرۆڤدا دیاری بکات. بێگومان ئەم کێشەیە لای شێلیگ و هێگل تەنیا ڕوو ناکاتە ڕۆڵی هونەر لە پەروەردەکردنی تاکەکەسدا، بەڵکو هەروەها ڕوو دەکاتە دیاریکردنی ڕۆڵی هونەر لەنێو دەوڵەتی مۆدێرنیشدا، واتا ڕوو دەکاتە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی هونەر (شێلینگ)، یان ڕوو دەکاتە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی-ڕەخنەییانەی هونەر (هێگل).

ئەو هەوڵە بنەمایییانە کە دەدرێن بۆ دیاریکردنی هونەر وەک کردار، دەشێت بەپێی ئەم مۆرکانەی خوارەوە لە پارادیگمای یەکەم (واتا لە هونەر وەک مەئریفە) جیابکرێنەوە:

-کاری هونەری لاسایی سروشت نییە، بەڵکو بەرنامەی جیهانە بە مەبەستێکەوە کە لەیەکتێگەیشتنی نێوبکەرییە (ئینتەرسەبژێکتیڤییە). کاری هونەری لێڕوانینێکی ئەوتۆی جیهانە کە دەشێت ببێت بە ئەلتەرناتیڤ بۆ جیهانبینییە باوەکان و بەرانبەریان هەڵوێستی ڕەخنەیی وەربگرێت.

-هونەرمەند وەک بلیمەت (لە مەغزای تایبەتمەندیی توانستەکانیدا کە تەنیا کەمینەیەکی شارەزا دەیناسێت) دانانرێت، بەڵکو وەک بوونەوەرێکی مێژوویی کە جیهانەکەی خۆی بە هەمان شێوەی هەر کەسێکی دی ڕاڤە دەکات.

بێگومان هونەرمەند ئەم ڕاڤەکردنە بە شێوەیەکی تایبەتی ئەنجام دەدات، واتا هونەرمەند لەنێو شێوەی جواندا، لە بەرهەمی هونەریدا، سێنسییانە دەریدەبڕێت.

-جوانی وەک دەرکەوتەی (Vorschein) ژیانی بەدیهاتوو، وەک بەرنامەی جیهان (نەک بەرنامەی شتێک) دیاری دەکرێت؛ ئەم بەرنامەیە لەنێو تاکە شتی سازێنراودا دیاردەدات. جوانی بریتییە لە ئیدیالی (واتا خەیاڵی / هەڵبەستی) ژیانێک کە خۆی لەنێو پرۆسەی بەدیهاتندا دەبینێتەوە و خۆی وەک دژبەری ڕیالێتی (کەتوار) دەنوێنێت.

-ئۆتۆنۆمیی مرۆڤ بریتییە لە سەرچاوە و مەبەستی هونەر. لێ ئەم ئۆتۆنۆمییەی کاری هونەری تەنیا دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ئازادی و ئاوەزمەندیی مرۆڤ لەنێو شتی جواندا ئەزموون بکرێن.

## ١-٢- ئەرکەکانی ئێستێتیکی فەلسەفەیی

### - ڕوونکردنەوەی شیمانەی تێگەیشتن لە هونەر

ئەرکی ئێستێتیکی فەلسەفەیی ئەوە نییە کە لێرەبوونی (وجودی) هونەر بسەلمێنێت، ڕێنوما بۆ دروستکردنی کاری گەورەی هونەری دابنێت، هونەر لە ناهونەر جیابکاتەوە، هەروەها بەرانبەر نەشارەزایانی هونەر و چەوتە بڕیارەکانیان ماف بە شارەزای هونەر و بڕیارەکانی بدات. بە پێچەوانەوە ئەرکی ئێستێتیکی فەلسەفەیی ئەوەیە کە لە هونەر توخمی کولتووری مرۆڤ تێبگات و هاوکات ئەم شیمانەیەی تێگەیشتن لە هونەر بەڕوونی پێشان بدات.

لێ مرۆڤ، سەرباری هەموو جیاوازییەکان لە بنەما و بەگەڕخستنی ئێستێتیکی فەلسەفەییدا، لەو لایەنەدا هاوڕایە کە ئەرکە تایبەتە فەلسەفەییەکە بریتییە لە بەگەڕخستنی کاتیگۆریی گونجاو و تێگەی هەنگێوەر، تاکو بەڕێیانەوە فێنۆمێنی هونەر هەڵبهێنجرێت و لێرەشەوە بۆ تێگەیشتن مسۆگەربکرێت.

کەواتە ئێستێتیکی فەلسەفەیی لە پرنسیپەوە گریمانەیەک وەک پێشمەرج دادەنێت: هونەر وەک هەر فێنۆمێنێکی دیکەی جیهانەکەمان شیاوی تێگەیشتنە، جا گەرچی سەرباری ئەوە نەشیاوە بتوانرێت هونەر بەتەواوی لە کرۆکی ئەزموونکردنەکەیدا بە شێوەیەکی تێگەیی ڕوونبکرێتەوە. ئەم گریمانە بناغەییە هاوکات پێشمەرجێک بۆ پێناسەی خودی هونەر لە خۆ دەگرێت. هونەر، لەپاڵ بەدیهێنانە شیاوەکانی دیکەدا، دەبێت بە شێوازێکی بەدیهێنانی جیهان و پێویستە تایبەتمەندێتییەکەی، بێگومان هەروەها هاوبەشییەکەی لەتەک شێوازەکانی دیکەی بەدیهێنانی جیهاندا، لە لایەن ئێستێتیکی فەلسەفەییەوە دیاری بکرێن.

## – دیاریکردنی کایەی بابەت و بۆنیۆچوونی مێتۆدیانە و تێگە بناغەییەکان

فەلسەفە لە هونەر ناڕوانێت تەنیا وەک پێشهاتێک، وەک درای فاکتی بەپاڵ فاکتگەلی زۆری دیکەوە، بەڵکو تایبەتمەندییەکەی ئەم دراوە فاکتییە پێشان دەدات. لەبەر ئەوەی هونەر مۆرک بە جیهان وەک جیهانی کولتوور دەدات، واتا جیهانێکی کارتێداکراو لە لایەن مرۆڤەوە، ئەوا ئەرکێک دەکەوێتە بەردەم ئێستێتیکی فەلسەفەیی کە دیاریکردنی مەغزای دروستکردنی ئەو جۆرە بابەتانەیە. ئێستێتیکی فەلسەفەیی دەپرسێت: ئەوە چییە شتێکی جوان کە ناوی کاری هونەریی لێدەنرێت، لە هەموو شتەکانی دیکەی سروشت و بەکارهێنان جیادەکاتەوە، واتا لەو شتانە کە ئەوانیش هاوشێوەی کاری هونەری سێنسییانە دیار دەدەن؟ ئێمە بەم پێیە دەتوانین، لەپاڵ ڕەچاوی ئەو جیاوازییانەدا کە لە نێوان دەستپێکەکانی ئێستێتیکی فەلسەفەیدا هەن، ئەرکی ئێستێتیکی فەلسەفەیی بەم چەشنە دیاری بکەین:

–نەخشەی کایەی بابەتی توێژینەوەکەی دادەنێت کە کایەی بوونەوەرە تایبەتییەکانە و لە شتەکانی ژیانی ڕۆژانە جیاوازن، کلیلی مێتۆدیانەشی بۆ کردنەوەی دەرفەتی تێگەیشتن لەم کایەیە بریتییە لە پرسیار سەبارەت بە بوونی ئەم بوونەوەرە تایبەتییە، واتا بریتییە لە ئۆنتۆلۆژیی هونەر کە پێکهاتەیەکی کرۆکییانەی ئێستێتیکی فەلسەفەییە، بناغەی مێتۆدیانەی هەرجارە شێوەجیاواز شیاوی ئەم ئۆنتۆلۆژییەش بڕیار سەبارەت بەوە دەدات کە داخۆ چۆن کارە هونەرییەکان شیاوی تێگەیشتن بن و هەروەها چی شیاوە و گەرەکە بە هونەر دابنرێت.

لە سەرجەم ڕوانگەکانی ئێستێتیکی فەلسەفەییدا، ئەمەش هەر لە پلاتۆنەوە کە هونەر وەک "شت"ێکی جوان بەرانبەر جیهانی ئیدێکان دیاری دەکات، ئەوجا بەسەر ئەرِیستۆتێلیسدا کە هونەر وەک سەرئەنجام و دەستوێژی بزواندنی "کردارێکی جوان" دیاری دەکات، تا دەگات بە هەڵوێستە مۆدێرنەکانی ئێستێتیکی شرۆڤەیی (ئەنالیزی)، بەکورتی لە هەموو ئەم ڕوانگانەدا هەوڵ دەدرێت وەڵامی پرسیار سەبارەت بە بوونی یان سەبارەت بە کرۆکی ئەم بابەتە، سەبارەت بە جۆری بوونی یان سەبارەت بە شێوەی تایبەتی ئەم بابەتە، بدرێتەوە، لێرەشدا مەسەلەکە ڕوو دەکاتە پێوەرەکانی جیاوازیکردن لە نێوان کاری هونەری وەک شتێکی شیاوی دیاریکردن بە بەرجەستەیی و شتەکانی دیکەدا.

–لێ ئێستێتیکی فەلسەفەیی هەروەها گۆران بە دەستبۆبردنی مێتۆدی یان دەستبۆبردنە مێتۆدییەکان دەدات کە دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ کردنەوەی دەرفەت ڕووەو فێنۆمێنی هونەر بەڕێی تێگەیشتنەوە، ئەوەش یان بە شرۆڤەیەکی تێگەییانەی ئۆبژێکتەکە یان بە شرۆڤەیەکی تێگەییانەی ئەنجامدانەکەی. هەردووکیان لە ترادیسیۆنەوە وەک شیمانە (ی ئەلتەرناتیڤ) بۆ خستنەگەڕی ئۆنتۆلۆژییەکی هونەر دیاردەدەن.

مرۆڤ دەتوانێت کرۆکی هونەر بەو ڕێیەوە دیاری بکات کە بۆ نموونە: مۆرکی "ئۆبژێکتییڤی" بۆ لێرەبوونی کاری هونەری دادەنێت، پێوەر بۆ ئەوە دەخاتە بەردەم کە شتێک شیاوی ئەوە بێت ناوبنرێت هونەر، (بۆ نموونە

هەندێک کاری هونەری وەک نموونە و مۆدێل بۆ سەرجەم کارە هونەرییەکانی دوای ئەوان دادەنێت، وەک چۆن ئەوە لە کلاسیسیزمدا دەکرا، ئەویش بەوە کە جوانیی گریکییانە بە پێوەری سەرجەم جوانیی هونەری دادەنرا)؛ ڕێگەیەکی دی ئەوەیە کە بەدیهێنانی کاری هونەری لە بەدیهێنانی شتەکانی دی جیابکرێتەوە، مۆرکەکانی ئەدگاری هونەریانەی هونەر لەو کارایییەی (فونکسیۆنەی) هونەرەوە دەستگیر بکرێت کە هونەر لەنێو ژیانی مرۆڤدا، لە کولتووردا، هەیەتی. لێ مرۆڤ هەروەها دەتوانێت گریمانەی ڕەوشێکی دیکە بکات: تایبەتمەندیی کاری هونەری ئەوەیە کە ئەو بەڕێی مرۆڤەوە هاتۆتەئاراوە، وەک چۆن مەخلوق لە کرداری خوداوە چێبووە؛ کاری هونەری لەم ڕوانگەیەوە بەرهەمی بلیمەتە (ژێنییە). شیمانەیەکی دی بۆ دیاریکردنی کرۆکی هونەر (کە قانعترە) ئەمەیە: کارە هونەرییەکان بریتین لە بەدیهێنراوی دەستی مرۆڤ، بۆیە ئەوان دۆکومێنتی مامەڵەکردنی مرۆڤن لەتەک شتەکاندا، گەواهینامەی پەیوەندیی مرۆڤن بە جیهانەوە.

–بەمەش ئیدی ئەرکێکی دیکە دەکەوێتە ئەستۆی ئێستێتیکی فەلسەفەیی: ئەو کاتیگۆری و تێگەی بناغەیی ئەوتۆ دەدۆزێتەوە (کەشف دەکات) کە دەرفەت ڕووەو کایەی تایبەتی ئۆبژێکتە یان بەدیهێنانە ئێستێتیکییەکان دەڕەخسێنن. تەنیا گەر ڕێپێبردنی مێتۆدییانە دەرفەت بۆ گەیشتن بە کاتیگۆریی ئێستێتیکییانەی گونجاو بڕەخسێنێت و بەو ڕێیەشەوە تێگەی هەنگێوەر، ڕوونکەرەوە، کەشف بکرێن یان بدۆزرێنەوە، ئیدی دەشێت تایبەتمەندێتییەکەی ئەم بوونەوەرە (کرۆکی ئەو) دیاری بکرێت.

–ئێستێتیکی فەلسەفەیی لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆیدا هاوکات گۆڕان بە ڕەخنەی ئاخافتن (ی تیۆریانە یان ڕۆژانەیی) لەبارەی هونەر دەدات.

لێرەدا بێگومان ئێستێتیکی فەلسەفەیی توانستی ئەوەی پێنادرێت کە هونەر لە ناهونەر جیابکاتەوە، ئەو هەروەها هەر لە سەرەتاوە شیمانەکانی ڕێپێبردنی تیۆرییانە دیاری ناکات، وەک بۆ نموونە ڕێپێبردنەکانی مێژووناسان، ڕاڤەکاران، ڕەخنەگران، کە هەر یەکەیان بە شێوازی جیا لەبارەی هەمان فێنۆمێن دەدوێت، نەخێر، ئێستێتیکی فەلسەفەیی بە پێچەوانەی ئەم شێوازانەی ڕێپێبردن هەنگاوێکی دیکەی دووەمینە و ئەمەش بە واتای بەدووی ئەواندا دێت، واتا ئێستێتیکی فەلسەفەیی لە شێوازەکانی ئاخافتن لەسەر هونەر دەڕوانێت کە لە کولتوورەکەماندا (یان کولتوورانی دیکەدا) سەریانهەڵداوە، لەم ڕوانینەشیدا بایەخی ئەو داواکارییە دەپشکنێت کە ئاخافتنە جیاوازەکان بەرزیان کردۆتەوە. ئێستێتیکی فەلسەفەیی بەبێ جیاوازی ڕوودەکاتە بڕیارەکانی شارەزایان و نرخاندنە سادەکانی نەشارەزایان. بەڵێ، ئێستێتیکی فەلسەفەیی بە پرسیارە بناغەییەکەی خۆی: "ئایا هونەر 'بۆ ئێمە' چە واتایەکی هەیە؟، پێشتر هەق بە نەشارەزایان دەدات کە نیازباشانە، لێ گوماندارانە لەبارەی بایەخی ژینجیهانییانەی هونەر دەپرسێت — نەک هەق بدات بە شاردنەوە زانایییەکانی ئەم پرسیارە لە لایەن شارەزایانەوە. ئێستێتیکی فەلسەفەیی هەروەها پرسیارەکەی نەشارەزایان کە پەیوەندە بە تاکەکەسەوە، واتا پرسیاری ئەوە کە داخۆ هونەر چە بایەخێکی بۆ "ئەو"ی نەشارەزا هەبێت یان گەرەکە هەیبێت، وەک پرسیار لەبارەی کارایی هونەر لە کولتووری مێژووییماندا ڕووندەکاتەوە.

## - ئێستێتیک وەک پۆئێتیک؟

مرۆڤ لە ڕەوتی گۆڕانی ئێستێتیکدا بۆ دیسپلینێکی فەلسەفەیی تەنانەت هەنگاوێکی دیکەی بۆ دیاریکردنی ئەرکەکەی نا: کەموکورتیی ڕێنوێنیی هونەر، بەرهەمهێنان (پرۆدوکسیۆن) کە هەمیشە لەژێر مەترسیی شکسهێناندایە، هەروەها وەرگرتن (ڕێسەپسیۆن) کە دەشێت بەرێی بەهەڵەلێتێگەیشتنەوە زیانی پێبگەیەنرێت، نابێت تەنیا زەمینەیەکیان بەگوێرەی تێگەیشتن پێبدرێت، بەڵکو دەبێت هاوکات ڕێنومای بێخەوشی تەکنیکییانەی سازاندنیشیان بۆ دابنرێت. بەم پێیە ئێستێتیک دەبێت بە پۆئێتیک، واتا ئێستێتیک دەیەوێت لەتەک بەزانستیکردنی (know how)ی تەکنیکییانەی هونەرەکان و ئامانجەکانی سازاندندا گەرەنتی بە شیمانەی فێرکردن و فێربوونی بەرهەمهێنان بدات، بەمەش گەرەنتی بە شیمانەی دووپاتکردنەوەی کارە هونەرییە سەرگرتووەکان بدات. لێ ئەو ڕێنوما جیاوازانە کە پۆئێتیکەکان بۆ هونەرە جیاوازەکان گۆڕانیان پێدەدەن، بەزۆریی لە شرۆڤەی کارە هونەرییە هەبووەکانەوە سەرهەڵدەدەن، واتا پۆئێتیکەکان نموونەی "کلاسیک"ی دادەنێن و پێیانەوە هونەرە جیاوازەکان، بەتایبەتی شێوەسازی و پەیکەرسازی و پۆیێزی، پابەند دەکەن. ڕابوردووی مەزنی هونەرەکان کە بەزۆریی لە ئەنتیکەی گریکیدا دادەنرێت، کاریگەری لەسەر سەرجەم گۆڕانی ئایندەیی دەنوێنێت. لێ گەر مرۆڤ تەنانەت کتومت پەیڕەوی ئەو پۆئێتیکانە بکات، هێشتا هەر بە سەرکەوتنێکی گومانلێکراو دەگات: هونەر دەبێت بە لاساییەکی لاوازی مەزنییەکەی خودی خۆی. بۆیە ئەم پۆئێتیکانە لە لایەنی هونەرمەندانەوە بەدەگمەن قبووڵ دەکرێن.

لە سەردەمی ئەمرۆدا، بەتایبەتیش لە سەردەمانی شۆڕشە هونەرییەکاندا، هەوڵی دیکە لەبریی ئەو ڕێبازە هونەرییە گشتییانە دەدرێت بۆ ئەوەی تێگەی مەئریفە لەو شێوەیەدا کە لە فەلسەفە و زانستەکاندا گۆڕانپێدراوە، بۆ مەئریفەی یان ئەزموونی هونەر بەپیت بکرێت. لێرەدا ***تیۆرییەکانی بینین و تیۆرییەکانی کۆمونیکاسیۆن*** دەبن بە بنەڕەتی دیاریکەر بۆ ئەوە کە هونەرەکان خۆیان دەرفەت بدەن ببن بە پێبێژتن لەبارەی ئەزموونی جیهانییانەی تاکەکەسێک، ئەم ئەزمونە جیهانییەش هاوکات وەک "جیهاندیدی" بۆ هەموو تاکەکەسانی دی پێشنیار دەکرێت. ئەم ڕێنومایی‌کردنانە بەگوێرەی تیۆرییە زانستی و فەلسەفەییەکان، بە پێچەوانەی چەسپاندنی تەکنیکییانەی هونەرەوە لە پۆئێتیکەکاندا، زۆر بەبەرهەمن بۆ هونەرەکان. بێگومان مەسەلەکە لەم پێکەوەلکاندنەی هونەر و تیۆریدا ئەوە نییە کە تیۆری و فەلسەفە ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی لەسەر هونەر دەنوێنن و چە بەرهەمهێنان و چە وەرگرتنی هونەر دیاری بکەن.

کەواتە کارایی ئێستێتیکی فەلسەفەیی ئەوە نییە کە ڕەخنەیەکی بناغەیی ئاڕاستەی هونەر بکات، هونەر و ناهونەر لە یەکدی جیابکاتەوە، پۆئێتیک و ڕاڤەکردن پێکەوە بلکێنێت، کەواتە گۆڕاندان نییە بە ڕێنومای کۆنسێپتییانە یان تەکنیکی بۆ هونەرەکان. ئێستێتیکی فەلسەفەیی ناتوانێت گۆڕان یان گەرەنتی بە مەرجەکان بۆ بەدیهاتنی هونەر بدات، بەڵکو دەبێت مەرجەکان وەک بنەڕەتی سەرگرتن گریمانە بکات.

## – ئێستێتیک وەک ڕەخنەی تێگە بناغەییەکان و وەک تیۆریی زانست

ئێمە دەتوانین لە بنەڕەتدا پەیوەندیی نێوان ئێستێتیکی فەلسەفەیی و تیۆریی هونەر بەم چەشنە دیاری بکەین: ئێستێتیکی فەلسەفەیی لە مەسەلەکانی هونەر و لە تیۆریی هونەردا (واتا لە ڕەخنە و مێژوو و تیۆریزەکردنی هونەرەکاندا) هیچ شیمانەیەکی ڕاستەوخۆی دژبێژیکردنی نییە. هەروەها فەلسەفە بۆی نییە ڕاستەوخۆ بەشداری لە سەرهەڵدانی لەخۆتێگەیشتنی تەکنیکییانەی هونەرەکاندا بکات. سەرەڕای ئەوە، لەم هەوڵانەی تیۆرێتیزەکردنی کردەوەکەی خۆدا، ڕیزێک بڕیاری پێشیانیی فەلسەفەیی یان تێگەی بناغەیی دێنە نێوانەوە کە لە فەلسەفەی هونەرەوە وەرگیراون. لێرەدا ئەرکی ڕاستکردنەوەی ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ئەستۆی ئێستێتیک، ئەویش بە ئامادەکردنی کۆتێگە پێگونجاوە پسپۆرییەکان کە بۆ پێناسەکردنی پوختی فێنۆمێنەکە پێویستن. (مارتین هایدێگەر، هاوشێوەی پەیوەندییەکەی ئێستێتیک-هونەر، گۆڕانی دا بە پەیوەندیی ڕوونکردنەوەی فەلسەفەیی بە زانینی زانستی و ئەزموونی ژینجیهانییەوە).

بەو ڕێیەوە ئێستێتیکی فەلسەفەیی پەیوەند بە تیۆریی هونەر و زانستی هونەرەوە، بەتایبەتی لە مێژووی هونەردا، ئەرکی مێتۆدیانەی تیۆرییەکی زانستی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەو هەوڵ دەدات تێگە بناغەییە گریمانەکراوەکان بپشکنێت، واتا ئێستێتیکی فەلسەفەیی جگە لە خودی داڕشتنە زانستییەکە هەروەها دەپرسێت: ئایا گەنجینەی واژە زانستییەکان کە لەنێو ئەو داڕشتنە زانستییەدا بەگەڕخراوە و لەنێو ئەودا بە هیچ شێوەیەک ناشێت و پێویستیش نییە بکرێت بە بابەتی پێوەخەریکبوون، سەروبەر فێنۆمێنی هونەر بۆ تێگەیشتن دیاری دەکات؟ یان داخۆ تا چەند هەندێک توخمی کرۆکی وەدەرنرابن کە ئیدی بەو هۆیەوە تیۆرییەکانی هونەرەکان لە بناغەیانەوە ناتەواو بن؟ هەر لەم کۆنتێکستەشدا زۆر جار چاوەڕوانیی ئەوە لە فەلسەفەی هونەر دەکرێت، کە ئەو پێویستە لە سەرەتاوە بڕیار بدات (بێگومان بڕیارێک کە بۆ تیۆری گرنگترین بێت)، داخۆ بابەتێک کاری هونەری بێت یان نەبێت. لێ ئێستێتیکی فەلسەفەیی ناتوانێت ئەم ئەرکە بەجێبگەیەنێت. نەخێر، ئەو تەنیا گۆڕان بە دیاریکردنێکی گشتیی ئەوە دەدات کە داخۆ کارە هونەرییەکان بە پێچەوانەی شتانی دیکەوە کە سێنسیانە شیاوی دیاریکردنن، چی بن، واتا کارەکانی هونەر وەک شتانی ئاماژەدەر (Deute-Dinge) دیاری دەکات، وەک بابەتی ئەوتۆ کە سێنسیانە شیاوی لێتێگەیشتنن، وەلێ ئەو شتانە هاوکات دەیانەوێت گەواهیی پەرچاندن بن، یان گەواهیی ڕاڤەیەکی تایبەتیی جیهان بن. جگە لەوە ئەو پرسیارە کە داخۆ چە پێوەر و مەحەکێکی ئێستێتیکی پێویست بن بۆ ئەوەی ئۆبژێکتێکی بەو چەشنە وەک هەوڵی سەرگرتوو پێناسە بکرێت، ئێستێتیکی فەلسەفەیی ناتوانێت بە ئاپریۆری (پێشئەزموونیانە) پێناسەی بکات، بەڵکو تەنیا ئەوەی پێدەکرێت کە پێوەری لەگۆڕێبووی ئێستێتیکییانە بە ئاڕاستەی گریمانە دانراوەکانیان بپشکنێت، ئەوجا گریمانەکان لەو جێیەدا بکات بە بابەتی پێوەخەریکبوون کە جارێ دیاری نەکراون، هەروەها لەو جێیەدا ڕەخنەیان لێ بگرێت کە تێیدا ئەوان وەک ناتەواو دیار دەدەن.

- **ئێستێتیک وەک ڕەخنەی پێش-بڕیار**

لە خۆراڤەکردنی یان لە خۆتێگەیشتنی هونەرەکانەوە کایەئەرکێکی دیکەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی دێتەگۆڕێ. هونەرمەندان خۆیان هەوڵی بەبابەتکردن (تێماتیزەکردن) دەدەن، لێرەشدا هەریەکەی ئەوان بە شێوەی تایبەتی خۆی، کە زۆر جار خۆی گۆڕانی پێداوە، هەوڵ دەدات بە دەستوێژە هەبووە یان تازە گۆڕانپێدراوە هونەرییەکان کۆمونیکاسیۆنێک بخاتە گەڕ، لێکتێگەیشتنێک سەبارەت بە ڕاڤەکردنی جیهان - یان، وەک لە ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا دەگوترێت: "جیهانبینییەک"- بگەیەنێت. لەم پەیوەندییەدا فەلسەفە ئەرکێکی درێژەپێدەری دەکەوێتە ئەستۆ. ئەو چیدی ناتوانێت تەنیا بە ئامادەکردنی تیۆرییەکی زانست بۆ ئەو جۆرە هەڵوێستەی هونەرمەندان و بەمەش بۆ هونەر ڕازی بێت، بەڵکو دەبێت هەروەها گۆڕان بە دیاریکردنێکی پرنسیپییانەی هونەر بدات. هونەرەکان خۆیان وەک پێشنیار بۆ ڕێنومابیکردن، یان خۆیان وەک ئاڕاستەکاریی ڕاڤەکردن سەرهەڵدەدەن و ڕاڤەکان گەرەکە یان دەیانەوێت بۆ هەمووان بایەخمەند بن. فەلسەفەی هونەر دەتوانێت و دەبێت ئەم ئۆپسیۆنانە (خەیارانە) بپشکنێت و بسەنگێنێت. بێگومان لێرەدا ئێستێتیکی فەلسەفەیی لێرەدا ناتوانێت و بۆی نییە ناوەرۆکانی ڕێنومابیکردنیەکان یان جۆری سازاندن وەک ڕێنوما دابنێت، لێ تا ئەو ڕادەیە (وەک کانت دەبێژێت) "داوای" دیدێکی تایبەتیی جیهانمان "لێدەکرێت" و وەک سەرەنجامی ئەوەش ڕێنومابیگەلی کردار وەک چواندوو بۆ هەمووان دادەنرێن (پێشنیار دەکرێن)، دەبێت ئێستێتیکی فەلسەفەیی ئەو ڕێنومابیکردنیانە نەک تەنیا شێوەکییانە (فۆرماڵ)، بەڵکو هەروەها ناوەرۆکیانەش بپشکنێت، بێگومان بەبێ ئەوەی لەم ڕەخنەیەدا ئۆپسیۆنە شیاوەکانی هونەرەکان بە ئاپریۆری بچەسپێنێت. نموونەیەکی ئەم جۆرە چەسپاندنە ئاپریۆرییە بۆ نموونە لە ڕیالیزمی سۆسیالیستیدا دەردەکەوێت: ئەو ڕاستییە کە لە ڕووی جڤاکییەوە بایەخمەندە، لە فەلسەفەی ماتەریالیزمی دیالێکتیکیدا دەچەسپێنرێت، لێرەشدا ڕیالیزەکردنە سیاسییەکە هونەر دەکات بە ئامراز بۆ گەیاندنی ڕاستیی گونجاو بە سیستەمی سیاسی. لێ لە بنەڕەتدا فەلسەفە هەرگیز ناتوانێت وەک سیستەمێکی سەرجەم زانین هەر لە سەرەتاوە هونەرەکان چ بەگوێرەی فۆرم و چ بەگوێرەی ناوەرۆک دیاری بکات، بەڵکو فەلسەفە تەنیا وەک پەرچاندن و کولتوری پەرچاندن لە بەردەستدایە، بە پێچەوانەی هونەرەکان کە ڕەوایانە داواکاری بۆ نواندنی کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ یان بۆ بەجێگەیاندنی کولتوورییانەی سازاندن بەرزدەکەنەوە.

- **دیاریکردنی کارایی مێژوویانەی هونەر**

ئێستێتیکی فەلسەفەیی پێویستە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بەگشتی بداتەوە: هونەر چییە؟ کاری هونەری چییە؟ هونەر چە واتایەکی "بۆ ئێمە"، بۆ کولتووری مرۆڤ، هەیە؟ ئێستێتیکی فەلسەفەیی نایەوێت هونەر لە مەرجەکانی سەرهەڵدان و کاریگەرییەکەی داببڕێت و بە دابڕاویی لێی بڕوانێت، بەڵکو لە هونەر وەک لایەنێکی

کولتووری مێژوویی دەڕوانێت و پێناسەی هونەر لەو ڕوڵەوە دەکات کە هونەر خۆی لەنێو جیهانی دروستکراوی مرۆڤدا دەیگێڕێت.

دیاریکردنی پوخت و بناغەڕشتنی ڕۆڵە کولتوورییەکەی هونەر کاری تیۆریی هونەر و کاری مێژووی هونەر نییە؛ ئەمان هەر یەکەیان وێنەی تایبەتی کارایە مێژوویی–کولتوورییەکەی هونەر گریمانە دەکەن.

هونەر لە هەمەجۆریی شێوەکانیدا وەک فێنۆمێنیک شیاوی لێتێگەیشتنە کە کاریگەرانە مۆرک بە جیهانی تایبەتی مرۆڤ وەک "کولتوور" دەدات. ئێستێتیکی فەلسەفەیی گەرەنتی دەدات کە ئەم شیمانەیەی تێگەیشتن دەهێنرێتە ئاراوە. ئێستێتیک گەرەکە بۆ بنیاتنانی لەخۆتێگەیشتنی هونەر، هەروەها بۆ بنیاتنانی تێگەیشتن لە هونەر، گۆڕان بە مۆدێلی سەروبەر بدات، پێویستە خودی فێنۆمێنی هونەر گشتگیرانە دیاری بکات. بێگومان ئێستێتیکی فەلسەفەیی بە دەستوێژی جیاواز و بە سەرکەوتنی کەم یان زۆر باشەوە هونەر دیاری دەکات. سەرەڕای ئەوە دەبینین، نزیکەی هەموو ئەو هەوڵانە کە ئێستێتیکی فەلسەفەیی بەگەڕی خستوون، توانیویانە بەڕێی دیاریکردنە گشتییەکەی کارایی مێژوویی–کولتووریی هونەرەوە یان ڕۆڵی جڤاکییانەی هونەرەوە، کاریگەری لەسەر کارگێڕیی هونەر (Kunstbetrieb)، لەسەر بەرهەمهێنان و وەرگرتن (ڕێسەپسیۆن)ی هونەر بنوێنن.

## 2- هونەر وەک مەئریفە

لە ئێستێتیکی ئاوەزگەریی و ڕۆشناییەکان، ئەزموونگەریی ئینگلیزی و کانتدا، هەروەها لە ئێستێتیکی شرۆڤەیی مۆدێرندا، هونەر وەک فێنۆمێنی مەئریفە دادەنێن، واتا بەدیهێنانی هونەر (کە بەزۆریی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی هونەر لە خۆ دەگرێت) وابەستە بە دیاریکردنی مەئریفەوە پێناسە دەکەن. هونەر بۆ ئەم ئێستێتیکانە مەئریفەیەکی تایبەتییە یان شێوازێکی تێگەیشتنی جیهانە، کە ناچارە مافی خۆی لەپاڵ مەئریفەی تێگەییدا – کە بالاترین فۆرمی مەئریفەیە – بسەلمێنێت؛ جگە لەوە دەبێت فەلسەفەی هونەریش هاوشێوەی تیۆریی مەئریفە بنیاتبنرێت، چونکە گەرەکە تیۆرییەکی گونجاو بە ڕاڤەی فێنۆمێنەکە بخاتە بەردەست. بەم شێوەیە ئێستێتیکی فەلسەفەیی دەبێت بە لکێکی تیۆریی مەئریفە.

ئێستێتیکی فەلسەفەیی، وەک تیۆریی مەئریفەیەکی تایبەتی جیهان، بەڕێی هونەرەوە سەرهەڵدەدات. لێ خەریکبوونەکە لەتەک هونەردا پێش ئەم سەرهەڵدانەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی، ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆی گرتبووە بەر کە پرسیار بوو سەبارەت بە ژیانی چاک یان شێوە لێرەبوونێکی بە مرۆڤ گونجاو. ئەوجا لەتەک ئاوەڵاکردنی پرسیارە تایبەتییەکەی ئێستێتیکی فەلسەفەییدا هاوکات کێشەیەکی ژینجیهان هاتە گۆڕێ: کێشەی "چێژی چاک". مرۆڤ سەرەتا چێژی چاک بەگشتی وەک توانستێکی بڕیاردان (حوکمدان) دیاری دەکات، ئەم توانستەش وەک بناغەیی بۆ ژیانی جڤاکی بەگشتی و بۆ ئێتیک و سیاسەت بەتایبەتی دادەنرێت. لێ کاتێک ئێستا هەوڵ دەدرێت پرسیاری هونەر لەتەک فۆرمێکی لەباری ژیاندا بگونجێنرێت، ئیدی هەوڵەکە ئاڕاستەی کێشەی گەرەنتیدان بە شیمانەی فێرکردن و فێربوونی چێژی چاک دەبێتەوە، بەمەش گەرەنتیدان بە شیمانەی گشتیدان بە بڕیارەکانی چێژ (Geschmacksurteile) بەسەر جوانێتیدا. ئێستێتیکی ئەزموونگەریی ئینگلیزی ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت، تاکو، گونجاو بە بڕیارەکانی چێژی سێنسی، گۆڕان بە ڕێبازێکی بڕیار بۆ بڕیارەکان بەسەر جوانێتیدا بدات. لێرە هەروەک ببێژین بە وەرچەرخاندنێکی پۆلێمیکییانەی ئەو گومانە فەلسەفەییانە کە بەرانبەر سێنسێتی لەگۆڕێبوون، ئێستێتیکی فەلسەفەیی تەواو دەگەڕێنرێتەوە بۆ زەمینە سێنسی-ئەزموونییەکەی خۆی.

وەکو دی ئەو بارە کە پلاتۆن بەسەر هونەرەوە دایناوبوو، چە لە پرسیاری چێژبینین لە جوانێتی و چە لە پرسیاری ئێستێتیکی فەلسەفەییدا هەر کاریگەر دەمێنێتەوە. بۆیە ئێستێتیکی فەلسەفەیی لە سەرەتاوە ناچار دەبێت ئەو تێڕوانینە لەکار بخات، کە گۆیا کاری هونەری، هاوشێوەی شتە سێنسییەکانی دی، بۆ مەئریفەی ڕاستی ناگونجێت، یان گۆیا کاری هونەری، هاوشێوەی هەر ئەزموونێکی سێنسی، بۆ چێکردنی تێڕوانینی چواندوو ناگونجێت.

کەواتە مرۆڤ ناچار دەبێت ماف بە سێنسێتی بداتەوە و لێرەشدا دوو ڕوانگە دێنە نێوانەوە کە ئێستێتیک دەکەن بە دیسپلینێکی فەلسەفەیی. ڕوانگەیەکیان دەبێژێت: مەئریفە بەبێ ئەزموونی سێنسی ناشێت. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت کرۆکێکی تایبەتیی مەئریفە کە شیاوی پێناسەکردن بێت، بە سێنسێتیش بدرێت. ڕوانگەی دووەمیان گریمانە دەکات: بەڕێی هونەرەوە (لایەنی کەم بەڕێی هونەرەکانی شێوەسازی و هۆزانەوە) چەند چۆنێتییەکی مەئریفەی ڕاستی بە چاپاندنە (impression) سێنسییە کورتخایەنەکان دەدرێت. ئاخر چاپاندنەکان بەردەوام دەبن، لە شێوەی سمینی سێنسیدا دەمێننەوە و بەم ڕێیەشەوە سەربەخۆ لە شوێن (Ort) و کات شیاوی دووپاتکردنەوەن، بەم ڕێیەشەوە ڕزگارکراون لە بەسەرچوویی دەرکەوتەی سێنسی. کەواتە هونەر سەر بە دەرکەوتەی (Schein) پەتی نییە، بەڵکو، وەک باومگارتن لە ئێستێتیکەکەیدا دەبێژێت، سەر بە کایەی "ئەزموون"ی سێنسییە. ئەم کایە سێنسییە، هاوشێوەی کایەی ناسینی تێگەیی، لە ڕێبازێکدا، واتا: ڕێبازی ئەزموونی سێنسی، کاری تێدا دەکرێت. ئەزموونی سێنسی کە لە هونەردا، لە جوانیدا، دەگەیەنرێت، سێنسێتییەکی هۆشێنراوە و وەک ئەمەش لە پرنسیپەوە بۆ هەمووان شیاوی لێتێگەیشتنە. ئەزموونی سێنسی خاوەنی چۆنێتیی مەئریفەیە. ئەمەش بەواتای، ئەو ئەزموونی سێنسییە کە لە هونەردا دەگەیەنرێت، سەر بە کایەی ئیدێکانە کە ڕاستیی ئەزەلین یان ڕاستیی هەرگیز لەناونەچووی هەموو ئەو شتانەن کە بەلەناوچوون تایبەتن. ئێستا کاری هونەری دەبێت بە دووڕەگەزێک، ئێستێتیکی فەلسەفەییش ئەدگارە (پلاتۆنییانە ڕڤەکراوەکانی) ئەزموونی سێنسی بە ئەدگارەکانی مەئریفەی ئیدێ تێکەڵ دەکات.

باومگارتن هەوڵ دەدات بناغەکان بۆ بەرنامەیەکی وردی ئێستێتیک وەک تیۆریی مەئریفە بڕێژێت، لێرەشدا پشت بە فەلسەفەی ئاوەزگەریی ڤۆلف دەبەستێت، لێ هاوکات بەڕێی فەلسەفەی ڤۆلفەوە تێڕوانینی لایبنیتس لەمەڕ هارمۆنیی پێشچەسپێنراوی سێنسێتی و ئیدێکان وەردەگرێت. لایبنیتس لە تیۆریی مۆنادەکاندا نەک تەنیا ئاوەزێتی، بەڵکو هەروەها سەرجەم بوونەوەر وەک ژیانی هۆشەکی دیاری دەکات، بەم ڕێیەشەوە ئیدی ئۆبژێکتی فیزیکی کە سێنسیانە شیاوی دەرککردنە، هەر لە سەرەتاوە وەک شیاوی ناسین دادەنرێت: ئاخر هەردووکیان، چە سێنسێتی کە ئۆبژێکتە ئەمپیرییەکان وەردەگرێت و چە هزر لە "هارمۆنییەکی پێشچەسپێنراو"دا، هاوزرنگەییەکی دامەزرێنراودا لە هەرە سەرەتاوە، پێکەوە گرێدراون. لایبنیتس هارمۆنییەکە بۆ ئەم هۆیە دەگەڕێنێتەوە: خودا جیهانی کردەکیی لە پەیڤەوە ئافراندووە، کەواتە ئەم جیهانە لە هێزێکی هۆشەکییەوە سەریهەڵداوە.

بەمەش ئیدی جیهانی کردەکی (واتا ئافرێنراو) "چاکترینی سەرجەم جیهانە شیاوەکانە". لێرەوە ئەم دەرئەنجامە بۆ لایبنیتس دەکەوێتەوە: جیهانی دراوی ماددی دەبێت جیهانێکی ئەوتۆ بێت کە لە مەئریفەوە نزیکترینە. بەم شێوەیە ئیدی هەردوو توخمی ڕێبازی مۆنادەکان کە لایبنیتس گۆڕانی پێداوە، واتا گریمانەی هارمۆنییەکی پێشچەسپێنراو و گریمانەی جیهانی کردەکی وەک چاکترینی سەرجەم جیهانە شیاوەکان کە پەیوەستە بە گریمانەی یەکەمەوە، دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ دیاریکردنی بنەڕەتییانەی ئێستێتیک، لێ هاوکات هەردووکیان پێکەوە دەرچەیەکی یاریدەدەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرسیارە پێکدەهێنن کە دوای باومگارتن چەقی ڕێبازی ناسینی سێنسی پابەند دەکرێت بە پرسیاری گەیاندنی سێنسییانەی ڕاستییەوە لە هونەردا.

لەتەک ئێستێتیکە فەلسەفەییەکەی باومگارتندا کایەیەکی تەسک بۆ فەلسەفەی هونەر ئاوەڵا دەکرێت: کایەی بنیاتنانەوەی (ڕێکۆنستروکسیۆنی) ئەزموونی سێنسی وەک شێوازێکی مەئریفە. باومگارتن و شاگردەکانی

کۆشش دەکەن بۆ گۆڕاندان بە ڕێبازێکی "گشتی"ی چێژی چاک کە لە شێوەی ڕێبازێکی فەلسەفەیی چێژدا ئاوەڵای دەکەن، یان لە شێوەی ڕوونکردنەوەی مەئریفەی سێنسیدا وەک مەئریفەیەکی تایبەت بە جوانێتی و هونەر. ئەم مەئریفەیەی جوانێتی (هاوشێوەی مەئریفەی بەگشتی) چە بۆ باومگارتن و چە بۆ لایبنیتس دووپاتکردنەوەی ئافراندنی خودابیە. ڕاستیی ئەم مەئریفەیەی جوانێتی بە گونجاویی دووپاتکردنەوەکە دەسەلمێنرێت.

بەمەش تێمە کرۆکییەکانی ئێستێتیکمان دیاری کرد: پێناسەی هونەر وەک "لاسایی سروشت" یان لاسایی ئافراندن؛ دیاریکردنی بلیمەت (ژێنی) و ئۆتۆنۆمیی هونەر، ئەوجا دیاریکردنی جوانێتی وەک ئیدیال. هەروەها بە دیاریکردنی هونەر وەک مەئریفە ئەو پرسیارەش ڕۆشن دەبێتەوە کە لەبارەی جیاوازیی نێوان هونەر و فێنۆمێنەکانی دیکە دەکرێت، لێرەشەوە ئێستا شیمانە بۆ دیاریکردنی "کاری هونەر"ی وەک مەئریفەیەکی تایبەتی کەتوار (ریالێتی) یان پێناسەکردنی وەک "شێوەی جوان" دەڕەخسێت.

### ١-٢ تیۆریی چێژ وەک بناغەی دیاریکردنی فەلسەفەیی هونەر

- **شیمانەی فێرکردن و فێربوونی چێژی چاک**

ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم لە ئیسپانیا پرسیارێک سەبارەت بە چێژی چاک سەرهەڵدەدات. پرسیارەکە سەرەتا پەیوەند بە بڕیاردانەوە بەسەر فۆرمی ژیاندا، بەتایبەتی بەسەر ژیانی "نەجیبانە"دا (höfisch)، ئەمەش بەواتای ژیانی "ڕێزمەندانە"دا (höflich) دەکرێت. بۆ نموونە چێژ لە ڕوانگەی ب. گارسیان توانستێکە بۆ "... ئەنجامدانی ئیختیاری دروست". کانت لە "ڕەخنەی توانستی بڕیار"دا (Kritik der Urteilskraft/1790) بڕیارێکی بەو چەشنەی چێژ وەک بڕیاری تایبەتی مەئریفە شرۆڤە دەکات، بەم ڕێیەشەوە توانست بۆ ئیختیاری ژیر و دروست گرنگییەک بۆ گۆڕاندان بە ئێستێتیک وەردەگرێت. کانت لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی ئاوەزگەری و باومگارتندا بڕیاری چێژ بە ئاڕاستەی توانستەکەی بۆ ڕاستی شرۆڤە دەکات. بەم ڕێیەوە بڕیاری چێژ، وەک بڕیاری مەئریفە، دەبێت بە بناغەی بڕیاردان بەسەر جوانێتیدا.

لێ سەرەتا وا دەردەکەوێت کە بڕیاری چێژ تەواو دوور بێت لە مەئریفەی ڕاستییەوە. بڕیاری چێژ وەک توانستێک بۆ خۆبزواندنی جەختی مرۆڤ لەسەر شێوازێکی نادیار لەنێو جیهانی جوانێتیدا (جیهانی شتە جوانەکان و جۆری چاکی ژیان) دیاری دەکرێت. گەر ئەم جۆرە دیاریکردنە بە شێوەیەکی مۆدێرن دەرببڕین، ئەوسا بڕیاری چێژ بریتی دەبێت لە "know how" (واتا: شارەزایی پوختی شتە هەبووەکە). لە بنەڕەتدا تا ئەمڕۆ پێشبڕیارە (حوکمی موسبەقە) سەروەرەکان لەم سەرچاوەیەی پرسیارکردنی ئێستێتیکییەوە دێنە ئاراوە، لێرەشدا کێشەکە ڕوو دەکاتە ئەو پرسیارە کە داخۆ چۆن مرۆڤ مامەڵە لەتەک هونەردا بکات. هونەر سەرەتا وەک شتێک دەردەکەوێت کە گۆیا

شیاوی لێدوورکەوتنەوەیە و سەرباری ئەوە نەشیاوە لە ژیانی مرۆڤ بسڕێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە هەموو کەس ناتوانێت لە هونەر نزیک بکەوێتەوە. تێگەیشتن لە هونەر، چێژبینین لە جوانێتی، بۆ چەند کەسێکی هەڵبژێرراو تەرخان دەکرێت. ئەم کەمینە پسپۆرە، کە دەزانێت بڕیاری هەنگێوەری جەخت بەسەر هونەرەکاندا بدات و دەشزانێت لەنێو جیهانی جوانێتیدا بزوێت، بەرانبەر جەماوەری زۆرینە (یان بە واژەی هونەرێ ڕەخنەیی: هونەرنەناسان) دادەنرێت، واتا ئەو زۆرینەیە کە هیچ توانایەکی بۆ گەیشتن بە جیهانی هونەر نییە.

ئێمە دەتوانین بەڕوونی ببینین کە تەنانەت ئەمڕۆش کارگێڕیی هونەر (Kunstbetrieb) لەژێر کاریگەریی سەرچاوەکانی تیۆریی چێژدایە، ئەمڕۆ هێشتا هەر کایەی هونەر (مۆزەخانە، پێشانگەکان) لە ژیانی ڕۆژانە جیاکراونەتەوە، ئەمەش بە هەمان شێوەی کایەی ژیانی نەجیبزادەیی لەو سەردەمەدا. "زانینی بڕیاردان" سەر بە مامەڵەکردنە لەتەک شت و فۆرمە جوانەکاندا، لێ هەموو کەس ناتوانێت بەم توانستە بگات. لێرەدا جوانێتی وەک نا-ڕۆژانەییەک، وەک مەزن (Erhaben) دەردەکەوێت.

## - پێوەرە ئۆبژێکتیڤییەکانی بڕیاری چێژ

مرۆڤ سەرەتا پێوەرە ئۆبژێکتیڤییەکانی بڕیاری چێژ دیاری دەکات، تاکو لێوەیان گۆڕان بە ڕێبازی چێژی چاک بدات. هەر شتێک وای دابنێت کە گۆیا جوانە یان هونەرە، پابەند بەم پێوەرانەوە وەک سەرگرتوو یان شکستهێناو دەنرخێنرێت. لای تۆماسیوس فەرەنسییەکان دەبن بە پێوەری هونەر و فۆرمی ژیان. هەر لەسەر ئەم شێوەیە، بێگومان بە لاساییکردنەوەی هونەری جوانی گریکەکانیش، "پێوەرێکی ئۆبژێکتیڤ" وەک نموونە بۆ چێژی چاک دادەنرێت و ئەوجا بەڕێی ئەم نموونەیەوە بەجەختی بڕیار بەسەر هەموو شتێکدا دەدرێت. لێ ئەم مەرجە جێی گومانە، چونکە گەر ئەمە بەڕاستی ئەوها بووایە، ئەوسا دەبوو گریمانە بکرێت کە هونەر تەنیا لە سەردەمێکی ڕابوردوودا بە ترۆپکی خۆی گەیشتووە، هەروەها "شارەزا"ی بەدیهێنانی هونەر و بڕیاردان بەسەر هونەردا هیچی دیکە نین جگە لە "لاسایی" ئەو هونەرە ترۆپکییە.

## - پێوەرە سەبژێکتیڤییەکانی بڕیاری چێژ

وەک ئەلتەرناتیڤی پرسیارەکە لەبارەی پێوەرە ئۆبژێکتیڤییەکانی بڕیاری چێژ لێهزرینێک لە ترادیسیۆندا سەبارەت بەوە هەیە کە داخۆ چۆن بشێت پێوەرە سەبژێکتیڤییەکانی بڕیاری چێژ دابنرێن و تەنیا پێوەری ئارەزوولێکردوو نەبن. نزیکەی هاوکات لە فەرەنسا گۆڕان بە ئێستێتیکی "دێلیکاتێس" (delicatesse) دەدرێت

وەک ڕێبازێک، ئەوەش بەو مەبەستە کە توانستی سەبژێکتیڤی پێبگەیەنرێت تاکو بتوانێت جوانێتی لەنێو هەمەجۆرییەکی دراودا هەڵبجرێت. ئەم توانستە وەک "bon sens" پێناسە دەکرێت: واتا وەک هەست بۆ جوانێتی کە نزیکەی بە چێژی چاک دەگونجێت. تیۆریی "هەست بۆ جوانێتی" خودی ئەم هەستە بە شێوەیەکی دی، واتا وەک ئاوەزی زیندووبۆوە، کردەکی (ئەکتوێل) دیاری دەکات.

کاتێک تیۆریی "bon sens" شیمانەی بەگشتیکردنی بڕیارەکانی هەست بۆ جوانێتی وەک ئامانج دادەنێت، لێرەدا بەسەر هەست بۆ جوانێتیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئاوەز، بەم ڕێیەشەوە هەنگێوتنی جەختی جوانێتی بە تێگەیشتنی جەختی ڕاستێتییەوە گرێدەدات (واتا "چۆن زانراو"ێک دەگەڕێنێتەوە بۆ "کە زانراو"ێک — دەیگەڕێنێتەوە بۆ مەئریفە). بڕیارە کارتێزییەکانی (دێکارتییەکانی — و) زەین داوای پرنسیپگەلی بڕیاربەسەرداردان دەکەن، ئەم پرنسیپانەش دەبێت بەگوێرەی ڕێبازی مەئریفە و تێڕوانینی ڕاستی مەغزایەکی ئۆبژێکتیڤییان هەبێت، دەبێت یەکگرتنەوەی (ئادێکڤاسیۆی) هەست بۆ جوانێتی و ڕیالێتی دەستەبەر بکەن. لێ ئایا چۆن دەشێت مرۆڤ بەو پرنسیپانەی بڕیاربەسەرداردان بگات، بێگومان نەک بە شێوەی ئارەزوومەندی سەبژێکتیڤیانە، بەڵکو لەنێو خودی شتەکەدا؟ ئێمە دەبینین کە تیۆریی "bon sens" (بە پێچەوانەی نیازی ڕاگەیەنراوی خۆیەوە) بەبێ پێوەری ئۆبژێکتیڤی ناتوانێت مەبەستی خۆی بەدیبهێنێت. بۆ نمونە بوالو (Boileau) لە ڕێبازی هونەرەکەیدا فەلسەفەی ڕەخنەیی لە مەغزای دێکارتدا بە شەیدایی باوی ڕێنیسانسەوە بۆ ئەنتیکە گرێدەدات، بەم شێوازەش بەڕێی کلاسیسیزمەوە بناغەی ئێستێتیکی دێلیکاتێس دەڕێژێت. پاشان بوالو لەسەر زەمینەی ئەو جۆرە پێوەرە ئۆبژێکتیڤیانە ڕێبازی هونەر وەک ڕێبازی گوزارشتی پێگونجاو ئاوەڵادەکات، ئەوەش بنیاتنراو تەریب بە ڕێبازی سروشت ی ماتماتیکییانە ڕێکخراو لای دێکارت.

## – توانستی بڕیار وەک بناغەی بڕیاری چێژ

لەتەک تیۆریی چێژدا بناغەیەکی دیکەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی سەرهەڵدەدات. لە تیۆریی چێژدا هەوڵ دەدرێت بڕیاری چێژ بەڕێی توانستێکی تایبەتییەوە گۆڕان پێبدرێت کە تێیدا زەین و هەست پێکەوە کاریگەرن: توانستی بڕیار (Urteilskraft). گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە توانستی بڕیار وەک یەکێتیی زەین و هەست لە بڕیارداندا، نەک لەنێو هەستدا، دێتە دەربڕین. بۆیە "A. L. Muratori"(1672-1750) کە تیۆلۆژ و مێژووناس بوو، لە کاریگەریی چێژی چاک چە لە زانستەکان و چە لە هونەرەکاندا دەتوێژێتەوە. توانستی بڕیار لای موراتۆری توانستێکی بناغەییە بۆ چێژ، ئەوجا هەر لەم ڕوانگەیەوە توانستی بڕیار بەرانبەر دەرککردنی هەستەکییانەی جوانیی بابەت دادەنێت. بەم پێیە بناغەی هەست بۆ جوانێتی تەنیا هەست نییە، بەڵکو هەروەها ناسین و جیاوازیکردنێکی بەهای سەرجەم ڕاستییەکان و زانستەکان و هونەرەکان بناغەی ئەو پێکدەهێنن. بڕیاری چێژ بڕیارێکی بەهاییە. ئەو هێزەی بڕیار کە بناغەی بڕیاری چێژە، بریتییە لە توانستی ئیکۆنۆمیی پۆئیتییانە (l'economia poetica). لەبەر ئەوەی تێڕوانینی جوانێتی ڕوودەکاتە تاکەکەسانی لەژمارەنەهاتوو، هەروەها ڕوودەکاتە تاکەشتان کە خۆیشیان بە "یاسا و

ڕێسای لەژمارەنەهاتووی توانستی بڕیار" بناغەیان دراوە، ئەوا ئەرکی جیاوازیکردن و قەراردان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو تێڕوانینەی جوانێتی، ئەوجا پێویستی بە توانستێکیشە تاکو وەستایانە ئەو جیاوازیکردنە لەنێو هەمەجۆریی فێنۆمێنەکاندا تۆماربکات. ئیکۆنۆمیی پۆئیتیبیانە، کەواتە توانستی هێزی بڕیار کە بناغەی ئیکۆنۆمییەکە خۆیەتی، دەبێت بە بناغەی ڕێبازی چێژی چاک و درەنگتریش بە بناغەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی.

لە ئەڵمانیا، نزیکەی 1730، وەک پەرچەکردار لەدژی ئێستێتیکی دێلیکاتێس لای بوالو، تیۆرییەکی چێژ گۆڕان پێدەدرێت، لێ ئەوە ئێستا وەک تیۆریی بناغە زەینییەکانی چێژ. گۆتشێد (1700–1766)، لەسەر زەمینەی فەلسەفەی ئاوەزگەری، لە نووسینەکەیدا بە ناونیشانی "هەوڵدان بۆ پۆئێتیکێکی ڕەخنەیی بۆ ئەڵمانەکان" (1730)، گۆڕان بە ڕێبازێکی چێژ دەدات وەک ڕێسا-سیستەمێکی پۆئێتۆلۆژییانەی داخراو، یان وەک زانستی ڕێساکانی جوانێتی و هونەرەکان. بە دیدی گۆتشێد پێویستە ڕێبازی هونەری هۆنینەوە (پۆئێتیک- و) کایەی جوانێتی وەک گەردوونێک کە بەگوێرەی ڕێسا ڕێکخراوە، دابڕێژێت، ئەوە بێگومان بەگوێرەی ڕێبازی / تیۆریی مەئریفە کە ڕێکخراوی سروشت دادەڕێژێت. لاسایی سروشت و ڕێتێچوویی دەبن بە باڵاترین پرنسیپی هونەر. بە ڕێساکانی "هەوڵدان بۆ پۆئێتیکێکی ڕەخنەیی" کە چواندنی گشتییان هەیە، ڕێنومای ورد و دروست دەدرێت بە چێژی چاک و هەروەها بە بەرهەمهێنانیش. لەبەر ئەوەی لەنێو چێوەی "***ڕێباز***"ێکی بڕیاردا شرۆڤەی توانستی هێزی بڕیار دەکرێت، ئەم ڕێبازەی بڕیاریش هاوشێوەی تیۆریی مەئریفە بنیاتدەنرێت، ئەوا لێرەوە بەزەرووری پێوەرە ئۆبژێکتیڤییەکەی بڕیاری چێژ سەرهەڵدەدات. گۆتشێد داواکاریی بۆ لاسایی سروشت دەخاتە پاڵ مەئریفەی سروشت، لاسایی سروشتیش وەک بەدیهێنانێک پێناسە دەکات کە هاوشێوەی مەئریفەیە. ئەو لاساییە، لاسایی سروشتە لە ڕێسامەندییەکەیدا، یان لاسایی سروشتە لە هێزی ئافرێنەریانەیدا.

## ٢-٢- ئێستێتیک وەک تیۆریی مەئریفە

فۆرمەکانی بڕیاردان بەسەر جوانێتیدا کە تا ئێستا ڕوونکرانەوە، هەروەها ئەو توانستەی بڕیار کە بناغەی ئەو فۆرمەکانەیە، بریتین لە زانینی فۆرمی ژیان (savoir vivre). گومانی تێدا نییە کە ئەو فۆرمانە جەختییەکی تایبەتییان هەیە و دەشێت بەیان بکرێن، وەلێ کێماسی فۆرمی زانینی فەلسەفەییان هەیە. لە فەلسەفەی ئاوەزگەریدا ئەم زانینە فەلسەفەییە بریتییە لە زانینی ڕوون و دیستینکت (جیاوازیکەر)، لێرەشدا گەرەکە بڕیاری ئێستێتیکی وەک فۆرمێکی ئەو جۆرە زانینە گۆڕان پێبدرێت.

## ١-٢-٢ ئێستێتیک وەک دیسپلینی فەلسەفەیی

ئالێکساندەر گۆتلیب باومگارتن (1714-1762) پابەند بە فەلسەفەی ڤۆلف و لایبنیتسەوە گۆڕان بە ئێستێتیک دەدات وەک دیسپلینێک لەنێو سیستەمی فەلسەفەدا. گومانی تێدا نییە کە بڕیاردانی ئێستێتیکی مەئریفەیەکی سێنسییە، لێ لە مەئریفەی سێنسیشدا زانینی بەگشتی چواندوو هەیە و شیاوی سەلماندنە. مێتۆدی بەدەستهێنان و مسۆگەرکردن و گەیاندنی ئەم زانینە بریتییە لە دێدوکسیۆن (هەڵهێنجانی لۆگیکی) کە لە یەکەمین پرنسیپە بنەڕەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

باومگارتن دەخوازێت زانینی فۆرمی ژیان بگوازێتەوە بۆ نێو مەئریفەیەکی مسۆگەرکراو، واتا بیگوازێتەوە بۆ نێو زانینێکی گشتی کە لە کردارێکی نێوکۆییدا خویادەبێت. بۆ ئەوەی ئێستێتیک فەلسەفەییانە مسۆگەر بکرێت، دەبێت سەرەتا ئەو توانستەی بڕیاربەسەرردادان (واتا توانست بۆ بزووتنی خۆ لەنێو فەزایەکی / ڕاومێکی تایبەتیی ژیاندا) کە بناغەییە بە فۆرمێکی تایبەتیی ژیان، وەک فۆرمێکی ناسین لێی بڕوانرێت و لەنێو سیستەمێکی تیۆریی مەئریفەدا بگونجێنرێت. لەدژی گومانە باوە فەلسەفەییەکان لە سێنسێتی، چە توانستی ئێستێتیکییانەی بڕیار و چە ئەو ئەزموونە سێنسییەش کە بناغەی توانستەکەیە، فۆرمی مەئریفەیان پێدەدرێت. کەواتە ئەزموونی سێنسیش دەرفەت دەدات کە ڕاستی بگەیەنرێت / دابڕێژرێت.

### – گونجاندنی سێنسێتی لەنێو کایەی زانیندا

باومگارتن داوا دەکات، پێویستە کایەی شعوری سێنسی و هەستکردن کە بەتایبەتی بۆ هونەرەکانی شێوەسازی و پۆیێزی تەرخان کراوە، لەنێو فەلسەفەدا بگونجێنرێت، واتا هەروەها بەم کایەیە شیمانەی گەیاندنی ڕاستی بدرێت. باومگارتن دەزانێت، گەر مەئریفەی سێنسی لەنێو سیستەمی فەلسەفەدا بگونجێنرێت، ئەوسا بەم کارە هەنگاوێکی گرنگ دەنرێت تاکو هەروەها لەتەک ئەو کایانەی ژیانیشدا وەک مەئریفە مامەڵە بکرێت کە پێشتر لە دەرەوەی مەئریفە دانرابوون.

بۆ باومگارتن ئێستێتیک لە مەغزایەکی فراواندا لە بنەڕەتەوە تیۆریی مەئریفەی سێنسییە، لێ لە مەغزایەکی تەسکدا بریتییە لە تیۆریی مەئریفەی تایبەتیی سێنسی، ئەم مەئریفەیەش لەو شێوەیەدا کە چۆن هونەرەکان لەخۆیان گرتووە و دەیگەیەنن (vermitteln).

لێ بۆ پەڕینەوە لە ڕێبازی چێژی چاکەوە ڕووەو بناغەڕشتنێکی تیۆریمەئریفەییانەی بڕیارەکانی چێژی چاک چەسپاندنێکی واژەناسییانەی باوگارتن دەبێت بە ئاڕاستەدەر: ئەو لەبریی واژەی "چێژ" واژەی "توانستی بڕیاربەسەرردادان (Beurteilungskraft)" دادەنێت. بە دیدی باومگارتن توانستێکی سێنسی و توانستێکی

ئینتەلەکتوێلی (زەینمەندانە)ی بڕیاربەسەرردادان هەن؛ یەکەمیان چێژە، دووەمیان لۆگیکە. هەردووکیان لای باومگارتن دەکرێن بە بناغەی تیۆرییەکی مەئریفە.

هەرئەوەندەی سێنسێتی بەگشتی وەک بەتوانا بۆ مەئریفە دابنرێت، ئیدی دەشێت ئەو سێنسێتییە تایبەتییەش ناو بنرێت مەئریفە کە خۆی بۆ هۆشی جوان ئاوەڵا دەکات. باومگارتن نەک تەنیا بەهرەی هزین، بەڵکو بەهرەی "هزینی جوان"یش کە مۆرکی کەمینەیەکی مرۆڤە وەک "فێلیکس ئائێستێتیکوس" (ئێستیتیکی ی بەختەوەر)، وەک خێراوروژانی (سپۆنتانێتیی) دەروون و هەست و شعور کە بناغەی چێژی چاکە، وەسفدەکات. بە هەمان شێوە "هزرینی جوان" هەروەها توانستێکی بڕیارە (Urteilskraft) کە لەم خێراوروژانەوە سەرهەڵدەدات و تێیدا توانستی توانستی وێنا و ژیری، زاکیرە و شعور و هزر یەکدەگرن.

باومگارتن لە ئێستێتیکدا کە وەک لۆگیکێک بنیاتی دەنێت، گۆڕان بە زانستێکی مەئریفەی سێنسی دەدات کە گەرەکە چە تیۆرییەکی ئاستنزمی مەئریفە و چە لۆگیک بێت، و تێیدا دەرئەنجامگیریی توانستە ژێرینەییەکانی مەئریفە ئەنجامبدرێت. ئەم زانستە گۆڕان بە تیۆرییەکی مەئریفە بۆ ناسینی سێنسی دەدات، لەو شێوەیەدا کە ئەرِیستۆتێلیس بەڕێی لۆگیکەوە بنیاتی نا بۆ توانستی هزرینی تێگەیی.

کاتێک ڤۆلفی مامۆستای باومگارتن تەنیا پێگەیەکی ناکامیلی ناسین بە مەئریفەی سێنسی دەدات، واتا مەئریفەی سێنسی وەک بەتوانا بۆ فەلسەفە نابینێت، ئەوا باومگارتن بە پێچەوانەوە هەوڵ دەدات مەئریفەی سێنسی وەک پلەیەکی یەکەمین بداتە پاڵ ناسین. مەئریفەی سێنسی خۆی لە نێوان "بناغەی تاریکی دەروون" و مەئریفەی ڕوون و ئاشکرای زەیندا (Verstand) دەبینێتەوە.

- **مافدانەوە بە سێنسێتی؟**

ئەو گریمانەیە کە ڕاستی هەروەها بە سێنسێتی دەدات، بەندە بە پرێمیسێکی (پێشدانراوێکی) مێتافیزیکییەوە: تیۆریی مۆنادەکانی لایبنیتس. کەواتە بەندە بەو گریمانەیەوە کە سەرجەم ژیان بە ژیانی هۆشەکی دادەنێت و تەنیا ئەم ژیانە هۆشەکییەش وەک بوونی ڕاستینە وەردەگرێت. بوونی هۆشەکی (مۆناد) لە خۆیدا کەم یان زۆر مەئریفەی خودا وێنە دەداتەوە. بێگومان مەئریفەی تێگەیی کامیلترینە، لێ هاوکات شعوری سێنسیش، کە پێشبینیی ناکامیل و شێواو دەهێنێتە ئاراوە، پێشبینیی ڕاستینەی جیهانە، بەمەش ئاوێنەی مەئریفەی خودایەتییە - بێگومان ئاوێنەیەکی لێڵکراو. باومگارتن بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک ئەم گریمانەیە وەک دەرچە وەردەگرێت. ئاخر ئەویش لە لۆگیکەکەیدا خۆی بە ئەزموونی سێنسییەوە خەریک دەکات، واتا وەک شێوازی بڕیاردان بەسەر ئەزموونی سێنسیدا. لێرەدا دەبێت هەست بۆ جوانی کە بەڕێی سێنسێتییەوە گەیەنراوە، بە ناڕۆشنێتیی پێشبینییەکانەوە، واتا بە توخمە سێنسییەکەی خۆیەوە، بلکێنرێت. ئەمەش پرکێشەیە. ئاخر گەر شرۆڤەی فەلسەفەیی هەوڵ بدات پەرە بە ڕۆشنی بدات، ئەوسا بەناچاری هەست بۆ جوانێتی وەک هەست لاواز دەکات؛ ئەوجا گەر ڕۆشنکردنەوە ئەنجام نەدات، ئەوسا

کێماسێک لە هۆشەکێتیدا، یان لە شیمانەی ناسیندا، لەگۆڕێ دەبێت. ئەم دیلێمایەی ئێستێتیک کە لە سەرەتاوە لەگۆڕێیە، هێگلیش بە خۆیەوە خەریک دەکات. هێگل هەر لەبەر ئەم هۆیە دەپرسێت کە داخۆ ئێستێتیک، وەک ڕێبازی دەرکەوتەی جوان، شایستەی ئەوە بێت مامەڵەیەکی فەلسەفەیی لەتەکدا بکرێت. بێگومان هێگلیش بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، لێ هێندە نەبێت کە لە زەروورەی پەسەندکردنی سێنسێتیدا بۆ مەئریفە، یان لە زەروورەی پەسندکردنی دیارداندا (دەرکەوتەدا) بۆ ڕاستی، هەنگاوێک تێپەڕ دەکات و دەبێژێت: "دەرکەوتە جیانەکراوەیە لە کرۆک".

## - ئێستێتیک وەک بناغەڕشتنی "هزرینی جوان" یان بناغەڕشتنی بڕیاری چێژ

باومگارتن بەو ڕێیەوە هەوڵ دەدات خۆی لەم کێشەیە لابدات کە ئەو گۆڕان بە تیۆرییەکی مەئریفە دەدات و ناوی دەنێت "تیۆریی مەئریفەی ئاستنزم". ئەم تیۆرییە بریتییە لە "ڕێبازی هونەری هزرینی جوان"، لێرەشدا باومگارتن "هزرینی جوان" وەک توانستی پسپۆری ئێستێتیک پێناسە دەکات. هزرینی جوان، هاوشێوەی کرداری ئافراندنی خودایانە، هاوکات ناسین و کردارە؛ هزرینی جوان ئێستێتیکیانە جیهان پێشان دەدات، ئەم پێشاندانەش لە توانستێکەوە بۆ بڕیاربەسەرداان سەرهەڵدەدات، کەواتە پێشاندانەکە داوای گشتێتی دەکات، هێندە نەبێت کە ئاڕاستەیەک ڕووەو شعور و هەست وەردەگرێت. جوان ئەوەیە کە شعور، کە ورووژانی دڵ، دەخاتەوە. باومگارتن، خۆگرێداو بە ڤۆلفی مامۆستایەوە، پێناسەی جوانێتی دەکات وەک ئەوەیەکی هۆشسامکەر. بێگومان هاوکات پێویستە بڕیار بەسەر هۆشسامبووندا (das Gefallen) بدرێت، لەبەر ئەم هۆیە ناشێت هۆشسامبوون بە ئارەزووی خۆ بێت، بەڵکو دەبێت لێرەدا شیمانەی یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە لەگۆڕێ بێت، کە کاتێک بڕیار بەسەر شتێکدا وەک "جوان" دەدرێت، ئیدی داخۆ ئەو بڕیارە ڕاست یان هەڵە بێت.

هزرینی جوان شێوەیەکی پێشاندانی ئێستێتیکیانەی جیهانە، لەنێو ئەم پێشاندانەدا سێنسێتی (شعور و هەست) و ناسین پێکەوە گرێدراون. بەهۆی ئەم پێکەوەگرێدانەی هەردووکیانەوە دوو ڕێگە بۆ بناغەڕشتنی فەلسەفەییانەی بڕیاردان بەسەر جوانێتیدا (واتا بناغەڕشتنی بڕیاری چێژدا) شیاون: بڕیاردان بەسەر جوانێتیدا یان دەبێت بە ڕەخنەیەکی چێژ کە هاوشێوەی تیۆریی مەئریفە بنیاتنرابێت، شرۆڤە بکرێت و / یان دەبێت لەنێو مێتافیزیکێکی جوانێتیدا گونجاویی پرنسیپیانەی شعور و هەست (هێنی ئەزموونی سێنسی) بە مەئریفەوە بناغەی بڕێژرێت.

## – ڕەخنەی چێژ

پرسەکە لە بڕیاری چێژدا بریتی نییە لە شعورکردن بە جوانێتی، بەڵکو بڕیارێکە بەسەر ئەو بابەتانەدا کە ئەم شعورە دەهێننە گۆڕێ. ئەم جۆرە بڕیاربەسەردادانانە، واتا "بڕیارەکان"ی چێژ، ڕاستن یان هەڵەن. لێ ئەوان بڕیاری مەئریفەیی نین لە مەغزای تەواوەتیدا، بەڵکو بەزۆری لە بڕیاری سۆزمەند (sensitiv) دەچن. بە دیدی باومگارتن بڕیار بەگشتی یان کامیلە، بەمەش بڕیارێکی وەک "ئەمە جوانە"، یان تێکڕاییە (بەمەش ئاشکرایە)، یان سێنسییە. نووکە توانستی بڕیاردان بەسەر جوانێتیدا "شارەزاییە بۆ بڕیاردانی سێنسی بەسەر شتگەلدا". باومگارتن ئەم توانستەی بڕیاربەسەردادان وردتر پێناسە دەکات و وەک شارەزاییەک دایدەنێت بۆ ساغکردنەوەی ئەوە، کە داخۆ "هەمەجۆریی شتێک" وەک یەککەوتوو (بۆ نموونە یەکێتی و هارمۆنیی کەرتەکانی) یان وەک یەکنەکەوتوو دیاربدات. گەر ئێمە بڕیارە سێنسییەکان و بڕیارەکانی زەین بەرانبەر یەکدی دابنێین، ئەوسا دەبینین کە بڕیاربەسەردادانی تێگەییانەی بابەتەکە (کەواتە ناسین لە مەغزای ڕاستینەدا) و بڕیاردان بەسەر "بابەتەکانی شعوردا"، وەک بڕیاری ڕوون و ئاشکرا یان نائاشکرا بەرانبەر یەکدی دەوەستنەوە.

هەبوونی سێنسییانەی بابەت، واتا شعورکردنی سانا، لە خۆیدا تاریک و لێڵە. بە پێچەوانەشەوە لە دابی فەلسەفەی ئاوەزگەریدا ئامادەیی مەئریفەیی بابەت بە ئیدێی ڕوون و دیستینکت دادەنرێت. لێرەدا پێشبینییەکی ئێستێتیکی وەک شتێک لە نێوان هەردووکیاندا دەردەکەوێت و ڕوونی نیشانەی ئەوە، بێگومان نەک ڕوونییەکی ماتماتیکی (واتا نەک ئەو ڕوونییە کە لە ئەندازەدا هەیە و فەلسەفەی ئاوەزگەریی داوای دەکات) کە بەڕێی دێدوکسیۆنەوە دەردەخرێت. ئەم پێشبینییە ئێستێتیکییە کێماسی لە "ڕوونی"دا هەیە، لێ نەک لە هارمۆنی و ڕێکخستندا کە سەرئەنجامی ئەو ڕوونییە تایبەتەی پێشبینییە ئێستێتیکییەکەن. کەواتە پێشبینییە ئێستێتیکییەکە ڕوونیی خۆی فاکتییانە (بەبەرجەستەیی) نەک تیۆرییانە بەدیهێناوە. مەسەلەکە لە ڕەوشی دیستینکسیۆنەکانیشدا هاوشێوەیە. لە بڕیارداندا بەسەر بابەتێکی جواندا بڕێک گۆشەنیگا هەیە، ئەمەش وا دەگەیەنێت کە گەر مرۆڤ بە تێکڕای گۆشەنیگاکان بگات، ئیدی دەشێت بەم ڕێیەوە هەروەها بە بڕیارێکی دیستینکت بگات. لێ ئەم دیاریکراوییەی بڕیار بەندە بەو پرسیارەوە کە داخۆ دەستپێکەکانی ڕێبازی بڕیارەکەی باومگارتن شیاوی بەردەوامیپێدان بن، یان داخۆ ئەو شیمانە مێتافیزیکییە کە لەبریی ڕێبازێکی تەواوکراوی بڕیار بۆ زامنکردنی بیرۆکەکان بەگەڕدەخرێت، مسۆگەری بەدەستەوە بدات.

سەرەتا بۆ بەئەنجامگەیاندنی ڕێبازی بڕیار ئەم گریمانەیە گرنگە: بڕیاری چێژ بڕیارێکی سێنسییانەی پەتی نییە؛ هاوکات ئەم دیاریکردنە ناوەرۆکییە گرنگە: بڕیارەکە تەنیا بڕیاری پسپۆڕێکە، یان بڕیاری کەسێکە کە بەتایبەتی پەروەردەکراوە (فێرکارییانە پێگەیەنراوە). ئاخر کاتێک بڕیار بەسەر جوانێتیدا دەدرێت، لێرەدا بڕیار بەسەر هەر شعورێکدا نادرێت کە بەڕێی سێنسەکانەوە هاتۆتەئاراوە، بەڵکو بڕیار بەسەر شعورێکی تایبەتیدا دەدرێت: بەسەر هەست بۆ جوانێتیدا. لەنێو ئەم شعورەدا تەواوی بابەتەکە دەرکپێدەکرێت و هاوکات لە بڕیاری سۆزمەندی (سێنسیتیڤی) "ئەمە جوانە"دا کە سەر بەو شعورەیە، تەواوی بابەتە بەدیهێنراوەکە ***دەناسرێت***. بۆیە بڕیاری چێژ

"شارەزاییە بۆ بڕیاردانی ***ئاشکرا*** سەبارەت بە تەواوەتی و ناتەواوەتییەکان". لەم ڕوانگەیەوە بڕیاری ئێستێتیکی دەکەوێتە نێوان بڕیاری سێنسی و بڕیاری زەینەوە. بەگشتی هەر بڕیارێک کە بەڕێی سێنسەکانەوە (چاو، گوێ) دەدرێت، ناو دەنرێت چێژ. سەرەڕای ئەوە، گەر پرسەکە ڕوو بکاتە بڕیاری ئێستێتیکی لە مەغزایەکی تەسکدا، ئەوا نابێت بڕیارەکە بەپەلە بدرێت و بەو ڕێیەشەوە دەرفەت بۆ هاتنەئارای هەڵە برەخسێنرێت، هەروەها نابێت چێژەکە گەندەڵ بێت. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە هەموو کەس ناتوانێت بەدروستی بڕیار بەسەر هونەردا بدات، بە پێچەوانەوە تەنیا کەسێک دەتوانێت ئەو بڕیارە بدات کە توانستێکی تایبەتی یان پەروەردەیەکی تایبەتیی هەیە. پسپۆر دادوەری هونەرە، دادوەرێک کە وەک وەرگری (ڕێسیپیەنتی) دیاریکەر پێویستیی بە توانستێکی پێگەییوی بڕیاربەسەرداردان و چێژێکی پاڵێوراوی ئەوتۆ هەیە کە هەموو کەس ناتوانێت پێی بگات؛ هەروەها پێویستیی بە چێژێکی ناسک یان ورد هەیە، ئەمیان هەروەها بریتییە لە "شارەزایی بۆ ئاشکراکردنی زرنگ ی تەواوەتی و ناتەواوەتییە وردترەکانیش لەنێو بابەتەکەدا".

باومگارتن لە دیاریکردنی تایبەتیی بابەتە جوانەکاندا پێشانی دەدات، کە کاتێک بڕیاری سێنسی بەسەر شتێکدا وەک "جوان" دەدرێت، یان لە چێژی ناسکدا، زۆرترێک لەوە دەردەبڕێت کە سەرئەنجامی بڕیاردانە بەسەر چاپاندنە (ئینتیباعە) پەتییە سێنسییەکاندا. بابەتەکانی بڕیاربەسەرداردان بەزۆریی ***پێشبینیی*** سۆزمەندن. ئەوجا گەرچی پێشبینی (بۆ نموونە لە ڕەوشی پێشبینییە سۆزمەندەکاندا) "بەڕێی بەشە نزمەکەی توانستی مەئریفەوە" (واتا بەڕێی سێنسەکانەوە) بە ئێمە دەگەیەنرێت، سەرەڕای ئەوە مەرج نییە پێشبینی تاریک یان ناڕۆشن بێت، وەک چۆن ئەمیان لە ڕەوشی پێگەی شعورەکاندا دەبینین. بۆ باوگارتن کارێکی هونەری (هۆزانێک لە شرۆڤەکەی ئەودا) بریتییە لە هەوڵێک بۆ ئەوەی بە زمان توخمەکانی پێشبینییە سۆزمەندەکان بگەیەنرێن، ئەوە بێگومان بە ڕەچاوکردنی کامیلێتیی بابەتە شعورپێکراوەکە. پێشبینیگەلی ڕوون وەک پێویست لایەنی کەم هێندە مۆرکی ئەو بابەتە کە سێنسیانە ئەزموونکراوە، دەگەیەنن "تاکو شتی پێشبینیکراو سەرلەنوێ بناسرێتەوە و لە پێشبینیگەلی دیکە جیا بکرێتەوە". توخمەکانی پەیڤینی سۆزمەند چەند زۆرتر "پێشبینیی سۆزمەند بێدار بکەنەوە"، ئەوەندەش پەیڤینەکە کامیلتر دەبێت. "پەیڤینێکی کامیلی سۆزمەند" بریتییە لە "هۆزان".

پێشبینیی سێنسی کە گەرەکە لە هونەردا (وەک پێشبینیی جوانی بابەتێک) بگەیەنرێت، گەرەکە یان دەبێت پێشبینییەکی "ڕوون" بێت و سەرەڕای ئەوەش جیاوازە لە مەئریفە. ئاخر مەئریفە پێشبینیی "تێگەیی و ئاشکرا و کامیل و پێگونجاو"ی بابەتێکە، لێ کاری هونەری بە پێچەوانەوە پێشبینیی کامیل و ڕوون و پێگونجاو، لێ نائاشکرای، واتا لێڵی بابەتێکە.

بۆیە بڕیاری چێژ بەسەر جوانێتیدا، بەسەر هونەردا، بڕیارێکی تایبەتی مەئریفەییە. ئێمە بە دیدی باومگارتن دەتوانین وەرگرتنی (ڕێسەپسیۆنی) ئەم پێشبینییانەی بابەتەکان، لایەنی کەم لە هونەری پەیڤدا (لە پۆییێزیدا)، وەک بابەتی مەئریفە، واتا وەک زانینی ڕێکخراو دیاری بکەین. لە مەغزایەکی تەسکدا بڕیاری ڕەخنەگری هونەری بڕیارێکی مەئریفەییە، چونکە ئەم بڕیارە نرخاندنێکی ئاشکرای ئەو پێشبینییەی لە خۆ گرتووە کە کارێکی هونەری (لێرەدا هۆزانێک) لەمەڕ شتەکە بەدەستییەوە دەدات. هەروەها بە دیاریکردنی سەرجەم ئەو ڕێسایانە کە بۆ نووسینی هۆزان دادەنرێن، دەشێت "زانستێکی (بەرهەمهێنانی) هونەری هۆنینەوە یان پۆئێتیک" گۆڕان پێبدرێت تاکو بەو

ڕێیەوە پێشبینییەکی کامیلی بابەتێکی شعورپێکراو لەگۆڕێ بێت، یان تاکو بەو ڕێیەوە هۆزانەکە "پۆئێتییانە" بێت. زانستێکی بەم چەشنەی گۆڕاندان بە (یان بەرهەمهێنانی) پێشبینیگەلی جوان تەنیا لە یەک پنتدا لە ناسین جیا دەبێتەوە کە بریتییە لە: نابێت هیچ مەرجێک بۆ ئاشکرایی پێشبینییەکە دابنرێت، چونکە ئیدی بە مەرجێکی ئەوها "بڕیاربەسەردادانی سۆزمەند" (لە تێگەیشتنی تایبەتیی ئێستێتیکدا وەک ڕێبازی بڕیاردان بەسەر بابەتە جوانەکاندا) هەموو توخمەکانی ئەو پێشبینییەی بابەتەکان لە خۆ دەگرێت کە شایانی ئەوەیە ناو بنرێت ناسین.

### - مێتافیزیکی جوانێتی

چێژی ناسک، وەک توانستی بڕیاردان بەسەر شتی جواندا، چێژێکە کە چە بە وەرگر (ی دادوەر) و چە بە بەرهەمهێنەر دەدرێت. لێ چێژی ناسک دەبێت هاوشێوەی ناسین پتر مسۆگەر بکرێت و بناغەی بڕێژرێت، واتا چێژی ناسک دەبێت وەک "بڕیار" شرۆڤە بکرێت. تێزەکەی 'مێتافیزیکا'ی باومگارتن ئەمەیە: جوان ئەوەیە کە هۆشسامکەرە (was gefällt)، هاوکات ئەم تێزە بە تێزێکی دیکە تەواو دەکرێت: جوان ئەوەیە کە کامیلە. لەبەر ئەوەی چێژ بڕیاردانێکی سۆزمەندە یان بڕیاردانێکی سێنسیانەیە بەسەر "کامیلێتیی"ی بابەتەکەدا، ئەوا ئەم کارابیە تایبەتییەی چێژ کە دەرککردنە بە کامیلێتی دەبێت (هاوشێوەی ناسین) ***مێتافیزیکیانە*** مسۆگەر بکرێت، هەروەها دەبێت خودی ئەم مسۆگەرکردنە بناغەی چێژ لە چالاکییەکەیدا (کە بڕیاردانە پەیوەند بە چێژەوە) بڕێژێت.

ئێستێتیک کە ڕێبازی بڕیاردانی هەنگێوەرە بەسەر جوانێتیدا، باومگارتن بە "مێتافیزیکی جوانێتی" پەرەی پێدەدات. لە مێتافیزیکی جوانێتیدا گەرەکە خویا ببێت کە جیهان لە پێشبینیکردنی / وێناکردنی (Vergegenwärtigung) سەبژێکتیڤییانەدا لە کامیلێتیی خۆیدا دیاردەدات، هەروەها ڕێکخستن و هارمۆنی بە هەمەجۆرێتیی جیاواز دەدرێت. بێگومان کامیلێتییەکە لە کایەی ئەو شتانەدا کەشف دەکرێت کە سێنسیانە شیاوی ئەزموونکردنن، لێ گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم بابەتانە بە شێوازێکی تایبەتی دیاری دەکرێن، واتا بابەتی ئەوتۆ نین کە هەروا سووک و ئاسان دیار بدەن، بە پێچەوانەوە، بابەتەکان لە دیاردانیاندا ئاماژە بۆ ئەو شتە دەدەن کە ئەوان دەتوانن بەڕێیەوە دیاربدەن. شتە دیاردەرەکان لە ڕەوتی ڕێکخستنیاندا جیهانێک دەهێننە گۆڕێ کە بۆ ئێمە لەنێو جوانێتیدا مەغزامەندانە دیار دەدات.

کەواتە هونەر دارشتنی جیهانی کردەکی نییە، بەڵکو لە هزرینی جواندا چاکترینی سەرجەم جیهانە شیاوەکان فۆرم وەردەگرێت. لەبەر ئەم هۆیە شتە بەرجەستەکان بابەتی بڕیاردانی چێژ و بەمەش بابەتی ئێستێتیک نین، بەڵکو تەنیا ئەو بابەتانە تایبەتن بە بڕیاری چێژ کە لە ناسیندا سەرلەنوێ پێشبینی کراونەتەوە (وێناکراونەتەوە). "ئەوە کە چێژ لە مەغزایەکی فراواندا ڕەچاوی دەکات، کامیلێتیی جیهانە کە وەک جوانی دیار دەدات"، هەر ئەمەشە "بابەتی بڕیاری ئێستێتیکی".

بێگومان بۆ ئەوەی هزرینی جوان چواندنی گشتیی هەبێت، بۆ ئەوەی هەنگێوتنی بڕیاری ئێستێتیکی مسۆگەر بکرێت، پێویستە تیۆرییەکەی لایبنیتس لەمەڕ هارمۆنیی پێشچەسپێنراو بهێنرێتە نێوانەوە. چە بەرهەمهێنان و چە وەرگرتنی هونەر لە ناسینی ئافرێنەرانەوە سەرهەڵدەدەن. لە لایەک باومگارتن لەمەدا تەریبێکی بەبەرنامەکردنی جیهان لەنێو هزرینی جواندا، واتا لە ئەنجامدانی ئێستێتیکی و ناسیندا دەبینێت، چونکە هونەر و فەلسەفە جیهان لە کامیلێتییەکەیدا دەگرن، لە لایەکی دی مەئریفەی سێنسی کە تێیدا کامیلێتیی جیهان وەک جوانی دیاریدەکرێت، دەشێت خۆیشی ببێت بە مێتافیزیک. ئەمە دێتەگۆڕێ گەر ئەنجامدانی سەبژێکتیڤی-تاکەکەسییانەی ئێستێتیکوس (واتا هزرینی جوان) تەریب بێت بە ناسینی ئافرێنەرانەی خودا.

بۆیە جێی سەرنجە کە لەم جۆرە تێڕوانینەدا جارێ ئێستێتیکی بەرهەمهێنان (پرۆدوکسیۆن) و ئێستێتیکی وەرگرتن (ڕێسەپسیۆن) لە یەکدی جیانەکراونەتەوە. باومگارتن نەخشەی ئائێستێتیکا (Aesthetica) کە بە تەواونەکراوی مایەوە، تەنیا وەک چالاکیی چێژبین نارێژێت، بەڵکو هەروەها وەک ڕێبازی ئافراندنی هونەری. ڕێبازی ئافراندنی هونەیش دیسانەوە ڕێبازێکی بڕیاردانی ئێستێتیکییە، کەواتە تیۆرییەکی مەئریفەیە. لێ وەکیەکدانانی ئافراندن و مەئریفە لە لایەن باومگارتن تەنیا لەسەر زەمینەی پێشمەرجێکی ئافراندنی تیۆلۆژییانە واتا وەردەگرێت. مەئریفە و ئافراندن لە کرداری خودایانەی ئافراندندا / خولقاندندا یەک-ن، بۆیە هەردووکیان لە هزرینی جواندا یەک-ن. کەواتە چۆن تیۆلۆژیی خولقاندن لە مەئریفەی خودادا گەرەنتییەک بۆ سەیرورەی جیهان دەبینێت، بە هەمان شێوە ئێستێتیک لە توانستی بڕیاربەسەرداداندا، واتا لە ناسینی تایبەتی ئێستێتیکیدا، بناغەی هێنانەئارای کاری هونەری دەبینێت.

چە لە بڕیاربەسەرداداندا و چە لە بەرهەمهێنانی بابەتێکی جواندا گەرەکە ڕیزێک ڕوانگە ڕەچاو بکرێن کە سەراپا مۆرکی ناسینی ئێستێتیکی وەک بڕیاربەسەرداداندا پێکدەهێنن. باومگارتن بۆ ئەم مەبەستە گۆڕان بە ڕیزێکی دانەخراوی ئەدگاری ئێستێتیکی دەدات. مەسەلەکە چە لە بڕیاربەسەرداداندا و چە لە ئافراندنی بابەتێکی جواندا ڕوو دەکاتە ئاشکراکردنی ئەم لایەنانە: دەوڵەمەندیی بابەتەکە، ئەڕیستۆکراتی، ڕاستی، ڕوونی یان شەفافیەت، جەختی یان ئێڤیدێنس، ئەوجا بەجێ-بوون. بێگومان باومگارتن ئەم ڕیزەی دانەخست یان سیستەماتیزە نەکرد، هۆی ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو کاری بەم چەشنەی بە پێویست نەزانیوە، چونکە ئەو مەئریفەی ئێستێتیکیی لەسەر ئەو مۆدێلە نەخشەکێشا کە مەئریفەی خولقێنەرانەی خودا تێگەییانە دادەڕێژێت. وا دیارە کە ئەدگارەکانی مەئریفەی تایبەتی ئێستێتیکی لە گوێشلکردنەوە بۆ دیاریکردنی فەلسەفەییانەی کرداری خولقاندنی خودا بەدیهێنرابن. ئەوجا بیرۆکەیەکی دیکەش جێی سەرنجە: باومگارتن دەبێژێت، کە ناسینی ئێستێتیکی بریتییە لە ناسینێکی زیندوو یان ژیان لەنێو ناسیندا. مۆدێلی ئەمەش دیسانەوە دیاریکردنی ژیانی ئایینییە وەک بەدیهێنان (ەوە)یەکی ئافرێنەرێتی.

- **ناسینی ئێستێتیکی وەک بەدیهێنانی جیهان: ئێستێتیک و تیۆریی کردار؟**

ڕاستیی ئێستێتیکی، بە وەرچەرخان ڕووەو بەدیهێنانی زیندووی جوانێتی، چیدی بەتەنیا وەک هاوشێوەی ئاوەز (analogon rationis) دانانرێت، تێڕوانینێک کە باومگارتن لە ڤۆلفی مامۆستای وەرگرت. ئێستێتیک وەک ڕێبازێکی گشتی دیاردەدات تاکو هۆش بەڕێی جوانییەوە بۆ باشتربوون پێبگەیەنێت. مەئریفەی ئێستێتیکی دەبێت بە پەروەردەکردنێکی گشتگیر. هزرینی جوان لەنێو سەرجەمێتیی بناغەڕشتنی ڕەخنەیی و مێتافیزیکیدا دەبێت بە ڕێبازێک کە مەئریفەی ئێستێتیکی وەک مەئریفەی جیهان دەخاتە ڕوو، هاوکات ئێستێتیکوس، واتا شارەزای ئێستێتیکی بۆ سەر ئاستی مرۆڤێک بە پەروەردەیەکی گشتگیرەوە هەڵدەبڕێت. ئێستێتیکی باومگارتن دەیەوێت "بەگوێرەی پرۆگرامی بۆ دانراوی هەروەها لۆگیکێکی توێژینەوە ... بێت". ئەم ئێستێتیکە "جگە لە تیۆریی جوانێتی، هەروەها پلانی لۆگیکێکی ئیندوکسیۆن" دادەنێت، لۆگیکێک (جا گەرچی باومگارتن بەتەوای گۆڕانی پێنەدا) کە ڕوانگە جیاوازەکانی بڕیاردان بەسەر بابەتی جواندا دەردەخات، بەم ڕێیەشەوە توانستی بڕیاربەسەرردادان پێدەگەیەنێت، توانستێک کە لە لایەک دەتوانێت جوانی وەک تەکمیلەکردنی ئۆبژێکتەکانی نێو جیهان دەربخات، لێ لە لایەکی دی بڕیاردەر وەک مرۆڤێکی کامیلبوو لە شعور و هێزی بڕیاردا دیاری دەکات — وەک "فێلیکس ئائێستێتیکوس".

بێگومان باومگارتن ئەم لایەنەی ئێستێتیک، واتا "هێورکردنەوەی نەریتەکان"، یان کاریگەریی ناسین و توانستی بڕیاربەسەرردادان لەسەر پراکسیس، زیاتر لەوە ئاوەڵا ناکات. درەنگتر فریدریش شیلەر، پابەند بە کانتەوە، سەری ئەم داوە دەگرێتەوە و ڕێگەی پەڕینەوە لە ئێستێتیکەوە وەک تیۆریی مەئریفە ڕووەو ئێستێتیک وەک لکێکی فەلسەفەی پراکتیکی خۆش دەکات. لە ئێستێتیکی ئاوەزگەرییدا جارێ هیچ دیاریکردنێکی نزیکی پەیوەندییەکەی نێوان توانستی بڕیاربەسەرردادانی ئێستێتیکییانە و پراکسیس نەهاتۆتە گۆڕێ.

- **پرنسیپی لاسایی و بناغەی مێتافیزیکییانەی ئێستێتیک**

لە بناغەڕشتنی مێتافیزیکییانەی ئێستێتیکی ئاوەزگەرییەوە دیاریکردنێکی دیکە وەک سەرئەنجام دەکەوێتەوە: پرنسیپی لاسایی. بە دیدی لایبنیتس جیهانی هەبوو کە خودا ئافراندوویەتی، چاکترینی سەرجەم جیهانە شیاوەکانە. باومگارتن، وەک سەرئەنجامی ئەم تێڕوانینەی لایبنیتس، ئەرکی هونەر لەوەدا دەبینێت کە لەتەک ئەم چاکترین جیهانە شیاوەدا یەکبگرێتەوە نەک لەتەک جیهانی فاکتیدا کە بەڕێی سێنسەکانەوە دەرک دەکرێت. گەر تەنانەت هونەر بە مەئریفەیەکی لێڵ نەک ڕۆشن دابنرێت، هێشتا هەر مەئریفەیەکی ڕاستینەیە، چونکە هونەر بەڕێی جوانییەوە کامیلێتیی ئەو جیهانە یان ئەو سروشتە وێنەدەداتەوە کە خودا ئافراندوویەتی. ئاخر هونەر بەم وێنەدانەوەیە دەرکەوتەی سێنسی ناخاتەوە، بەڵکو بناغەدراویی مێتافیزیکییانەی ڕاستی دیاردەهێنێت. بەم پێیە، وەک باومگارتن

دەبێژێت، مەسەلەکە لە هونەردا دارِشتنی جیهان نییە وەک هاوشێوەی دەربرِینەکانی زانست، بەڵکو رِەخساندنی دەرفەتە بۆ دیاردانی سروشت — کردارێک کە هاوشێوەی هزرینی جیهانە لە لایەن خوداوە. کەواتە هونەر لاسایی سروشت نییە لەو شێوەیەدا کە وەک دیاردەی فاکتی دراوە، بەڵکو لاسایی **پێشبینییەکی** تایبەتیی سروشتە: پێشبینیی سروشت وەک جیهانێکی کامیلکراو. ئەم پێشبینییە هاوشێوەی پێشبینیی خودایە و بۆیە مۆرکەکەی **پێش** هەر پێشبینییەکی دوایەکییانە بریتییە لە توانستێکی بێدوایەکی بۆ بنیاتنانی (Setzung) جیهان. کاتێک باوەگارتن ئەم راڤەیەی جیهان کە لە گۆشەنیگای مەئریفەی خوداوە ئەنجامدراوە، وەردەگرێتەوە، ئیدی بەم رِێیەوە هاوکات بە جەختکردن لە پرنسیپی لاسایی، رِێ خۆش دەکات بۆ دیاریکردنێکی تایبەتی مەئریفەی هونەرییانەی جیهان / سروشت: ئەمیان مەئریفەیەکە کە هاوکات نەخشەی جیهانێکە، نەخشەی شتێکی جوانە، لەبەر ئەم هۆیەش لە بونیادییەوە هاوشێوەی مەئریفەی خودایە، واتا مەئریفەی ئافراندن لەنێو و بەرِێی کرداری مەئریفەوە. ئەم تێروانینەی مەئریفە لە لایەنی خۆیەوە دەبێت بە بناغەی دیاریکردنی بلیمەت (ژێنی).

بەهۆی زامنکردنی مێتافیزیکییانەی ئێستێتیکەوە وەک رِێبازێکی مەئریفە، دوو چەسپاندنی ئێستیتێک دەبن بە پێوەر بۆ دەستپێکە تیۆرییەکانی ئایندە. یەکەم: مەبەستی هونەر لاسایی سروشتە؛ بەم رِێیەوە ئێستا جوانێتیی سروشت پێشتری لە جوانێتیی هونەر وەردەگرێت. ئاخر سروشت وەک دروستراوی خودا باڵادەستە بەسەر دروستکراوی مرۆڤدا. لێ ئەم پاساوهێنانەوەیە لە پێشمەرجێکی فەلسەفەییەوە بەدیناهێنرێت، بەڵکو لە پێشمەرجێکی تیۆلۆژییانەی ئافراندنەوە کە هێنراوەتە نێو فەلسەفەوە. دووەم: ئەو ناسینە کە لە هونەردا بەیاندەبێت، هاوشێوەی ناسینی ئافرێنەرانەی خودا بەرنامەی بۆ دادەنرێت، بەمەش توانستێکی نا-رِۆژانەیی بە هونەرمەند دەدرێت. هونەرمەند بلیمەتە.

تەنانەت کانت کە بناغەرِشتنێکی مێتافیزیکییانەی ئێستێتیک بە نەشیاو دادەنێت، لەم پێشمەرجەوە دەردەچێت. ئەو پێناسەی برِیاری چێژ دەکات بەتایبەتی وەک برِیاردان بەسەر جوانێتیی سروشتدا و تەنیا وەک وەرگیراو لەم بنەرِەتەوە برِیاردانە بەسەر جوانیی هونەردا، بەسەر جوانیی شتە دەستکردەکاندا. لەبەر ئەوەی ئەم شتە دەستکردانە لە ئێستێتیکدا رۆڵێکی ژێرینەیی دەگێرِن، ئەوا کانت گەرچی کاری دەست و پیشەی دەستی (گۆچانی پیاسە و فەرش و هتد) و هونەر لە یەکدی جیادەکاتەوە، سەرەرِای ئەوە هەرسێکیان لەنێو کایەی جوانێتیی دروستکراودا دادەنێت وەک کایەیەک کە خۆی لە پشت جوانیی سروشتەوە دەبینێتەوە. کانت تەنیا بە دیاریکردنی هونەر وەک سیمبۆلی مۆرال لەم جۆرە ئانالیتیکەی جوانێتی تێپەرِدەکات. سەرەتا، دوای ئەوەی ئێستێتیک کە بەگوێرەی تیۆریی مەئریفە بنیاتنراوە، بە ئێستێتیکێک لەنێو چێوەی تیۆریی کرداردا لەبریی بۆ دادەنرێت، ئیدی دەرفەت دەرِەخسێت بۆ ئەوەی تیۆریی لاسایی و پێشتریدان بە جوانێتیی سروشت بخرێنە ژێر رِەخنەوە، پابەند بەمەشەوە شیمانەی تێروانینێکی دیکەی کاری هونەری و بلیمەت سەرهەڵدەدات. ئەم هەڵوێستە بۆ نموونە هێگل بە خۆجیاکردنەوە لە کانت فۆرمولەی دەکات.

٢-٢-٢ (...)

## ٢-٣- ئێستێتیک وەک یاساکاریی بۆ پسپۆڕان

ئێستێتیک پاش باومگارتن دەبێت بە ئێستێتیکی پسپۆڕان و گۆڕان بە تیۆریی بڕیارە کارامەکان (شارەزا و گونجاوەکان) بەسەر جوانێتیدا دەدات. کارامەیی بڕیار تایبەتمەندیی کەسێکە کە بە سامانی زانین لە جەماوەر جیادەبێتەوە. ئێستێتیکی پسپۆڕان پێویستە ببێت بە تیۆریی ڕێساکانی بڕیاردان، ببێت بە یاساکارییەک کە بناغەی بڕیارەکانی چێژی جوان دەڕێژێت. ئێستا ئێستێتیکی ئاوەزگەری کە مێتافیزیکییانە بناغەی ڕێژرابوو، بە ئێستێتیکی ئەزموونگەرایی ئینگلیزی دەگات، جا گەرچی ئەمیان دەیەوێت ئاگامەندانە دەستبەرداری بناغەڕشتنێکی مێتافیزیکییانەی بڕیاری ئێستێتیکی ببێت. پاشان هەردوو ڕوانگەکە کاریگەری لەسەر "ڕەخنەی توانستی بڕیار"ـەکەی کانت دەنوێنن.

### - ڕاستیی هەست بۆ جوانێتی

دەیڤید هیوم لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی 'لەبارەی ڕێسای چێژ' دەپرسێت: ئایا ڕێسایەک بۆ چێژ هەیە؟ دەرچەی هیوم لەم پرسیارەیدا بریتییە لە "هەست بۆ جوانێتی". بێگومان ئێمە نابێت وا تێبگەین هەروەک هەست بۆ جوانێتی پێشبینییەک بێت و مرۆڤ لە بڕیارێکی تا ڕادەی شیان ڕاستدا دەربیبڕێت، نەخێر، هەست بۆ جوانێتی ئەزموونێکە کە سەرەتا گشتێتییەکەی جێی گومانە. ئاخر هەست بۆ جوانێتی نزیکەی بەقەد ژمارەی تاکەکەسەکان کە ئەم هەستەیان هەیە، هەمەجۆر و بگۆڕە. بەدەگمەن دەشێت بڕیاری یەکانەیی چێژ وەک زەمینەی گشتێتییەکی هەست بۆ جوانێتی دابنرێت. بۆیە دەبێت ئێستێتیک سەرەتا ئەم گریمانەیە دابنێت: دەرچوون لە ئەزموونەوە (واتا لە هەست بۆ جوانێتییەوە) ناجەختە. سەرباری ئەم گریمانەیە هێشتا هەر پێویستە ڕێسایەکی چێژ لەسەر بناغەی گشتێتییەکەی هەست بۆ جوانێتی دابنرێت. بەم شێوەیە ویستی بناغەڕشتن لە ئێستێتیکدا دیلێمایەک دەخاتەوە: مرۆڤ دەبێت گشتێتیی بڕیاری چێژ لە دیارینەکراویی / ناڕۆشنیی سەبژێکتیڤییانەی هەستەوە چارەسەر بکات، یان دەبێت پێشانی بدات کە هەست جەختتر لە بڕیار توانستی هەنگێوتنی هەیە. گەر مرۆڤ وای دابنێت کە مۆرکی بڕیارێکی ڕاست هەنگێوتنی کردەکێتییە، ئەوا دەشێت لەم ڕەوشەدا بڕیارەکان بکەونە ژێر ئاستی هەستەکانەوە، چونکە تەنیا یەک بڕیاری ڕاست لەبارەی بابەتێک هەیە، واتا بڕیارێکە کە ئەو بابەتە دەهەنگێوێت، لەپاڵ ئەوەشدا زۆر بڕیاری هەڵە هەن و بابەتەکە ناهەنگێون. لێ گەر خودی هەست بە پێچەوانەوە وەربگرین، ئەوا دەبینین کە لەبارەی هەستێک تەنیا بڕیاردانی هەنگێوەری ڕاست هەیە، ئەوەش هیچ گرنگ نییە کە داخۆ ئەو بڕیارانە چۆن بن.

ئاخر هەست تەنیا ڕوو دەکاتە خودی خۆی، لێرەشەوە هەموو هەستێک کە مرۆڤ بتوانێت لێی بەئاگابێت، لە هەقیقەتدا و تەنانەت وەک ڕووکردووە خۆیشی هەر ڕاستە.

لەم ڕوانگەیەوە هەستێک "زۆر ڕاستە" و هاوکات ناڕاستە. هەست هەمیشە کردەکێتی دەهەنگێوێت، لێ لەم هەنگێوتنەدا جارێ شیمانەی گشتیدانی پەیوەندبوونەکە بە کردەکێتییەوە مسۆگەر نییە. بەم شێوەیە توخمە تایبەتییەکەی بڕیاربەسەرداندان وەلاوەدەنرێت. هەست هەمیشە من وەک هەنگێوراو دەگرێتەوە، ئەوجا لەبریی ئەوەی بە ڕاستییەکمان بگەیەنێت کە هەمووان بەگشتی قبووڵیان کردبێت، دەمانگەیەنێت بە "هەزار بۆچوونی جیاواز". بەمەش ئیدی تەنیا فەلسەفەییانە بناغەیەک دادەنرێت بۆ ئەو ڕاستییە کە مرۆڤ ناتوانێت لەبارەی چێژ (لەبارەی هەست بۆ جوانێتی) دێبات بکات. گەر مرۆڤ لەسەر ئەم شێوەیە جوانی بەخۆیی بکات، ئەوسا چیدی وەک ئەدگارێکی شتەکان دیارنادات، بەڵکو تەنیا لەنێو تێڕوانینی خۆییدا دەردەکەوێت.

لۆمەی بەکەسیکردن و بەخۆییکردنی ڕاستیی هونەر دەگەڕێتەوە بۆ بەهەڵەتێگەیشتنێک کە چە تێگەیشتنی گشتیی خەڵک و چە خودی فەلسەفە دەگرێتەوە: مرۆڤ وای دادەنێت کە گۆیا بناغەگەلی بەگشتی قبووڵکراو بۆ زانست یان لە پرسیارەکانی مافدا (کەواتە لە ناسین یان لە مۆرالدا) هەن و پێویستە بەسەر تاکە ڕەوشەکاندا بەکارببرێن، لێ هەست بە پێچەوانەوە پابەندی هیچ ڕێنومایەک نییە. هیوم لەدژی ئەم گریمانەیە دەبێژێت: ئێمە دەتوانین لەم کایەیەشدا ببینین، کاتێک کەسان لە داواکارییە پرنسیپییەکاندا کە بۆ چاکبوونی مرۆڤ بەرزدەکرێنەوە، ڕواڵەتییانە هاوڕان، ئەوا هێشتا هەر پرسیارەکە سەبارەت بەوە کە چی گەرەکە وەک چاک یان وەک بەڕەوشت دابنرێت، جیاواز وەڵام دەدرێتەوە، بەڵێ گومانی تێدا نییە کە یەکدەنگییانە ستایش و سزا دەدرێنە پاڵ ڕەوشت و بەدڕەوشت، لێ پرسیار سەبارەت بەوە کە داخۆ ژیانێکی بەڕەوشت یان داخۆ هەستێکی مۆرالی چی بێت، لەتەک ئەو پرێمیس و پێش-بڕیارانەدا گۆڕانی بەسەردا دێت کە تاکەکەسان یان گرووپگەلی تایبەتیی کولتووری لە لایەنی خۆیانەوە قبووڵیان دەکەن. کەواتە ئەم کێشەیە تەنیا پرسیاری چێژ ناگرێتەوە، بەڵکو لەو دیسپلینانەی فەلسەفەشدا کە بەرواڵەت وەک گومانهەڵنەگر دەردەکەون، لەگۆڕێیە. زۆر دەشێت مرۆڤان پەیوەست بە کاتیگۆرییە گشتییەکانەوە هاوڕا بن، سەرەڕای ئەوە تەرخانکردنیان یان ڕەتکردنەوەیان لە ڕەوشە تایبەتەکاندا وەک مایەی مشتومڕ دەمێننەوە. بۆیە بە دیدی هیوم شێوەی کولتوورییانەی هەستی مۆرالی، یان کێشەکانی بەگەڕخستنی ناسین و مۆرال، هاوشێوەی کێشەکانی ئێستێتیکن. بۆ نموونە هیچ ناتەباییەک لەو داواکارییەدا نییە کە دەبێژێت پێویستە هونەر وەک هونەر وەربگیرێت و کیچ ڕەخنەییانە ڕەتبکرێتەوە، سەرەڕای ئەوە هێشتا هەر ناتەباییەک سەبارەت بەوە لەگۆڕێیە کە بۆچی شتگەلی تایبەتی ناودەنرێن هونەر و شتگەلی دیکە ناودەنرێن کیچ. لە دەمەقاڵەی ڕەخنەگراندا کێماسی ئەرگومێنت هەیە.

### – ڕێسای چێژ وەک ڕێخۆشکەری ئەرگومێنتهێنانەوەی ئێستێتیکی

هیوم بە پێچەوانەوە دەیەوێت لە ئێستێتیکدا گۆڕان بە ئەرگومێنتهێنانەوەیەکی ئاوەزمەندانە بدات، ئەو دەیەوێت بناغەی ئەو تێزە بڕێژێت کە دەبێژێت: دێباتی فەلسەفەیی لەبارەی چێژ شیاوە. بە دیدی هیوم گەر ڕێسایەک بۆ

چێژ دابنرێت، ئەوسا ئەو کێشانەی بەگەڕخستن کە لە ئێستێتیکدا سەرهەڵدەدەن، شیاوی چارەسەرکردن دەبن. زەمینەی ئەم ڕێسایە کە ئەو بۆ چێژ داوای دەکات، هاوشێوەی زانست، هاوشێوەی مۆرال و سەرجەم فۆرمە پراکتیکییەکانی زانین، بریتییە لە "ئەزموون."

## – سەرنجدان وەک سەرچاوەی ڕێسای چێژ

دەبێت ڕێسایەکی چێژ بە یاریدەی ئیندوکسیۆن، بە ڕەچاوکردنی سەرجەم پێشهاتەکانی فێنۆمێنەکە، شیاوی ئاشکراکردن بێت. مرۆڤ بۆی هەیە ببێژێت کە هونەرەکان لەژێر رکێفی ڕێسای هونەریدان و نووسەر دەتوانێت بەڕێی ئینتوئیسیۆن یان ئیندوکسیۆنەوە پێیان بگات. وەک هیوم دەبێژێت، تەنیا فاکتەرە دەرەکییەکانی شێواندن ئاستەنگن لە بەردەم بەگەڕخستنێکی گونجاوی ڕێساکانی چێژدا، لێ ئەو ڕێسایانە لە پرنسیپدا شیاوی کەشفکردنن. بۆ ئەم کەشفکردنە تەنیا "سەرنجدان" (Beobachtung) پێویستە کە سەرجەم فاکتەرە ئەمپیرییەکان، کە بۆ هەستی جوانێتی پێوەرن، بەگەڕدەخات. لێ دەبێت لێرەدا ببێژین کە سەرنجدان هەروا ئاسان گشتێتیی هۆشسامبوون بە جوانێتی ناخاتەوە. بۆیە هیوم پێشنیار دەکات کە گەرەکە سەرنجدان، وەک بناغەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی، بەڕێی ئێکسپێریمێنتەوە بەدیبهێنرێت.

## – ئێکسپێریمێنت و ئیندوکسیۆن وەک ڕێگەی ڕووەو ئیدێی جوانێتی

کێشەیەکی تایبەتیی ئێستێتیک وەک دیسپلینی فەلسەفەیی لە هزری هیومیشدا دووپات دەبێتەوە: ئایا چۆن دەشێت زانینی شێوەی ژیان (know how) بگوازرێتەوە بۆ زانینی ڕێکخراوی فەلسەفەیی؟ هیوم بەرانبەر مێتۆدی ئێستێتیکی ئاوەزگەریی، واتا بەرانبەر مێتۆدی دێدوکسیۆنی زانین و بڕیاردان بەسەر جوانێتیدا کە مێتۆدێکی دەرچووە لە یەکەمین پرنسیپەکانەوە، مێتۆدی ئیندوکسیۆن هەڵدەبژێرێت تاکو لە ئەزموونەوە بە زانین بگات. ئیندوکسیۆن بەتەواوی ئەزموون هەڵدەهێنجێت، ڕوودانە فاکتییەکان خاڵی دەکاتەوە، واتا ئەو ڕوودانانە کە بەڕێیانەوە سەرنج دەدرێتە هەست بۆ جوانێتی و بڕیارێک بەسەر جوانێتیدا دەوروژێنرێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی ئیندوکسیۆن لەنێو دۆخە پاڵێوراوەکەی ئێکسپێریمێنتی سەرنجداندا بڕیاری گشتی بەسەر جوانێتیدا دەخاتەوە، ئیدی لێرەوە دەرفەتێک بۆ ئێستێتیک دەڕەخسێت کە بەسەر ئەزموونددەریدا (Empirie) ڕووەو تێگە، ڕووەو ئیدێی جوانێتی، هەنگاوبنێت.

هیوم دەبێژێت کە سەرجەم زانینی ئێمە بەندە بە ئەزموونەوە و زانینیش تەنیا گشتیدانی ئەزموونە کە مرۆڤ بەڕێی ئیندوکسیۆنەوە پێیگەیشتووە. بەم شێوەیە ئەو ڕێ لە کێشەیەکی ئێستێتیک دەگرێت، واتا: مەرج نییە سێنسێتییەکەی (حەواسێتییەکەی) هۆشسامبوون بە جوانێتی ببێت بە هۆیەک بۆ شێواندنی شیمانەی ناسینی جوانێتی یان شیمانەی چێکردنی بڕیارێکی چێژ، هۆی ئەمەش لەوەدایە کە خودی سێنسێتی دەرچەیە ڕووەو مەئریفە. لێ ئێستا وەک سەرئەنجامێکی ئەم بنەما ئەزموونگەرابییەی هیوم ئەرکێک سەرهەڵدەدات: گەرەکە مێتۆدی ئیندوکسیۆن وەک بڕیاردان بەسەر ئەزمووندا بەگەڕبخرێت. تەنیا بەم شێوەیە پەڕینەوەیەک لە ئەزموونەوە ڕووەو زانین دەشێت. لێ ئەمە تەنیا کێشەیەکی ئێستێتیک نییە، واتا تەنیا کێشەی ئەو مەئریفەیە نییە کە چۆن لە بڕیاردان بەسەر جوانێتیدا دەردەبڕێت، بەڵکو کێشەی سەرجەم ناسینە بەگشتی.

### – مەرجەکانی شیمانەی فێرکردن و فێربوونی هەست بۆ جوانێتی و بڕیاری چێژ

بۆ ئەوەی هەست بۆ جوانێتی بکرێت بە بڕیاری ئێستێتیکیانەی گشتی و قبووڵکراو بەگشتی، بە واتایەکی دی، بۆ ئەوەی ڕێساکانی چێژ دیاری بکرێن، ئەوا پێویستە چێوەیەکی نەشێوێنراوی ڕێسەپسیۆن (وەرگرتن) بدۆزرێتەوە:

"دەبێت بەوریاییەوە کات و شوێنی گونجاو هەڵببژێرین و ئەندێشەمان بەرەو بار و دۆخی گونجاو بەرین"[(1)]

"We must choose with care a proper time and place, and bring the fancy to a suitable situation and disposition".

پاش نیو سەدە ئەم جۆرە لێهزرینانە بوون بە پاڵهێز بۆ هاتنەئارای سەرئەنجامی دامەزراوەیی، ئەم سەرئەنجامانەش تا ئەمڕۆ مۆرکی هونەریان دیاری کردووە. تەنیا مۆزەخانەکان و پێشانگە هونەرییەکان شوێنێک بۆ ئەزموونکردنی نەشێوێنراوی جوانی پێکدەهێنن، نەک جیهانی ڕۆژانەی ژیان کە پڕە لە شێواوی. تەنیا ڕاومێک (فەزایەک) بۆ هونەر کە بەتەواوی لە ژیانی ڕۆژانە دابڕاوە، دەرفەت بۆ وەرگرتنێکی (ڕێسەپسیۆنێکی) پڕتەرکیز و نەشێوێنراو دەرەخسێنێت، یان دەتوانین بێژین، مۆزەخانە بریتییە لە مەزنە لابۆر بۆ ئەزموونکردنی هونەر. مۆزەخانە ئەو مەرجەیە کە هیوم بۆ سەرنجدانە تایبەتەکەی خۆی وەک بناغەی بڕیارە ئێستێتیکییەکان و ڕێساکانی ئەو بڕیارانە دایاندەنێت:

"هێمنییەکی تەواوی ئاوەز، یادکردنەوەی بیرۆکەیەک، سەرنجدانێکی ورد لە شتەکە؛ گەر هەر یەکێک لەم ڕەوشانە لەگۆڕێ نەبن (کێماس بن)، ئەوا ئەزموونەکەمان هەڵە دەبێت و ناتوانین بڕیار بەسەر جوانییە هەمەجۆر و گشتییەکاندا بدەین"

"A perfect serenity of mind, a recollection of thought, a due attention to the object; if any of these circumstances be wanting, our experiment will be fallacious, and we shall be unable to judge of the catholic and universal beauty".

لێ وەرگرتنی "هەڵوێستێکی تایبەتی لەتەک کات"دا دێتە پاڵ شوێن (Ort) یان چێوەی بەدیهێنان. تەنیا ئەو شتە کە خۆی لەنێو "هۆشسامیی بەردەوامدا"، یان خۆی لە مانەوەی درێژخایەن و بڵاوبوونەوەی فراواندا، دەسەپێنێت، چانسێکی هەیە لە لایەن هەمووانەوە وەک جوان، وەک بزواندنی "هەستی شادیبەخش" وەربگیرێت. هیوم لەپاڵ داواکارییەکەیدا بۆ شوێنێکی بەدیهێنانی جیاکراوە لە ژینجیهان، داواکاری بۆ "کلاسیک"ێک بەرزدەکاتەوە (کە بێگومان تا ئەمڕۆ باوە و دانوستان دەکرێت)، بە واتایەکی دی، داوای پێوەرێک (کانۆنێک) بۆ ئەو کارانە دەکات کە لە لایەن هەمووانەوە وەک جوان هەستیان پێدەکرێت. بە دیدی هیوم ئێمە دەتوانین لە یەکگرتنەوەی هەستەکانی مرۆڤانەوە کە لەنێو دۆخی "ساغ"دا، واتا لەنێو دۆخی نەشێوێنراو و هەروەها لە مەغزای ئێکسپێریمێنتی سەرنجداندا هاتۆتەگۆڕێ، ئیدێی جوانێتی وەک دەرئەنجام بەدیبهێنین. ئێکسپێریمێنت توانا بە مرۆڤ دەدات کە بەسەر بابەتەکەدا وەک جوان بڕیار بدات.

### – تەریبی نێوان چێژی سێنسەکان و چێژی هونەر

دەشێت هاوشێوەی چێکردنی چێژی پەتیی سێنسی، گۆڕان بە مەرجەکان بۆ شیمانەی فێرکردن و فێربوونی "پرنسیپەکانی قبووڵکردن یان قبووڵنەکردن" بدرێن و بەدیبهێنرێن. دەرچەی دەستپێکەکەی ئەم لێهزرینەی هیوم خۆی لەم گریمانەیەدا دەبینێتەوە: هۆی هەمەجۆریی بڕیارە بە یەک نەسازەکانی چێژ لەوەدایە کە مرۆڤ لە هەموو لایەک داوای "ناسکێتی / ورد"یەکی چێژ یان داوای هەست بۆ جوانێتی دەکات، لێ ئەم ناسکێتییە لە هەقیقەتدا بەدەگمەن گەشەی کردووە. لێ ئایا ئەم ناسکێتییەی چێژ بۆ هیوم چییە؟ هیوم ئەم ناسکێتییە بە نموونەی چێژی سێنسی ڕوون دەکاتەوە کە بە چیرۆکی هەردوو مامی سانشۆ پانزا (لە ڕۆمانی دۆن کیشۆتدا – و) پێشان دەدرێت. ئەم دوو پیاوە داوایان لێدەکرێت جۆرێکی شەراب تاقیبکەنەوە؛ یەکێکیان شەرابەکە وەک نایاب دەنرخێنێت، لێ هاوکات دەبێژێت کە شەرابەکە تامی چەرمی دەدات، هەروەها ئەویدیکەیان بە هەمان شێوە شەرابەکە وەک نایاب دەنرخێنێت، لێ ئەمیان دەبێژێت کە شەرابەکە تامی ئاسن دەدات. سەرئەنجام هەردوو بڕیارەکەی چێژ ڕاست دەردەچن، واتا وەک گونجاو بە شتەکە دەردەکەون، چونکە دوای ئێکسپێریمێنتەکە، دوای خاڵیکردنەوەی کووپەکە کلیلێک بە قەیتانێکی چەرمەوە دەدۆزرێتەوە کە ڕەوایەتی بە بڕیاری هەر یەک لەو دوو شارەزایە دەدات.

هەمان کێشە دەشێت لە ناکۆکیی پسپۆرانی کایەی هەست بۆ جوانێتیدا ببینرێت:

"دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هەندێک ئەدگاری تایبەتی لە شتەکاندا هەن و لە سروشتەوە ئەوها هەڵکەوتوون کە ئەم هەستە تایبەتییانە بەرهەمبهێنن".

"… it must be allowed, that there are certain qualities in objects, which are fitted by nature to produce those particular feelings".

هەروەها لەم پەیوەندییەی ئێرەشدا دەبێت شیاو بێت، مرۆڤ فێری ناسکیی چێژ (ئێستا وەک ناسکیی چێژی هۆشەکی) ببێت. بۆیە هیوم ناسکیی چێژی هۆشەکی یان هەست بۆ جوانێتی بەرێی دیاریکردنی مەرجە ئەمپیرییەکانی ئەم جۆرە چێژەوە پێناسە دەکات:

"ئۆرگانەکان هێندە وردن کە هیچ شتێک لێوەیان دەرباز نابێت، هاوکات هێندە پوخت و مەحکەمن کە ئیدی دەرک بە هەموو پێکهاتەکانی داڕشتنەکە دەکەن."

"… the organs are so fine, as to allow nothing to escape them; and at the same time, so exact as to perceive every ingredient in the composition."

لە ئەنجامدانی چێژی ناسکدا دەشێت، هاوشێوەی مسۆگەرییەکەی هەنگێوتنی چێژی سێنسی، ڕێساگەلی گشتی دیاریبکرێن کە بڕیارەکە دەڕاستێنن:

"بەرهەمهێنانی ئەم ڕێسا گشتییانە یان نموونە دیارانەی پێکهاتە یان داڕشتنێک هاوشێوەی دۆزینەوەی کلیلە زەنگۆڵەدارەکەیە".

"To produce these general rules or avowed patterns of composition is like finding the key with the leathern thong …".

تێگەیشتنی ئەمپیرییانەی تەواوەتی، بەرێی ئیندوکسیۆنەوە، بڕیارێکی ڕاستینەی چێژ دەشێنێت، یان لەنێو چێژی ناسکدا دەرفەت بۆ جیاوازیکردنی جوانی و ناشرینی دەرەخسێنێت. چێژی ناسک و هەست بۆ جوانێتی، هاوشێوەی چێژی سێنسی، بەرێی ئەزموون و دەرئەنجاماندنی مێتۆدییانەی ئەزموونەوە شیاوی بەدیهێنانن. چێژی ناسک و هەست بۆ جوانێتی شیاوی فێرکردن و فێربوونن.

بەمەش مەرجەکان بۆ سەرگرتنی بڕیارێکی گشتی بەسەر هەست بۆ جوانێتیدا دیاری کران. یەکەم مەرج ئەوەیە کە بەگەڕخستنی ڕێسایەکی ناسراوی چێژ بەسەر نموونەگەلدا بەناچاری گشتێتییەک دەخاتەوە، کەواتە گەر ڕێساکە مێتۆدییانە بناغەی ڕێژرابێت، ئەوسا دەبێت بەهۆی هاتنەئارای بڕیاری هاوشێوەی زۆر کەس (هەمووان). بناغەڕشتنێکی مێتۆدییانەی ڕێساکە کە بە سەرنجدان لەنێو ئێکسپێریمێنتی ئەزموونی ئێستێتیکیدا بەدیدەهێنرێت، بریتییە لە خاڵیکردنەوە (دەردان)، واتا خاڵیکردنەوەی سەرجەم نموونەکانە کە وەک ڕەوش لە بەردەمدان، ئەم خاڵیکردنەوەیەش لەسەر زەمینەی ناسینی گشتگیری نموونەکە ڕوودەدات. جگە لەمە زەخیرەیەکی فێنۆمێنگەل پێویستە کە بەبێ ناکۆکی وەک جوان ناسێنرابن و ئەوجا وەک نموونە بۆ بڕیاربەسەردادانی دیکە وەربگیرێن. کەواتە لەپاڵ سەرنجدانی نەشێوێنراودا، یان لەپاڵ ئیندوکسیۆندا، بێگومان ئیندوکسیۆن لە مەغزای دەرئەنجاماندنی تەواوەتیدا، کلاسیکێتیی کارە هەبووە هونەرییەکان و بڕیاری بابەت دیاریکەری جەخت زەروورن. گەر ئەم مەرجانە بەدیهێنران، ئەوسا دەشێت هەست لە ڕەوشی هەمان بناغەی ئەزمووندا، واتا لە ڕەوشی هەمان بابەت و تاکەکەسانی جیاوازدا، ببێت بە هەستێکی نێوکۆیی، یان بە زمانی کانت، ببێت بە کۆهەست (Gemeinsinn).

### – ڕاهێنانی چێژ وەک فێربوونی فۆرمێکی ژیان

بڕیاری جەختی هەستێک بۆ جوانێتی کاتێک سەردەگرێت، گەر ئەو مەرجە ناوبراوانەی سەرەوە بەڕاستی پێکەوە لەتەک هەموو ئەزموونێکدا درا بن، واتا بۆ هەمووان کراوە بن. تەنیا بەدووی ئەوەدا دەرفەت نامێنێت بۆ ئەوەی گومان لە پرنسیپی مێتۆدییانەی ئێکسپێریمێنت، لە ناسینی لێوردبۆوە و مەرجەکەی، لە کلاسیکێتیی کارە تایبەتییەکان، بکرێت.

لێ هیوم بۆ بەدیهێنانی ئەمە هاوکات کامیلێتییەکەی توانستی بڕیار، ناسکێتییەکەی چێژ، بە "ڕاهێنان"ـەوە گرێدەدات، بەکورتی بە شیمانەی ئەمپیرییانەوە بۆ ئەزموونکردنەوەی سەرلەنوێی هەمان شتێک. تەنیا بەڕێی ڕاهێنانەوە دەشێت گوڕان بە هەستێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ناساندنی (ئیئترافپێکردنی) جوانێتی بدرێت. گەر مرۆڤ نەیەوێت لە کۆتاییدا خەریکی چەندجاکردنی (چەوتە) بڕیارە باوەکان بێت، ئەوا پێویستە ڕێنومایەکی بۆ ڕاهێنان هەبێت، ئەم ڕێنومایەش بریتییە لە "ڕیزبەندیی جوانی" (order of beauty) کە بەڕێی بەراوردی کێشە هونەرییە جیاوازەکانەوە بەدیهێنراوە. ئێستا ڕوون دەبێتەوە کە تاکەکەسی فێرخواز ئەو کاتە بە چێژی ناسک دەگات، گەر ئەو لەنێو ئادەتەکانی بڕیاردا سۆسیالیزە بکرێت (بەکەسبکرێت). ڕاهێنان و بەراورد تەنیا بە پەروەردەیەکی پڕی مێژوویی ئەنجامێکی سەرکەوتوویان دەبێت، واتا تەنیا ئەو کاتە، گەر پسپۆڕێک ڕێبەرایەتیی ئەنجامدانی بڕیاری چێژ و پێگەیاندنی هەست بۆ جوانێتی بکات. تەنیا پسپۆڕ دەتوانێت پلە و پایەی تاکە کارە هونەرییەکان بچەسپێنێت. لێ تەنیا لە کەسێکدا شیمانەی بوون بە پسپۆڕ، بە ئێستێتیکی، هەیە کە کراوەیە و ڕێ دەدات بهێنرێتە نێو ئەزموونکردنی جوانێتییەوە، هەروەها کراوەیە بۆ وەرگیران لە کۆمەڵەی هاوهزراندا، لە بنەڕەتیشدا کەسێکی بەو چەشنە ئەم ئامادەییەی وەرگیرانی تێدایە، چونکە ئەویش هاوشێوەی ئەوانی دی پێگەیەنراوە. ئەم گەیشتنە بە

فۆرمی ژیانی پسپۆران و کۆمەڵەی پسپۆران گەرەنتییەک دەدات بۆ گەیشتن بە ڕێسای ڕاستینەی چێژ و ڕێکخراوی جوانی، هەروەها توانا بە مرۆڤ دەدات بڕیاری ڕاستینەی چێژ بەسەر هونەردا بدات.

- بەدەربوونی پسپۆر لە پێشبڕیار وەک مەرجی ڕێساکانی چێژ

پسپۆر یان ئێستێتیکی دەبێت خۆی لە سەرجەم پێشبڕیارەکان (حوکمە موسبەقەکان) بەدوور بگرێت و بەم ڕێیەشەوە ئاوەزی خۆی بۆ ئاستێکی ئەوتۆ پێبگەیەنێت کە ئیدی بتوانێت لە مەبەستی کارە هونەرییەکان بڕوانێت. کەواتە کارابیەکانی (فونکسیۆنەکانی) ئاوەز بەشدارن لە کارابیەکانی چێژدا. ئەوە سێنسێتی نییە کە دەبێت بەهۆی "شێواوی"ی بڕیاری چێژ، بەڵکو ئەوە بە پێچەوانەوە کەموکورتییە شیاوەکانی ئەزموونە، یان بەپوختی ببێژین، ئەوە کەموکورتییە شیاوەکانی گەیشتنە بە چێژ. بۆ ئەوەی بڕیارێکی نێوکۆیی پسپۆران بەدیبهێنرێت، واتا بڕیارێک کە ڕێسای ڕاستینەی چێژ و جوانیش دەچەسپێنێت، ئەوا دەبێت کەسی پسپۆر چە لە زەین و چە لە هەستدا پێگەیەنرابێت.

لێ ئەم بناغەڕشتنەی هیوم بەهۆی خولگەی ئەرگومێنتییەوە شکستدەهێنێت. هیوم سەرەتا هەوڵی دا بە شرۆڤەکردنی ئەزموون پێشانی بدات کە مرۆڤ بە چە شێوەیەک دەتوانێت ڕێسایەکی گشتیی چێژ یان "یاسایەتی"ی چێژ بدۆزێتەوە کە گەرەنتی بە "ئاوەزمەندانە"بوونی چێژ بدات، لێ ئێستا دەبێژێت کە خودی چێژبینین لە جوانێتی ئاوەزمەندانەیە، چونکە کاتێک دەگوترێت کە ڕێسایەکی گشتیی چێژ شیاوی ئاشکراکردنە، ئیدی دەبێت چێژ هاوشێوەی ئاوەز کارایی وەربگرێت.

هیوم هەوڵ دەدات ڕێ لە هاتنەئارای ئەم خولگە ئەرگومێنتییە بگرێت. ئەو دەبێژێت کە هەست بۆ جوانێتی لە پرنسیپەوە ئەگەری شێوانی لەخۆگرتووە. بۆ ئەوەی ڕێسایەکی گشتیی چێژ بدۆزرێتەوە و بەگەڕبخرێت، ئەوا دەبێت ناسکێتیی چێژ، ڕاهێنان، بەراورد، خۆ بەدوورگرتن لە پێشبڕیار، ئاوەز، سەراپا پێکەوە کارا بن. گەر یەک دانەی ئەم تەوەرانە لە ئارادا نەبێت، ئەوسا نەشیاوە ئەو ڕێسا گشتییانەی چێژ فۆرمولە بکرێن کە گەرەکە بۆ سەرجەم مرۆڤان هاوشێوە بن. لێ لەبەر ئەوەی بەدەگمەن سەراپای ئەم مەرجانە بۆ پێگەیاندنی هەست بۆ جوانێتی و بەمەش بۆ بناغەیەکی گشتیی بڕیاری چێژ شیاوی بەدیهێنانن، ئەوا ئەگەری شێوانی ئەزموونی ئێستێتیکی دەبێت بە ئاستەنگ لە بەردەم گشتێتیی بڕیاری چێژدا. بێگومان هیوم دەبێژێت کە ئەم ئاستەنگە پرنسیپی نییە، بەڵکو تەنیا ئاستەنگێکی فاکتییە، لێ ئەم ئاستەنگە بەسەختی زیان بەو پرۆگرامە دەگەیەنێت کە ئەو دایناوە بۆ گۆڕاندان بە ئێستێتیک وەک یاساکاری و بناغەڕشتنی ڕێساکانی چێژ تێیدا. بۆیە هیوم ئێستا هەوڵ دەدات هۆکانی ئەم دژوارییە کە لە نێوان شیمانەی پرنسیپی بۆ هەبوونی گشتێتیی بڕیاری چێژ و دەگمەنیی فاکتیانەی گشتێتیی بڕیاری چێژدا هەیە، بدۆزێتەوە و ئەوجا پێشانی دەدات کە ڕێکەوتێتیی پێکهاتەی سۆز و بۆچوونەکان، هەروەها پێشبڕیارە ئایینییەکان (ئەمان بەتایبەتی پاکژێتیی هەست بۆ جوانێتی دەشێوێنن) ئاستەنگن لە بەردەم گشتێتیی ئەنجامدانی ڕێسای چێژدا. ئەوجا ڕەوشێکی دیکە دێتە پاڵ ئەم ئاستەنگانە: هەموو مرۆڤێک لەو کەسانە تێناگات کە چێژی

ناسکیان (وردیان) هەیە و بە زەینی ڕوونیان لە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە جیادەبنەوە، بە واتایەکی دی، ئەوان بە لێهاتووییان لە توانستی بڕیارداندا لە باقییەکەی دیکەی کۆمەڵگە جیادەبنەوە.

### – کێشەکان لەتەک هونەردا و سەرئەنجامە دامەزراوەییەکانی ئەو کێشانە: بیرۆکەی مۆزەخانە

بە دامەزراندنی مۆزەخانەکان (لە ئەڵمانیا لە 1805 بەدوواوە، لە پاریس و لەندەن پێش ئەو کاتە) و بە دابڕاندنی هونەر لە جیهانی ڕۆژانە، چێوەیەکی پێشاندان (ڕێپرەزەنتاسیۆن) هێنرایەگۆڕێ. ئەم چێوەیە دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەو جۆرە دەرککردنە نەشێوێنراوەی هونەر کە هیوم لێی دەدوێت. لێ ئەم گۆڕانە واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت کە ئەو چێوەیە یان ئەو نێوەندە نەک تەنیا ڕۆڵێک بۆ گەیشتن بە ڕێسایەکی بڕیارەکانی چێژ بەسەر جوانێتیدا دەگێڕێت، بەڵکو هاوکات دەبێت بە پاڵهێزێک بۆ ئامادەکردنی مەرجەکانی گەیشتن بە توانا، کە ئیدی بەڕێیەوە مرۆڤ فێری چێژی چاکیش ببێت. لە مۆزەخانەدا کارە هونەرییەکان پێکەوەن و سەراپا وەک جوان چواندنیان پێدراوە؛ لێرە کارە هونەرییەکان ئازادکراون لە مەرجەکانی ئەزموونی ڕۆژانە؛ لێرە دەشێت لە کاتێکی کورتخایەندا بەراورد و ڕاهێنانی بینین و گەیشتن بە شارەزایی مێژووییانەی پێویست بەدیبهێنرێن.

لێ ئایا هونەر تایبەتە بە مۆزەخانە، ئایا مۆزەخانە تایبەتە بە پسپۆڕانی کەمینە و ئەمانیش تایبەتن بە ڕێسا پەتییەکانی چێژی چاک؟ هەنووکە گومان لە سەراپای ئەم لایەنانە دەکرێت، بۆیە ئیدی ئەو جەختییەش نامێنێت کە گۆیا مرۆڤ دەتوانێت بە ئەزموونی ئێستێتیکییانەی شرۆڤەکراو بە ڕێککەوتنێک لەسەر چێژی چاک بگات، یان ڕێککەوتنێک لەسەر هەست بۆ جوانێتی کە بەگشتی چواندنی هەبێت.

گەرچی کانت کە زۆر تێڕوانینی هیومی وەرگرت، ئەو خواستە پەسەند دەکات، لێ چارەسەری کێشەکە کە هیوم کردبووی، وەرناگرێت. کانت ئەو تێڕوانینە وەردەگرێت کە گۆیا مرۆڤ دەتوانێت بە پاساوی جیاواز بکەوێتە دەمەقاڵە لەبارەی چێژ، لێ کانت هاوکات کێشەکە وردتر دەکاتەوە و لێرەشدا پرسیاری چێژی ئەمپیری و چێژبینین لە جوانێتی دەهێنێتە نێوانەوە.

## ٤-٢ ئێستێتیک وەک ڕەخنەی توانستی ئێستێتیکییانەی بڕیار

کانت (1724–1804) لە لێهزرینە ئێستێتیکییەکانیدا دوو پێشمەرج وەک دەرچە وەردەگرێت: یەکەمیان بریتییە لە داواکاری بۆ ڕەخنەیەکی چێژ کە "زانستییانە" لە مەغزای ڕەخنەی مەئریفەدا، واتا وەک پێکهاتەیەکی ئەرگومێنتهێنانەوەی ئاکاممەند بنیات نراوە، دووەمیان ئەو تێڕوانینەیە کە دەبێژێت کێشەکە لە بڕیاری چێژدا ناسین

نییە. بە دیدی کانت مرۆڤ ناتوانێت گۆڕان بە ئێستێتیکێکی فەلسەفەیی، ئەمەش لای ئەو بەواتای، مرۆڤ ناتوانێت گۆڕان بە کریتیکێکی زانستییانەی چێژ بدات. کانت لەدژی هیوم دەبێژێت کە مرۆڤ نە لەبارەی چێژ و نە لەبارەی چێژی پەتیی سێنسەکان دەتوانێت فەلسەفەییانە دانوستان بکات.

کانت لە 'کریتیکی ئاوەزی پەتی'دا (Kritik der reinen Vernunft/1781) کێشە بناغەییەکەی ئێستێتیک دەردەبڕێت، پاشان لە نووسینی دیکەی جیاوازدا پێوەی خەریک دەبێت و لە کۆتاییشدا دەیەوێت لە 'کریتیکی توانستی بڕیار'دا (Kritik der Urteilskraft/1790) بەتەواوی چارەسەی بکات. کێشەی کانت لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە کە مۆرکە تەنیا ئەمپیرییەکانی چێژ ناتوانن بناغەیەکی تۆکمە بۆ کریتیکێکی زانستییانەی چێژ یان بۆ ئێستێتیکێکی فەلسەفەیی پێکبهێنن.

ئەم کێشەیە کە گۆیا ڕێساکانی چێژ تەنیا لە ڕووی ئەمپیرییەوە گشتین و لەبەر ئەم هۆیە ناشێت کریتیکێکی فەلسەفەیی چێژ ئەنجام بدرێت، بۆ کانت هەروەها لە نووسینی "کریتیکی ئاوەزی پەتی"دا بابەتێکی پێوەخەریکبوونە. بێگومان کاتێک کانت مەرجەکانی شیمانەی ناسین دیاری دەکات، بەئاگایە لەوە کە مەئریفە بەڕێی ئەزموونەوە دێتە ئاراوە و سێنسەکانیش دەروازەی ئەزموونن، هەروەها ڕاستیی ناسین بەندە بەم دەروازەیەی سێنسەکانەوە، واتا سێنسەکان مەرجی ناسینن، لێ کانت هاوکات دەبێژێت کە ئێستێتیک وەک تیۆریی بڕیارەکانی چێژ ناتوانێت بەسەر کۆسپی زەمینە ئەمپیرییەکەی ئەزموونددا زاڵ ببێت، چونکە ئێستێتیک وەک تیۆرییەکی چێژ و بڕیاردان بەسەر هونەردا پەیوەندیی بە بڕیارە تایبەتییەکانەوە بەسەر ئەو ئەزموونە سێنسییانەدا هەیە کە لە لایەن هونەرەوە، لە لایەن بابەتە جوانەکانەوە، جا بابەتە جوانە دروستکراوەکان یان بابەتە سروشتییەکان بن، دەهێنرێنە گۆڕێ. ئەم ئەزموونە سێنسییانە لە ڕووی ئۆبژێکتیڤییەوە ڕاست نین، بۆیە تەنیا لە ڕووی تایبەتی یان تاکەکەسییەوە (ئیندیڤیدوێلەوە) چواندنیان هەیە.

لێ سەیر ئەوەیە کە مرۆڤ سەباری ئەم چواندنە تایبەتییەی یان تاکەکەسییەی ئەزموونی سێنسی، هێشتا هەر پەیوەند بە بڕیاری سەبژێکتیڤی-تاکەکەسییەوە داوا دەکات کە پێویستە کەسانی دی لەتەک بڕیارەکەی "من"دا یەکبگرنەوە. ئەم داواکارییە بە دیدی کانت بێبناغەیە. کانت سەرەتا بەهۆی ئەم کێشەیەوە بەو دەرئەنجامە دەگات کە نەشیاوە مرۆڤ بتوانێت گۆڕان بە ئێستێتیک بدات: واتا ئێستێتیک لە شێوەی فەلسەفەیەکی چاک بناغەڕێژراوی هونەردا. کەچی هەر خودی ئەم دەرئەنجامانددنە پاڵ بە کانتەوە دەنێت گۆڕان بە ڕەخنەیەکی چێژ (بە ئێستێتیکێک) بدات. کانت لە "کریتیکی توانستی بڕیار"دا پێشنیارێک بۆ ئێستێتیکێک دەخاتە بەردەم کە فەلسەفەییانە بناغەی ڕێژرابێت، بە واتایەکی دی، ئەو پێشنیارێک بۆ سەلماندنی گشتێتیی بڕیارەکانی چێژ دەهێنێتە نێوانەوە. کانت ئەم ئێستێتیکە ناو دەنێت "لێکۆڵینەوەی توانستی چێژ".

### ٢-٤-١ "دێیات لەبارەی چێژ ناشێت"

کانت، پێش ئەوەی ڕووبکاتە نەبوونی شیمانەی دێبات لەبارەی چێژ، هەوڵ دەدات لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە ئەو کێشەیە ساغ بکاتەوە کە داخۆ مرۆڤ بتوانێت گۆڕان بە "یاسانامە"یەک (Gesetzesbuch) بۆ بڕیاردان بەسەر شتێکدا وەک جوان یان ناجوان بدات، لێ سەرەتا بۆ ئەم مەبەستە پێناسەکەی جوانێتی لای کریستیان ڤۆلف دەپشکنێت کە دەبێژێت: "جوان ئەوەیە کە هۆشسام دەکات" (was gefällt). کانت پەیوەست بەم پێناسەیەوە دەبێژێت: گەر مۆرکە گشتییەکانی "هۆشسامی" (Gefallen) دیاری نەکرێن، ئەوسا ئەم پێناسەیەی چێژبینین لە جوانێتی هەمیشە لە کایەی هۆشسامی / بەدڵبوون (Wohlgefallen) ی تایبەتدا دەمێنێتەوە.

## – هەست بۆ جوانێتی و "بڕیاری تایبەت"ی ئێستێتیکی

کانت لە نووسینێکیدا بەناونیشانی "تێبینییەکان لەبارەی هەست بۆ جوانێتی و مەزنی" (1764) خۆی بە کێشەی هۆشسامییەوە خەریک دەکات، لێرەشدا هۆشسامی وەک هەست بۆ جوانێتی دیاری دەکات، ئەوجا هەوڵ دەدات لە دیاریکردنی گشتێتییەکی شیاوی هەست بۆ جوانێتیدا بە وەڵامێک بگات بۆ پرسیارەکەی خۆی لەبارەی ئەوە کە داخۆ بشێت گشتێتی بە هۆشسامی بدرێت.

کانت سەرەتا هەست وەک هەستی سێنسی دیاری دەکات. بە دیدی کانت سەرجەمی ئەو کەسانە کە شادی لە شتگەلی تایبەتی دەبینن، ئەم هەستەیان هەیە. "سەرجەمی ئەمانە هەستێکیان هەیە و توانایان پێدەدات بە شێوەیەکی تایبەتی خۆییان شادی بچێژن بەبێ ئەوەی بۆیان هەبێت ئیرەیی بە کەسانی دی بەرن". لێ مرۆڤ ناتوانێت نە لە بارەی هەستێکی بەم چەشنە و نە لەبارەی چێژ دێبات بکات، لەبەر ئەم هۆیە ناشێت هەستی سێنسی ببێت بە بناغەی بڕیار بەسەر جوانێتیدا، چونکە بڕیار بەسەر جوانێتیدا بەتایبەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە گۆیا دەشێت شادیبینین لە چێژی (Genuss) شتێکی تایبەتی گشتێتیی پێبدرێت.

بۆیە کانت ڕوودەکاتە دیاریکردنی "هەستی ناسکتر" و وەک پێچەوانەی هەستی سێنسی دایدەنێت. ئەو شوێن تێڕوانینی ئێدمەند بەرک (Edmund Burke) دەکەوێت و لە "هەستی ناسک"یشدا جیاوازی لە نێوان هەست بۆ مەزنی و هەست بۆ جوانێتیدا دەکات: "مەزنی دەبزوێنێت، لێ جوانی دەهەژێنێت". هەردەم لە "هەستی ناسک"دا سەرسامییەک / ئیئجابێک (Bewunderung) دەهێنرێتە گۆڕێ، لێ ئەم سەرسامییە جارێک گرێدراوە بە تۆقانەوە (Grausen)، جارێکی دی "شاد و خەندەییە". کەواتە وردکردنەوەی هەستی ناسکتر تەنیا پشت بە دیاریکردنی سێنسیانەی جیاوازییەکان دەبەستێت. کانت وێکچوو بەوە تایبەتمەندییەکانی ئۆبژێکتەکان دیاری دەکات کە هەست دەهێننە گۆڕێ، ئەم تایبەتمەندییانەش هەروەها چۆنێتییانەن، لێ بەزۆریی چەندێتییانەن و تەنیا پەیوەندن بە لەگۆڕێبوویی سێنسییانەی ئۆبژێکتەکانەوە. کانت پەیوەست بە جوانێتی و مەزنییەوە دەبێژێت کە مەزنی دەبێت "هەردەم گەورە بێت، لێ جوانێتی دەشێت بچووکیش بێت". ئەوجا ئێمە تەنیا بەڕێی چۆنێتییە سێنسییەکانی هەست یان ئۆبژێکتی ورووژێنەرەوە دەتوانین لە هەستی ناسکتر تێبگەین. گەر لەم پێناسەیەی هەستەوە گۆڕان بە ئێستێتیکێک بدرێت، ئەوسا بەزەحمەت دەتوانرێت پێوەری بەگشتی چواندوو بۆ ئەوە دیاری بکرێت کە کەی و لەبەر

چە هۆیەک شتگەلی تایبەتی ناچارکەرانە "هەستێکی ناسکتر" دەهێننە ئاراوە. جگە لەوە پێناسەی چۆنێتییەکەی هەست وا دەکات کە تەنیا ڕوانگەگەلی تاکەکەسییانەی جیاوازیکردن بێنە ئاراوە. بۆیە کانت لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامە دەگات کە: "من بە هیچ شێوەیەک بەڕێی هەستەوە بڕیار بەسەر شتەکەدا نادەم، بۆیە من بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیڤیش" بڕیار نادەم. کەواتە گەر پێوەری ئۆبژێکتیڤی بۆ ڕاستێتیی ئەم جۆرە هەستە نەدۆزرێتەوە، ئەوا نەشیاوە بە ئەرگومێنتەوە دێیات لەبارەی ئەو بکرێت. کانت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕوانگەیە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەکانی هیوم، هاوکات خەریکبوونی بە باوەگارتنەوە دەیگەیەنێت بەو تێڕوانینە کە پێویستە هەست بۆ جوانێتی (واتا هەستی ناسکتر) و چێژی چاک لە یەکدی جیابکرێنەوە. من، جیاواز وەک لە ڕەوشی هەستدا، بەڕێی چێژەوە بڕیار "لەبارەی ئۆبژێکت" دەدەم و "گەر بڵێم جوانە، ئەوا من نەک تەنیا هۆشسامبوونەکەی خۆم ڕادەگەیەنم"، بەڵکو هاوکات دەبێژم کە ئۆبژێکتەکە "گەرەکە ئەوانیدیکەش هۆشسام بکات."

- هۆکان بۆ گشتێتیی بڕیاری چێژ

کەواتە کانت سەرەتا لەم پەرچاندنانەیدا وایدادەنێت کە بڕیاری چێژ بڕیارێکی ئۆبژێکتیڤییە و گەر هۆکان بۆ گشتێتیی ئەم بڕیارە ئۆبژێکتیڤییە (واتا بۆ چۆنێتیی مەئریفەیی بڕیارەکە) نەدۆزرێنەوە، ئەوا نەشیاوە مرۆڤ بتوانێت گۆڕان بە ئێستێتیک وەک زانست یان وەک ڕەخنەی بڕیارەکانی چێژ بدات. بێگومان لە ڕەوشی ئەم جۆرە بڕیارانەدا هۆشسامییەکی تایبەت (خۆیی) لەگۆڕێ نییە، بەڵکو هۆشسامییەکی گشتی، لێ کانت هێشتا هەر ناچارە ئەرگومێنتی دیکە بۆ گشتێتی بهێنێتەوە و بپرسێت کە داخۆ بڕیار بەسەر شتی هۆشسامکەردا "هەردەم بڕیارێکی تایبەت" بێت و "تەنیا بەڕێکەوت لەتەک ئەوانیدیکەدا یەکبگرێتەوە"، یان داخۆ بڕیارێک بێت بەسەر جوانێتیدا کە بەگشتی چواندنی هەیە.

کانت سەرەتا ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی دی دەکات، واتا: ئایا توانستێک هەیە بتوانێت "ئەوە هەڵببژێرێت کە (...) هەموو کەسێک هۆشسام دەکات"؟ سەرەتا کانت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لەدژی هیوم دەبێژێت: مرۆڤ ناتوانێت بە سەرنجدان فێری ئەم توانستە ببێت، بە پێچەوانەوە مرۆڤ بەڕێی ئەم توانستەوە دەتوانێت شادیی ڕاستەخۆ / نەگەیەنراو (unvermittelt) لەو شتانە ببینێت کە کەسانی دیکەش هۆشسام دەکەن. لێرەدا دەگەین بە مەبەستە سەرەکییەکەی کانت: ئەو دەیەوێت "دەستوێژێک بۆ بڕیاردانی ڕاستەوخۆ بەسەر ئەو جۆرە هۆشسامییەدا" بدۆزێتەوە، ئەم دەستوێژەش بریتییە لە "چانسێکی قەراردان بەگوێرەی زەینی سەلیمی مرۆڤ" کە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ بڕیاردان نەک تەنیا بەسەر هۆشسامیی تایبەتدا، بەڵکو هەروەها بەسەر ئەزموونی دەرسەربژێکتیڤیدا (ترانسسەبژێکتیڤیدا). ئەم توانستە، جیاواز لە هەستی تایبەت، بەزۆریی بەر فۆرمی سێنسێتی، کەمتر بەر کەرەسەی سێنسێتی، دەکەوێت. لە بنەڕەتدا ئەم توانستە (بەگوێرەی دیدی باوەگارتن) هەستی ڕاستەوخۆ (نەگەیەنراو) نییە، بەڵکو پێشبینییەکی شتی شعورپێکراو یان لێڕوانراوە. بۆیە کانت بەم چەشنە پێناسەی چێژ

دەکات: چێژ "توانستە بۆ هەڵبژاردن (ئیختیار) بە شێوەیەکی سێنسی و بەگشتی چواندوو". چێژ توانستێکی جیاوازیکردنە: دەتوانێت بەگوێرەی یاساکانی سێنسێتی ئەوە جیابکاتەوە کە بەگشتی هۆشسامکەرە. تاکەکەس بەڕێی ئەم توانستەی جیاوازیکردنەوە دەتوانێت ئەوە بدۆزێتەوە کە پێویستە هەموو مرۆڤێک هۆشسام بکات. هەر بۆیە کانت هەروەها چێژ ناو دەنێت "ئاوەزهاوشێوەکەی توانستی سێنسییانەی بڕیار"، واتا چێژ شیمانەیەکە بۆ دیاریکردنی ئاپریۆرییانەی (پێشئەزموونییانەی) ئەوە کە بەگشتی هۆشسامکەرە.

بێگومان توانستی هەڵبژاردن (ئیختیارکردن)، سەرباری هاوشێوەییەکەی لەتەک ئاوەزدا، تەنیا توانستێکی سێنسییانەی بڕیارە. کەواتە، گەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانین، ئەوا بڕیارەکانی چێژ تەنیا بڕیاری ئاپریۆریانەی ئیندوکتیڤن. لێ کانت دەبێژێت: هیچ شیمانەیەک بۆ هەبوونی ئەم جۆرە بڕیارانە نییە. هاوکات لێرەدا، بە گریمانەی توانستێکی نێوکۆییانەی هەڵبژاندن کە سێنسییانەیە و چواندنی گشتیی هەیە، کێشەیەک زیت بۆتەوە و کانت هەوڵ دەدات بە ئاڕاستەکارییەکی ئەمپیری نەیهێڵێت، واتا ئەمیش هاوشێوەی هیوم کۆمەڵەی پسپۆران لەجێی ئەو توانستە دادەنێت و لە نێویدا تاکەکەس خۆی بە بڕیاری چێژی خۆییەوە دەگونجێنێت. کانت سەرەتا هاوشێوەی هیوم بەرپەرچی خۆی دەداتەوە و دەبێژێت، بڕیاردانی ڕاستەوخۆ (نەگەیەنراو) بەسەر شادیبینین لە جوانێتیدا "تەنیا بۆ شتێکی ڕاهێنانتێداکراو" شیاوە، ئەوجا مرۆڤ تەنیا ئەوساکە لە ڕێسای هۆشسامیی گشتی بەئاگادێت، گەر خۆی بە شێوەی هەمەجۆر لەنێو کەسانی شارەزادا ببینێتەوە. مرۆڤ دەتوانێت (وەک چۆن هیوم پێشنیاری کردبوو) بە شێوەیەکی ئەمپیرییانەی ئیندوکتیڤ ڕێسایەکی بەم چەشنە بەدیبهێنێت، لێ ئەمە ڕێسایەکە کە لە لایەن توانستی سێنسییانەی بڕیارەوە دادەنرێت. بێگومان لێرەدا کێشەیەک هەیە: گەر ڕێساکانی بڕیاری چێژ بەم ڕێیەوە بەدیبهێنرێن، ئەوسا تەنیا چواندنی فاکتییان دەبێت و توانستەکەش بۆ بڕیاردان بەسەر ئەوەدا کە بەگشتی هۆشسامکەرە، تەنیا توانستێکی ئەمپیری دەبێت. گەر لەم ڕەوشەدا بڕیارێکی تایبەتیی چێژ لەتەک بڕیاری ئەوانیدیکەدا یەکبگرێتەوە، تەنیا یەکگرتنەوەیەکی بەڕێکەوتە. بێگومان ڕاستە کە بڕیاری چێژ لێرەدا پشت بە ئەزموونی دەرەوەی سەبژێکت دەبەستێت، لێ ئەم ئەزموونە تەنیا فاکتییانە لەتەک ئەوانیدیکەدا دەکرێت و یاسایەتییەکەشی کە لە بڕیاری چێژدا وەک مەرج دانراوە، تەنیا گشتێتییەکی ئەمپیریی هەیە. گەر هەندێک کەس لە ڕەوشی هەمان بابەتێکدا لەسەر هەمان شێوە بڕیار بدەن، ئەوا هێشتا هەر ناشێت لەم هەقیقەتەوە دەرئەنجامێکی ئەوتۆ بەدیبهێنرێت کە گۆیا هەمووان هەردەم لەسەر هەمان شێوە بڕیار دەدەن. ئەوجا گەر مرۆڤ تەنانەت هەوڵ بدات چێژ وەک بڕیاردانێک بەگوێرەی یاساکانی سێنسێتی، واتا بەگوێرەی فۆرمی سێنسێتی نەک بەگوێرەی چۆنێتیی شعور دیاری بکات، ئەوا هێشتا هەر ئەو هەوڵەی ناتوانێت چواندنە گشتییە خوازراوەکەی بڕیاری چێژ بخاتەوە.

### - تێگەی جوانی

کانت بۆ دیاریکردنی تێگەی جوانی سەرلەنوێ پەرچاندنەکانی خۆی لەمەڕ گشتێتیی هەست بۆ جوانێتی دووپات دەکاتەوە، هێندە نەبێت ئێستا لە ڕوانگەیەکی نوێوە. کانت سەرەتا جیاوازیکردنەکەی نێوان شادیبەخش

(Angenehm) و جوانێتی کە لە "ڕەخنەی توانستی بڕیار"دا ئەنجامی دابوو، دەهێنێتە نێو ئەم لێهزرینانەی ئێستایەوە. ڕستەی "جوان ئەوەیە کە هۆشسام دەکات"، دەبێت بە چەشنێک گۆڕانی تێدا بکرێت کە ئیدی تەنیا ئەوە وەک جوان دابنرێت کە بەبێ گەیاندن (ڕاستەوخۆ) هۆشسامکەرە، بەکورتی شتێک کە دەستوێژ نییە بۆ مەبەستێکی دیکە. هۆشسامییەک کە تەنیا چواندنێکی تایبەتی هەبێت، هۆشسامییەکی "شادیبەخشە، لێ ئەوە کە بەگشتی هۆشسامکەرە، چواندنێکی گشتیی هەیە و جوانە". کانت دەگەڕێتەوە بۆ ئێستێتیکی ئاوەزگەریی باومگارتن کە بناغەیەکی مێتافیزیکییانەی هەیە، لێرەشدا گشتێتیی هۆشسامی بە جوانێتی لەوەدا دەبینێت کە "بڕیاربەسەردادان"ێکی بەم چەشنە بەند نییە بە سەبژێکتی هۆشسامییەوە، بەڵکو بەندە بە ئۆبژێکتەوە. ئێستا بەم تێڕوانینە بڕیاری ئێستێتیکی لە بڕیاری مەئریفی نزیک دەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەوە بڕیاردان بەسەر شتێکدا وەک جوان تەنیا بەڕێی ئەزموونەوە شیاوی پێگەیشتنە، جا گەر تەنانەت ئەو بڕیارە "بەگوێرەی یاسا گشتییەکانی سێنسێتی" ئەنجام بدرێت. هەربۆیە ئەو بڕیاردانە، بە پێچەوانەی زانینی ئاپریۆری (پێشئەزموونی)، زانینێکی ئاپۆستەریۆرییە (بەڕێی ئەزموونەوە هاتۆتە گۆڕێ).

### - چێژی سێنسی و چێژی پەرچاوە: گشتێتیی هەست

مەسەلەکە لە بڕیاری ئێستێتیکیدا هۆشسامی نییە بە بابەتەکان، هۆشسامییەک کە هەردەم لە کایەی شعوردا دەمێنێتەوە، بەڵکو "چێژبینینە لە بابەتەکانی دیاردە". لەبەر ئەم هۆیە کانت جیاوازی لە نێوان چێژی پەتیی سێنسی و چێژی پەرچاوەدا دەکات. ئەم جیاوازییەی نێوان شعوری پەتی و شعوری لە خۆدا پەرچێنراو گەرەنتی بە گشتێتیی هۆشسامی دەدات. کانت بۆ پێناسەی ئەم جیاوازییە کە لە نێوان چێژی سێنسی و چێژی پەرچاوەدا هەیە، پشت بە دابی فەلسەفەیی دەبەستێت و لەم دابەوە تێگەکانی کەرەسە و فۆرم وەردەگرێت:

"جیاوازیی شعور و دیاردە هێنی کەرەسە و فۆرمە. شعور کەرەسەی سێنسێتییە، فۆرم دیاردەیە. شتیک دەشێت لە دیاردناندا هۆشسامکەر بێت، جا گەر تەنانەت ئەو شتە بابەتی شعور نەبێت. ئەو (شتە) بەهۆی فۆرمەکەیەوە هۆشسام دەکات، واتا بەهۆی پەیوەندییە هارمۆنییەکانی سەرجەم ئەو پێشبینییە سێنسییانەوە کە لە شتەکەوە بۆ من دێن و (منیش) لە شێوەی کۆکراوەیاندا ناویان دەنێم ئۆبژێکت."

بەڕێی ئەم جیابوونەوەیەی شعور و دیاردەوە، یان چێژی سێنسی و چێژی پەرچاوەوە، باشتر ئەم تێزە ڕوون دەکرێتەوە: "بڕیارەکان بەسەر جوانێتیدا (ڕوو دەکەنە) ئۆبژێکت و لەبەر ئەم هۆیە ... چواندنێکی گشتییان" هەیە. ئێستا لێرە بڕیاری چێژ تەنیا وەک بڕیارێک بەسەر دیاردەدا دەردەکەوێت، واتا وەک بڕیارێک بەسەر شێوازی بەدیهێنانی بابەتەکەدا لە لایەن ئێمەوە. بابەتێک کە لە لایەن سەبژێکتێکەوە بەدیبهێنرێت، بابەتێکە کە لە سێنسێتیی ڕاستەوخۆ دوورکەوتۆتەوە. لێ هەروەها بەم ڕێیەوە ئۆبژێکتیڤێتییەکەی بڕیاری چێژ وردتر دیاری دەکرێت:

ئۆبژێکتیڤێتی بریتییە لە کۆی سەرجەم پێشبینییەکانی شتێک، یان بە زمانێکی مۆدێرنتر بیێژین: ئۆبژێکتیڤێتیی بڕیاری چێژ وەک نێوبکەرێتی (ئینتەرسەبژێکتیڤێتی) دەردەکەوێت. ئێمە سەرلەنوێ دەبینین کە چێژبینین لە جوانێتی فێنۆمێنێکی کراوەیە بۆ پەیوەندی، چونکە بڕیارەکە کە بەسەر دیاردەی بابەتەکاندا دەدرێت، گشتێتییەکی هەیە و بە شێوەیەکی ئاپۆستەریۆری بەدیهێنراوە، ئەم گشتێتییەی بڕیارەکەش کە هاوشێوەی مەئریفەیە، ئۆبژێکتیڤێتییەکەی لەنێو کۆمەڵەی پسپۆراندا بەدیدێت.

کانت هەر لەم پەیوەندییەدا گۆڕان بە بیرۆکەیەکی دیکە دەدات و پاشان لە "ڕەخنەی توانستی بڕیار"دا سەرلەنوێ ڕووی تێدەکاتەوە، لێ ئەم بیرۆکەیە سەرەتا لە دیاریکردنە وردەکەی ئۆبژێکتیڤێتی لادەدات. پرسەکە لە ڕەوشی هەستدا بۆ جوانێتی ڕوو دەکاتە هەستێک کە بۆ هەمووان چواندنی هەیە. کانت بۆ پتر بناغەڕشتنی ئەم بیرۆکەیە هەردوو توانستەکەی "هێزی مەئریفە" و "هەست" بەرەنگاری یەکدی دەکاتەوە. کاتێک توانستی مەئریفە چی-بوونی شتێک بە ئێمە دەگەیەنێت، ئەوا هەست بە پێچەوانەوە پێشانمان دەدات "کە چۆن شتەکە ڕووەو هەستی حەز و ناحەزی ئێمە هەڵوێست وەردەگرێت". لێرەشدا سەرەتا ئەوها دەنوێنێت هەروەک بڕیاری چێژ سەرلەنوێ ڕۆبچێت بۆ سەر ئاستی بڕیارێکی تایبەت (پریڤات)، لێ کانت لەو بڕوایەدایە کە بتوانێت پێشانی بدات، لەپاڵ ئەو شتانەدا کە تەنیا "یەک" کەس هۆشسام دەکەن، شتگەلی ئەوتۆش هەن کە "هەمووان" هۆشسام دەکەن. کاتێک لە بڕیاری تایبەتدا "هۆکاری هۆشسامی لەنێو سەبژێکت"دایە، واتا کاتێک لەم ڕەوشەدا لە "هۆی سەبژێکتیڤییەوە بڕیار دەدرێت" و ئەو هۆیە "تەنیا بۆ یەک کەس چواندن"ی هەیە، ئەوا بە پێچەوانەوە بڕیاردان بەسەر شتێکدا وەک جوان ڕوو دەکاتە هۆشسامییەک کە هۆکەی "لەنێو ئۆبژێکت"دایە. ئەم جۆرە بڕیارە کە "لە هۆی ئۆبژێکتیڤییەوە" دەدرێت، دەشێت بۆ هەمووان چواندنی هەبێت. بڕیاری چێژ یەکێکە لەم جۆرە بڕیاردانە لە هۆی ئۆبژێکتیڤییەوە: گەرچی لێرەدا "سێنسییانە شعور بە ... کەرەسەی بابەتە سێنسییەکە" دەکرێت، لێ فۆرمی ئەو بابەتە داوا دەکات کە گەرەکە "لە چێژەوە بڕیار بدرێت". بێگومان کانت دەبوو، بەگوێرەی داواکارییەکەی خۆی، ڕەوایەتیدان بە شیمانەی ئەم جۆرە بڕیارەی چێژ وەک کورتهێن دابنێت و لەبەر ئەم هۆیە ڕەتی بکاتەوە. لێ لەبەر ئەوەی بۆ کانت یاساکانی سێنسێتی لای سەرجەم مرۆڤان "زۆر هاوشێوەن"، ئەوا وەک سەرئەنجام ئەو هەقیقەتەی لێدەکەوێتەوە "کە چێژ ڕێسای گشتیی هەیە". بێگومان هاوشێوەییەکی بەو چەشنە شیاوی سەلماندن نییە، بەڵکو دەبێت وەک فاکتوم (کەتوار) گریمانە بکرێت.

## - کۆمەڵەی پسپۆران و ڕێسا بناغەییەکانی چێژ

بۆیە کانت هەوڵ دەدات کێشەی ڕێسا بناغەییەکانی چێژ باشتر ڕوون بکاتەوە، لێرەشدا سەرلەنوێ (هاوشێوەی هیوم) دەگەڕێتەوە بۆ بناغەیەکی ئەمپیری: بۆ کۆمەڵەی پسپۆران. بێگومان بڕیاردان بەسەر ئۆبژێکتێکدا وەک جوان، جیاواز لە بڕیاری مەئریفی، ڕووناکاتە شعوری ڕاستەوخۆ (نەگەیەنراو)، لێ هەروەها ڕوو ناکاتە زەین

(Verstand). بڕیاری چێژ بڕیاردانه بەسەر شتەکاندا وەک دیاردە، لێ بۆ ئەوەی بە گشتێتییە تایبەتەی خۆی بگات، پێویستیی بە سێنسێتیی ڕاهێنانپێکراو هەیە و ئەم ڕاهێنانەش بەڕێی ئەزموونەوە دەشێت، هەروەها ئەم ڕاهێنانەی ئەزموون لە لایەنی خۆیەوە تەنیا لەنێو پەیوەندیی نێوکەسیدا شیاوە: پەیوەندیی نێوکەسی دەبێت بە پاڵهێزی ئاوەڵابوونی چێژ. کەواتە زەمینەی چێژی چاک بریتییە لە پەیوەندیی نێوکەسی، لە: کۆمەڵەی پسپۆڕان. مرۆڤ لەنێو کۆمەڵەیەکی بەم چەشنەدا بە ڕێسا بناغەییەکانی چێژ دەگات. ئەم ڕێسایانە یاسایەک بۆ بڕیاری چێژ دەخەنە بەردەم هەر شارەزایەکی هونەر. کانت هەندێکی ئەم یاسایانە دیاری دەکات، بۆ نموونە: دەشێت هەمەجۆرییەکی دراوی دیاردەمان هەبێت، لێ دەشێت لەم هەمەجۆرییەدا هاوکات هاوتایی و هارمۆنی و ڕوونی و ئاشکرایی لەگۆڕێبن؛ ئێستا لەم ڕەوشەدا "سێنسێتی دەتوانێت بەبێ خۆهێلاککردن لە بابەتەکە تێبگات، چاپاندنەکانی (ئیمپرەسیۆنەکانی) خودی ئەو بابەتە بەسانایی جیابکاتەوە و شعور پێبکات". یاسای دیکە کە توانا بە سێنسێتیی ئەزموونییانە ڕاهێنانکردوو دەدەن تاکو بڕیار بەسەر دیاردەیەکدا بدات، بۆ نموونە بریتین لە "سانایی، بڵندی و خۆڕاگری"، یان "شێوەیەکی ملکەچی و فەرامۆشکاری"، ئەویش چونکە مرۆڤ زۆر گرنگی بە شتی بچووک نادات بۆ خاتری ئەوەی بڕیاردانی لە لایەنە گرنگترەکاندا تەواوتر بێت، و هتد. کانت بەم ڕێیەوە ئەدگارە ناسراوەکانی پێناسەی "esprit de finesse" (هۆشی ناسک) سەرلەنوێ وەردەگرێتەوە. هۆشی ناسک ڕوانگەی فاکتی بۆ بڕیاردان وەردەگرێت و ئەو ڕوانگانە دەبن بە یاسای چێژ، ئەوجا وەک ئەمە پرنسیپەکانی بڕیاردان بەسەر دیاردەیەکدا دەخەنەوە، بە واتایەکی دی، پرنسیپەکانی ئاڕاستەوەرگرتنی بابەتێک ڕووەو هەستی حەز و ناحەزی ئێمە دەخەنەوە. لێ ئەم بناغەڕشتنە لە لایەن کانت تەنیا داوای ڕەوایەتی بۆ گشتێتییەکی ئەمپیری دەکات.

## - بلیمەت (Genie) وەک "توانست"ی جوانێتی

کانت بۆ نەهێشتنی ئەو کێماسە کە لە بناغەڕشتنی "ڕێسا بناغەییەکانی چێژ"دا هەیە، سەرلەنوێ بەدووی بناغەیەکی ئۆبژێکتیڤیدا دەگەڕێت کە بگونجێت بۆ بڕیاردان بەسەر دیاردەدا. ئەم بناغەیە بریتییە لە سەبژێکت کە بڕیارەکانی چێژ ئەنجام دەدات، بە واتایەکی دی، کانت بەدیهێنانی بناغەکانی چێژ، یان ئەنجامدانی سێنسێتیی ناسککراوە، دەخاتە ئەستۆی "بلیمەت". لە پێناسەی بلیمەتەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی ئەم سەبژێکتیڤێتییە بۆی هەیە داواکاری بۆ ئۆبژێکتیڤێتیی بڕیارەکانی خۆی بەرزبکاتەوە. کانت پێناسەی بلیمەت دەکات وەک "بەهرەمەند"ێک کە "ڕێسا بۆ سروشتی هونەر دادەنێت". بلیمەت لە توانایدایە بەهرەی سروشتی بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکاربهێنێت. کەواتە ڕەسەنێتیی (ئۆریجینالێتیی) بلیمەت خۆی لە ئۆبژێکتیڤبوونی ئەودا دەبینێتەوە، واتا ڕەسەنێتیی ئەو بۆ توانای خۆی دەگەڕێتەوە کە شتێک ئەوها بەدیبهێنێت وەک چۆن خودی سروشت ئەو شتەی دیاریکردووە. ئەم

دووپاتکردنەوەیەی نموونەکەی سروشت نەک تەنیا بۆ بەدیهێنانی بابەتێکی دراو وەک دیاردە چواندنی هەیە، بەڵکو هەروەها بۆ دروستکردنی بابەتە دیاردەرەکانیش.

بۆیە کانت وەرگرتن (رێسەپسیۆن) و بەرهەمهێنان (پرۆدوکسیۆن) وەک هاوشێوە دەبینێت. لەم ڕوانگەیەوە چە ڕێساکانی بڕیاردان و چە ڕێساکانی هێنانەئارای "دیاردە جوانەکان" خۆیان لەنێو تیۆریی چێژ و دیاریکردنی ڕێسا بناغەییەکانی چێژدا دەبیننەوە. لەبەر ئەوەی بلیمەت چە وەک ناسەر و چە وەک هۆنەر (پۆئێت) هاوشێوەی سروشت کارەکانی ئەنجام دەدات، ئەوا هاوکات بەدیهێنانی شتێک وەک "جوان" و هێنانەئارای ئۆبژێکتی وەک جوان دیاردەر یەکدەگرنەوە.

لێ کانت، سەرباری گەڕانەوەی بۆ تێگەی بلیمەت، هێشتا هەر ناتوانێت بناغەی داواکارییەکە بۆ سەربەخۆیی جوانێتی لە ئەزموون بڕێژێت، هێشتا هەر ڕێساکانی بڕیاری چێژ ئاپۆستەریۆرین، واتا هێشتا هەر بەڕێی ئەزموونەوە دەستگیرکراون و بەزۆریش بریتین لە کەڵەکەکردنێکی فاکتەکانی ئەزموون و (پێش)بڕیارە گونجێنراوەکان (کە تەنیا فاکتیانە لەنێو کۆمەڵەی پسپۆڕان و هونەرمەندانداندا چواندنیان هەیە)، نەک بریتی بن لە پێوەرێک بۆ ڕێسای زەرووری و وەک ئەم ڕێسایانەش بە ئاپریۆری، واتا لە پێش هەر ئەزموونێکەوە، چواندنیان هەبێت.

## – نەشیاوی بۆ ڕەخنەیەکی چێژ

بۆیە کانت بەناچاری بەو دەرئەنجامە دەگات کە نەشیاوە گۆڕان بە ڕەخنەیەکی چێژ و بەمەش بە ئێستێتیکێکی فەلسەفەیی بدرێت. "یاسانامە"ی بڕیارە ئێستێتیکییەکان کە بەپێش چاوی هیومەوە بوو، تەنیا ئەمپیرییانە شیاوی دانانە، لەبەر ئەم هۆیەش مرۆڤ ناتوانێت ئێستێتیک (ئەمە بێگومان لە واتایەکی پسیکۆلۆژییانەدا) لە ئاستی چواندنی یاسایەتییە ئەمپیرییەکان تێبپەڕێنێت، هەر بۆیە ناشێت یاسانامەیەکی گشتی بۆ ڕێساکانی جوانێتی: بۆ ڕێساکانی بڕیاربەسەرداردان و هێنانەئارای ئەو جوانێتییە، هەبێت.

کانت پێشتر لە ڕەخنەیەکدا لە باومگارتن پێشانی دەدات کە بۆچی ڕەخنەی چێژ نەشیاوە. باومگارتن جیاوازیی کردبوو لە نێوان پێشبینیی تێگەیی (واتا: ئاشکرا و تەواوەتی و بە بابەت گونجاو) و پێشبینیی سێنسیدا. لێ بە دیدی کانت جیاوازیی ڕێسا گشتییەکانی سێنسێتی، جیاوازیی یاساکانی چێژ و یاساکانی زەین، لەوەدا نییە کە لێرە پێشبینیگەلی ئاشکرا و لەوێ پێشبینیگەلی شێواو هەن، یان لێرە پێشبینیگەلی ڕوون و لەوێ پێشبینیگەلی تاریک سەروەرن، بەڵکو جیاوازییەکە لەوەدایە کە "مەئریفەی یەکەمیان ئینتوئیتیڤە و ئەوی دووەمیان دیسکورزیڤە". کەواتە گەر بڕیاری مەئریفی و بڕیاری چێژ بەرەنگاری یەکدی بکرێنەوە، ئەوا لێرەدا ئاشکرایی و شێواوی بەرانبەر یەکدی ناوەستنەوە، بەڵکو تێگەیەتی و وێنەیەتی. زەین، وەک توانستی تێگەکان، لەتەک ڕوانینی ڕوون و ئاشکرادا (ئینتوئیسیۆندا) ناگونجێت. کاتێک بڕیارەکانی چێژ لە لایەنی خۆیانەوە تەنیا بەگشتی چواندنیان هەیە، ئەوا ئەو

شته که "بەگوێرەی یاسا گشتییەکانی سێنسێتی بەگشتی هۆشسامکەرە"، تەنیا بە شێوەیەکی "ئاپۆستەریۆری بەرێی ئەزموونەوە" شیاوی لێڕوانینە، کەواتە ناشێت بناغەی ئەو شتە بە ئاپریۆری، واتا لە پێش هەر ئەزموونێکەوە، هەروەها وەک چواندوو بۆ سەرجەم ئەزموون، برێژرێت. لێ تا گۆڕان بەو جۆرە ڕێسا گشتییانەی چێژ نەدرێت، یان تا بناغەڕشتنەکە هەر ئەمپیرییانە بمێنێتەوە، ئێستێتیک نابێت بە "زانست"، نابێت بە زانینێکی بەدیهێنراو لە پرنسیپەکانی ئاوەزەوە. کەواتە پەرچاندنەکانی کانت لەمەڕ ئێستێتیک ڕاستییەک ئاشکرا دەکەن: "دێبات لەبارەی چێژ ناشێت."

## ٢-٤-٢- ئێستێتیک وەک ڕەخنەی چێژ

سەرەڕای ئەوە کانت هێشتا هەر دەستبەرداری پرۆگرامەکەی خۆی بۆ بناغەڕشتنی ئێستێتیک (ڕەخنەی چێژ) نابێت، بەمەش هێشتا هەر واز ناهێنێت لە شیمانەی بناغەڕشتنی دێباتی فەلسەفەیی لەبارەی چێژ(بینین) لە جوانێتی. ئێستا لەم شرۆڤە نوێیەی بڕیاری ئێستێتیکیدا چیدی پرسەکە ڕوو ناکاتە بناغەڕشتنی گشتێتییەکی ئەمپیرییانەی بڕیاری چێژ، بەڵکو ڕوو دەکاتە شرۆڤەیەکی "توانستی چێژ وەک توانستی ئێستێتیکییانەی بڕیار ... لە ڕوانگەیەکی ترانسسێندێنتالەوە". کانت لەو بڕوایەدایە کە ئەو لەم "ڕەوشەدا جۆرێکی نوێی پرنسیپگەلی بەئاپریۆری ئاشکرا کردبێت" کە دەرفەتی بۆ دەرەخسێنن تاکو فەلسەفەییانە بناغەی گشتێتییەکەی بڕیاری چێژ برێژێت. کانت لەم بڕوایەوە هەوڵەکەی خۆی نوێ دەکاتەوە تاکو "لەژێر ناونیشانی ڕەخنەی چێژ"دا گۆڕان بە ئێستێتیکێکی سیستەماتیک بدات.

لێ کانت هەروەها لە "ڕەخنەی ئاوەزی پەتی"دا لە کێشە بنەماییەکەی ڕەخنەی چێژەوە، واتا لە پرسیاری گشتێتیی هەستێکەوە بۆ جوانێتی، سەرچاوەدەگرێت. هەست-ێک هەمیشە ڕاستە، لێ لەبەر ئەوەی تەنیا هەستی تاکەکەسێکە، ئەوا تەنیا چواندنێکی تایبەتی هەیە. لێ گەر مرۆڤ بییەوێت بە هەستی ڕاستینە بۆ جوانێتی بگات، ئەوا دەبێت لە دەرەوەی خۆیەتی / تاکەکەسێتی بناغەی ئەو هەستە برێژێت، واتا بنیاتبنێت. گەر لێرەدا لە تیۆرییە ئەمپیریستییەکەی هیوم بڕوانین، ئەوا دەبینین کە مرۆڤ لەم تیۆرییەدا تەنیا کاتێک دەتوانێت بە هەست بۆ جوانێتی بگات، گەر لە بڕیاردانی شارەزایان تێبگات، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە دەرخۆیەتی یان گشتێتیی هەست بۆ جوانێتی تەنیا ئەمپیریانە دەسەلمێنرێت. لێ کانت ئەم جۆرە گشتێتییە کە ئەمپیریانە بەدیهێنراوە، وەک بناغەڕشتنێکی کافی قبووڵ ناکات، لەبەر ئەم هۆیە ناچارە کە هەست بۆ جوانێتی لە لایەک لە دەرەوەی چواندنی تایبەتی هەستە خۆییەکان دابنێت، لێ ئەو لە لایەکی دی ناتوانێت ئۆبژێکتیڤێتیی ئەم هەستە ڕابگەیەنێت، واتا وەک بناغەی گشتێتی دایبنێت.

### - توانستەکانی ئاوەز وەک هاوشێوەی ئۆبژێکتیڤێتی

کانت هەست بۆ جوانێتی یان بۆ ناشرینێتی وەک "هەستی حەز و ناحەز" پێناسە دەکات، لێ هاوکات لەوە ورد دەبێتەوە کە داخۆ هەست بۆ جوانێتی یان ناشرینێتی هاوشێوەی توانستی مەئریفە و توانستی حەزلێکردن کە بناغەی مەئریفە و کردارن، بە هەمووان نێوکۆیی بێت و لێرەشەوە شیاو بێت وەک مەرجێکی زەروری و کافی بۆ بڕیاری ڕاستینەی ئێستێتیکی وەربگیرێت. کانت جەخت لەوە دەکات کە توانستی بڕیاریش بەئاپریۆری پرنسیپێک لە خۆ دەگرێت. چۆن توانستی بڕیار گەیاندنێک لە نێوان زەین (وەک ئەو توانستە کە تێگە سروشتییەکان چێدەکات) و ئاوەزدا (وەک ئەو توانستە کە تێگەی ئازادی وەک بناغەی سەرجەم ڕێنوما پراکتیکییەکان چێدەکات) ئەنجام دەدات، بە هەمان شێوە هەست بۆ حەز و ناحەز توانستی مەئریفە و حەزلێکردن پێکەوە دەلکێنێت، بۆیە شرۆڤەیەکی ئەم توانستەی دەروون شیمانەیەک بۆ گۆڕاندان بە ڕەخنەیەکی چێژ دەهێنێتە گۆڕێ، هەروەها، پوختتریش لەوە، دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ گۆڕاندان بە تیۆرییەکی بڕیاری چێژ هاوشێوەی هەردوو ڕەخنەکەی ئاوەزی پەتی و ئاوەزی پراکتیکی. بۆیە کانت بڕیار دەدات لەدژی گومانە سەرچاوەییەکەی خۆی کار لە بناغەی ڕەخنەی چێژدا بکات.

### - بڕیاری ئێستێتیکی بریتی نییە لە بڕیاری لۆگیکی

تێگەی "ئۆبژێکتیڤێتی"ی مەئریفە بایەخێکی تایبەتیی بۆ دەستپێکە نوێکەی "ڕەخنەی توانستی بڕیار" هەیە. لێ کاتێک لە ئێستێتیکی ئاوەزگەرییدا هەوڵ دەدرێت تێگەیشتنی سێنسیانە لە بابەتێکی جوان و بڕیاردان بەسەریدا وەک مەئریفەی ئۆبژێکتیڤی بنیاتبنرێتەوە، بەو پێیەش بڕیاری چێژ وەک بڕیاری لۆگیکی شرۆڤە بکرێت، ئەوا کێشەی کانت بە پێچەوانەوە بۆ-ئێمە-بوون ی ئۆبژێکتە، ئەوە بێگومان گەر هاتوو ئۆبژێکت بابەتی بڕیاری چێژ بێت. ئەمەش بەواتای، مەسەلەکە ئەوە نییە کە کاتێک بڕیار بەسەر بابەتێکدا وەک جوان دەدرێت، ئیدی بڕیار بەسەر شتێکی ئەو بابەتەدا بدرێت، کەواتە ئێمە لێرە ئەو جۆرەی بڕیارمان نییە کە پەیوەندە بە مەئریفەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لێرە بڕیار دەدرێت بەسەر شێوازێکی کاریگەریی بابەتەکەدا لەسەر ئێمە. ئاخر بابەتێکی جوان هەستی حەز یان ناحەز لەنێو سەبژێکتدا دەخاتەوە و هەر ئەم هەستەیە کە دەبێت بە بابەتی بڕیارەکانی چێژ، واتا بڕیار بەسەر هەستی حەز و ناحەزدا وەک سەرئەنجامی سەرئەنجامی پێکهاتەی ئۆبژێکتەکان دەدرێت، ئەمەش لەو هۆشەنیگایەوە کە داخۆ تا چەند ئەو جۆرە بڕیارانە شیاوی گشتاندن بن.

بڕیاردان بەسەر سەرئەنجامێکی بەو چەشنەی پێکهاتەی ئۆبژێکتەکاندا نە سەر بە کایەی زەین (کایەی توانستی تێگەکان) و نە سەر بە کایەی ئاوەزە (کایەی توانستی ئیدێکان)، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو کارە لە ئەستۆی توانستی بڕیاردایە. توانستی بڕیار ئەو توانستەیە کە بە هەمووان نێوکۆییە و دەتوانێت "تایبەتێتی وەک دانراو لەژێر گشتێتیدا بهزرێنێت". مرۆڤ دەتوانێت ڕێسایەکی گشتی، پرنسیپێک، یاسایەک بەسەر تایبەتێتییەکدا، بەسەر

بابەتێکی دراودا بەکاربەرێت (لێرەدا توانستی بڕیار کاریگەرە)، یان مرۆڤ دەتوانێت لە تایبەتێتییەکی دراودا ئەو گشتێتییە بدۆزێتەوە کە سەر بە خودی تایبەتێتییەکەیە — ئەمیان توانستی پەرچێنەری بڕیار ئەنجامی دەدات.

کانت لە 'ڕەخنەی توانستی بڕیار'دا نەک تەنیا ڕەخنەیەکی بەم چەشنەی چێژ ئەنجام دەدات، بەڵکو هەروەها گۆڕان بە بڕیاردانێکی گشتی بەسەر سروشتدا دەدات، ئەمەش لەژێر پرنسیپی مەبەستداریی سروشتدا، واتا لەژێر ئەو پرنسیپەدا کە لەنێو خودی سروشتدا نییە، بەڵکو لەنێو پرسیاری کولتوورییانەی مرۆڤیدایە. ئەم پرنسیپەی مەبەستداری واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت کە مرۆڤ بە چەشنێک لە سروشت دەڕوانێت هەروەک سروشت هاوشێوەی کرداری مرۆڤ شوێن مەبەستێکی تایبەتی بکەوێت، بۆ نموونە مەبەستی متمانەپێکردن، واتا ئەو مەبەستە کە ڕێمان پێدەدات بەگوێرەی یاسا لە ڕوداوەکانی سروشت وەک ڕوداو تێبگەین. لێ ئێمە لە خوارەوە گرنگی نادەین بەم "تێلیۆلۆژی"یەی سروشت و شرۆڤەکەی کە کانت لە بەشی دووەمی "ڕەخنەی توانستی بڕیار"دا ئەنجامی دەدات، بۆ ئەم کێشەیەی ئێرە تەنیا بەشی یەکەمی "ڕەخنەی توانستی بڕیار" گرنگە، چونکە کانت لەم بەشەدا بناغەی ڕەخنەی چێژ دەڕێژێت.

### – ئێستێتیک وەک شرۆڤەی توانستی پەرچێنەری بڕیار

کانت پلان بۆ ڕەخنەیەکی چێژ، واتا بۆ ئێستێتیکێکی فەلسەفەیی دادەنێت، لێرەشدا توانستی پەرچێنەری بڕیار شرۆڤە دەکات. پرسیاری چەسپێنەری ئاراستەکە لێرەدا ئەوەیە کە داخۆ سەرئەنجامی ئەو کاریگەرییە کە بابەتێک لەسەر سەبژێکت دەینوێنێت، هەست بۆ جوانێتی وەک هەستی حەز یان ناحەز لای هەموو یەکێک بهێنێتە ئاراوە یان تەنیا وەک هەستێکی تایبەت بمێنێتەوە. کەواتە گەر ئێستێتیک بریتی بێت لە ڕەخنەی چێژ، ئەوا نەشیاوە مرۆڤ لە سەرەتاوە، واتا بە "ئا پریۆری"، بتوانێت ببێژێت کە چە بابەتێک بە چێژ دەگونجێت. لێ دەبێت سەرباری ئەوە جەخت بکەین کە مرۆڤ لە بڕیاری چێژدا نەک تەنیا بڕیار بەسەر پێکهاتەیەکی ئەمپیریانەی بابەتەکەدا، بەڵکو هەروەها بەسەر شێوازێکی گشتیی کاریگەرییەکەشیدا دەدات.

ئەم بڕیاردانە بەسەر ئەو کاریگەرییەدا کە بابەتگەلی تایبەتی لەسەر ئێمە دەینوێنن، ناشێت وەک بڕیاری مەئریفی پێناسە بکرێت، چونکە ئەم جۆرە بڕیارانە بەس نین بۆ تێگە تیۆرییەکان، بە پێچەوانەوە تێگەیەکی دیکە پێشمەرجی ئەم جۆرە بڕیاردانەیە: تێگەی مەبەستداری. کاتێک ئێمە بڕیار بەسەر بابەتەکانی دەورماندا دەدەین و بەمەش دەمانەوێت بزانین کە داخۆ ئەوان تا چەند دەتوانن لەتەک هەستدا بدوێن، ئیدی ئێمە لێرەدا مەبەستدارییەک لەنێو ئەو بابەتانەدا دادەنێین. مرۆڤ بە چەشنێک لە بابەت دەڕوانێت کە هەروەک مەبەستی خودی بابەتەکە ئەوە بێت هەست بوروژێنێت. لێ پەیوەست بەم کێشەیەوە گەرەکە ئاماژە بۆ ئەوە بدەین کە سەرچاوەی تێگەی مەبەستداری لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ شرۆڤەی کردار، لێرەشدا مەبەستداری بریتییە لە ئەدگاری ئامانجی کردارنوێنییەک کە بە شێوەیەکی ئاگامەندانە و ئازاد دانراوە.

کەواتە تێگەی مەبەستداریی سروشت پرنسیپێکی ئاپریۆرییە کە لە بڕیاری چێژدا وەک مەرجێکی زەرووری بۆ هەر شیمانەیەک دادەنرێت. بێگومان ئەم مەبەستدارییە لە بنەڕەتدا تەنیا گریمانەیەکی سەبژێکتیڤییە کە ئێمە خۆمان لە ڕەوشی بڕیاردانمان بەسەر بابەتگەلی تایبەتیدا، یان پوختتر ببێژین، لە ڕەوشی کاریگەریی بابەتەکاندا لەسەر ئێمە (وەک بۆ نموونە بڕیاردان بەسەر بابەتێکدا وەک جوان)، بەناچاری وەک پێشمەرج دایدەنێین. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە کانت گریمانەی مەبەستداری ناو دەنێت ئا پریۆری: ئەم گریمانەیە دەرچەیەکی لەگۆڕێبووە پێش هەر ئەزموونێک و ئێمەش بەبێ ئەم دەرچەیە ناتوانین لە بابەتەکان (لێرەدا وەک بابەتی جوان) تێبگەین. بۆیە ڕەخنەی بڕیارەکانی چێژ دەیەوێت ئەوە دیاری بکات کە کەی بنەڕەتی ئەم بڕیارانە لە پێشمەرجێکی سەبژێکتیڤیدایە (واتا پابەندە بە سەبژێکتەوە)، سەرباری ئەوە بە هەمان شێوە چواندنیان بۆ هەمووان هەیە و لەبەر ئەم هۆیەش لەسەر شێوازێکی زۆر تایبەتی (واتا جیاواز لە بڕیاری مەئریفی) گشتین، هەروەها کەی ئەم بڕیارانە بۆیان هەیە داوای گشتێتیی ئەمپیری بکەن، واتا تەنیا چواندنی تایبەتیان هەبێت.

## - ئانالیتیکی جوانێتی

کانت هاوشێوەی هزرڤانە ئاوەزگەراکانی پێش خۆی گۆڕان دەدات بە: "لێتوێژینەوەی توانستی چێژ وەک توانستی ئێستێتیکیانەی بڕیار ... لە ڕوانگەیەکی ترانسسێندێنتالەوە". لێ کانت نایەوێت وەک هیوم چێژی سێنسی و چێژ لە جوانێتی تەریب بە یەک بنیاتبنێت، هەروەها لەدژی بناغەڕشتنێکی مێتافیزیکیانەی ئێستێتیک دەبێژێت کە پێویستە بڕیاردان بەسەر 'چاکێتی'دا لە بڕیاردان بەسەر جوانێتیدا جیابکرێتەوە.

بناغەی ئانالیتیکی جوانێتی بریتییە لە پێناسەی چێژ وەک "توانستی بڕیاردان بەسەر جوانێتیدا". لێ گەر گەرەک بێت ئەم بڕیارانە تێڕوانینێکی ڕاستینە بگەیەنن، ئەوسا دەبێت نەک تەنیا تێڕوانینی گشتیی ئەمپیری-فاکتی بخەنەوە، بەڵکو هاوشێوەی بڕیارە مەئریفییەکان تێڕوانینی بناغەڕێژراو بهێننەگۆڕێ. کانت دەیەوێت ئەم شیمانەیەی گشتێتی لای بڕیارەکانی چێژ بپشکنێت، ئەوجا بۆ ئەم مەبەستە گۆڕان بە شرۆڤەی بڕیارەکانی چێژ دەدات و لێرەشدا بۆی دەردەکەوێت کە ئەوان بڕیارن و بەگوێرەی ڕێنومای کارابیە لۆگیکییەکان دەدرێن. بە دیدی کانت لەنێو بڕیاری چێژدا هێشتا هەر پەیوەندییەک بە زەینەوە هەیە. بڕیاری چێژ، وەک هەر بڕیارێکی دی، بریتییە لە بڕیارێکی چۆنێتی، چەندێتی، ڕێژە و شێوازی ئەنجامدان (مۆدالێتی)، لێ سەرباری ئەوە هێشتا هەر لە بڕیاری مەئریفی جیاوازە.

کانت پێش ئەوەی شرۆڤەی بڕیاری چێژ وەک بڕیارێکی چۆنێتی ئەنجام بدات، لە خۆی دەپرسێت: ئایا کاتێک مرۆڤ دەبێژێت شتێک جوانە، داخۆ بییەوێت لەوێدا چی بزانێت یان چی ڕابگەیەنێت؟ ئێمە لەم ڕەوشەدا گرنگیدانی خۆمان بە هەبوونی شتەکە دەرنابڕین، بەڵکو تەنیا بڕیار دەدەین کە چۆن شتێکی تایبەتی "لە تێڕوانینی (لێڕوانینی یان پەرچاندنی) پەتیدا" هەستمان دەبزوێنێت. "مرۆڤ تەنیا دەیەوێت بزانێت کە داخۆ پێشبینیی ئەو بابەتە لەنێو مندا بە هۆشسامی ئاوەڵی کرابێت."

کەواتە لە بڕیاری چێژدا ناگۆترێت کە شتێک "سێنسەکان لە شعورکردندا هۆشسام دەکات" یان داخۆ چە شتێک سێنسەکان سەرسام بکات. لە شعورکردندا شتێکی 'شادیبەخش' (angenehm) هۆشسامکەرە، بەمەش گرنگیدان بە هەبوونی بابەتەکە دەوروژێنێت. جگە لەوە تەنیا بۆ تاکە ڕەوشی تایبەت دەشێت ببینرێت کە داخۆ بابەتێکی تایبەتی تاکەکەسێک هۆشسام بکات یان شادیی پێببەخشێت. گرنگیدان بە هەبوونی بابەتەکە بەستراوە بە چواندنی تایبەتی (پریڤاتی) بڕیارەکەوە بەسەر شادیبینیندا لە شادیبەخش.

لەپاڵ گرنگیداندا بە هەبوونی بابەتەکە بۆ من، بە واتایەکی دیکە: بۆ شعورکردنی سێنسی، هۆشسامییەکی دیکەی گرنگیدەر هەیە و بریتییە لە هۆشسامی بە مەبەستداریی (سوودمەندیی) بابەتێک، یان بە چۆنێتیی بەرزنرخێنراوی ئەو بابەتە، یان بە لەخۆدا "چاک". لەم ڕەوشەدا "تەنیا بابەتەکە هۆشسام ناکات، بەڵکو هەروەها لێرەبوونیشی". لەم ڕەوشەدا تەنیا هۆشسامبوونی سێنسی (Sinnen-Gefälligkeit) نابێت بەهۆی هاتنەئارای هەستی حەز و ناحەز، بەڵکو بۆ ئەمە هەروەها بڕیارێکیش بەسەر هەستی حەزدا لە هەبوونی بابەتەکە کارایە، ئەم بڕیاردانەش بێگومان بەگوێرەی تێگەیە (واتا بە زەین لە ڕەوشی سوودمەندیدا دەدرێت) یان بەگوێرەی ئیدێیەکە (واتا بە ئاوەز لە ڕەوشی چاکیدا دەدرێت). بۆیە گرنگیدان بە هەبوونی بابەتەکە گرنگیدانی سێنسی نییە، وەک چۆن ئەمە لە ڕەوشی گرنگیداندا بە شتی شادیبەخش لەگۆڕێیە، بەڵکو ئەوە گرنگیدانی زەین (Verstand) یان ئاوەزە. ئاخر جوانێتی نە شادیبەخشە، نە سوودمەندە و نە چاکە، بەڵکو تەنیا بەهۆی فۆرمەکەیەوە هۆشسامکەرە. بۆیە بڕیاری چێژ، یان بە واتایەکی دی: بڕیاردان بەسەر شتێکدا وەک جوان، تەنیا جەخت لە چۆنێتیی ئەو بابەتە دەکات کە هەستی حەز و ناحەز دەبزوێنێت. بەم پێیە "شادیبەخش و جوانێتی و چاکێتی سێ پەیوەندیی جیاوازی پێشبینییەکانن بۆ هەستی حەز و ناحەز"، لێرەشدا تەنیا جوانێتی "هۆشسامییەکی گرنگینەدەر و ئازاد" خویا دەکات، چونکە لەم ڕەوشەدا "هیچ گرنگیدانێک، نە هینی سێنسەکان و نە هینی ئاوەز"، لە گۆڕێ نییە کە ئیدی لە لایەنی خۆیەوە هۆشسامییەکە بسەپێنێت. کانت لێرەوە بڕیار دەدات: بابەتێکی بەم چەشنەی هۆشسامی یان ناهۆشسامی "کە هیچ گرنگییەکی پێنەدرێت، ... جوانە."

بێگومان بڕیاربەسەردادانەکە نە تەنیا چواندنێکی تایبەتی هەیە و نە گشتیی هەیە، چواندنی گشتیش لەو واتایەدا کە هەروەک تێگەکانی زەین (وەک لە ڕەوشی سوودمەندیدا) یان تێگەکانی ئاوەز (وەک لە ڕەوشی چاکێتیدا) هۆیەکی گشتی بۆ هۆشسامییەکە بەدەستەوە بدەن. لەبەر ئەم هۆیە کانت ڕاستیی بڕیاری چێژ، واتا ڕاستیی چواندنە گشتییەکە، ناو دەنێت گشتێتییەکی سەبژێکتیڤی: بڕیارێکی بەم چەشنەی چێژ، بە واتایەکی دی، ئاگامەندی لەوە کە ئەم بڕیارە بەدەرە لە هەر گرنگیدانێک، چواندنی بۆ هەموو یەکێک هەیە، لێ بڕیارەکە گشتێتییەکی نییە کە پابەند بێت بە ئۆبژێکتەکانەوە، بەڵکو تەنیا گشتێتییەکی سەبژێکتیڤیی هەیە.

کانت لێرەوە دەبێژێت، ئەو چێژە کە خۆی ئاوەزمەندانە ڕادەگەیەنێت، دەتوانێت بە پێچەوانەی چێژی ئەمپیریەوە (یان سێنسییەوە) داواکاری بۆ گشتێتیی خۆی بەرز بکاتەوە، لێ ئەم چێژە بە پێچەوانەی بڕیاری مەئریفییەوە ناگات بە چواندنێکی لۆگیکی، واتە بەو جۆرە چواندنە کە هەمیشە بەڕێی تێگەیەکی بابەتەوە دێتەگۆڕێ.

لەبەر ئەم هۆیە بڕیارە ئێستێتیکییەکان لە ڕووی چەندێتییەوە بڕیاری تاکن نەک گشتی: مرۆڤ چۆنێتیی "جوان" بە تاکە بابەتێک دەدات. جوانی تێگەیەک نییە بۆ بابەت کە لەتەک بابەتدا یەکبگرێتەوە، بەڵکو تەنیا نیشانەیە بۆ ئەدگارێکی بابەتەکە (واتا بۆ توانستی بابەتەکە لە هێنانەگۆڕێی هەستی حەزدا). کەواتە گەر جوانی لە مەغزای تێگەیەکدا وەربگرین، ئەوا ئەم تێگەیە لەتەک تێگەی ئۆبژێکتدا یەکناگرێتەوە، سەرەڕای ئەوە "بەسەر سەرجەم کایەی بڕیاردەراندا دەتەنێتەوە". "بەبێ تێگە" جوانێتی بەگشتی هۆشسامکەرە، واتا بڕیارێکی ئێستێتیکی داوا ناکات کە دەبێت هەموو یەکێک پێی ڕەزامەند بێت (ئاخر تەنیا بڕیاری لۆگیکییانەی گشتی دەتوانێت ئەم داواکارییە بەرز بکاتەوە، چونکە ئەم جۆرە بڕیارەیان دەتوانێت هۆکان پێشان بدات)، بەڵکو تەنیا پێشنیاری ئەم ڕەزامەندبوونە دەخاتە بەردەم هەموو یەکێک."

بێگومان نابێت هۆکان بۆ ئەم "گشتێتییە سەبژێکتیڤییە" یان بۆ ئەم "چواندنە بۆ هەمووان" ئەمپیری بن. ئێمە لە هەقیقەتدا وای دادەنێین کە بڕیاری چێژ لە توانای هەموو یەکێکدایە، بۆیە ئەو کەسانە کە ناتوانن لەتەک ئەم بڕیارانەی ئێمەدا یەکبگرنەوە، ناویان دەنێین "بێچێژەکان". ئێستاش پەیوەست بەمەوە پرسیارێکی گرنگ لە ڕووی فەلسەفەییەوە سەرهەڵدەدات: ئایا مرۆڤ بۆی هەیە بڕیاردان بەسەر هەستێکی حەز یان ناحەزدا وەک بڕیارێک دابنێت کە لە توانای هەمووان‌دا بێت؟ سەرەتا ئەوە جەختە کە دۆخی سۆزەکی (واتا حەز یان ناحەز) بە پێشبینیی بابەتێک دەهێنرێتە ئاراوە و بەگشتی شیاوی ڕاگەیاندنە بە ئەوانیدی، جا گەرچی ئەو پێشبینییە تەنیا سەبژێکتیڤییانە، واتا تاکەکەسییانە (ئیندیڤیدوێل) ئەزموون دەکرێت. لێ پێشمەرجی ئەم ڕاگەیاندنە گشتییەی دۆخی سۆزەکی بە ئەوانی دی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ بڕیار بەسەر شعورێکی خۆییدا نادات، بەڵکو بەسەر هەماهەنگیی هێزە مرۆڤییەکانی پێشبینیدا: بەسەر هێزی وێنا و زەیندا.

هەروەها شرۆڤەی بڕیاری ئێستێتیکی لە ڕووی ئەو پەیوەندییەوە کە بە مەبەستێکەوە هەیەتی، هەروەها لە ڕووی زەروورەی ئەنجامدانییەوە، شوێنگەی ئەم جۆرەی بڕیار لە نێوان بڕیاری ئەمپیری-تایبەتچواندوو و بڕیاری لۆگیکی-بەگشتیچواندوودا ئاشکرا دەکات. کاتێک بڕیار بەسەر شتێکدا وەک جوان دەدرێت، لێرەدا ئەو بڕیاردانە ڕوو دەکاتە توانای شتەکە بۆ هێنانەئارای هەماهەنگییەکی توانستەکانی مەئریفەی مرۆڤ (وەک هێزی وێنا و زەین). کەواتە لە دیاریکردنی بابەتێکدا وەک جوان شێوەیەکی مەبەستداری دەدرێتە پاڵ بابەتەکە، لێ ئەم مەبەستدارییە لێرە، بە پێچەوانەی مەبەستەکانی سوودمەندی و چاکێتی، تێگەییانە ناچەسپێنرێت. ئاخر مرۆڤ لە بڕیاری ئێستێتیکیدا نایەوێت ڕێسا بۆ دروستکردنی بابەتەکان دابنێت، واتا ڕێسای ئەوتۆ کە لەبار بن بۆ هێنانەئارای هەستی حەز و ناحەز یان بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی هەستی ناحەز. بەم پێیە مرۆڤ نایەوێت بە ڕێسا کار بکاتە سەر هەماهەنگیی ئازادانەی توانستەکانی مەئریفە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کێشەکە لێرە ڕوو دەکاتە بڕیاردانێک بەسەر ئەم هەماهەنگییەدا دوای هاتنەئارای هەماهەنگییەکە. بڕیاری ئێستێتیکی بڕیارێکی پەتیی چێژە و بڕیاری چێژیش بەدەرە لە مەبەستی یان لە بەرژەوەندییەکی هۆشسامبوون بە جوانێتی، ئەمەش بە واتای بەدەربوونەکە نیشانەیە بۆ دەرتاکەکەسێتی یان گشتێتیی بڕیاری ئێستێتیکی — نەک بۆ چواندنی تایبەتی بڕیارەکە. بەمەش ئیدی بڕیاری ئێستێتیکی بەسەر بابەتێکدا خودی ئەو بابەتە بە مەبەستێکەوە پابەند دەکات، ئەویش چونکە بە چەشنێک لێی دەڕوانێت هەروەک بابەتەکە بۆ مەبەستی هێنانەگۆڕێی هەست دروست کرابێت، لێ گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم

مەبەستدارییە تەنیا فۆرمالە نەک ناوەڕۆکی. لێرەدا ناشێت مەبەستێکی ئەوتۆ دابنرێت کە تێگەییانە دیاری بکرێت، وەک بۆ نموونە مەبەستی سوودمەندی یان چاکێتی. بۆیە کانت پرۆسەی بڕیاردانی ئێستێتیکی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: توانستی ئێستێتیکییانەی بڕیار، خودی بڕیاربەسەردادراوەکە، واتا خودی جوانەکە، بە مەبەستێکەوە پەیوەند دەکات. توانستی ئێستێتیکییانەی بڕیار گشتێتییەک بۆ تایبەتێتی دەدۆزێتەوە، لێ ئەمە دەشێت بە دەربڕینێکی پارادۆکس ناوبنرێت "مەبەستداری بەبێ مەبەست"، ئەمەش بەواتای ناشێت مەبەستدارییەکە تێگەییانە بچەسپێنرێت. بابەتەکە نەک تەنیا بۆ خاتری جوانی دروست کراوە، بەڵکو خۆی تەنیا وەک جوان ئەزموون دەکرێت، بۆیە وەک شتێکی ئەوتۆ بڕیاری بەسەردا دەدرێت کە لە توانایدایە هەستێکی حەز لەسەر زەمینەی هەماهەنگیی توانستەکانی مەئریفە بهێنێتە ئاراوە.

کانت لە پرسیاری "شێوازی ئەنجامدان"دا (مۆدالێتیدا) سەرلەنوێ ئەم پرسیارە دەکاتەوە: ئایا ئەوە چە واتایەک دەگەیەنێت کە لە بڕیاری چێژدا داوا دەکرێت پێویستە هەموو یەکێک بەو بڕیارە ڕازی بێت؟ گەرچی ئێمە بڕیارەکەمان تەنیا پابەند بە هەستێکەوە دەدەین، واتا هەستی حەز وەک سەرئەنجامی هەماهەنگیی هێزەکانی مەئریفە، کەچی ئێمە لە پرسیارەکانی چێژدا ڕێ بە هیچ کەسێک نادەین بۆچوونێکی جیاوازی لە ئێمە هەبێت. کەواتە ئێمە ئەم هەستەمان وەک هەستێکی تایبەت دانانێین، بەڵکو وەک هەستێکی هاوبەش (بەکۆمەڵ). مرۆڤ لەم ڕەوشەدا وای دانانێت کە گۆیا هەموو یەکێک لەتەک بڕیارەکەی ئەودا یەکدەگرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوا دەکات کە "گەرەکە" هەموو یەکێک لەتەک ئەو بڕیارەی ئەودا یەکبگرێتەوە. هەر بۆیە چواندنی چێژ تەنیا "نموونەییە" (ئێکسەمپلارە) نەک زەروری. لێرەوە کانت دەگات بە پێناسەیەکی وردتری چێژ: چێژی چاک "توانستێکی بڕیاردانە بەسەر بابەتێکدا لە پەیوەندیدا بە یاسایەتیی ئازادی هێزی وێناوە". ئاخر بڕیارەکانی چێژ بەو ڕێیەوە لە بڕیارەکانی مەئریفە جیادەبنەوە، کە ئەوان تەنیا چواندنی مەرجییان هەیە نەک بێمەرج، واتا بڕیارەکانی چێژ تەنیا بەهۆی "کۆهەستێک"ەوە چواندنیان هەیە، ئەم کۆهەستەش واتای هەستێکی دەرەکی ناگەیەنێت، بەڵکو بریتییە لە ئاکامی هەماهەنگییەکی ئازادی توانستەکانی مەئریفە. کانت جەخت لەوە دەکات کە ئێمە بەڕاستی "ئەم نۆرمە دیارینەکراوەی کۆهەست ... وەک پێشمەرج" دادەنێین. ئەم نۆرمە بریتییە لە "مەرج بۆ شیمانە"ی بەدیهاتنی بڕیارەکانی چێژ. بێگومان ئەم نۆرمە چواندنێکی ناچارەکیی نییە، بەڵکو لە کۆتاییدا هیچی دیکە نییە جگە لە داواکارییەک (پۆستولاتێک). ئاخر کۆهەست کە ئێمە وەک پێشمەرج دایدەنێین، دراوێکی هەقیقی نییە، هەروەها تێگەییانە شیاوی سەلماندن نییە، بەڵکو تەنیا گریمانەیەکە (هیپۆتێزێکە)، جا گەرچی لێرەدا گەرەکە ببێژین کە گریمانەیەکی شیاوی تێگەیشتنە.

کانت لە "ئانالیتیکی جوانێتی"دا ئەو مەرجانە فۆرمولە دەکات کە بۆ بڕیارەکانی چێژ وەک بڕیاری گشتی چواندنیان هەیە، ئەوجا کاتێک دەیەوێت مەرجەکان بۆ بەدیهاتنی بڕیارێکی بەو چەشنە دیاری بکات، ئیدی لێرەدا ڕیزێک گریمانەی بناغەنەڕێژراو دەچنە نێو شرۆڤەکەی بڕیاری چێژەوە.

## - ئانالیتیکی مەزنی

دووەم تێگەی بناغەیی ئێستێتیک بریتییە لە تێگەی مەزنی (das Erhabene) کە کانت لە ئانالیتیکی "ڕەخنەی توانستی بڕیار"دا سەرلەنوێ بنیاتیدەنێتەوە. ئەوە سروشتە پەیوەست بە مرۆڤەوە کە ئێمە وەک مەزن بڕیاری بەسەردا دەدەین. مەزنیی سروشت لەوەدایە کە ئەو وەک سروشت دەتوانێت لەنێو مرۆڤدا بەڕێی لێڕوانینەوە ئیدێی مۆرالی بێدار بکاتەوە. مەزنی وەک سەرئەنجامی هەماهەنگیی ئازادانەی هێزی وێنا و ئاوەز سەرهەڵدەدات.

سروشت ئەو کاتە وەک مەزن بۆ ئێمە دیار دەدات، گەر ئێمە بە "ئیدێکانی ئاوەز" بڕیاری بەسەردا بدەین. کەواتە کاتێک ئێمە بڕیار بەسەر مەزنیدا دەدەین، ئەوا هۆکاری ئەو بڕیارەمان لە دەرەوەی ئێمە نییە (وەک چۆن ئەمە لە ڕەوشی جوانێتیی سروشتدا پێویستە)، بەڵکو ئەوە سروشت خۆیەتی کە دەبێت بە وروژێنی توانستی خۆییمان بۆ ئەوەی بتوانین ئیدێی ئاوەزیمان (ئاوەزکردوومان) هەبێت. "کەواتە سروشت لە سەرجەمی ئەو دیاردانەیدا مەزنە کە لێڕوانینیان لەتەک خۆیدا ئیدێی بێدوایەکێتیی ئەو دەهێنێت (کەواتە شتێک کە پرنسیپییانە لە سنووری سێنسەکان تێپەڕ دەکات)". کەواتە ئەو ڕێزە کە ئێمە لە هەستی مەزنیدا پێشانی سروشتی دەدەین، ڕێزە لە دەسەڵاتی ئاوەزی مرۆڤ، دەسەڵاتێک کە لەم ڕەوشەدا بە نائاوەزمەندێک (بە سروشت) دەدرێت. بۆیە ئەو گرفتەی بڕیارەکان کە بەسەر جوانێتیدا دەدرێن، لە ئانالیتیکی بڕیارەکان بەسەر بەسەر مەزنێتیدا ناهێڵرێت، چونکە ئەم جۆرە بڕیارانە وەک بڕیاری "شێوەی هزرین"ی ئێمە دەردەکەون. بۆیە بڕیاری ئێستێتیکی بەسەر مەزنێتیدا گشتییە و بەزەرووری چواندنی هەیە، واتا بڕیاری مەئریفەییە.

بە پێچەوانەوە مەسەلەکە پەیوەند بە بڕیاری چێژەوە بەسەر جوانێتیدا لە کۆتاییدا شیاوی بناغەڕشتن نەبوو، کە ئیدی نەک بە بڕیاری "منگەرایی، بەڵکو ... نێوکۆیی" دابنرێت، یان مرۆڤ "بۆی هەبێت داوا بکات کە گەرەکە هەموو یەکێک پێی ڕازی بێت". بێگومان، وەک کانت دەبێژێت، گەر شرۆڤەی بڕیارە پەتییەکانی چێژ وەک بناغەیەک دابنرێت، ئەوسا دەبێت لێوەی گۆڕاندان بە ئێستێتیکێکی فەلسەفەیی، بە دیاریکردنێکی هونەر، شیاو بێت، لێ ئەم دەستپێکە تەنیا دەبێت بە پاڵهێزێک بۆ پتەوکردنی پێشبڕیارێک (حوکمێکی موسبەق) کە لە ئێستێتیکی تائێستاکانەدا هەبوو. جوانێتیی سروشت پێشتریی خۆی لە جوانێتیی هونەر دەهێڵێتەوە، چونکە بڕیارە پەتییەکانی چێژ بەسەر جوانیی سروشت و هەروەها بەسەر مەزنییەکەیدا تەنیا لە بڕیاردانی ئێستێتیکی بەسەر سروشتدا دیاردەدەن. لێ بە پێچەوانەوە، کاتێک بڕیار بەسەر جوانێتیی هونەردا دەدرێت، بڕیارەکە بەسەر جوانێتیدا ناتوانێت پەتی بێت، بەڵکو بەناچاری تێکەڵ دەبێت بە توخمگەلی بڕیار بەسەر مەزنێتیدا.

## - بناغەکانی ئێستێتیکی کانت

بۆ ئەوەی باشتر لەم بیرۆکانە تێبگەین، پێویستە ڕەچاوی ئەدگارێکی دیکەی ئێستێتیکەکەی کانت بکەین: کانت مەرجەکانی ئێستێتیکی ڕێسەپسیۆن (وەرگرتن) و ئێستێتیکی پرۆدوکسیۆن (بەرهەمهێنان) پێکەوەدەلکێنێت، چونکە ئەو دەرچوو لە ئاپۆرییەکانی (پێکەوەنەگونجاوییەکانی) شرۆڤەی بڕیاری چێژەوە کە لە کەموکوڕییەکانی بناغەڕشتنی بڕیارە ئێستێتیکییەکانەوە بەسەر جوانێتیی سروشتدا لەگۆڕێ بوون، گۆڕان بە بڕیاردانێک بەسەر جوانێتیی هونەردا دەدات، واتا ڕێبازێکی بڕیار بەسەر ئەو بابەتانەدا گۆڕان پێدەدات کە بۆ بڕیاربەسەردادانی ئێستێتیکی دروستکراون.

## – توانستی بڕیار لە لایەنی وەرگرەوە: نێوبکەرێتیی بڕیاری ئێستێتیکی

کاتێک دەگوترێت: 'ئەمە جوانە'، لێرەدا بڕیارێکی چێژمان هەیە. لێ ئەم بڕیارە لە ڕووی چواندنییەوە بێکێشە نییە، چونکە بڕیاری چێژ بابەتەکەی خۆی لەسەر زەمینەی کاریگەرییەک دیاری دەکات کە لەنێو سەبژێکتدا هاتۆتەگۆڕێ، ئەوجا کاتێک سەبژێکت ئەم بڕیارەی دەدات، لێرەدا هاوکات داوا دەکات کە گەرەکە هەموو یەکێک پێی ڕازی بێت. کەواتە سەبژێکت بڕیارەکەی وەک بڕیارێکی ئۆبژێکتیڤی دادەنێت. بێگومان بڕیاری چێژ بڕیار نییە بەسەر بابەتێکدا، بەڵکو بڕیاردانە بەسەر ***چۆنێتیی ڕاکێشەرییەکەی بابەتێکدا***. یەکەم، بڕیار دەدرێت بەسەر کاردانەوەی پێشبینییەکەی (واتا دیاردەی) بابەتێکدا لەسەر سەبژێکت، دووەم، لە سەبژێکتدا نەک تەنیا هەستی یان شعوری بابەتەکە خۆی، بەڵکو هەروەها شعورکردنەکە بەهۆی بابەتێتییەکی (واتا دیاردەیەکی) هۆشەکییانە گەیەنراوەوە دەکرێت بە بابەتی لێوردبوونەوە. کاتێک لە بڕیارەکەدا دەگوترێت "شتێک جوانە"، لێرەدا داوا دەکرێت کە ئەو بڕیارە گەرەکە بۆ هەمووان چواندنی هەبێت، چونکە خودی دەربڕینەکە، هاوشێوەی هەموو مەئریفەیەک، مەرجە گشتییەکانی ناسین وەردەگرێتەوە کە بریتین لە هێزی وێنا و زەین (Verstand) لە هەماهەنگیی ئازادیاندا. بێگومان ئەوە بابەتەکەیە کە ئەم هەماهەنگییە ئازادە لەنێو ***مندا*** دەهێنێتە ئاراوە، لێ بۆیە دەشێت لە بڕیاری چێژدا بۆ هەمووان بکرێت بە داواکاری، چونکە مەرجەکانی ئەنجامدانی / بڕیاردانەکە گشتین. هەماهەنگیی هێزی وێنا و زەین دەبێت بە زەرووری بۆ سەرجەم تاکەکەسانی ناسەر وەک پێشمەرج دابنرێت.

کانت لەم کۆنتێکستەدا خۆی بەئاشکرا لە هیوم جیادەکاتەوە. بە دیدی کانت نابێت چواندنی گشتیی بڕیارە ئێستێتیکییەکان، یان گەر ئەمە بە شێوەی مۆدێرن دەربڕین: نابێت نێوبکەرێتی (ئینتەرسەبژێکتیڤێتی) ی بڕیارە ئێستێتیکییەکان تەنیا ئەمپیرییانە بناغەی بڕێژرێت، ناشێت ڕەزامەندیی ئەوانیدی ببێت بە بەڵگەیەک بۆ چواندنی بڕیاردان بەسەر جوانیدا. "کەواتە هیچ پاساوێکی ئەمپیری نییە بۆ سەپاندنی بڕیاری چێژ بەسەر کەسێکدا". ئاخر چێژ لەسەر شێوەیەکی دی "کۆهەستە" (بێگومان کۆهەستێکی ئێستێتیکییە). چێژ ئەو توانستەیە "بۆ بڕیاردان بەئاپریۆری" بەسەر شیمانەی ڕاگەیاندنی ئەو هەستانەدا کە بە پێشبینییەکی دراوەوە بەستراون، ئەوەش پێشبینیکردنی بابەتێکە (بەبێ ئەوەی بە تێگەیەک گەیەنرابێت). کانت دەتوانێت وەک سەرەنجامی ئانالیتیکی جوانێتی ببێژێت کە وەرگرتنی (ڕێسەپسیۆنەی) جوانێتی نێوبکەرییە، جا گەرچی ئەو وەرگرتنە چواندنی

ئۆبژێکتیڤیی نییە. لێ ئانالیتیکی جوانێتی کورتدەهێنێت، گەر کێشەکە ڕوو بکاتە هونەر لە واتایەکی تایبەتیدا، واتا گەر پێویست بێت بناغەی ئێستێتیکی بەرهەمهێنان بڕێژرێت.

### – توانستی بڕیار لە لایەنی بەرهەمهێنانەوە: کاری هونەری

ئاشکرایە گەر چالاکیی توانستی ئێستێتیکییانەی بڕیار لەوەدا بێت کە بۆ تایبەتێتییەکی پێدراو گشتێتییەک بدۆزێتەوە، واتا بابەتێکی پێدراو بەهۆی چۆنێتیی کاریگەرییەکەیەوە وەک "جوان" دابنێت، ئەوا گەرەکە چالاکییەکە هەروەها وەک بەبەرهەم دابنرێت. ئەم چالاکییە دەشێت وەک توانستێک بۆ بنیاتنانی بابەتگەلی ئەوتۆ پێناسەبکرێت کە سەر بە گشتێتیە تایبەتەکەی "جوان ـە"ن (ist schön / is beautiful). بۆیە کانت لە خۆی دەپرسێت کە داخۆ چی ڕوودەدات گەر بابەتگەلی جوان هەر وا سووک و ئاسان وەرنەگیرێن، بەڵکو بەتایبەتی بۆ وەرگرتنێکی بەو چەشنە (وەک جوان) دروست بکرێن. لەم ڕەوشەیاندا دەبێت ئیدیالێکی جوانی وەک پێشمەرج دانرابێت کە نەک تەنیا ڕێسای گشتیی چێژ لە واتای وەرگرتنی (ڕێسەپسیۆنی) بابەتدا، بەڵکو هەروەها مەرجی گشتی بۆ دروستکردنی بابەتی جوان (بەرهەمهێنان) دابنێت.

لێ گەر مرۆڤ لە ئانالیتیکی بڕیارە پەتییەکانی چێژەوە سەرچاوە بگرێت، ئەوسا لە پرسیارەکەدا سەبارەت بە هونەر دەکەوێتە نێو کێشەیەکەوە کە بریتییە لە: ئەوها دەنوێنێت هەروەک مەرجی هەموو دروستکردنێکی جوانێتی گرنگیدان بێت بە هەبوونی بابەتەکە. لەبەر ئەم هۆیە ناشێت هونەر، وەک ئەنجامدانی بەبەرهەمی جوانێتی، لە ئانالیتیکی جوانێتییەوە بەبێ ناتەبایی لۆگیکی (ماقوڵانە) دیاری بکرێت. ئاخر هیچ پێوەرێک، هیچ نموونەیەکی باڵا بۆ دروستکردنی شتێکی جوان لەگۆڕێ نییە، چونکە گەر هاتوو هەر جوانێتییەک بکرێت بە پێوەر بۆ هونەرێکی پاش خۆی، ئەوا چیدی ناشێت بە جوانی "پەتی" دابنرێت (وەک ئەوە بڕیاری بەسەردا بدرێت)، چیدی ناشێت بابەتی بڕیاری پەتیی چێژ بێت. سەرەڕای ئەوە دەبێت ببێژین کە جیاوازی هەیە لە نێوان گرنگیدانێکی سێنسی بە هەبوونی بابەت و گرنگیدان بە هەبوونی ئەو جۆرە بابەتانە کە بۆ ئێمە وەک "جوان" دیاردەدەن. بۆیە ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە داخۆ لەنێو "پەتییێتی"ی بڕیاری چێژدا بەهایەکی هێندە باڵا هەبێت کە وا بکات ئیدی مرۆڤ واز لە بناغەڕشتنی ئێستێتیکی فەلسەفەیی بهێنێت!

### – دیالێکتیکی توانستی ئێستێتیکییانەی بڕیار

لە نێوان ئانالیتیکی بڕیارەکانی چێژ و ئێستێتیکدا وەک فەلسەفەی هونەر لەمپەرێک زیت بۆتەوە. کانت هەوڵ دەدات ئەم لەمپەرە بەو ڕێیەوە نەهێڵێت کە ئێستا بۆ دیاریکردنی هونەر سەرئەنجامەکانی ئانالیتیکی مەزنێتی بە سەرئەنجامەکانی ئانالیتیکی جوانێتییەوە دەلکێنێت. دەستپێکی ئەم پێکەوەلکاندنە خۆی لە هەوڵدانی کانتدا

دەبینێتەوە بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە "جوانیی سروشت پێشتریی لە جوانیی هونەر" هەیە. بەم پێیە هۆشسامبوون بە سروشت بەدەر لە هۆشسامبوون تەنیا بە فۆرمی بابەتی جوان (واتا لە پرسیار سەبارەت بە کاریگەریی پێشبینی لەسەر هێزەکانی دەروون) هەروەها هۆشسامبوونێک بە هەبوونی بابەتەکە لەخۆدەگرێت، کە ئیدی ئەم هۆشسامییە، هەروەها ئەو بڕیارانە کە گونجاو بەم هۆشسامییە دەردرێن، گرنگیدانێکیان وەک بناغە هەیە، بێگومان گرنگیدانێک کە "ڕۆشنە" (bereinigt). ئاخر مرۆڤ لێرەدا بە لێرەبوونی (وجودی) جوانێتیی سروشت هۆشسام دەبێت و لەم هۆشسامبوونەیدا هیچ وروژانێکی سێنسی بەشدار نییە یان هیچ مەبەستێکی پێوە گرێنەدراوە. تەنیا بیرۆکەی ئەوە "کە سروشت خۆی ئەو جوانییەی هێناوەتە ئاراوە"، پێکەوە لەتەک گرنگیداندایە بە بابەتەکە.

کانت لەم پەیوەندییەشدا دەگەڕێتەوە بۆ دیاریکردنێکی خۆی کە بریتییە لە تێگەی "کۆهەست"، ئەمەش لە پابەندییەکی نزیکدا بە هیومەوە. ئاخر کانت ڕەوایەتیی ئەم گرنگیدانە بە جوانیی سروشت بە ئاماژەدان بۆ ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە توانستی بڕیاردان بەسەر جوانیی سروشتدا پەروەردەیەکی زیاتری کەسێتییەکەی بڕیاردەر دەردەخات، زیاتر وەک لە توانستی بڕیاری چێژ لە هونەردا. شارەزایەکی هونەری جوان "پیاوێکە کە چێژی کافیی هەیە بۆ بڕیاردان بەسەر بەرهەمەکانی هونەری جواندا بە ئەوپەڕی ڕاستی و ناسکی"؛ هەروەها تەنیا کەسێک دەتوانێت لە ئاستی ئەم شارەزایە تێپەڕ بکات کە "لەتەک شێوەی هزرینی ڕوون و ڕۆشنکراوەی سەرجەم ئەو مرۆڤانەدا یەکدەگرێتەوە کە هەستی مۆرالیی خۆیانیان" پەروەردەکردووە (kultiviert). لە بنەڕەتدا هەر ئەم هەستە مۆرالییەیە کە لە ڕەوتی هۆشسامبووندا بە جوانیی سروشت خۆی دەردەبڕێت. ئەو حەزە کە بابەتێک دەیهێنێتە ئاراوە، لای شارەزای هونەر حەز "ی چێژ"ە، لێ لای موئجیبی (Bewunderer) سروشت حەز "ی هەستی مۆرالی"یە. کەواتە شارەزای ڕاستینە بۆ کانت بریتییە لەو مرۆڤە مۆرالییە کە نەک تەنیا لە ڕووی ناسکیی سێنسییەوە (سێنسیبیلێتییەوە) بۆ جوانێتی، بەڵکو هەروەها لە ڕووی ناسکیی سێنسییەوە بۆ چاکێتی پەروەردەکراوە.

کانت بەم دیاریکردنەی شارەزایی ڕاستینە، واتا شارەزاییەک کە بەڕێی گرنگیدانەوە بە جوانێتیی سروشت دێتە ئاراوە، دەستپێکێک بۆ دیاریکردنی جوانیی سروشت بەدیدەهێنێت. لێ ئەو لەم پەیوەرندییەشدا سەرلەنوێ بیرۆکەیەک وەردەگرێتەوە کە پێشتر لە هزرینە پەرشوبڵاوەکانیدا لەمەڕ هونەر دەربڕیی بوو: جوانێتی، بە واتایەکی دی: "کولتووری چێژ" ڕاهێنانێکی پێشیانییە بۆ مۆرال". لێ کولتووری چێژ بەندە بە ئەزموونکردنی مەزنێتییەوە و پەیوەند بە جوانیی هونەرەوە تەنیا لە مەغزایەکی تەتبیقکراودا (واتا ناڕاستەوخۆدا) چواندنی هەیە. گەر شارەزای هونەر، وەک کەسێکی بەڕاستی پەروەردەکراو، گرنگی بە جوانێتی بدات، ئەوا هۆی گرنگیدانەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو "پێشتر (بەڕێی ئەزموونکردنی مەزنێتییەوە) بناغەی گرنگیدانی خۆی بە چاک ی مۆرالی ڕشتووە". کەواتە گرنگیدان بە چاکێتی / چاکە لێگیتیماسیۆنە بۆ هونەر.

کانت لەسەر ئەم بناغەیە پێناسەی جوانی ی هونەر دەکات وەک "سیمبۆلی مۆرالێتی". مەرجی هێنانەئارای بابەتی جوان گرنگیدانە بە بابەتەکە، لێ ئەمە گرنگیدانێک نییە بە سوودمەندیی بابەتەکە، بەڵکو ئەم گرنگیدانە ڕوودەکاتە "گۆڕاندان بە ئیدێگەلی مۆرالی" یان گرنگیدانە بە "ئاوەڵاکردنی کولتووری هەستی مۆرالی."

کانت بەم لێهزرینانە ئێستێتیکە سیستەماتیکییەکەی ئیدیالیزمی ئەڵمانی ئامادە دەکات، چونکە ئەو بە دیاریکردنی جوانی وەک "سیمبۆلی مۆرال" هاوکات گۆڕان بە تێگەی "ئیدیال" دەدات. ئیدیال لکاندنی ئیدێی جوانییە بە گرنگیدانی ڕووکردووە "کولتووری هەستی مۆرالی"یەوە. کانت بە یاریدەی تێگەی ئیدیال کاراییە کولتوورییەکەی هونەر وەک پەروەردەکردنی مرۆڤ ئامادە دەکات و پاشان ڕیزێک کاریگەری دەنوێنێت: لە شیلەرەوە تا دەگات بە ئێستێتیکی نوێ-مارکسیزم.

## ٢-٤-٣- تێگە بناغەییەکانی ئێستێتیکی کانت

کانت لە "ڕەخنەی توانستی بڕیار"دا، دوای دیاریکردنی مەزنێتی، لێ هەروەها دوای دیاریکردنی هونەر وەک سیمبۆلی مۆرال، هەوڵ دەدات تێگە بناغەییەکانی ئێستێتیکی ترادیسیۆنی سەرلەنوێ فۆرمولە بکاتەوە، لێرەشدا سەرەتا هونەر وەک لاسایی سروشت دیاری دەکات، پاشان هونەرمەند بە تێگەی بلیمەت دیاری دەکات، ئەوجا ڕوو دەکاتە ئیدیالی جوانێتی کە تێیدا لێهزرینەکانی ئانالیتیکی بڕیارەکانی چێژ بە لێهزرینەکانی دیالێکتیکەوە دەلکێنێت.

### – هونەر وەک لاسایی سروشت

شرۆڤەی ئەزموونی سروشت و هونەر وەک "جوان"، واتا شرۆڤەی بڕیارە ئێستێتیکییەکان، لای کانت دەرچەی پێناسەکردنی هونەرن. کانت هونەر و سروشت لە ڕووی ناوەرۆکەوە وەک هاوشێوە دادەنێت. هونەر دەبێت توانستی سروشت پەیوەست بە مرۆڤەوە تا ڕادەی شیان دووبارە بکاتەوە، واتا مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئیدێی مۆرالی لە لێڕوانیندا بوروژێنێت. هونەری جوان هاوشێوەی سروشت "سمبۆلی مۆراله". لێ هونەر تەنیا کاتێک دەتوانێت سیمبۆلی مۆرال بێت، گەر وەک خودی سروشت دیار بدات. هونەری کامیل لاساییکردنەوەی کامیلە (پێرفێکتە). لێ لاساییەکی کامیل "تا ڕادەی فریودان" بڕ دەکات و لێرەشەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر مرۆڤ دەنوێنێت کە ئیدی وای لێدەکات جوانیی هونەر بەهەڵە وەک جوانیی سروشت وەربگرێت.

لەوە دەچێت کە هونەر تەرجومەی ئەو "زمان"ـە بێت کە سروشت لەتەک ئێمەدا پێی دەئاخڤێت و هەروەها "مەغزایەکی باڵاتری هەبێت". کەواتە هونەری جوان زمانی سروشت "بۆ ئێمە" تەرجومە دەکات، واتا دەیکات بە ئیدێ. کانت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرۆسەیەی وەرگێڕانی زمانی سروشت نموونەی سیمبۆلی ڕەنگ دەهێنێتەوە. سۆزەکانی ئێمە ڕەنگی سپی دەکەن بە ئیدێی بێگوناهی، ڕەنگەکانی دی لە سوورەوە تا مۆر (ڤیۆلێت) دەکەن بە ئیدێی مەزنی، دلێری، ڕاشکاوی، ڕێزمەندی، قەنائەت، خۆڕاگری و ناسکی. هونەری جوان لەگۆڕێ دەبێت، "گەر

ئێمە لەوە بەئاگا بین کە ئەو هونەرە و سەرەڕای ئەوە وەک سروشت لێمان دەڕوانێت". بێگومان چیدی نابێت لە لێڕوانیندا ئەزموونی مەبەستی هێنانەئارای ئەم بەرهەمە بکرێت، چونکە گەورەیی هونەر بەوەدا دەردەکەوێت کە ڕێ نەدات هەست بە مەبەستی هێنانەئاراکە بکرێت. هونەری جوان، جیاواز لە هونەری نائازادی پیشەدەستی (حرفی)، تەنیا حەز دەخاتەوە، ئەمەش حەزێکە کە لەتەک پێشبینیدا (وەک یەکێتیی نێوان شعور و مەئریفە) هاتۆتە ئاراوە. هونەری جوان یان ئێستێتیکی بریتییە لە پێشبینییەکی سروشت کە "کولتووری توانستە ناخەکییەکان (واتا سۆزەکان) بۆ ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتییانە پێدەگەیەنێت" و ڕێنوماکەشی بریتییە لە توانستی پەرچێنەری بڕیار نەک "شعوری سێنسی."

لە دیاریکردنی هونەری جوانەوە وەک لاسایی سروشت دوو کێشە دەکەونەوە: سەرەتا دەبێت ئەو شیمانەیە بسەلمێنرێت بۆ ئەوەی سروشت بەم شێوازە بۆ پێشبینی دیاربدات. کانت ئەمە لە ئەدگاری بلیمەتدا ڕوون دەکاتەوە. لێ پاشان ئەوەش جێی پرسیارە کە داخۆ مرۆڤ بتوانێت ڕێسای گشتی نەک تەنیا بۆ بڕیاردان بەسەر بابەتی جواندا ببینێتەوە، بەڵکو هەروەها بۆ بەرهەمهێنانیش. کانت لە دیاریکردنی ئیدیالدا خۆی بەم کێشەیەوە خەریک دەکات.

## – دیاریکردنی بلیمەت (ژێنی)

گەر هونەر وەک لاسایی سروشت دیاری بکرێت، ئەوا بەم دیاریکردنە هاوکات ئەرکی بلیمەتیش چەسپێنراوە. مەسەلەکە لێرەدا ڕوو دەکاتە "کارامەیی مرۆڤ" لە تەرجومەکردنی زمانی سروشتدا بۆ سۆزەکان. مرۆڤ بێگومان پێشتر لە ئێستێتیکی ئاوەزگەرییدا بلیمەتی دیاری کردبوو، ئەوەش وەک توانست (ی تاکەکەسانی هەڵکەوتووی یەکجار دەگمەن) بۆ ئەوە کە سروشت لەنێو بەرهەمی هونەریدا بە شێوەیەک بە ئیدێوە گرێبدرێت کە ئیدی سروشتێکی دووەم بێتەگۆڕێ. ئەم سروشتەی دووەم لای لایبنیتس بریتی بوو لە لاسایی چاکترین جیهانی سەرجەم جیهانە شیاوەکان (نەک لاسایی جیهانی فاکتی). لێ کانت واز لەم پابەندبوونە بە تیۆلۆژیی خولقاندنەوە دەهێنێت و تەنیا داواکارییەکەی تێگەی بلیمەت بۆ بەدیهێنان ڕادەگرێت. هونەری جوان بە دیدی کانت توانستی سروشت بەرهەم دەهێنێتەوە تاکو لەنێو مرۆڤدا ئیدێکانی ئاوەز، واتا: ئیدێکانی خودا و ئازادی، نەمری و بێدوایەکێتی، بخاتەوە. لێرەدا گەرەکە شتێکی جوان دروست بکرێت و لە خودی سروشت بچێت، واتا بە چەشنێک هەست بەو شتە بکرێت کە هەروەک لە سەرچاوەوە هاتبێتە ئاراوە، لێ ئەمە تەنیا کاتێک دەشێت، گەر هاتوو توانسی مرۆڤ بۆ ئەم جۆرە دروستکردنە وەک "بەهرەی سروشتی" دیاری بکرێت. ئەم توانستە ناو دەنرێت گێنیوس (Genius) یان ژێنی (بلیمەت). کەواتە بلیمەتی بەهرەیەکی سروشتییە کە "ڕێسایەک بۆ هونەر دادەنێت"، لێ هاوکات "بەهرەی ئافرێنەری سۆزە (Ingenium) کە لەنێو خودی ناخەوە ڕسکاوە و بەڕێیەوە سروشت ڕێسا بۆ هونەر دادەنێت". گەر لە ئێستێتیکی سەردەمانی پاش کانت بڕوانین، ئەوا دەبینین کە لەوێدا جیاوازییەک لە نێوان تالێنت (بەهرەی سروشتی) و بلیمەتدا (بەهرەی هۆشەکی) دەکرێت: بەگوێرەی ئەم جیاوازیکردنە تالێنت لە ناخدا ڕسکاوە، لێ مرۆڤ تەنیا بەڕێی کارەوە دەتوانێت ڕووەو بلیمەت بپەڕێتەوە، یان وەک گوێتە دەبێژێت و لەتەک ئەمیشدا هێگل جەخت

دەكات: بەڕێی ڕاهێنان و كۆششەوە كرۆكی بلیمەت دیاری دەكرێت. لێ پێناسەی بلیمەت لای كانت جیاوازە. هونەر وەك لاسایی سروشت لە سروشتەوە سەرهەڵدەدات. بەهرەی سروشتی (Genius)، نەك زەینی چالاكبوو یان ئاوەز، ڕێساكانی هونەر لەنێو خۆیەوە هەڵدەهێنجێت، كە ئیدی بلیمەت وەك سروشت "ڕێساكان" دادەنێت. هەمان پرنسیپ چواندنی چە بۆ سروشت و چە بۆ بلیمەت هەیە: بلیمەت دەتوانێت هاوشێوەی سروشت شتێك لەنێو خۆیەوە بهێنێتە ئاراوە"، بۆیە دەبێت "ڕەسەنێتی / ئۆریجینالێتی یەكەم ئەدگار"ی بلیمەت بێت و "بەرهەمەكانی ... نموونەیی بن."

لێ بەم جۆرە پێناسەكردنەی بلیمەت و داواكارییەی نموونەییبوون كێشەیەك تیژ دەبێتەوە كە لە دیاریكردنی پرنسیپییانەی هونەرەوە وەك لاسایی سروشت سەری هەڵداوە: كانت دەبێت پێشانی بدات كە لاسایی سروشت زیان نە بە ڕەسەنێتیی بلیمەت و نە بە نموونەییبوونی كارەكانی دەگەیەنێت. كانت ئەم كێشەیە بەڕێی ئیدیالی جوانییەوە چارەسەر دەكات.

### – ئیدیالی جوانی

لە دیاریكردنی ئیدیالی جوانیدا كێشەی پەڕینەوە لە شرۆڤەی فۆرمالی (شێوەكییانەی) بڕیارەكانی چێژەوە ڕووەو ئێستێتیكی فەلسەفەیی بەتایبەتی خویا دەبێت. بڕیاری پەتیی چێژ و ئەسپێكتە بناغەییەكانی ئێستێتیك، هەروەها دیاریكردنی وەرگرتن (ڕێسەپسیۆن) و بەرهەمهێنان (پرۆدوكسیۆن)ی هونەر، سەرەتا وەك نەشیاوی پێكەوەنەگونجاو دەردەكەون. ئاخر گەر مرۆڤ بابەتی جوان بەتایبەتی بۆ مەبەستی هۆشسامی دروست بكات، ئەوسا دەبێت ئەو بابەتە ناوبنرێت "شادیبەخش (angenehm) "(سوودمەند یان چاك)، لێ ناشێت ناو بنرێت جوان. كانت بە پێكەوەلكاندنی ئانالیتیكی جوانێتی و ئانالیتیكی مەزنێتی لایەنی كەم تێگەییانە ئەم كێشەیەی چارەسەر كرد. بڕیاردان بەسەر هونەری جواندا لە بڕیارێكی "پەتی"ی چێژدا ئەنجام نادرێت، بەڵكو لە بڕیارێكی تەتبیقكراوی (بەسەردا بەگەڕخراوی) چێژدا. لە ڕەوشی مەزنێتیدا دەشێت بە یاریدەی تێگە پێشان بدرێت، كەی سروشت وەك مەزن ئەزموون دەكرێت، لێ بە پێچەوانەوە بۆ جوانێتی هیچ ڕێسایەكی ئۆبژێكتیڤییانەی چێژ نییە كە بە یاریدەی تێگە بڕیار بدات داخۆ چی جوانە. كەواتە مرۆڤ نە دەتوانێت ڕێسا بۆ بڕیاردان بەسەر بابەتی ***تایبەتیدا*** وەك جوان دابنێت و نە بۆ دروستكردنی ئەو جۆرە ***بابەتانە***، چونكە گەر ئەوە بكات، ئەوسا پێویستی بە پێوەری ئۆبژێكتیڤی دەبێت، واتا بۆ دروستكردنی بابەت یان بۆ ئەنجامدانی مەئریفەیی بابەت پێویستی بە ڕێسا دەبێت. لە هەقیقەتدا ئێستێتیكییانە بڕیار بەسەر كارە هونەرییەكاندا دەدرێت، هەروەها ئەم جۆرە بڕیاردانە وای دادەنێت كە چواندنی نێوبكەری (ئینتەرسەبژێكتیڤییانە)ی هەیە، واتا دیاریكردنەكەی گشتییە. بێگومان كانت، بە پێچەوانەی هیوم، پێوەری ئەمپیری بۆ "گشتیبوون"ی (پۆپولارێتیی) چێژ وەرناگرێت، كەواتە نەشیاوە ئەزموون لای كانت چواندنی بۆ هەمووان هەبێت. سەرەڕای ئەوە بڕیاربەسەردادانێكی نێوكۆیی بەسەر بابەتگەلدا وەك "جوان" هەیە (واتا ڕێسەپسیۆن)، لێ هەروەها دروستكردنی ئەو جۆرە بابەتانەش هەیە (واتا بەرهەمهێنانی هونەری). لەوە دەچێت كە مرۆڤ چە لە دروستكردن و چە لە لێتێگەیشتنی دەركپێكردوودا (لە وەرگرتندا) شوێن ڕێسایەكی بەرجەستە

بکەوێت، جا گەرچی نەشیاوە ئۆبژێکتیڤیانە ڕێسایەکی بەو چەشنە پێشان بدرێت. ئەو ڕێسایە لە بنەڕەتدا بۆ کانت "نموزەج"ێکە (Muster) ، "وێنەیەکی ئیدیالی چێژە"، کەواتە " تەنیا ئیدێیەکە ... و دەبێت هەموو کەسێک لەنێو خۆیدا بیهێنێتە ئاراوە". کانت تاکە کارێکی هونەری، کارێک وەک "پێشبینیی تاکەکەسێک"، یان وەک کرۆکێکی گونجاو بە ئیدێیەک، ناو دەنێت ئیدیال. لەبەر ئەم هۆیە دەتوانین ئەو نموزەجەی / وێنە ئیدیالەی چێژ کە ئێمە بۆی دەگەڕێین، ناو بنێین "ئیدیالی جوانێتی"، لێ ئەم ئیدیالەی جوانێتی بریتییە لە "ئیدیالی توانستی وێنا"، ئەمەش بەواتای ئیدیالەکە مەئریفەیەک نییە کە بەگوێرەی تێگە ڕێکخرابێت.

کانت سەرەتا جەخت لەوە دەکات کە کاتێک ئەو لە "بەرهەمەکانی چێژ" دەدوێت و بە پێویستی دەزانێت "وەک نموونەیی" ببینرێن، ئەوا مەبەستی لە کاری ئەمپیریانەی هونەری نییە، بەڵکو مەبەستی لە ***شێوەیەکی داڕشتنی سروشتە*** لەنێو هونەردا. ئاخر نەشیاوە ئیدیال بە شێوەی ئیندوکتیڤ (ئیستیقرائی) لە زنجیرەیەک ئەزموونەوە بنیاتبنرێتەوە، بە پێچەوانەوە دەبێت ئیدیال وەک پێشوێنەی چێژ، یان وەک نموزەجی (Muster) جۆری داڕشتن، بە ئیدێی ئاوەزییانەی (ئاوەزکردووی) جوانێتییەوە گرێبدرێت. کانت لەم جێیەدا جیاوازی دەکات لە نێوان "ئیدێی نۆرمالی ئێستێتیکی" و "ئیدێی ئاوەزی"دا.

ئیدێی نۆرمالی جوانێتی هەڵدەکەوێت، گەر مرۆڤ هەوڵ بدات ئەمپیریانە گشتێتییەکەی ئیدیال بەدیبهێنێت. ئەم جۆرەی گشتێتی کە ئەمپیریانە بەدیهێنراوە، پابەندی کولتوورە. لێرەدا شێوەیەک کە بە ئیدێی نۆرمال دەگونجێت، بەندە بە ڕەوشە سروشتی و کولتوورییەکانی "ئەو وڵاتە"وە کە تێیدا ئەم جۆرە بەراوردکردنە ئەنجام دەدرێت؛ "لەم ڕوانگەیەوە دەبێت پەیوەند بەم مەرجە ئەمپیریانەوە نیجەرێک (ڕەشپێستێک) ئیدێیەکی دیکەی نۆرمالی بۆ جوانی ی شێوە هەبێت وەک لە سپیپێستێک؛ چینییەک دەبێت یەکێکی دیکەی جیاوازی لە ئەوروپییەک هەبێت". لێ گەر لە ئیدێی نۆرمالی جوانێتییەوە ڕێسا وەک دەرئەنجام بۆ بڕیاردان بەسەر کاری هونەریدا بەدیبهێنرێت، ئەوسا ڕێساکە تەنیا ڕوانگەیەک بۆ "ڕاستێتی / سەحیح (Richtigkeit) لە داڕشتنی ژانرەکەدا" دەخاتە بەردەم. لەم ڕەوشەدا یەک تاکە هەنگاوی دیکە بۆ شیمانەی گشتاندن هەیە، ئەویش کلاسیسیزمی ئێستێتیکە. واتا ئێستا کاری تایبەتی دەکرێن بە ڕێسا. کانت ئەم کلاسیسیزمە ئێستێتیکییە بە نموونەی هونەری گریکی یان بە نموونەی زمانە دێرینەکان ڕوون دەکاتەوە. ئەو بەڕاستی مەیلی بۆ ئەم کلاسیسیزمەی ئێستێتیک هەیە، چونکە بە دیدی کانت ئەوە لۆگیکییە کە "مرۆڤ کارەکانی هونەرمەندانی دێرین وەک نموزەج دادەنێت و بەدیهێنەرانی ئەو کارە دێرینانەش ناو دەنێت کلاسیکی، هاوشێوەی خانەدانێک لەنێو نووسەراندا کە بە کرداری خۆی یاساکان بۆ گەل دادەنێت."

لێ گشتێتییەکی ڕێسەپسێۆنی (وەرگرتنی) جوانێتی کە لەسەر ئەم شێوازە بەدیدەهێنرێت، دەخزێتە ناکۆکییەوە لەتەک دیاریکردنەکەی بلیمەتدا. گەر کارانی تایبەتیی هونەری ڕێسا دابنێن، ئەوسا بەرهەمهێنانی هونەری تەنیا لاساییکردنەوەی (Nachvollzug) نموزەجەکان دەبێت. لێ وەک لە سەرەوە بینیمان، بلیمەتێتی لای کانت بەرهەمهێنانێکی سپۆنتانی (عەفەوی) نموونەیی سروشتە، لەبەر ئەم هۆیە ناشێت هونەر وەک لاسایی نموونەکان دیاری بکرێت، بەڵکو پێویستە هونەر لاسایی پێشبینییەکی سروشت یان لاسایی جۆرێکی داڕشتن بێت. "هونەری جوان (...) جۆرێکی پێشبینیی سروشتە". وەک گوتمان، ڕەسەنێتی / ئۆریجینالێتی یەکەم ئەدگاری بلیمەتە،

کەواتە ئەرکی بلیمەت ئەوەیە کە ئەو جۆرە پێشبینییانە لە شێوەی جواندا دەربخات. لەبەر ئەم هۆیەیە کە "بەرهەمەکانی ئەو هاوکات نموزەجن، واتا نموونەیین". ئەوجا ئەوەش دەردەکەوێت، کە مەرجەکان بۆ هێنانەئارای ئەو جۆرە پێشبینییانەی کردەکێتی، هەمەجۆرترن لەوەی کە چێژی چاک و ڕێساکانی بتوانن لە لایەنی خۆیانەوە دیاریی بکەن. یەکێتیی نێوان هێزی وێنا و زەین و هۆش و چێژ سەرچاوەی توانستی بەرهەمهێنانی هونەری جوانن.

گەر ڕەچاوی ئەم جۆرە دیاریکردنەی بلیمەت بکرێت، ئەوسا ناشێت ئیدیالی جوانی بە ئیدێی نۆرمالی جوانێتی ڕوونبکرێتەوە، بەڵکو ئەوسا ئیدیالی جوانی بریتی دەبێت لە "ئیدێیەکی ئاوەزییانەی وێنەیی". لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی هونەری جوان لای کانت ***تواناییەکە بۆ هێنانەئارای پێشبینییەکی جوانی جیهان***، ئەوا دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین کە لێرەدا پرۆژەیەکی جیهان بناغەی ئەم بەدیهێنانە بەبەرهەمەی جوانێتییە. لێرەدا بێگومان پێشبینییەک وەک پێشمەرج دادەنرێت: سروشت دەبێت سەرەتا لە ئەنجامدانی تایبەتیدا بۆ مرۆڤ جێبهێڵرێت. ڕەوتێکی بەم چەشنەی دەستگرتن بەسەر سروشتدا لە سروشتی "دووەم"دا ئاشکرا دەبێت، واتا لە لاساییکردنەوەی سروشتدا بەڕێی هونەرەوە. کەواتە بەڕێی ئاوەزی مرۆڤەوە بەدیهێنانێکی جیهان لە هونەری جواندا بەردەخرێت، ئەوە بێگومان بە هەماهەنگی نێوان توانستەکانی هێزی وێنا، زەین، هۆش و چێژ. کانت ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە جوانی بەتەنیا لە ڕاستودروستی (Richtigkeit)ی دارشتنی بابەتە بەردەستەکانەوە یان سروشتەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو ئیدیالی جوانی زیاتر لەوەش "ئیدێی ئاوەزی" (ئاوەزکردوو) لەخۆدەگرێت و هەر ئەم ئیدێ ئاوەزکردووەشە "کە مەبەستەکانی مرۆڤایەتی دەکات بە پرنسیپی بڕیاردان بەسەر شێوەیەکدا"، ئەوە بێگومان بە مەرجێک گەر مەبەستەکان "سێنسییانە پێشبینی" نەکرابن. جۆری دارشتنی هونەری جوان، بە واتایەکی دی: پێشبینیکردنی شێوەیەکی سروشت کە شێوەیەکی هۆشەکییە، وا دەکات کە ئیدێی ئاوەزی لە لێڕوانیندا دیاربدات. لێرە توانستی بلیمەت پێویستە: بلیمەت گەرەکە بتوانێت ئیدێی ئاوەزییانەی بەم چەشنە بگرێت و دابیرێژێت. کەواتە "لاساییەکی" ئەم "لاساییەی سروشتی هۆشەکی" بریتییە لە لاساییکردنەوەی چالاکییەکی بەبەرهەم کە داوای خۆتەرخانکردنی سەرجەم مرۆڤەکە دەکات. کەواتە دەبێت ئەم چالاکییە بتوانێت لاسایی هێزی وێنا و زەین و هۆش و چێژ لە یەکێتییاندا بکاتەوە. هەر بۆیە لاسایی ئەم واتایە دەگەیەنێت: بە کەرەسەی (ماتەریالی) ئەمیریانەی جیاواز و بە توانستی بەدیهێنانی شێوەکیانە (فۆرمالانە) نەگۆڕ، پێشبینیگەلی جوانی سروشت دەهێنرێتە ئاراوە کە لەنێویاندا هاوکات ئیدێی مۆرال بینەییانە بەدیدێت.

کانت هەروەها کلاسیسیزمێکی تێگەیشتن لە هونەر دەکات بە زەمینەی دیاریکردنی ئەم ئیدێ ئاوەزییانەی جوانێتی. ئەمە لەو دیاریکردنەی جوانێتیدا ئاشکرا دەبێت کە کانت لە ئانالیتیکی جوانێتیدا ئەنجامی دا. کانت لە ئانالیتیکی جوانێتیدا چێژی وەک توانستی بڕیاردان بەسەر بابەتێکدا پێناسە کرد، ئەمەش بێگومان پابەند بە یاسایەتییە ئازادەکەی هێزی وێناوە. لایەنی کرۆکییانەی هێزی وێنا ئەوەیە کە ئەو لەتەک زەیندا یەکدەگرێتەوە، بەمەش ئیدی مەرجەکان بۆ فۆرماندنێکی (شێوەخستنەوەیەکی) جوان دەچەسپێنرێن. سەرەتا لای هونەرەکانی شێوەسازی بە هونەری بیناسازی و باخسازیشەوە (بێگومان گەر هاتوو "هونەری جوان" بن)، تەنیا ئەو ڕەوشانە جێی بایەخن کە سەر بە "***فۆرم***"ی بابەتەکانن. کانت ئەو دۆکترینە کلاسیسیستییە بەهەند وەردەگرێت کە پێشتری بە هێڵ (خەت) دەدات. ئەم دۆکترینە دەبێژێت: لەنێو هونەرەکانی شێوەسازیدا "هێڵکاری سەرەکییە"؛ لە هێڵکاریدا

نەک ئەوە کە لەتەک شعوردا یەکدەگرێتەوە، هۆی بڕیاردانە بەسەریدا وەک "جوان"، بەڵکو تەنیا ئەوە کە بەپێی فۆرمەکەیەوە هۆشسامکەرە، بڕیاردانێکی بەو چەشنە دەخاتەوە. ڕەنگ بە دیدی کانت تەنیا ڕووناکییە (Illumination) و سەر بە جوانی نییە، بەڵکو سەر بە وروژاندنە (Reiz). ئەمە موزیکیش دەگرێتەوە. وروژاندنی ڕەنگ یان دەنگ دەشێت "بێتە پاڵ" شتەکە، لێ ئەوە زەرووری نییە. ئەوجا چۆن هێڵکاری لە هونەری شێوەسازیدا، بەهەمان شێوە ئاوەزدانان (کۆمپۆزیسیۆن) لە موزیکدا بابەتی ڕاستینەیە بۆ بڕیاری چێژی پەتی.

گومانی تێدا نییە کە ئەم دیاریکردنەی هونەر لای کانت لەتەک چێژی سەردەمەکەیدا یەکدەگرێتەوە. لەو سەردەمەی ئەودا تەنانەت بابەتەکانی هونەری پیشەی دەستی لە خانەی هونەردا دادەنران، لەوانە: گۆچانی پیاسە، فەرش، مۆبیلە، باخ. باخەکان بۆ کانت ڕێڕەون لە هونەری پیشەی دەستییەوە ڕووەو هونەر، چونکە ئەوانیش هەروەها بەرهەمی فۆرماندنێکی ڕاستەخۆی سروشتن، ئەوە بێگومان بە مەرجێک گەر هاتوو زەین لە سازاندنی باخەکاندا ئاستەنگ لە بەردەم ئازادییەکەی هێزی وێنادا دانەنێت. لێ کانت لە دیاریکردنی ئیدیالی ئاوەزییانەی جوانیدا هەنگاوێکی دیکە دەنێت، چونکە گەر تەنیا بەو نموونانە پابەند بمێنێتەوە کە لە "ئانالیتیکی جوانێتی"دا هەڵهێنجراردبوون، ئەوسا لە تێڕوانینی "ئیدێی نۆرمالی جوانێتی" تێپەڕناکات. ئاخر کانت لەبارەی شێوەیەکی سروشت دەپرسێت کە وا دەکات خودی سروشت بە کرداری هێنانەئارای (Vermittlung) هونەر وەک سروشتی هۆشەکی دیاربدات. لە بنەڕەتدا گەرەکە ئیدیالی ئاوەزییانەی جوانی بریتی بێت لە "شێوەی هۆشەکییانەی سروشت". لێ هونەر ناتوانێت لەنێو خودی سروشتدا زامنێکی ڕاستەوخۆ و بێپەرگە (unvermittelt) بۆ ئەو جۆرە شێوەیەی سروشت بدۆزێتەوە، بەڵکو ئێستا هونەر بۆ سازاندنی ئەو شێوەیەی سروشت دەبێت بە لاساییکردنەوەی لاساییەکی نموونەیی سروشت، ئەوەش هونەری کلاسیکیی گریکە کە نموزەجێک بۆ شێوەی هۆشەکیانەی سروشت دەخاتە بەردەم. ئاخر چۆن بۆ ڤینکلمان، بە هەمان شێوە بۆ کانت، پەیکەری کلاسیکیی گریکی نموونەیەکی تەجاوزنەکراوە / بێهاوتایە بۆ ئەوەی لە شێوەیەکی هۆشەکییانەی سروشتدا ئیدێی ئاوەزییانەی جوانێتی دیاربهێنرێت. بۆیە هونەری کلاسیکیی گریکی بریتییە لە "ئیدیالی جوانی". گریکەکان بە دیدی کانت دەتوانن لە تاکە کاری هونەریدا نموونەییانە جوانی تەحقیق بکەن، چونکە ئەوان بەتایبەتی شێوەی مرۆڤ بۆ ئەو مەبەستە هەڵدەبژێرن. پەیکەری گریکی بریتییە لە هونەری جوان، چونکە (پاشان هەروەها هێگل پابەند بە ڤینکلمانەوە جەختی لێدەکات) لە شێوەی مرۆڤدا شێوەیەکی هۆشەکێتی ی سروشت دیاردەهێنێت. ئێمە دەتوانین لە شێوەی جوانی مرۆڤدا پەرگەیەک لە "ئیدێی نۆرمالی جوانێتییەوە" ڕووەو "ئیدێی ئاوەزییانەی جوانێتی" ببینین. ئاخر ئیدێی ئاوەزییانە و ئاڕاستەکاریی سروشت بەڕێکەوت لە شێوەی مرۆڤدا پێکەوە گرێنادرێن، بەڵکو گرێدانەکە زەرووریيە. بێگومان پەیکەری گریکی نەک لە تاکە کارە ئەنجامدراوەکانیدا، بەڵکو لە ***جۆری داڕشتنیدا*** نموونەییە. پەیکەری گریکی لە شێوەی مرۆڤدا "گوزارشتی دیاری ئیدێ مۆرالییەکان" دەخاتەوە، ئەمە لە شێوەیەکدا کە پێشتر خودی سروشت دیاریی کردووە. شێوەی جوانی مرۆڤ ***بریتییە لە*** (*ist*) ئیدیالەکە، چونکە ئیدیال "لە گوزارشتی مۆرالێتیدا" خویا دەبێت، یان لە "گوزارشتی دیاری ئیدێگەلی مۆرالیدا کە لە ناخەوە بەسەر مرۆڤدا سەروەرن".

## ٢-٤-٤- کێشەکانی ئێستێتیکی کانت

کانت لەم جێیەدا دەست لە دیاریکردنی ئیدیال هەڵدەگرێت. کەواتە ئەو، بەگوێرەی پێوەرەکانی '*ڕەخنەی توانستی بڕیار*'، گشتێتیی بڕیارەکانی چێژ و زەمینەی ئەو گشتێتییە لەنێو ئیدیالی جوانیدا، بەتەواونەکراوی بناغەدەڕێژێت. لە کۆتاییدا "ئیدێی ئاوەزییانەی جوانێتی"ش بە کەتوارێکی ئەمپیرییەوە گرێدراوە، واتا بە دیاردەیەکی مێژوویی تایبەتیی هونەرەوە. ڕێگەچارەی کانت ئەوەیە کە ئەدگاری نموونەییانەی هونەری گریکی بە توخمی فۆرمالەوە، واتا بە جۆری داڕشتنەوە، گرێبدات، لێ ئەم ڕێگەچارەیە پێی ناکرێت کانت لە کلاسیسیزمێک بپارێزێت. ئاخر جۆری داڕشتن پابەندکردنی ناوەرۆکییانەی سوژێ ی هونەرە بە داڕشتنی شێوەی مرۆڤەوە — شێوەی مرۆڤ وەک "شێوەی هۆشەکییانەی سروشت". هونەر کە گەرەکە "سیمبۆلی مۆڕال" بێت، تەنیا لەم تاکە شێوەیەدا مەغزای کردارەکەی خۆی پێبەدیدەهێنرێت. کەواتە شێوەگەلی دیکەی سروشت شیاوی ئەوە نین کە ببن بە سیمبۆلی هۆشەکێتی یان مۆڕالێتی، بۆ ئەمەش کانت هیچ ڕوونکردنەوەیەک ناخاتە بەردەم. بە پێچەوانەوە لە ئێستێتیکی پاش خۆیدا، بەتایبەتی لە فەلسەفەی هونەری هێگلدا، هەوڵ دەدرێت لە کولتوورانی دی نموونە وەربگیرێت تاکو هێزی سیمبۆلییانەی شیوەگەلی دیکەی سروشت پێشان بدرێت. بە هەر حاڵ، گەر هزرینی کانت لەنێو خۆیەوە وەربگرین کە تێیدا هونەر دیاری دەکات، ئەوا سنووردارکردنی هونەر بۆ داڕشتنی شێوەی مرۆڤ کارێکی ماقوڵە، چونکە ئەمیش سەرئەنجامی ئەو دیاریکردنەی هونەرە وەک لاسایی سروشت کە لە ئێستێتیکی ڕۆشنایییەکانەوە وەرگیراوە. ئاخر ئەوەی ڕاستی بێت، تەنیا شێوەی مرۆڤ تاکە شێوەیەکی سروشتە کە لە لاساییکردنەوەی پەتیدا هاوکات هۆشەکیشە، واتا ناچارەکییانە سیمبۆلێکی مۆڕالێتییە. لێ تا ئەم دیاریکردنە بنەڕەتییەکەی هونەر وەک لاسایی سروشت نەخرێتە ژێر گومانەوە، ناتوانرێت خۆ لە کلاسیسیزمی ناپەسەندتر، واتا لە پابەندکردنی هونەر بە جۆرە داڕشتنێکی مێژوویی-ئەمپیریانەی هانابۆبراوەوە، دەرباز بکرێت. ئێستێتیکی کانت کە وادیارە تەنیا "فۆرمال"ە (شێوەکییە)، ناچارە لە دیاریکردنی جوانێتیدا دەستبباتەوە بۆ ناوەرۆکگەلی هەبوو، لێرەشدا بەرانبەر ئەو ناوەرۆکانە ناڕەخنەیی دەمێنێتەوە. هۆی ئەمە تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فۆرمالێتییە کە پێشتر ناوبرا، یان دەگەڕێتەوە بۆ بێمێژوویەتیی ئێستێتیک، هۆکاری ئەمەش خۆی لە دیاریکردنی هونەردا وەک لاسایی سروشت دەبینێتەوە، لێ تا ڕادەیەکی دی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک پێکەوەنەگونجاویی (ئاپۆریی) دیکەی "ئێستێتیک وەک زانستی جوانێتی"، کە کانت توانای نەبوو یەکلایان بکاتەوە.

### – نامێژوویەتیی ئێستێتیک

گومانی تێدا نییە کە کانت توانیوێتی بڕیارەکانی چێژ و ئێستێتیکی فەلسەفەیی لە ئارەزووی خۆیی ڕاپسکێنێت. کێشەکە لەم هەوڵەی کانتدا ئەوەیە کە دیاریکردنی هونەر وەک لاسایی سروشت لەنێو شێوەی جواندا، لە کۆتاییدا ئیدیالی جوانێتی و بەمەش خودی هونەر بە ئیدیالێکی مەئریفەوە دەبەستێتەوە، لێ ئەم دیاریکردنەی ئیدیال بەس

نییە، چونکە نەک تەنیا گەرەکە لە پێشوێنەی / نموزەجی جوانیدا ڕاستێتیی دارشتنەکە دەستەبەر بکرێت، واتا سروشت دروست لاسایی بکرێتەوە، بەڵکو هەروەها چونکە ڕاستێتیی جیهاندیدییەک (هینی پەیوەندیی سروشت بە مرۆڤەوە) دەکرێت بە بابەتی دانوستاندن. ئیدی ئیدیالی جوانی وەک ئیدیال لە مەغزای تەواوەتییدا بریتی دەبێت لەو گوزارشتە نموونەییەی مۆرالێتی کە لەنێو کاری هونەریی ئەمپیریدا (بەرجەستەدا) دراوە، بریتی دەبێت لە جۆرێکی دارشتنی سروشت کە بەندە بە توانستی بەدیهێنانێکی مرۆڤییانەی تایبەت ی جیهان یان سروشتەوە. خودی کانت لە دیاریکردنی جوانیدا وەک ***'سیمبۆلی مۆرالێتی'*** ئاماژە بۆ ئەم بیرلێکردنەوەیە دەدات، ئەویش کاتێک دەرچوو لە لاسایی سروشتەوە گۆڕان بە دیاریکردنی بلیمەت دەدات. هونەر لە کۆنتێکستی دیاریکردنی بلیمەتدا تەنیا دەربڕینی سروشت نییە، بەڵکو هەروەها دەبێت بە "ڕاڤەی جیهان". بلیمەت وەک دروستکاری شێوەی جوان، هینی کاری هونەری، هاوکات دروستکاری ڕاڤەیەکی سروشتە لە ڕوانگەی مرۆڤەوە. بۆیە هونەری جوان تەنیا دەربڕینی سروشت ناخاتەوە، بەڵکو هەروەها ڕاڤەی سروشتیش. کەواتە گەر ئەوها بڕوانین، ئەوسا بەدیهێنانی هونەریانەی جیهان دەبێت بە لەبریی بۆ بەدیهێنانی کۆگنیتیڤ (مەئریفەیی) و کردارییانە، واتا ئەوسا دەبێت بەدیهێنانی هونەر بەگوێرەی تێڕوانینی ئەڕیستۆتێلیس وەک "کرداری جوان" ڕاڤە بکرێت.

ئەو گرفتە کە کانت ناتوانێت لە شرۆڤەکەیدا کۆتایی پێبهێنێت، بۆ ئەم هۆیە دەگەڕێتەوە: دیاریکردنی ئیدێی ئاوەزییانەی (ئاوەزکردووی) جوانێتی کە کانت وەک بناغەی پێناسەی بلیمەت دایدەنێت، لە بنەڕەتدا دیاریکردنێکە کە لە خۆیدا پتر پەرەدەسێنێت، لێ کانت ڕەچاوی ئەم پەرەسەندنەی ناکات. ئاخر دەستپێکەکە لە دیاریکردنی هونەردا وەک سیمبۆلی مۆرال دەشیا ببووایە بە پاڵهێزی گۆڕاندان بە تیۆرییەکی مێژوویەتیی هونەر و مێژوویەتیی بەدیهێنانی هونەر. لێ کاتێک کانت شرۆڤەی بڕیاری چێژ دەکات و لەسەر زەمینەی ئەم شرۆڤەیەش بناغەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی دەڕێژێت، لێرەدا کولتوور و مێژوو، وەک دوو چێوەی بنەڕەتیی لێتێگەیشتن و سەرهەڵدانی هونەر، وەلاوەدەنێت. درەنگتر لە هەوڵەکانی دیکەی ئێستێتیکدا کە خۆیان بە کانتەوە گرێ دەدەن، بە تایبەتی لای شیلەر و هێگل، ئەم "سەبژێکتیڤیزمەی بڕیاری چێژ" (هانز-گیۆرگ گادامەر) کۆتایی پێدەهێنرێت.

## ٢-٥- ئێستێتیک وەک تیۆریی مەئریفە بە دەستوێژی مۆدێرن

پنتە تایبەتەکانی ئەرگومێنتهێنانەوەی ئێستێتیکی کە لە تیۆرییە ڕوونکراوەکانی سەرەوەدا پێشاندران، لە دەستپێکە هاوچەرخەکانی ئێستێتیکدا دووبارە دەبنەوە، هێندە نەبێت کە ئێستا دیاریکردنی ناسین وەک بناغەی ئێستێتیک گۆڕانی بەسەردا دێت.

### ٢-٥-١- نوێکانتیزم و فێنۆمێنۆلۆژی

له ئێستێتیکی نوێکانتیزمدا هەوڵ دەدرێت ئێستێتیک نەک تەنیا وەک توخمی تیۆریی مەئریفە ئاوەڵا بکرێت، بەڵکو هەروەها تیۆریی مەئریفە و فەلسەفەی پراکتیکی، ئەوجا ئێستێتیک وەک ئەڵقەی نێوان هەردووکیان، پەرەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی ببن بە فەلسەفەیەکی کولتوور، لێ ئەم فەلسەفەیەی کولتوور لەسەر بناغەی تیۆرییەکی سەبژێکتیڤێتی گۆڕان پێدەدرێت، لەبەر ئەم هۆیەش مرۆڤ تەنیا کورتهێناو بۆی دەلوێت پەی بە مێژوو و لەتەک مێژووشدا بە خویابوونە گۆیا-ئۆبژێکتیڤییەکانی (کڤازی-ئۆبژێکتیڤییەکانی) سەبژێکتیڤێتی بەرێت — کە بێگومان هونەریش سەر بەو خویابوونانەیە.

هەروەها لە ئێستێتیکی فێنۆمێنۆلۆژییانەدا کە لە ئێدموند هوسەرلەوە دەردەچێت و ڕۆمان ئینگاردن گرنگترین نوێنەرێتی، خۆ بە تیۆریی مەئریفەوە گرێ دەدرێت. ناسینی ئەو شتانە کە وەک "جوان" یان وەک "کاری هونەری" دادەنرێن، ناسینی شتە ڕیالەکان نییە، بەڵکو ناسینی هەندێک چۆنێتیی تایبەتی بابەتەکەیە. ئێستێتیکی فێنۆمێنۆلۆژییانە ئەم چۆنێتییانە وەک بەها دادەنێت و پرسیار لەبارەی بەها ئێستێتیکییەکان دەکات. بۆیە لە شرۆڤەی بەدیهێنانی بەهادا جیاوازییەکی تایبەت لە نێوان تیۆریی مەئریفە و ئێستێتیکدا لەگۆڕێیە. لێ هاوکات کارە هونەرییەکان، واتا "خودی شتەکان" لای هوسەرل، بەڕێی بەدیهێنانەوە دیاری دەکرێن. کارە هونەرییەکان تەنیا بەڕێی ئەو بەهایەوە کە خراوەتە نێویانەوە، لە شتەکانی دی جیادەبنەوە. کەواتە ئێستێتیکی فێنۆمێنۆلۆژییانەش بناغەیەکی مێتافیزیکیی هەیە. بابەتە ئێستێتیکییەکان بەڕێی "ئۆنتۆلۆژیی هونەر"ەوە لە بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانە جیادەبنەوە، ئەم ئۆنتۆلۆژییەش ڕێبازێکی بەهایە. ڕێبازی بەها هەرەمێکی بەهاکان دەچەسپێنێت، لێرەشدا سەرەکییانە وای دادەنێت کە بەهای سروشتی و بەهای کولتووری لە یەکدی جیابوونەتەوە. لێ هەروەها لەنێو بەها کولتوورییەکانیشدا هەرەمێک لە بەهای مادددییەوە ڕووەو بەهای هۆشەکی زیتبۆتەوە. تەنیا گەر مرۆڤ پەیوەندیی سروشتییانەی (ڕۆژانەیی سانای — و) خۆی بە گرنگیدانە ڕۆژانەییەکانەوە لەکاربخات، ئەوسا دەتوانێت ئەزموونی ئێستێتیکی بکات، ئەم ئەزموونکردنەش لە شێوەی بەدیهێنانی بەهادا. کەواتە لە ئێستێتیکی فێنۆمێنۆلۆژییانەدا "ئێپۆخێ"کەی هوسەرل بەسەر بەدیهێنانی ئێستێتیکیدا بەکاردەبرێت و وەک سەربەخۆ لە هەر گرنگیدانێکی ڕۆژانەیی دیاری دەکرێت. نەبوونی گرنگیدانی ڕۆژانەیی هەڵوێستە بنەڕەتییەکەی بەدیهێنانی هونەرە.

کەواتە ئێمە لە بەدیهێنانی هونەردا "بایەخی پراکتیکی"مان نییە، بە پێچەوانەوە "مەغزا" گرنگە، یان بنیاتنانی مەغزا و واتاداری لەنێو بابەتێکی تایبەتیدا گرنگن. "بەها"ی کاری هونەری لەم شێوازەی بەدیهێناندایە، ئەوجا ئێستێتیکی فەلسەفەیی ئەو بەدیهێنانەی هونەر وەک وەڵام بۆ بەهایەک شرۆڤە دەکات کە لەنێو کاری هونەریدا ئەزموونکراوە.

ئەوها دەنوێنێت کە بەو شێوەیە توانرابێت گرفتێکی ئێستێتیکی نوێسەردەم بەتەواوی وەدەرنرابێت، واتا: پێدەچێت هونەر وەک مەئریفە، هەروەها ڕۆشنکردنەوەی پێکهێنانی (چێکردنی کرۆکییانەی) کاری هونەری و کارایی هونەر وەک شێوەیەکی ناسین، بەیەکجاری مسۆگەر کرابن. ئێستا چیدی ئێستێتیک تەنیا کەرتێکی تیۆریی مەئریفە نییە، هەروەها چیدی خۆی بۆ کایەکەرتێکی ژێرینەیی تەرخان ناکات، کایەکەرتێک وەک پێشحەوشەیەکی مەئریفەی ڕاستینە، نەخێر، ئێستا تەنانەت کاری هونەری کە شتێکی بەرجەستەیە، هاوشێوەی مەئریفەیە یان وەک مەئریفە دیاردەدات. بەڵێ تەنانەت هونەر وەک شێوازێکی هەڵکەوتووی ناسین دادەنرێت، چونکە لە ڕەوتی هەوڵداندا بۆ شرۆڤەکردنی فەلسەفەیی هونەر، گرفتەکانی تیۆریی فێنۆمێنۆلۆژییانەی مەئریفە سەرهەڵنادەن. واتا: ڕێبازی فێنۆمێنۆلۆژییانەی مەئریفە شیاوی ئەنجامدان دەبێت، گەر هاتوو تەجریدکردنێک لە کێشەی ڕیالێتی ی سەربەخۆ لە مەئریفە ئەنجام بدرێت و تەنیا لایەنی بەدیهێنانی بابەتە ڕیالەکە دابڕێژرێت، ئەم کارەش ئێستا لە ئێستێتیکدا پێویست نییە؛ لێرە ڕیالێتیی ئۆبژێکتە ئێستێتیکییەکە خۆی بابەتێکی ئینتەنسیۆنالە (مەبەستەکییە). ڕیالێتیی ئۆبژێکتە دانراوەکە و مەبەستەکێتیی ئەکتە بەدیهێنەرەکە (مەبەستلێبووەکە) لە یەکێتییەکی نەشیاوی جیابوونەوەدا هاوجووت دەبن.

بەها تایبەتییە ئێستێتیکییەکان لە ئەنجامدانێکی تایبەتیدا، واتا لە هەستکردندا بە بەها، دەرکدەکرێن. لێ ئێستێتیکی فێنۆمێنۆلۆژییانە بەهۆی گریمانەکردنی ئەو بەها تایبەتییانەوە دەخزێتە نێو کێشەی بناغەییەوە. لەم ئێستێتیکەدا بەهاکان لەپاڵ ڕیالێتیدا دانراون، هەرەمییانە ڕێکخراون بەبێ ئەوەی پلەبەندیی بەرەو ژووریان ڕوونبکرێتەوە. ئەوجا بۆ پاڵ ئەم کێماسە بنەماییە ڕیزێک کێشەی دی دێنەئاراوە. کێشەی ئێستێتیکی بەها بە چاکترین شێوە لە دیاریکردنی هونەرەکاندا لای ئینگاردن دەردەکەوێت، واتا دیاریکردنی بابەتە ڕیالەکان کە لە ئەکتی ئێستێتیکیدا بەدیدەهێنراون، ئەمەش بەتایبەتی دیاریکردنی تەلارسازی دەگرێتەوە. ئۆبژێکتەکانی تەلارسازی، وەک بینا و کلێسەکان، ئۆبژێکتی بەکارهێنانن نەک کاری هونەری. لێ ئەم ئۆبژێکتانە لە بەدیهێنانێکی زۆر تایبەتی بەها ئێستێتیکییەکەیاندا، واتا لە چۆنێتیی شێوەکەیاندا، وەک کاری هونەری دەردەکەون. بۆیە ئینگاردن بەو دەرئەنجامە دەگات کە هونەر تەنیا بەجیاکراوەیی لە جیهانی ڕۆژانە و بەهاکانی، شیاوی ڕیالیزەکردنە. لێرەدا دەبینین، کە ڕوانینی سەردەمیمان لە هونەر وەک جیهانی تایبەت (جیاکراوە) بەپاڵ جیهانی ڕۆژانەوە، بەو جۆرە لێهزرینانە ڕەوابوونی خۆی وەردەگرێت؛ لێ ئێمە هەروەها دەبینین کە جیابوونەوەی جیهانی ڕۆژانە و جیهانی هونەر داوای بناغەڕشتنێک دەکات کە ڕێبازی بەهایە بەبێ ئەوەی ئەم ڕێبازەی بەها خۆی شیاوی بناغەڕشتن بێت.

### ٢-٥-٢- ئێستێتیکی شرۆڤەیی

لەبەر ئەوەی ئێستێتیکی فێنۆمێنۆلۆژییانە بەڕێی بناغە تیۆرییەکەی بەهاوە لە دیاریکردنی هونەردا وەک مەئریفە دەمانخاتە بەردەم ڕیزێک کێشەی دیکە، ئەوا چاک دەبێت گەر ڕوو بکەینە ئێستێتیکی شرۆڤەیی مۆدێرن. هونەر لەم ئێستێتیکەشدا وەک شێوەیەکی ناسین دادەنرێت، لێ ئێستا چیدی پێویست نییە هونەر بەهۆی سێنسێتی

و بینەییبوونییەوە نزم بنرخێنرێت. ئەم هەوڵە مۆدێرنەی ئێستێتیک، لەچاو ئێستێتیکی فێنۆمێنۆلۆژیانەدا، بناغەیەکی ئۆنتۆلۆژیانەی هەیە بە پێشمەرجی قانعتر و کەمترەوە. ئێستا لێرە مەسەلەکە دیاریکردنی بەها نییە کە لە ناسیندا ڕیالیزە دەبێت، بەڵکو دیاریکردنی واتای خودی ناسینە، ئەم دیاریکردنەی ناسینیش گەرەکە هاوکات دیاریکردنێکی هونەر بێت. لێرە ناسین بەواتای هێنانەئارای پرۆژەی جیاوازی جیهان (لە زانست و هونەردا). پرۆژەکانی جیهان لە مامەڵەکردن لەتەک جیهاندا ئەنجامدەدرێن، هەروەک ببێژین کردار بناغەی ئەو پرۆژانەی جیهانە و بەمەش ئەوان لەنێو جیهانی ڕۆژانەماندان نەک لەنێو جیهانی تایبەتی بەهاکاندا. لە خوارەوە بەدرێژی خۆمان بەو ئێستێتیکە شرۆڤەییەوە خەریک دەکەین کە وەک تیۆریی زمان، وەک تیۆریی هێما، گۆڕانی پێدەدرێت.

## - ئێستێتیکی زمانشرۆڤەیی

ئێستێتیکی زمانشرۆڤەیی بەتایبەتی گرنگە، چونکە گەرچی ئەمیش لەسەر زەمینەی تیۆرییەکی مەئریفە گۆڕانی پێدەدرێت، لێ ئەم سەرلەنوێ مەئریفە پێناسە دەکاتەوە. مرۆڤ ئێستا بۆ ئەوەی بزانێت مەئریفە چییە، جەخت لە شرۆڤەیەکی هزرین یان شرۆڤەیەکی ئاگایی ناکات، بەڵکو زمان بۆ ئەو مەبەستە وەردەگرێت. بەمپێیە گەر بمانەوێت بزانین مەئریفەی ئێستێتیکی چییە، ئەوا پێویستە ئاخافتنمان لەبارەی کارە هونەرییەکان شرۆڤە بکرێت، لێرەشدا دەشێت شرۆڤەی زمان بە دوو شێوازی جیا سەرچاوە بگرێت: یان لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمانەوە (ئەمە ناودەنرێت دەستپێکی زمانییانەی نۆرمال) یان لە زمانەوە وەک سیستەمی هێما (ئەمیان ناودەنرێت دەستپێکی زمانییانەی فۆرمال) دەستپێدەکات.

لودڤیگ ڤیتگنشتاین بە هزرینەکانی خۆی لەمەڕ ئێستێتیک فۆرمی ئێستێتیکی زمانشرۆڤەیی ئامادە دەکات، ئەم ئێستێتیکەش گۆڕان دەدات بە شرۆڤەیەکی ئاخافتنی نۆرمالی ڕۆژانەی ئێمە لەبارەی هونەر. "ئێستێتیکییە زمانشرۆڤەییەکان لەو باوەڕەدان کە گەر شێوازی بەکارهێنانی وشە و ڕستەی تایبەتی ڕوونبکرێتەوە، ئەوسا تیشک دەپەخشێتە سەر کێشە تایبەتییە کلاسیکییەکانی ئێستێتیک (کێشەکانی 'جوانی'، 'بەهای ئێستێتیکی'، 'چۆنێتییە ئێستێتیکییەکان'). بۆیە ئێستێتیکییە زمانشرۆڤەییەکان وەسفی ئەو جۆر و شێوازە دەکەن کە تێیاندا وشەی وەک 'جوان'، ڕستەی وەک 'ئەمە (ئێستێتیکییانە) چاکە' یان 'ئەمە سەرنجڕاکێشە' بەکاردەهێنرێن". بەمەش کێشەیەکی ئێستێتیکی زمانشرۆڤەیی ئاشکرا دەبێت: هەمەچەشنەیی ئاخافتنە ڕۆژانەییە "ئێستێتیکییەکان" بوار دەدات کە داخراوییە سیستەماتیکییەکەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی نەمێنێت.

تێڕوانینی زمانییانەی فۆرمالی ئێستێتیک دەیەوێت گرفتی ناچارییەکە بۆ شرۆڤەکردنی هەمەجۆرییەکی ئاخافتنی ئێستێتیکی نەهێڵێت. لێرەدا هەوڵەکەی نیلسن گوودمان بۆ گۆڕاندان بە ئێستێتیک وەک تیۆریی هێما دادەڕێژین، چونکە ئەو کێشەکانی ئێستێتیکی ترادیسیۆنی و پێناسەی هونەر وەک فۆرمێکی تایبەتیی ناسین، هەروەها دیاریکردنی هونەر وەک "ئەم بوونەوەرە تایبەتییە" (ئۆنتۆلۆژیی هونەر)، بە دەستپێکێکی یەکخەر چارەسەر دەکات، واتا بە تیۆریی هێما (سیمبۆل) وەک بناغەی ئێستێتیک. گوودمان جەخت لەوە دەکات کە ئەم دەستپێکە

زمانییە فۆرماڵە هەروەها لەنێو خودی فەلسەفەی ڤیتگنشتایندا هەیە. چە مەئریفە و چە هونەر لە پرۆژەی جیهانییانەی (ways of worldmaking) زمانیدا جیهان ئاشکرا دەکەن. هونەرەکانیش هاوشێوەی تیۆرییە زانستییەکان وەک سیستەمگەلی هێما دەردەکەون، ئەوان وەک سیستەمی هێما کردەکێتی ئاشکرا دەکەن. بۆیە تیۆریی ئێستێتیکی وەک تیۆریی هێما گۆڕان پێدەدرێت و ئانالیتیکی زمان ئەنجام دەدات، هێماکانی زمانیش سیمبۆلە تایبەتییە ئێستێتیکییەکانن، واتا بریتین لە کارە هونەرییەکان. ئەم تێڕوانینەی هونەر وەک زمان پێگەی مێتاتیۆرییەک بەرانبەر پرۆژە تیۆرییەکانی هونەر کە لە تیۆریی هونەرەکانی شێوەسازی و موزیک و ئەدەبناسیدا ئەنجام دەدرێن، وەردەگرێت. وەک چۆن لە ئێستێتیکی فەلسەفەییدا باوە، گوودمانیش بە هەمان شێوە دەخوازێت لە شرۆڤەی زمانەکانی هونەردا گۆڕان بە تێگەی بناغەیی بۆ هونەر و زانستەکانی هونەر بدات.

### - هونەر وەک زمان

ئێمە بە دیدی گوودمان هیچ ڕاستییەکی "ئۆبژێکتیڤی"مان نییە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر پرۆژەمان هەیە کە وەک پرپایەک بۆ کردارمان دەردەکەون و وەک ڕێنومایییکردن لەگۆڕێن. چە ناسین و چە فۆرماندنی هونەری گۆڕان بە وێنەگەلی جیهان دەدەن، پرۆژەی دیدێکی شیاوی جیهان دادەنێن، ئەمەش دیدێکە کە ئێمە بۆ ئاڕاستەی کردارمان پێویستمان پێیەتی. هەر یەکەی ناسین و هونەر "ڕێگەی پرۆژەی جیهانی" (a way of worldmaking) ئاوەڵا دەکەن. لێ پەسندبوونی ئەو وێنانەی جیهان بەند نییە بە هەرچۆنێکی یەکگرتنەوەی شیاوی ئیسپاتکردنەوە لەتەک خودی شتەکاندا، بەڵکو بەوەوە بەندە کە داخۆ ئەو وێنانە بتوانن نێوبکەرییانە (ئینتەرسەبژێکتیڤییانە) ببن بە ڕێنومای مامەڵەکردنی ئێمە لەتەک شتەکاندا. لە کارایی هونەرەکاندا بۆ ناسین یان لە کارایی ئەواندا وەک مەئریفە دیاریدەکرێت کە هونەر چی"ـە" (*ist*). کەواتە تیۆریی هێما هاوکات بڕیار بەسەر پێگەی ئۆنتۆلۆژییانەی هونەردا دەدات، یان بە واتایەکی دی، تیۆرییەکە خۆی هاوکات ئۆنتۆلۆژیی هونەرە. لێ پێشمەرجیەکانی ئەم ئۆنتۆلۆژییەی هونەر کەمن: گوودمان لە ڕاڤەیەکی نۆمینالیستیی ناسینەوە و بەمەش هەروەها لە شێوازی بوونی هونەرەوە دەردەچێت. چە تێگە، چە ناسین و هەر شێوازێکی تێگەیشتنی جیهان، تەنیا خەیاڵن / هەڵبەستن (Fiktion)، چونکە لە کرداری سەبژێکتەوە سەرهەڵدەدەن. بۆ ناسین و هونەر هیچ سەنگێکی مەحەک لەنێو "خودی شتەکان"دا نییە، بەمەش هەروەها هیچ لێژگەیەکی توانستی ڕاستی لە نێوان هونەر و شێوازەکانی دیکەی پرۆژەی جیهاندا نییە. بەڵێ لەم پەیوەندییەدا خودی ناسین وەک پرۆژەیەکی جیهان دەردەکەوێت، ئەمەش لە مەغزای "هەڵبەستن"ەکەدا (des „Setzens“)، واتا لە مەغزای پێکهێنانی وێنە-جیهان (Welt-Bild) -ێکدا. پرۆژەیەکی بەم چەشنە هیچ گشتێتییەکی شارراوەی نێو جیهان ئاشکرا ناکات، نەخێر، تایبەتمەندیی ئەم پرۆژەیە لەوەدایە کە جیهان، وەک تیپی (ئۆسەمبلی) هەر شتێکی شیاوی ئەزموونکردن، لە لایەن سەبژێکتەوە بنیاتدەنرێت. لێرەوە ئیدی ئەم دەرئەنجامە دەکەوێتەوە: "چۆن مرۆڤ وەسفی جیهان دەکات، دەیبینێت، وێنەی دەداتەوە، بەرێژەی ئەوەندە شێوازیش جیهان لەگۆڕێ دەبێت، هەروەها شێوازی بێهاوتای بوونی جیهانیش وجودی نییە. بە وشەگەلی دیکە

ببێژین: گەر مرۆڤ لە شێوازەکانی بوونی جیهان، لە شێوازەکانی وەسفکردنی یان وێنەدانەوەی جیهان بدوێت، ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت کە گۆیا تاکە شتان هەن و کتومت شیاوی وەسفکردن یان وێنەدانەوەن، بەڵکو تەنیا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە ئێمە بە وەسفکردنەکانی جیهان یان وێنەدانەوەکانی جیهان ڕێگەی خۆمان لە کرداردا دەدۆزینەوە، ئەویش کاتێک ئێمە نێوکۆییانە لەسەر پەیوەندیگەلی-جیهان (Welt-Verhältnisse) ڕێکدەکەوین.

لە ئێستێتیکی فەلسەفەیی تا ئێستاکانەدا بڕیارێک دەدرا و ئەوە بوو، کە توانستی مەئریفەیەک بۆ ڕاستی پلەبیانە بەگوێرەی ئەوە دیاری دەکرا، کە داخۆ تا چەند مەئریفەکە لەسەر بناغەی لێڕوانین یان تێگە بنیاتنراوە. ئێستا ئەم بڕیاردانە پێشیانییە لادەبرێت. تێڕوانینی گوودمان ئەوەیە کە هونەر لە دۆزینەوەی ڕاستی یان دەربڕینی ڕاستیدا کەمتر نییە لە فۆرمی هیچ مەئریفەیەکی دی. ئاشکرایە کە شێوازی مەئریفەی هونەر جیاوازە لە هینی زانست یان هینی لێڕوانینی ڕۆژانە، لێ ئەو مەئریفەیەی هونەر هێشتا هەر مەئریفەیەکی دی یان خراپتر نییە، نەخێر، لە بنەڕەتدا مەئریفەی هونەریش، هاوشێوەی زانینی زانستی یان تێگەیشتنی فەلسەفەیی، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت داڕشتنێکی ئەوتۆی جیهان بخاتەوە کە لە خزمەتی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆدا بێت. هونەر و زانستەکان لە مامەڵەکردنیان لەتەک جیهاندا کە مامەڵەکردنێکی کەمتەرخەمە، هیچ جیاوازییەکیان نییە. هەروەها مەسەلەکە لە هونەردا بریتی نییە لە شادیبینینی ئێستێتیکییانە، لە زانستدا بریتی نییە لە جددییەتێکی گونجاو بە مەئریفە. ئەو پرسە کە مەئریفە لە لایەنی خۆیەوە "دەرفەت دەدات بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ساتاربوونێک بگات کە ئەو خۆی بۆی نەگەڕاوە"، بە هەمان شێوە چواندنی چە بۆ چێژبینینی ئێستێتیکی و چە بۆ چێژبینینی زانست یان زانا هەیە. بێگومان ئەزموونکردنە ئێستێتیکی و زانستییەکان بەڕێی ئەم چێژبینین یان ئەم هەستەوە چێ نەبوون، بەڵکو هەردووکیان بە هەمان شێواز ئەزموونی کۆگنیتیڤن.

- **کارایی کۆگنیتیڤی سۆز**

گەر مرۆڤ لە ئێستێتیکی ترادیسیۆنییەوە دەربچێت، ئەوا ناچارە پرسیار لەبارەی ڕۆڵی هەست یان سێنسێتی بکات، ئەوجا وای بۆ بچێت کە لە هونەردا مەئریفە نارۆشن دەکرێت، یان پەتییێتی (پاکژێتی)ی ڕاستی بەو هۆیەوە کە سێنسێتی پێی تێکەڵ بووە، لێڵ دەبێت. گوودمان ڕەخنە لەم دابەشاندنە بەسەر ئاوەز و سێنسێتیدا دەگرێت و ناوی دەنێت پاشماوەیەکی مێتافیزیکییانەی تیۆری، کەواتە وەک کارێک دەیبینێت کە نەشیاوە لە بەرنامە نۆمینالیستییەکەی ئەوەوە بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە. گوودمان بە پێچەوانەوە ئەم تێزە دەکات بە دەرچە: گومانی تێدا نییە کە سۆزەکان بۆ جیهاندیدیی ئێستێتیکی (و زانستی) بەبایەخن، وەلێ لە ئەزموونی ئێستێتیکیدا کارایییەکی کۆگنیتیڤ وەردەگرن. سۆزەکان بەڕێی هەستەوە، بەڕێی سێنسەکانەوە، نێوەندیاریی هاتنەدیی تێگەیشتنێک دەکەن، ئەوان دەستوێژن بۆ کەشفکردنی ئەدگاری هێماکانی تێگەیشتن، بۆ نموونە تێگەیشتن لە کارە هونەرییەکان. مرۆڤ "چە بەڕێی هەست و چە بەڕێی سێنسەکانەوە لە کاری هونەری تێدەگات". لە چالاکیی نێویەکییانەی (Interaktion) دەرککردن و پێشبینی و هەستەوە تێگەیشتنێکی ئێستێتیکییانەی تایبەتی جیهان، یان تێگەیشتنێک بەڕێی کاری هونەرییەوە، دێتەگۆڕێ، ئەم تێگەیشتنەش بەڕێی زمانەوە دێتە دەربڕین. ئاخر زمانێکی هونەر هەیە. بەمەش ئیدی

سەرئەنجامێک بەڕوونی خویا دەبێت: هونەر خۆی پرۆسەیەکی تێگەیشتنە. چۆن توێژینەوەی زانستی "پاسیڤە"، بە هەمان شێوە "خوێندنەوەی کارە هونەرییەکان" دەبێت بە "توێژینەوەی پاسیڤ"، ئەویش چونکە هەڵوێستوەرگرتنی ئێستێتیکی هاوشێوەی هەڵوێستوەرگرتنی زانستی "نارامە، زانینخوازە، پشکنەرە — لە بنەڕەتدا کەمتر هەڵوێستە، بەڵکو بەزۆریی کردارە: بریتییە لە ئافراندن و ئافراندنەوە". بۆیە تێڕامان (کۆنتێمپلاسیۆن) لە جیهان پاڵهێز نییە بۆ سەرهەڵدانی هەڵوێستی ئێستێتیکی، بەڵکو هەڵوێستی ئێستێتیکی شێوازێکە بۆ کردنی جیهان: بریتییە لە پرۆژەی جیهان. ***هونەر نەک ڕامان، بەڵکو بنیاتنانی جیهانە***. لەم تێزەی گوودماندا نەک تەنیا هەر شێوەیەکی تیۆریی لاسایی ڕەتیدەکرێتەوە، بەڵکو هەروەها کۆتاییپێهێنەرانە ڕەوایەتی بە هونەر وەک مەئریفەی جیهان دەدرێت.

گوودمان بەم دەستپێکە نوێیە خۆی لە زۆر گریمانەی پرکێشەی ئێستێتیکی ترادیسیۆنی لادەدات. بۆ نموونە دەشێت پرسیارەکە سەبارەت بە بەهای کاری هونەری بەم چەشنە وەڵام بدرێتەوە: بەهای کاری هونەری بریتییە لە بەدیهێنانی کارایی کۆگنیتیڤ، بریتییە لە بەهێماکردنی سەرگرتوو یان بریتییە لە کۆمونیکاسیۆن بەیاریدەی دارشتنێکی تایبەتیی زمانی. لێ ئەوسا دەشێت نرخاندنی کارێکی هونەری وەک وەڵامێک لەسەر ئەو پرسیارە دیاری بکرێت کە داخۆ تا چەند دەستوێژە هەڵبژێرراوەکانی دارشتن لە خزمەتی مەبەستە کۆگنیتیڤەکەدان. بۆیە گوودمان بەهای ئێستێتیکی پێناسە دەکات وەک: کاریگەرییە کۆگنیتیڤەکەی بەهێماکردنی تایبەت (دارشتنی مەحسوس)ی ئێستێتیکی. "چە بزووتن و چە بەردەوامیی بەها ئێستێتیکییەکان بریتین لە سەرئەنجامی سروشتیی کارەکتەرە کۆگنیتیڤەکەی خۆیان." بەم شێوەیە پرۆژەی "تێگەیشتنی ئێستێتیکی وەک فۆرمێکی مەئریفە" دەبێت بەهۆی "هەڵوەشاندنەوە و هەروەها دازناندن"ی پرسیارێکی فشارکەری ئێستێتیکی: پرسیار لەبارەی بەهای ئێستێتیکی.

### – تیۆریی زمان وەک تیۆریی مەئریفە

گوودمان تیۆریی-هێما ی هونەر لەنێو تیۆرییەکی گشتگیری مەئریفەدا دادەنێت. ڕاستیی هونەر هاوشێوەی ڕاستیی هەر مەئریفەیەک بریتییە لە "a matter of fit" (مەسەلەی گونجان)، هەروەها چۆنێتیی مەئریفەش خۆی لە "goodness of fit"دا دەبینێتەوە. مەسەلەکە یەککگرتنەوەی زمان و کەتوار (ڕیالێتی) نییە، یان بریتی نییە لە یەککگرتنەوەی زمانی مەئریفە وەک زمانی تێگەیی و زمانی هونەر وەک زمانی هێمایی لەتەک دات (زانیاری) و فاکتەکاندا، بە پێچەوانەوە مەسەلەکە تێڕوانینی (کۆنسەپسیۆنی) جیاوازی جیهانە کە خۆیان لە کردارنواندندا، لە مامەڵەکردن لەتەک جیهاندا، دەسەلمێنن، واتا تێڕوانینەکان توانامان پێدەدەن "بە زانینی خۆمان و هەروەها بە جیهانەکەمان تەبا بین و ڕێفۆرمیان بکەین." لەم ڕوانگەیەوە جیاوازیی هونەر و ناسین بریتی نییە لە توانستمەندی بۆ ڕاستی، بەڵکو جیاوازییەکەیان لە سازاندنی ئەزموونکردنی ڕاستیدایە، یان لەوەدایە کە "ئەدگارگەلی تایبەتیی هێما باڵادەستن". بە دیدی گوودمان دەبێت ئامانجی هەموو ئێستێتیکێک گۆڕاندان بێت بە "دیراسەکردنێکی سیستەماتیکییانەی هێماکان"، بە دیراسەکردنی "سیستەمی هێما و جۆرەکانی کاراییان لەنێو دەرککردن و کرداری ئێمەدا، هەروەها لە هونەر و زانستەکاندا، بەمەش لە دامەزراندن و دەرککردنی جیهانەکەماندا". گوودمان، هاوڕا

لەتەک ڤیتگنشتایندا، پێناسەی جیهان دەکات وەک کۆی هەموو ئەو فاکتانە کە شیاوی دیاریکردنن. لێ فاکت ئەوەیە کە مەسەلەیە — ئەوەیە کە بۆ ئێمە زمانییانە دیاریکراوە. بەم شێوەیە سیستەمەکانی هێما شێوازێکی بوون لەنێو ژمارەیەکی فرە شێوازی دیکەی بووندا بەدیدەهێنن. هەموو سیستەمەکانی هێما ئەم توانستەیان هەیە، جا وشە بن، تێکست بن، وێنە و دیاگرام و نەخشەی جیۆگرافی بن، هەر یەکەیان شێوازێکە بۆ پێشاندانی ئەوە کە مەسەلەیە. بۆیە گوودمان پێناسەی هێما دەکات وەک پێشاندانی (ڕێپرەزەنتاسیۆنی) ئەوە "کە مەسەلەیە" یان وەک "شێوازی ئیشارەکردن (تەلمیح)". ئەمەش بەواتای، هێما دەربڕینی (ئارتیکولاسیۆنی) بەدیهێنانێکی جیهانە، لەیەکتێگەیشتنی نێومرۆڤییش مەبەستی ئەم بەدیهێنانەیە. ئێستێتیک وەک تیۆریی هونەر دەبێت بە ڕێ-زمان و ڕەخنە-زمان ی تیۆریی هونەر، لێ هەروەها دەبێت بە ڕەخنەی پۆئێتیکەکان. ئێستێتیک لێهزرین (ڕێفلەکسیۆن) دەخاتەوە، بناغەی چواندنی تیۆرییە جیاوازەکانی ئەو فێنۆمێنانە دەڕێژێت کە وەک "هونەر"، وەک سیستەمی تایبەتیی هێما لەپاڵ ڕیزێک سیستەمی دیکەی هێمادا، دیاری دەکرێن. هونەر وەک بەدیهێنان، وەک زمان، کە گەرەکە تێیدا پرۆژەی جیهانێک دابنرێت و ڕاڤە بکرێت و هەروەها تێیدا ئینتەرسەبژێکتیڤێتیی ڕاڤەکردنەکە بهێنرێتەگۆڕێ، دەبێت دەرفەت بدات بە وردبینیکردنی (تەدقیقی) توانستی بەدیهێنانەکەی.

### – هونەر و ڕیالێتی

گەر هونەر شێوازێکی ئیشارەکردن بێت بۆ کەتوار (ڕیالێتی)، ئەوا دەشێت و پێویستیشە دیدی شرۆڤەکەر بۆ ئەم ئیشارەکردنە وەک ئەنجامدان تەرخان بکرێت. ئاخر هونەر دەروێنەی (کۆپیی یان لاسایی) جیهانی ڕیال نییە، بەڵکو نیشانەکردنی ڕیالێتییە بەڕێی هێماوە (سیمبۆلەوە). هونەر پێشاندانی (ڕێپرەزەنتاسیۆنی) کردەکێتیی فاکتی نییە، بەڵکو پێشاندانی بەدیهێنانێکی جیهانە. بۆیە گوودمان پێش ئەوەی شرۆڤەی ***'زمانەکانی هونەر'*** بکات، ئەم دروشمە دادەنێت: "هونەر دەروێنەی جیهانی ڕیال نییە. بە خودا دانەیەک سەروزیادە". پەیوەندیی هەر هێمایەک (هەروەها هینی هێمای هونەرەکان) بە کەتوارەوە بریتی نییە لە وێنەدانەوەیەکی (لاساییکردنەوەی) پێگونجاوی ئەو، بەڵکو بریتییە لە "دێنۆتاسیۆن" (Denotation)، واتا بریتییە لە نیشانەکردنی (Bezeichnung) پڕمەغزا. ناشێت نە ڕاستیی ناسین و نە ڕاستیی هونەر وەک دووبارەی لاساییکەرەوەی جیهان کە چۆن بەفاکتی هەیە، دابنرێن. هێما زمانییەکان ئەوە پێشان دەدەن کە هەیە (ist)، لێرەشدا بە هیچ شێوەیەک هاوشێوەیی یان ناهاوشێوەیی فیزیکی (ماددی) بۆ سەرگرتنی یان سەرنەگرتنی بەهێماکردنەکە گرنگ نییە. گوودمان بەتوندی هێرش دەباتە سەر ئەو گریمانەیە کە وای دادەنێت، گۆیا مرۆڤ لەتوانایدایە چە لە ناسین و چە لە داڕشتنی هونەریدا بە شێوەیەک ئۆبژێکت وێنەبداتەوە هەر "وەک چۆن مرۆڤ بە چاوی ئازاد و بێخەتا لە هەلومەرجی تەواو پاکژدا دەیبینێت". گوودمان لەدژی ئەم گریمانەیە ئاماژە بۆ تێزەکەی (E. Gombrichs) دەدات کە دەبێژێت نە "چاوی بێخەتا" و نە "پێدراوی ڕەها" هەیە. داڕشتنی هونەری تەنیا دروستکردنی پێشبینییەکی ئۆبژێکتە یان دروستکردنی پێشبینییەکی جیهانە. گەر تیۆرییەکی وێنەدانەوەی ڕاستی هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم داڕشتنە بدات، ئەوا شکست

دەهێنێت، چونکە هیچ ئۆبژێکتێک "لەخۆدا" نییە (بەڕەهایی ئۆبژێکت نییە – و) کە ئیدی بەدیهێنانەکە بتوانێت خۆی پێهاوشێوە بکات. ئەوە کە دادەڕێژرێت، "ئۆبژێکتە لەو شێوەیەدا کە چۆن ئێمە لێی دەڕوانین یان پێشبینیی دەکەین. گەر ئێمە ئۆبژێکتێک پێشان بدەین، ئەوا ئێمە لێرەدا پێکهاتەیەکی بەو چەشنە یان دەستوێژێکی ڕاڤەکردن (Interpretament) وێنەنادەینەوە، بەڵکو ئێمە دروستی دەکەین". ئەم دروستکردنەی هێمایەک بریتییە لە پرۆژەیەکی جیهان، جا ئێمە بە هەر دەستوێژێک ئەنجامی بدەین. گەر ئێمە بۆ نموونە فڵچەیەک یان کامێرایەک، وشەیەک یان تۆنێکی موزیک وەک ئامراز بەکاربهێنین، ئەوا ئێمە بە هەر یەکەی ئەو ئامرازانە ڕاڤەیەک (ئینتەرپرێتاسیۆنێک) بەڕێی "نیشانەکردن / دێنۆتاسیۆن"ی جیهانەوە دروست دەکەین. "ڕێسەپسیۆن (وەرگرتن) و ڕاڤەکردن ڕوودانن و نەشیاوی جیاکردنەوەن لە یەکدی". هیچ ڕاستییەک لە دەرەوەی بەدیهێنان/ ئەنجامدان (Vollzug) وجودی نییە، هەروەها هیچ بێلایەنییەک (بێغەرەزییەکی سەبژێکتیڤی) وجودی نییە، نەخێر، ئەوە کە هەیە، تەنیا بەدیهێنانی جیهانە بۆ ئێمە و نێوبکەرییانە (ئینتەرسەبژێکتیڤییانە) شیاوی ڕاگەیاندنە بە یەکدی.

### – هونەر وەک داهێنان (اختراع)ی جیهان

لەبەر ئەوەی لە ناسینی مرۆڤدا هیچ "شت لە خۆدا"یەک (Sache an sich)، هیچ ڕاستییەک لە دەرەوەی بەدیهێنان، لە دەرەوەی زمان، لە دەرەوەی بەهێماکردن بەڕێی هونەرەوە، نییە، ئەوا لای گوودمان کێشەیەکی تیۆریی هونەر وەلاوە دەنرێت. هونەر سەرلەنوێ جیهان ناداتەوە، بەڵکو پرۆژەی تێگەیشتنێکی جیهان دادەنێت. هونەر هەرگیز دۆزینەوەی وێنەدانەوەیەکی (ڕێپرەزەنتاسیۆنێکی، پێشاندانێکی) جیهان نییە، وێنەدانەوەیەک کە گۆیا لەبەر ئەوەی بەپوختی جیهان دەداتەوە، ئیدی هاوشێوەی کردەکێتییە، نەخێر، هونەر بە پێچەوانەوە بریتییە لە داهێنان (اختراع)ی ئەم ڕێپرەزەنتاسیۆنە. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت هەر جارە پرسیار بکرێت کە داخۆ وێنەیەک وەسفی چی بکات و داخۆ چە جۆرێکی وەسفکردن بێت. ڕێپرەزەنتاسیۆن / پێشاندان هەمەجۆرە و ناشێت هەر لە سەرەتاوە دیاری بکرێت، چونکە پێشاندان مەسەلەی بۆهاتنی پێشبینییە (مەسەلەی ئینڤێنسیۆنە). "پێشاندانی کاریگەر و وەسفکردن پێویستیان بە بۆهاتنی فرەی پێشبینی هەیە، ئاخر ئەوان داهێنەرانەن... ئەو شێوازەی دەربڕین کە هونەر بە لاسایی سروشت دادەنێت، زۆر ترسنۆکە. سروشت بەرهەمی هونەر و زمانە". بەمڕێیەوە هەروەها ڕووی ڕیالیزمی دارشتن هەڵدەماڵرێت و ناودەنرێت "مەسەلەی خوو". ڕیالیزمی دارشتنیش، هاوشێوەی بناغە شیاوەکەی خۆی بۆ ماتماتیزەکردن، واتا هاوشێوەی پێرسپێکتیڤ، تەنیا لە خووی بینینەوە سەرهەڵدەدات. هیچ کامیان، ڕیالیزم و پێرسپێکتیڤی خەت (Zentralperspektive)، ناشێت بە گەرەنتیی ڕاستی دابنرێت.

هەروەها پێویستە لەو گریمانەیەش بکۆڵرێتەوە کە وای دادەنێت گۆیا هونەر دەربڕینی هەستە. ئەو هەقیقەتە کە هێماگەلی تایبەتی توانایان بۆ خستنەوەی سۆز هەیە، بە هەمان شێوە تەنیا پابەندی خووە نەک زەروری بێت. هونەر بریتی نییە لە سەرئەنجامی ویستێکی هەستەکانمان بۆ گوزارشت، یان سەرئەنجامی سۆزی کارتێکراو نییە لە لایەن کردەکێتییەوە. هەروەها ئەوەش هەر مەسەلەی خوو (ی تیۆرییانەیە)، کە کاتێک داوا دەکرێت گەرەکە

داڕشتنێک دەربڕینی "شتێک" بێت. ئەم جۆرە گریمانانە لە بنەڕەتدا بەندن بە خوویەکی هزرینەوە، واتا بەندن بەو گریمانەیەوە کە گۆیا دەبێت ڕاستی، بەگوێرەی تیۆریی گونجاندن، وەک یەکگرتنەوەی تێگە / هێما و کەتوار (ڕیالێتی) پێناسە بکرێت. لێ گەرچی ئەم خووەی هزرین پشتگیریی خووەکانی دیکە دەکات، سەرەڕای ئەوە لە ڕووی فەلسەفەییەوە ناڕەوایە. ***کەواتە هونەر دەربڕینی هەست نییە***، بەڵکو شێوازێکە بۆ تێگەیشتن لە جیهان.

بۆیە وێنەیەکی جیهان شێوازە شیاوەکانی دیدی جیهان پێشان دەدات، مرۆڤیش دەتوانێت لە ڕەوتی مامەڵەکردن لەتەک جیهاندا لەسەر ئەو شێوازانە ڕێکبکەوێت. لە بنەڕەتدا داڕشتنی جیهان، پێشاندان (ڕێپرەزەنتاسیۆن) بەڕێی هونەرەوە یان بەڕێی زمانەوە، شتێک وەک شتێک پێشان دەدات. هەر لەمەشدایە لایەنە کرۆکییەکەی بەهێماکردن، بە واتایەکی دی، بەهێماکردن بریتییە لە "پێشاندان وەک...". بۆیە مرۆڤ هەست بەم بەهێماکردنانە ناکات، بەڵکو لێیان تێدەگات. فاکت و ڕوونکردنەوەی ئەندێشەیی یان خوازەییانەی (مێتافۆریانەی) فاکت بە چەشنێک سەر بە یەکدین کە ئیدی ئەو ڕوونکردنەوانە فاکتەکە ناودەبەن و ڕادەگەیەنن. کەواتە لێرەدا هەست بەدەرناکرێت، سەرەڕای ئەوە هەست بناغەی بەدیهێنانی ئێستێتیکی نییە. هەر بەم شێوەیە لە هونەردا، بە بەراورد لەتەک زانستدا، هیچ کەتوارێکی خۆیی نییە و مرۆڤ دەریببڕێت، بەڵکو تەنیا جۆر و شێوازی خۆیی هەن بۆ بەهیخۆکردنی فاکتەکان. گوودمان ئاخافتنی ترادیسیۆنی لە هەست، وەک بەدیهێنانی ڕاستینەی ئێستێتیکی، تەرجومە دەکات بۆ تایبەتمەندیی "ئێستێتیکی"یانەی وێناندنی جیهان (Welt-Bilden)، ئەمەش بەواتای، مرۆڤ لەبریی دیاریکردنێکی ڕاستینە، دیاریکردنێکی مێتافۆری، وێنەیی، هەڵدەبژێرێت. بێگومان ئاخافتنەکە جیهان دروست ناکات، تەنانەت وێنەش دروست ناکات، لێ زمان و وێنە لە دروستکردنی خۆیان و جیهاندا (جیهان لەو شێوەیەدا کە ئێمە دەیناسین) بەشدارن. بەم ڕێیەوە ئیدی "جیهانی هونەر" نە کەتوارێکی خۆیی و نە بەدیهێنانێکی خۆیی بنەڕەتی هەیە کە ئێمە بتوانین هێنراو بۆ بەرچاو، هەستپێکردوو یان دروستکەرەوانە، ئاماژەیان بۆ بکەین. هونەر هاوشێوەی هەر بەدیهێنانێکی دی شێوازێکە بۆ ئەوە کە جیهان بە لێتێگەیشتن ئاوەڵابکەین، شێوازێکە بۆ جێکردنەوەی خۆمان لەنێویدا.

## – لابردنی باری بلیمەت

بەم شێوەیە ئەو گریمانەیە کە دەبێژێت چە بڕیاردان بەسەر هونەردا و چە سەرچاوەی هونەر بۆ توانستی تایبەتیی سەبژێکت، واتا بۆ بلیمەت، دەگەڕێنەوە، چیدی پێویست نییە. سپۆنتانێتی (لەخۆوەیی)، هێنانەئارای ئافرێنەرانەی دیدێکی جیهان (eine Welt-Sicht)، لە توانستی هەموو کەسێکدان. بێگومان ئێمە سەرەتا مەیلمان بۆ ئەوە هەیە کە ڕێپرەزەنتاسیۆنی هونەری بە پرۆژەی ڕەسەنی (authentisch) جیهان دابنێین، ئەوە گەر هاتوو ڕێپرەزەنتاسیۆنەکە لە سەرەتاوە تەنیا پرۆژەیەکی جیهان بێت، ئەوجا بە ئاڕاستەی بەرەڤاژ مەیلمان بۆ ئەوە هەیە کە تەنیا پرۆژە ڕەسەنەکانی جیهان وەک کاری هونەری بناسێنین. لێ ئەم پێناسە جەختلێکراوەی پرۆژە تایبەتەکانی جیهان هیچ بناغەیەکی نامێنێت گەر هاتوو پێویست بێت وایدابنێین کە سەرجەم پرۆژەکانی جیهان لە بنەڕەتەوە

هاوبەهان. نە کەتوار لە خۆدا و نە شێوازی تایبەتیی بەدیهێنان کە کەسانی دی دیارییان کردبن، دەشێت ببن بە پێوەرێکی بەو چەشنە بۆ هونەر و ناهونەر. هەروەها لەنێو خودی هونەرەکانیشدا ئۆریجینالێتی (ئەساڵەت)، توانستگەلی گرێدراو بە کەسانی دیاریکراوەوە، هەروەها توانستگەلی گشتی، پێکەوە رۆڵی خۆیان دەگێڕن، ئەمەش گوودمان بە بەراوردکردنی هونەرە ژیاننامەییەکان (کە بە نووسەرانی تایبەتییەوە گرێدراون) و هونەرە ئاللۆگرافییەکان (کە لە پێکەوەگونجاویی بەرهەمهێنەرانی جیاوازەوە سەرهەڵدەدەن)، بۆ نموونە شێوەسازی و کاری موزیکی ی بەدیهێنراو بەرێی پێشکەشکردنییەوە، ڕوونی دەکاتەوە. گەر مرۆڤ بتوانێت پێشانی بدات کە دووپاتکردنەوەی نموزەجەکان هەمان کاری هاوشێوەی "ئۆریجینال"ـەکەی پێئەنجامدەدرێت، واتا لە توانایدایە هێماییانە (سیمبۆلییانە) جیهان ئاوەڵابکات، ئەوسا ئیدی پرسیار سەبارەت بە جیاوازیی نێوان هونەر و ناهونەر دەبێت بە شتێکی ناپێویست.

## – کێشە و سوودەکانی ئێستێتیکی شرۆڤەیی

لەم جێیەدا هەندێک کێشەی ئێستێتیکی شرۆڤەیی خویا دەبن کە لە تیۆرییەکی هێما ی زمان و دانانی ناوگەراییەوە (نۆمینالیزمەوە) وەک پێشمەرج دێنە ئاراوە. گوودمان تا ڕادەی پێویست بەوردی ڕوو ناکاتە تاکە شێوازەکانی بەهێماکردن. ئەو بەتایبەتی، بەسەر پێناسە گشتییە ناوبراوەکانی سیستەمی ئێستێتیکییانەی هێمادا، خۆی بەفراوانی بە پێکەوەگرێدانە تایبەتییەکانی ئەم شیمانانەی هێماوە کە لە هونەرە جیاوازەکاندا لەگۆڕێن، خەریک ناکات، کەواتە بنیاتنانی سەرلەبەری زمانێکی هونەر بەگوێرەی واژە و گراماتیک و سێمانتیک بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

کارە هونەرییەکان وەک سەرجەم، سەرباری جیاوازییەکانیان، لە ڕاڤەکردنەکەی گوودماندا دەبن بە هێما، واتا کارە هونەرییە جیاوازەکان دەچنە جێی ئەو هێما شیاوە جیاوازانە کە بۆ جیهان هەن. گوودمان زیاتر سەبارەت بەوە لێناهزرێت، چۆن "پێشاندان-ی-جیهان-وەک..." کە گەرەک دەبوو بەرێی توخمە جیاوازەکانییەوە لە موزیک و شێوەسازی و پۆیێزیدا بە شێوازی جیا پێناسە بکرێن، لەنێو ئەم هێمایانەدا بنیاتدەنرێت. بێگومان لێرەدا ڕەخنەیەکی بنەماییمان ئاراستەی تیۆرییەکەی گوودمان نەکردووە، بەڵکو تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەدەین کە دەبوو تیۆریی هێما ی هونەر بە چە ئاراستەیەکدا بەردەوامیی پێبدرایە تاکو بتوانێت درێژە بە دانوستاندنێک لەبارەی هونەرەکان و دیاریکردنی فەلسەفەییان بدات.

سەرباری ئەم ئاماژەیە دوو سوودی هەنگاونانی فەلسەفەییانەی دیاریکردنی هونەر لە تیۆریی شرۆڤەیی هونەردا هەن: سوودێکیان ئەوەیە کە ئەم تیۆرییە باری تیۆریی بلیمەت لەکۆڵ ئێستێتیک دەکاتەوە. گوودمان واتایەکی دی بە ڕەهایەتییەکەی توانستی بلیمەت بۆ بەپرۆژەکردنی جیهان دەدات و بەم ڕێیەشەوە دێمۆکراتیزەی دەکات: هەموو یەکێک دەتوانێت جیهان بەپرۆژەبکات، چونکە بەدیهێنانی هونەر (جا بەرهەمهێنەرانە یان وەرگرانە بێت) لە توانای هەموو یەکێکدایە. سوودێکی دیکەی ئەم تیۆرییە فەلسەفەییە لەوەدایە کە ئیدی دواجار ڕزگارکردنی مەئریفەی سێنسی-بینەیی سەردەگرێت، کەواتە ئەوەی پێئەنجام دەدرێت کە لە سەرەتای ئێستێتیکی نوێسەردەمەوە هەوڵی

بەدیهێنانی دەدرا. گوودمان لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە ناونیشانی 'زمانەکانی هونەر' شێوازی بەدیهێنانی هونەریانەی جیهان وەک شێوازی هاوبەها (یەکسان) بە ناسین و مامەڵەکردنی کرداری لەتەک جیهاندا دادەنێت، چونکە ئەویش بە هەمان شێوازی ئەوان لە بنەڕەتەوە بنیاتنانی جیهانە. ئێستا چیدی بینەیێتی یان سێنسێتی کێماسێکی یان لێڵکردنێکی ناسینی پەتی نییە، بەڵکو سوودە بەبەرهەمەکەی وەک ڕەسەنایەتییەکی پرۆژەگەلی تایبەتیی جیهان دادەنرێت، ئەم ڕەسەنایەتییەشی پۆزەتیڤانە جیاواز لە وشکێتیی پرۆژە زانستییەکانی جیهان خویا دەبێت.

گوودمان فۆرمێکی دی بە تیۆریی بلیمەت دەدات و بە تێڕوانینێکی ماقوڵی ***ئۆتۆنۆمیی هونەر*** ئیزافەی دەکات. هونەرەکان شێوازی سەربەخۆی پرۆژەی جیهانمان پێدەدەن، مەبەستی شێوازەکانیش ئەوەیە کە، تێگەییو لە لایەن هەمووانەوە، لەنێو دیدی خۆیی جیهاندا بگونجێنرێن. هونەر وەک "زمان" بەپاڵ زمانانی دیکەوە گەرەنتی بە هەمەجۆریی ڕاڤە شیاوەکانی جیهان دەدات، بەمەش هونەر دژی خووە خۆڕاهێناوەکانی بینین و تەئویلکردن، دژی ڕاڤەی پڕموبالەغەی لێڕوانین دەوەستێتەوە، یان دژی دانانی بینەیێتی-سێنسێتییە لەژێر هۆشدا، بەڵێ تەنانەت دژی ڕاڤە نامۆبووەکانی، واتا کورتهێنەکانی جیهانە.

## ٣- هونەر وەک کردار

سەرباری کەموکورتییەکانی بناغەڕشتن هێشتا هەر ئەوها دەنوێنێت کە شیمانە فەلسەفەییەکانی دیاریکردنی هونەر وەک مەئریفە بەتەواوی هەڵهێنجرابن. پێکەوەلکاندنی هونەر و مەئریفە لایەنیکەم دەتوانێت دەرفەت بۆ هەر کەسێک بڕەخسێنێت تاکو مامەڵەیەکی هۆشمەند لەتەک هونەردا بکات. گەرچی هێشتا هەر هەندێک کێشە بەکراوەیی دەمێننەوە، لێ ئەمە بەرانبەر ئەو دەستکەوتە کە توانینە بۆ ئاخافتنی ئاوەزمەندانە لەبارەی هونەر، کێماسێکی کەمبایەخە. تەنانەت پاشان لە ئێستێتیکی شرۆڤەییدا مافدانەوە بە ئێستێتیک لە گۆشەنیگای مەئریفەوە سەردەگرێت. ئێستا لێرە جیاوازییەکی پێگەیی لە نێوان مەئریفە و هونەردا نییە، بەڵکو تەنیا مەبەستی جیاوازی پرۆژەی جیهان لە ناسین یان هونەردا هەن. گەر گەرەک بێت واز لەم پارادیگمایەی وتوێژ لەبارەی هونەر بهێنرێت، ئەوا دەبێت پێشان بدرێت کە داخۆ پارادیگمای ئەلتەرناتیڤ، واتا بەبابەتکردنی فێنۆمێنی هونەر لەنێو چێوەی تیۆرییەکی کرداردا، پێی بکرێت خۆی لە کێشە ناوبراوەکان بەدووربگرێت بەبێ ئەوەی واز لە لایەنە باشەکانی بەبابەتکردنی فەلسەفەیی بهێنێت.

وەک باوە ئەو هەڵوێستانەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی کە تا ئێستا پێوەیان خەریک بووین، لەژێر ناونیشانی "ئێستێتیکی فۆرمال"دا دیاری دەکرێن، مۆدێلە پێچەوانەکەشی ناو دەنرێت "ئێستێتیکی ناوەرۆک" کە بۆ نموونە لای هێردەر، شیلەر، شێلینگ و هێگل دەیبینین. لای ئەمان دیاریکردنی جوانی وەک سیمبۆلی مۆرال کە کانت بناغەی ڕشتبوو، دەکرێت بە بناغەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی. سەرەتا ئەم نرخاندنەوەیە وەک بێواتا دەنوێنێت، لێ پاشان وەک سەرئەنجام بونیادی سەرجەم ئێستێتیکی فەلسەفەیی دەگۆڕێت. ئێستا هونەر لەنێو کۆنتێکستی ئێستێتیکی ناوەرۆکدا وەک سەرئەنجامی کردارێک دەردەکەوێت، کە دەشێت پەیوەند بە کانتەوە و هاوکات تێپەڕکردوو لە ئەو نەک تەنیا ناوبنرێت کرداری تەکنیکی-پراکتیکی، بەڵکو هەروەها کرداری مۆرالی-پراکتیکیش. ئێستا جوانێتیی هونەر (Das Kunstschöne) بەرانبەر جوانێتیی سروشت (das Naturschöne) دەبێت بە مۆدێلێکی سەرەکی بۆ جوانی. جوانێتیی هونەر، وەک چۆن هێگل پێناسەی دەکات، نەک تەنیا جوانێتیی بینراوەیە، بەڵکو هەروەها جوانێتیی داهێنراوە (erfunden)، جوانێتییەکی سەرهەڵداوە لەنێو هۆشی مرۆڤەوە. لێ جوانێتیی سروشت بە پێچەوانەوە تەنیا وەک دەرئەنجامێنراو لە جوانێتیی هونەرەوە شیاوی لێتێگەیشتنە. ئاخر جوانێتیی سروشت سەرئەنجامی کردارێکی خوداییە نەک کردارێکی دوایەکیی و مرۆڤی، یان وەک سروشتێک دەردەکەوێت کە لەنێو هونەردا بەدیهێنراوە / گەیەنراوە (vermittelt) (بۆ نموونە لە لێڕوانینی سروشتدا وەک دیمەن). هەروەها کاتێک جوانی ی سروشت وەک نیشانەی سەرچاوە خوداییەکەی دیاری دەکرێت، ئەوا شیمانەی ئەزموونکردنی ئەو جوانییە تەنیا بەڕێی بەدیهێنان و سەرئەنجامەکەیەوە، واتا بەڕێی کاری هونەرییەوە، گەیەنراوە. هەنگاوە گرنگەکە بۆ ئەم واتاگۆڕینە، ئێستێتیکی شرۆڤەیی ئەنجامی دەدات کە تێیدا هونەر وەک سەرئەنجامی پرۆژەیەک دیاری دەکرێت. بۆیە دەتوانین ببێژین، لە ئێستێتیکی شرۆڤەییشدا دیاریکردنێکی هونەر لە کۆنتێکستی کرداردا هەیە، بەتایبەتیش کە تێگەی ڕاستی پراگماتیانە نەخشەی بۆ دانراوە وەک بەتوانایی ناسین بۆ ژیان. لێ ئەم پەیوەستییە بە کردارەوە لە ئێستێتیکی شرۆڤەییدا سنووردار دەکرێت و تێیدا بایەخی تیۆریانەی، یان توانستی دروستکەری بۆ ناسین،

بەهەند وەردەگیرێت. سوودەکانی ئەم دیاریکردنە فەلسەفەییەی هونەر وەک پێشانمان دا لەڕادەبەدەرن، تەنانەت دەشیا گرفتەکان بە پەیوەستکردنێکی ڕوونی نەخشەی ڕاستی بە کردارەوە نەهێڵرێن

بۆیە هەندێک پرسیارە زیت دەبنەوە، وەک: ئایا بۆچی گەرەکە پارادیگماکە بگۆڕرێت، بۆچی گەرەکە پرسیاری هونەر لەنێو کۆنتێکستی دیاریکردنی کرداری مرۆڤی و مێژووییدا ڕوونبکرێتەوە؟ ئایا بۆچی گەرەکە گۆڕان بە ئێستێتیک وەک تیۆریی کولتوور بدرێت و لێرەشدا تیۆرییە ئاڵۆزەکان بە پلەیەکی زیاتری گرفت و ناجەختی پەرەپێبدرێن؟ ئێمە دەبێت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاماژە بۆ کەموکورتییەکی ئێستێتیکی فۆرمال بدەین. هیچ گومانی تێدا نییە کە ئێستێتیکی فۆرمال دەتوانێت پێشانی بدات کە چۆن بڕیاردان بەسەر هونەر یان جوانێتیدا لەتوانایدایە بە چواندنی گشتی بگات، واتا، گەر مۆدێرن بدوێین، چۆن دەتوانێت بە چواندنی ئینتەرسەبژێکتیڤی (نێوبکەری) نەک تایبەت (پریڤات) بگات، لێ هێشتا هەر لێرەدا ئەم پرسیارە لە دەرەوەی کەوانە دادەنرێت: ئایا بۆچی خەریکبوون بە هونەرەوە زەرورییە؟ ئایا بۆچی هونەر توخمێکی دەستلێهەڵنەگیراوی کولتووری مرۆڤە؟ ئەم ***پرسیارە لەبارەی مەغزای هونەر*** پرسیارە بناغەییەکەی ئێستێتیکی ناوەرۆکە.

لە ئێستێتیکی فۆرمالدا پرسیارەکە لەبارەی ئەو ڕۆڵە کە هونەر لەنێو کولتووری مرۆڤ یان لەنێو مێژووی هزردا دەیگێڕێت، بە پرسیارێکی ڕاستینە دانانرێت. ئاخر دەستپێکی فۆرمال لە دیاریکردنی سەبژێکتی پرسیارکەردا لەبارەی هونەر سنوورێک وەردەگرێت - ئێستێتیکی فۆرمال کە سەرئەنجامی ئێستێتیکی بلیمەتە، لە کرۆکەوە ئێستێتیکی شارەزایانە، پرسیاری مەغزای هونەریش بۆ شارەزا پرسیارێکی ڕاستینە نییە، چونکە شارەزای هونەر لەو بڕوایەوە دەگات بە نرخاندنی بەهای خۆی و خودئاگاییەکەی، کە "چێژی ناسک"ی بەرجەستەبوو بەڕێی ئەو خۆیەوە، هەروەها پەروەردەکراوییەکەی بۆ توانستی بڕیاری چێژ، لەنێو ئەو خۆیەوە پڕمەغزان. تەنیا چێژی ناسکتر و توانست بۆ بڕیاردانی شارەزایانە بەسەر هونەردا، مرۆڤ دەخەنە سەرووی جەماوەرەوە. کێ نەتوانێت لە مەغزای بلیمەتێتیی بەبەرهەمی هونەرمەنددا ببێت بە بلیمەتێک، ئەو یەکە دەبێت خۆی لایەنی کەم وەک وەرگرێکی (ڕێسیپیەنتێکی) شارەزا پێشان بدات. لەژێر ئەم مەرجەدا پرسیارەکە لەبارەی مەغزای هونەر نەک تەنیا بێمەغزایە، بەڵکو تەنانەت ئابڕووبەرە: پرسیارەکە پرسیارکەر وەک نا-شارەزا، وەک "بێچێژ" فەزح دەکات. ئەوە کە مرۆڤ دەکات بە بوونەوەرێکی هۆشەکی، کێماسی ئەوی پرسیارکەرە، واتا بلیمەتێتیی خودی خۆی یان هیچ نەبێت شارەزایی لە بلیمەتێتیی ڕاستینەدا.

خەریکبوون بە پرسیاری "بێچێژەکان"ەوە سەبارەت بە مەغزای هونەر، واتا پرسیاری واتا و ڕۆڵی هونەر بۆ کولتووری مرۆڤ، ئەرکێکی پەرەپێدراو دەخاتە بەردەم ئێستێتیکی فەلسەفەیی. مرۆڤ کە خۆی لایەنی کەم لەکاتی ڕۆشناییەکانەوە وەک بەتوانا بۆ فێربوون، لێ هەروەها ئاتاجمەند بۆ فێربوون دادەنێت، دەبێت پرسیار لە سەرجەم فێنۆمێنەکانی نێو ژینجیهانی کولتوورییانەی خۆی بکات کە داخۆ چە واتایەکیان هەبێت. بەم شێوەیە پرسیارە ڕیشەییەکە سەبارەت بە مەغزای هونەر دەبێت بە پرسیار لەبارەی کارایی هونەر لەنێو مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەم پرسیارەش دەبێت لە فەلسەفەی هونەردا، بە دیاریکردنێکی گونجاوی هونەر، وەڵام بدرێتەوە.

لە بنەڕەتەوە ناکۆکییەک سەبارەت بەوە لەگۆڕێ بوو کە داخۆ ئێستێتیک بریتی بێت لە ئێستێتیکی شارەزایان یان بێچێژەکان، بریتی بێت لە بەتیۆریکردنی هونەر بە ئاڕاستەیەکەوە ڕووەو مرۆڤی ڕۆژانەیی یان کەسی شارەزا. پەیوەند بەم ناکۆکییەوە بەتایبەتی نموونەیەک دژبێژیی ئەو گریمانەیە دەکات کە وایدادەنێت گۆیا پرسیارەکەی ئێستێتیکی ناوەرۆک ئەمڕۆش هەر هەنووکەییە. ئاشکرایە کە داواکاریی گۆڕاندان بە ئێستێتیکێک بۆ هەرکەس، بەڕوونترین شێوە لە ئێستێتیکی مارکسیستیدا دەبینرێت کە خۆی بە ئێستێتیکی پرۆلیتاری دادەنێت، هەروەها ڕێنوماییەکانی ئەم ئێستێتیکە لە هونەرە پێگونجاوەکەیدا، واتا لە ڕیالیزمی سۆسیالیستیدا، بەئەنجام دەگەیەنرێت. کاریگەری و سەرکەوتوویی ئەم بەپرۆلیتاریکردن و بەدیمۆکراتیکردنەی هونەر و ئێستێتیک جێی مشتومڕن. ئاخر لە هونەرێکدا کە ئیدیۆلۆژییانە پلانی بۆ دانراوە، تەنیا جیهانبینییەکی سنووربۆدانراو خویا دەبێت و هاوکات ئاشکراشە کە هەمووان لەتەکیدا هاوڕا نین. هەروەها ئەوەش جێی مشتومڕە، داخۆ چە سوودێک لەوەدا هەبێت کە چێژ و توانستی تێگەیشتنی جەماوەر بکرێن بە بنەڕەت، لێرەشدا بەتایبەتی ئەو کێماسە بەڕوونی دەبینرێت کە هونەر وەک "هونەری پرۆلیتاری" تەنیا دەستوێژی ئیدیۆلۆژییەکی دیاریکراوە.

ئەسپێکتێکی دیکە هەیە کە دژبێژیی توانستی خۆسەپاندنی ئێستێتیکی ناوەرۆک دەکات. تەنانەت لە خەریکبوونی سەردەمیدا بە هونەرەوە، بەرانبەریەکدانانی شارەزایان و جەماوەری نەزان (نەشارەزا) ڕۆڵیکی گرنگ دەگێڕێت. بێگومان هیچ کەس نایەوێت پابەندانە داکۆکی لە "ئێستێتیکی بلیمەت" بکات، چونکە داواکارییە ئێلیتەییەکەی ئەم ئێستێتیکە وەک بەسەرچوو دادەنرێت و مرۆڤیش لەمەدا ڕەوایە. بۆیە ئەمڕۆ ئێستێتیکێکی ئاشکرای بلیمەت و شارەزایان بەسەرچووە. سەرەڕای ئەوە پێشمەرجەکانی ئەم ئێستێتیکە کەم یان زۆر شەقڵیان داوە بە سەرجەم نێوەندی کارگێریی هونەر (Kunstbetrieb). بیروبارەڕە فەلسەفەییە بەگشتی چواندووەکە دەمێکە ڕەخنە کراوە و وازی لێهێنراوە، لێ هێشتا هەر ڕەخنەی هونەر و چێژی هونەر بێدەنگانە بەو گریمانەیە کاریانتێدەکرێت کە دەبێژێت، پرسیار لەبارەی مەغزای هونەر تەنیا دەشێت پرسیار بێت لەبارەی "هونەری مەزن".

### ٣-١- پاڵپشتەکان لە ئێستێتیکی ڕۆشنابییەکاندا

گەر لە ئێستێتیکی ناوەرۆکدا دانوستان لەبارەی ئەو واتایە بکرێت کە هونەر بۆ کولتووری مرۆڤ هەیەتی، ئەوا بەم دانوستاندنە لە بنەڕەتدا تەنیا ئەوە دەکرێت بە بابەتی پێوەخەریکبوون کە لە ئێستێتیکی فۆرمالیشدا ئەنجامدراوە، هێندە نەبێت کە ئێستا لێرە پرسیارەکان جیاوازتر وەک لە ئێستێتیکی فۆرمالدا دەکرێن و پێوەیان خەریکدەبن. دەرچەی ئێستێتیکی ناوەرۆک پرسیارە لەبارەی جوانێتی وەک ئیدیال. لێ ئیدیال وەک کارتێکراو لە لایەن پێشمەرجی مێژووییەوە لێی دەڕوانرێت، واتا ئیدیال لە قۆناغ و کولتووری جیاوازدا گۆڕان دەبینێت. سەرەڕای ئەوە هێشتا هەر کێشەی ئێستێتیکی ناوەرۆک لە هزرینی فەلسەفەییدا، هاوشێوەی ئێستێتیکی فۆرمال، ڕوو دەکاتە شیمانەی دێیاتکردن لەبارەی هونەر یان بڕیاردان بەسەر هونەردا، بۆ ئەم مەبەستەش گۆڕان بە دیاریکردنێکی ئەوتۆی هونەر دەدرێت کە مێتۆدیانە ماقوڵ و بەگشتی شیاوی لێتێگەیشتن بێت. بۆیە ئێستا لێرە، کاتێک ڕەچاوی

بەرنامەی کرداری مێژووییش بۆ ئێستێتیک دەکرێت، مرۆڤ دەستبەرداری دەستپێک و ئەنجامە بەدیهێنراوەکانی ئێستێتیکی فۆرمال نابێت. بە باسکردنی واتای هونەر لەنێو چێوەی فەلسەفەی پراکتیکیدا تەنیا پەرە بەو دەستپێکانە دەدرێت کە پەیوەستن بە ئەرگومێنتهێنانەوە و بە دەستوێژەکانی ئێستێتیکی فۆرمال ناتەواو رووندەکرێنەوە. ئاخر ئێستێتیکی ناوەرۆک دەستدەباتەوە بۆ دەستپێکێک کە پێشتر، پێش روانینی ئەبستراکتتر لە هونەر وەک مەئریفە، هەروەها دەرچەی ئێستێتیکی فۆرمالیش بوو، واتا دەستدەباتەوە بۆ پرسیارەکە لەبارەی پەیوەندیی نێوان هونەر و فۆرمی ژیان، لێ ئێستا لێرە مەسەلەکە پرسیاری واتای چێژی چاک نییە بۆ فۆرمێکی باڵای خودرپالیزەکردنی مرۆڤ، بەڵکو بریتییە لە پەیوەندیی نێوان هونەر و فۆرمی ژیان وەک خودی ئەو پەیوەندییە.

(...)

### ٣-٤ دیاریکردنی کارایی مێژووییانەی هونەر لای هێگل

هێگل لە موحازەرەکانیدا سەبارەت بە فەلسەفەی هونەر گۆڕان دەدات بە دیاریکردنێکی ***فەلسەفەیی*** هونەر و هاوکات لەتەک ئەم دیاریکردنەدا گۆڕانی هونەرەکان بە شێوەیەکی مێژوویی بونیاد دەنێت. هێگل هەردووکیان لەنێو مێژووی جیهانییانەی هونەردا یەکدەخات، بەرنامەی ئەم مێژووەش وەک مێژووی کولتووری مرۆڤ دادەنێت. ئەم دەستپێکەی ئێستێتیکی هێگل تا ئەمڕۆ لە لایەن ڕەخنەگرانەوە قبووڵ دەکرێت، سەرەڕای ئەوە ئێستێتیکە سیستەماتیکەکەی بەهۆی تێزە بناغەییەکەیەوە لەمەڕ کۆتایی هونەر ڕەتدەکرێتەوە. لەوە دەچێت هێگل ببێژێت، کە هیچ گۆڕانێکی بەواتای هونەر بۆ سەردەم و ئایندە لەگۆڕێ نییە، جا گەرچی ئەو وایدادەنێت کە کولتووری جیهانەکەمان بەبنەڕەتی بەڕێی هونەرەوە دیاریکراوە یان لە دیاریکردنیدا کرۆکییانە کارایی خۆی نواندووە. داڕشتنی مێژووییانەی هونەر لە گۆشەنیگای "کۆتایی"ەکەیەوە تەنیا ڕوو دەکاتە واتای هونەری سەردەمانی نامۆ و ڕابوردوو. بۆ نموونە هێگل لە ڕوونکردنەوەی پەیکەری گریکیدا دەبێژێت کە ناشێت هیچ جوانترێک لەو پەیکەرە گریکییە هەبێت و ببێتەوە. ئاشکرایە ئەم کلاسیسیزمە پێکەوە لەتەک تێزی "کۆتایی هونەر"دا دەبێت بە هۆیەک بۆ ئەوەی ئێستێتیکی هێگل ڕەتبکرێتەوە.

سەرەڕای ئەوە فەلسەفەی هونەر ی هێگل دەبێت بە پاڵهێزێک بۆ ئاوەڵابوونی ژمارەیەکی فرە هەوڵی پەرچێنەرانە بۆ هزرین لەبارەی هونەر و دیاریکردنی.

### ٣-٤-١ تێگە بناغەییەکانی ئێستێتیکی هێگل

تێگە بناغەییەکەی ئێستێتیکی هێگل بریتییە لە تێگەی "***کار***"ی هونەری. کار شتێکە کە لە لایەن تاکەکەس بەدیدەهێنرێت، لێ تاکەکەس ئەو کارە تەنیا وەک هەڵگیراوێک لە لایەن کۆمەڵگەوە بەدیدەهێنێت، یان بە زمانی هێگل ببێژین: کار بریتییە لە "بەرهەمێکی تاکەکەس، بەرهەمێکی بلیمەت" (ژێنی)، لێ ئەو بەرهەمە "سەر بە مرۆڤایەتییە."

کاری هونەری دوو پێکهاتەی هەیە، چونکە بەرهەمێکی کارکردنی مرۆڤییە و هاوکات ڕاڤەیەکی ڕوونی جیهان دەهێنێتە گۆڕێ، واتا ئەو کارە لە کردارێکی ئامانجدار یان مەبەستەکییەوە سەرهەڵدەدات. کار سەرئەنجامی کردارێکە، بۆیە کولتووری مرۆڤ لەنێو کاری هونەریدا بۆ یەکەم جار ئاگامەندانە دێتە دەربڕین، لێ لەبەر ئەوەی دەربڕینەکە هەمیشە مێژووییە، ئەوا کاری هونەریش بەگوێرەی قۆناغ و کولتوورە جیاوازەکان خویا دەبێت. تێگەی کاری هونەری زەروورەیەک بۆ ئاوەڵاکردنی مێژووی هونەرەکان لە خۆ دەگرێت. هێگل لە موحازەرەکانیدا سەبارەت بە فەلسەفەی هونەر ئەم ئەرکە جووتەنییە دەخاتە ئەستۆی ئێستێتیکی فەلسەفەیی، واتا ئەوە ئێستێتیکی فەلسەفەییە کە گەرەکە گۆڕان بە یەکێتیی نێوان تێگەی هونەر و مێژووی هونەرەکان بدات.

هێگل لە ڕوانگەیەکی ئێستێتیکییەوە تێگەی کار ڕوون دەکاتەوە، ئەمەش بە دیاریکردنێکی جوانی یان ***دەرکەوتەی جوان*** (schöner Schein). ئەم دیاریکردنە دەبێت بە بناغەی تێڕوانینی ئەو بۆ ئیدیال. لێ کاتێک دارشتنە چاپکراوەکەی نووسینی "ئێستێتیک" ئیدیال وەک "دیاردانی سێنسیانەی / مەحسوسی ئیدێ" دیاری دەکات، ئەوا هێگل لە موحازەرەکانی بەرلیندا لەبارەی ئێستێتیک یان فەلسەفەی هونەر، پێناسەی هونەر دەکات وەک "لێرەبوون" یان "ئێکزیستێنس"ی ئیدێ لەنیو مێژووی مرۆڤدا. هێگل تەنانەت پێشتر لە لێهزرینە سەرەتاییەکانیشیدا ئەو تێڕوانینەی هەبوو کە ئیدێی ئاوەزیی / ئاوەزکردوو (die Vernunftidee) (لە مەغزای کانتدا) تەنیا ئەو کاتە شیاوی گەیاندن دەبێت، گەر هاتوو بینەییانە و وەک ڕاڤەی کردەکێتییەکی مێژوویی وەربیگرین. لێرەبوونی بینەییانەی ئیدێ لەنێو مێژوودا بریتییە لە کارایی مێژووییانەی کاری هونەری. لێ کاری هونەری بەگوێرەی قۆناغ و کولتوورەکان کارا دەبێت. هێگل لەم تێڕوانینەوە شێوازەکانی کارایی ئیدیال لەنێو مێژوودا بونیادیانە بەگوێرەی جۆری جیاواز دابەش دەکات، واتا سێ فۆرمی هونەر لەیەک جیادەکاتەوە کە بریتین لە: ***هونەری سیمبۆلی، کلاسیکی و ڕۆمانتیکی***. ئەوجا هێگل مێژووی هونەرە جیاوازەکان بەم دابەشکردنە بونیادییەوە دەلکێنێت و پێشانی دەدات کە چۆن تاکە هونەرەکان (***تەلارسازی، پەیکەر، شێوەسازی، موزیک، هۆزان***) لەنێو کولتووری مرۆڤدا کاراییان بۆ ڕێنوماییکردن (ئۆریەنتاسیۆن) و هێنانەگۆڕێی ترادیسیۆن وەرگرتووە و هێشتا هەر وەردەگرن.

بەم چەشنە هونەر لای هێگل بەگوێرەی هەر قۆناغ و کولتوورێک شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێت و بەمەش لەژێر مەرجە کولتوورییە جیاوازەکاندا کاریگەریی جیاواز دەنوێنێت. ئەم جیاوازیکردنە کە هێگل بەگوێرەی شێوە و کارایی پرنسیپییانە لەنێو مێژوودا، واتا بەگوێرەی کاریگەریی مێژوویی تایبەتی ئەنجامی دەدات، تایبەتمەندییەکی ئێستێتیکەکەی ئەوە. کاری هونەری شتێک پێشان نادات کە چواندنێکی ئەزەلیی هەبێت، یان هەر وەک ببێژین، کاری هونەری ئیدێیەکی جوان پێشان بدات کە خۆی لە سەرووی سەرجەم ڕیالێتییەوە ببینێتەوە، بە پێچەوانەوە، کاری هونەری هەر جارە کارایییەکی تایبەتی لەنێو کولتووری مێژوویی مرۆڤدا وەردەگرێت. لێتوێژینەوەی ئەم

مێژوویەتییەی هونەر و گۆڕانی ڕیالی مێژوویی پێشانی دەدات کە گەرچی هونەر پێکهاتەیەکی کرۆکییانەی کولتووری مرۆڤە و هەر ئەوهایش دەمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوە ڕۆڵی هونەر بەگوێرەی هەر مەرجێکی مێژوویی دەگۆڕڕێت.

## - تێگەی دەرکەوتەی جوان

هێگل سەرەتا کاری هونەری وەک بەدیهێنانی جوانی دیاری دەکات. تایبەتێتیی کاری هونەری لەوەدایە کە ئەو وەک کار دەرکەوتە (Schein) ی جوانە. ئەم جۆرە دیاریکردنە، هاوشێوەی دیاریکردنی "ئیدیال" وەک "دیاردانی سێنسیپیانەی ئیدێ"، زۆر جار ڕەخنەییانە ناونراوە "پلاتۆنیزمی ئێستێتیکی". ئاخر گەر ئیدیال تەنیا دیاردانی سێنسیپیانەی ئیدێ بێت، ئاشکرایە ئەوسا شێوازی لێرەبوونی ئیدێ (واتا شێوازی لێرەبوونی ڕاستی)، وەک لای پلاتۆن، بە خودی ڕاستی ناگونجێت، بەڵکو ئەو شێوازە لێرەبوونە هاوشێوەی سێبەرێکە کە تێیدا ئێمە پەی بە ڕاستی دەبەین و سەرەڕای ئەوە هێشتا هەر — بەهۆی سێنسێتییەوە- یەکێکە لە لێڵ و تاریکترین سێبەرەکان.

لێ پێناسەی ئیدیال وەک "دیاردانی (Scheinen) سێنسیپیانەی ئیدێ" لە هیچ جێیەکی موحازەرەکانی هێگلدا کە لەبارەی ئێستێتیک خوێندوونەتییەوە، نابینرێت. هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕەخنەی "پلاتۆنیزمی ئێستێتیکی" مەبەستەکەی هێگل ناهەنگێوێت. هێگل لە موحازەرەکاندا گۆڕان بە دیاریکردنی دەرکەوتەی جوان دەدات، ئەویش بەو ڕێیەوە کە جیاوازیی نێوان دەرکەوتەی فریودەر و دەرکەوتەی جوان دەچەسپێنێت. مەسەلەکە لێرەدا ڕوو لەو کێشەیەی ئێستێتیک دەکات کە بەو پێیە دەشێت ڕاستی بەرێی سێنسێتیی پەتییەوە لێڵ ببێت، یان دەرکەوتە لێڵییەک بخاتەوە، بەڵێ مرۆڤ لە پرسی ڕاستیدا فریو بدات. لێ گەر ڕەوشەکە بەم چەشنە بایە، ئەوسا ئیدی ئەوەش جێی پرسیار دەبوو کە داخۆ هونەر شایانی ئەوە بێت فەلسەفەییانە کاری تێدا بکرێت. هێگل بەم جەختلێکردنە دیاریکردنێکی مێتافیزیکیانەی دەرکەوتەی جوان گرێدەدات بە دانوستاندنەوە لەبارەی بناغەڕشتنی فەلسەفەیی چێژبینین لە جوانێتی. ئاخر گەر ئەزموونکردنی جوانێتی تەنیا تاکەکەسی بێت، وەک چۆن سێنسێتی و بینەیی دەرکەوتە خۆیان داوای دەکەن، ئەوسا دەرفەت نابێت فەلسەفەییانە دێبات لەبارەی چێژبینین لە جوانێتی ئەنجام بدرێت. چێژبینین لە جوانێتی فینۆمێنێکی تایبەتی تاکەکەسییە، ئیختیاری و ئارەزووییە. ئەوسا ئیدی دەرکەوتەی جوان شایانی پێوەخەریکبوونی فەلسەفەیی نابێت.

جگە لەوە ئەوسا پرسیارەکە لەبارەی جوانێتی نەک تەنیا لە ڕووی فەلسەفەییەوە، بەڵکو هەروەها لەخۆدا هیچ بایەخێکی نابێت، چونکە کێشەی مرۆڤ لەنێو لێرەبوونی خۆیدا ئەوەیە کە نەک ئیختیاری ئارەزوومەندانە، بەڵکو ڕاستی بەدیبهێنێت (ڕیالیزەبکات). ژیانێکی "بەدیهێنراو"ی (ئەرِیستۆتێلیس) مرۆڤییانە تەنیا وەک لێرەبوون لەنێو ڕاستیدا شیاوە. گەر بەم چەشنە بڕوانین، هەر وەک چۆن پلاتۆن وەک مەترسییەک دەیبینی، ئەوسا ئیدی هونەر هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی ڕاستینەی مرۆڤەوە نەدەبوو، یان وەک پلاتۆن دەبێژێت، هیچ پەیوەندییەکی بە

"تیۆرییا"وه (theoria) نەدەبوو، ئەوسا چیدی پرسەکە لە هونەردا ڕووی نەدەکردە "دوایەمین مەبەستە ڕاستینەکانی ژیان"، بەڵکو مەسەلەکە ئەوە دەبوو کە مرۆڤ هونەر وەک ئافرێنەرێکی (Genius) ڕێزمەند دابنێت کە "لە هەموو جێیەک دەست تێوەردەدات، کە جددییەتی پەیوەندییەکانی ژیان خاودەکاتەوە، دەرفەتی کاتبەسەربردنمان بۆ دەرەخسێنێت و لە هەموو جێیەک فۆرمی دڵنەوایی دادەنێت". ئەوجا ئیدی ڕاڤەی فەلسەفەیی تەنانەت پێناسەی دەرکەوتەش دەداتە پاڵ ئەم فۆرمەی بایەخی هونەر، بێگومان بایەخێک لە واتای ئاسوودەیی پەیوەندییەکانی ژیاندا، چونکە مرۆڤ ئیدی وا باوەڕ دەکات کە "نابێت فریودان و دەرکەوتە ببن بە هاندەری مەبەستە ڕاستینەکان. دەرکەوتە دەستوێژی ڕاستینە نییە بۆ مەبەستی ڕاستینە."

هێگل ئێستا خۆی ڕەخنەییانە بەم تێزەوە خەریک دەکات بۆ ئەوەی پێشانی بدات کە هونەر لە بنەڕەتدا تەنیا دەرکەوتە "دەهێنێتە ئاراوە" و دەرکەوتە "شێوازی لێرەبوونی" هونەرە، یان "شێوازی دەرەکییانەی هونەر"ە، لێ هونەر بەم ئەدگارەیەوە نابێت بە "جیهانی فریودان"، بە پێچەوانەوە دەبێت بە "جیهانی ڕاستی". بە دیدی هێگل هەڵەیە گەر مرۆڤ بەهای هونەر نزمتر لە ڕیالێتیی فاکتی دابنێت و بیکات بە دەرکەوتەی "پەتی"، وەک چۆن ئەمە بۆ نموونە لە دابی هزرینی کانت و شیلەردا بەردەوامیی پێدەدرێت. ئەم هەڵەیە لەوەدایە کە مرۆڤ وایدادەنێت گۆیا ڕیالێتی پتر لە "بەدیهێنان"ی ڕیالێتی، ڕاستی لە خۆ دەگرێت. هێگل بەتوندی دژی ئەم تێڕوانینە دەوەستێتەوە و دەبێژێت: ئەوە کە ئێمە ناوی دەنێین سروشت یان جیهانی دەرەکی، تەنیا توانستی هۆش دەشێوێنێت و ڕێی لێدەگرێت بۆ ئەوەی خودی خۆی بناسێت. ئەوجا با تەنانەت هونەر "لە دەرکەوتەیی خۆیدا لە پشت فۆرمی هزریشەوە" بێت، سەرەڕای ئەوە هێشتا هەر بەرانبەر لێرەبوونی دەرەکی "پێشتری"یەکی کرۆکییانەی هەیە، ئەویش چونکە "ئێمە چ لە هونەر و چ لە هزردا بۆ ڕاستی دەگەڕێین".

دەرکەوتەی هونەر، جیاواز لە ڕیالێتیی پەتی، تەنیا "بەڕێی خودی خۆیەوە ئاماژە بۆ باڵاترێک، بۆ هزر، دەدات"، بەمەش هونەر وەک دەرکەوتە ڕیالێتی و هزر پێکەوە گرێدەدات. هێگل لێرەدا دەیەوێت تێڕوانینەکەی کانت تەنیا وەک دەربڕراوێک نەهێڵێتەوە، بەڵکو ڕیالیزەی بکات، واتا: ڕاستی و مەرجەکانی ڕاستی تەنیا لە بەدیهێنانی ڕیالێتیدان نەک لە بوونەوەرێکی "لە خۆدا" هەبوودا کە خۆی لە پشت تێگەیشتنمانەوە، لە پشت دیاریکردنی سێنسی-زەینی یان ئاوەزمەندانەوە ببینێتەوە.

هێگل ڕیالێتیی ڕۆژانەیی بە دەرکەوتەی پەتی، لێ دەرکەوتەی هونەر بە کردەکێتییەکی باڵاتر دادەنێت. "دەرکەوتەی هونەر ئەوەیە کە واز لە ڕیالێتیی نالەبار، یان لەم پووکانەوەیەی ڕاستێتی هێنراوە". لە بەدیهێنانی هونەردا، لە دەر-خستن-دا، دەرفەتی بەدیهێنانی ڕیالێتی "بۆ ئێمە" ئاوەڵا دەکرێت، ئەم بۆ-ئێمە-بوونەی ڕیالێتیش پێشمەرجی ئەزموونکردنی ڕاستییە، چونکە "دەرکەوتن-بۆ-ئێمە" کە "لە لێڕوانینی هونەردا" ڕوودەدات، بریتییە لە "دەرکەوتنی شێوە ... ئەم شێوەیە بۆ ئێمەیە وەک تەماشاڤان، وەک سێنسیانە لێڕوانەر، هەر لەنێو ئەم شێوەیەشدا دەبێت هۆشەکێتی (ideell) ی ئۆبژێکتیڤی بۆ ئێمە بێت — کەواتە نەک لە خۆدا بۆ ئێمە بێت، بەڵکو تەنیا لەنێو ئەم شێوەیەدا بۆ ئێمە دیاربدات؛ ئەم شێوەیە دەبێت هاوکات وەک بوونەوەرێک و دیاردەرێک بۆ ئێمە بێت، دەبێت هەمەجۆرییەکەی شێوە وەک دەرکەوتە بۆ ئێمە دانرابێت". کەواتە کاری هونەری بریتییە لە "دەرکەوتەی سێنسییانەی پەتی" کە گەرەکە وەک بۆ-ئێمە-کردنی ڕیالێتی بریتی بێت لە شێوە. ***جوانی*** نیشانەیەکە بۆ سەرگرتنی ئەم بۆ-

ئێمە-کردنە، نیشانەیەکە بۆ گەیاندنی ڕاستیی مێژوویی لەنێو کاری هونەریدا، گەیاندنێک کە سەردەگرێت. هەر بۆیە هێگل ئەم کێشەیە تیژتر دەکاتەوە و دەبێژێت: دەرکەوتە "جیانەکراوەیە لە کرۆک"، ئاخر دەرکەوتە ***مەرجی*** ئەزموونکردنی ڕاستییە، ئەزموونکردنێکی ڕاستی کە نەشیاوە هۆشی دوایەکییانەی مرۆڤ بتوانێت بەسەریدا بازبدات.

ئەم مۆرکەی دەرکەوتە پێکەوە لەتەک گریمانەکەی هێگلدا کە دەبێژێت، لە شێوەی جواندا ڕاستیی ڕیالێتی دیاری دەکرێت، مێتافیزیکی هونەر (واتا ڕێبازی شیمانەی ئەزموونکردنی مێژووییانەی ئیدێی جوانێتی) و تێگەی کار دەهێنێتە پاڵ یەکدی. هێگل لە دیاریکردنی کاردا دەبێژێت کە هۆش تەنیا لە چالاکییەکەیدا، واتا تەنیا بەڕێی وێناکردنی ڕیالێتییەوە، دەتوانێت لە خودی خۆی بەئاگابێتەوە. لێ هێگل لە ڕوانگەی دیاریکردنی دەرکەوتەی جوانەوە ئەم بیرۆکەیە بە گریمانەیەک ئیزافە دەکات، واتا: هۆش تەنیا بە یەک ***شێوازی تایبەتی*** ی وێناکردنی ڕیالێتی دەتوانێت لە خودی خۆی بەئاگابێتەوە کە بەئاگاهاتنەوەیە لەنێو "شێوەی جوان"دا. بۆیە هونەر، وەک ئەم شێوە جوانە، بۆ مێژووی هۆش دەبێت بە توخمێکی نەشیاوی دەستبەرداری.

– **دیاریکردنی ئیدیال**

کارایی هونەر وەک "جیهانی دەرکەوتە"، وەک جیهانی خەیاڵ / هەڵبەستن (Fiktion)، ئەوەیە کە ئیدێ (لای هێگل وەک پێشوێنەی ڕاستی) لەنێو ڕیالێتیدا بگەیەنێت، ئەمە بێگومان بە شێوازێکی تایبەتی: وەک شێوەی جوان، وەک ڕیالێتیی سێنسییانەی بینەیی کە ئاگامەندانە بنیاتنراوە. شێوەی جوان ئەو "شت"ەیە بە ئەدگارگەلی تایبەتییەوە کە لەبارەی ئەویش فەلسەفەی شرۆڤەیی لە مەئریفەوە پرسیار دەکات. لێ هێگل لە پێناسەکردنی دەرکەوتەی جواندا ئەم "شتە بە ئەدگارگەلی تایبەتییەوە"، دروست وەک بەرهەمێکی چالاکی (واتا کار)ی مرۆڤ، هەروەها وەک بەرهەمێکی ڕاڤەکردنی (Deutung) جیهان لە لایەن مرۆڤەوە، دیاری دەکات. هونەر شێوەی جوانە وەک یەکانەی کارتێداکردن و ڕاڤەکردنی سروشت، هونەر بریتییە لە: کار-ی-هونەری.

هێگل لەم لێهزرینەوە دەگات بە ئەرگومێنتەکەی خۆی: جوانی ی هونەر پێشتریی لە جوانی ی سروشت هەیە. چۆن ئێمە دەخوازین کردەکێتیی بەردەممان وەک ڕاستتر لە دەرکەوتە (ی جوان) ببینین، بە هەمان شێوە دەخوازین سروشت وەک سەرجەم باڵاتر لەوە دابنێین کە بەڕێی کرداری مرۆڤەوە دێتەئاراوە. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی ماوەیەکی درێژخایەن شکۆدارترین ئەرکی هونەر لە لاساییکردنەوەی سروشتدا دەبینرا. بێگومان پێشمەرجی ئەم گریمانەیە کە گۆیا سروشت لە هونەر "باڵاتر"ە، تیۆلۆژییانە بەڵگەی بۆ دەهێنرایەوە: ئەو بەرهەمە کە خودا خولقاندوویەتی، باڵادەستە بەسەر کاری خولقێنراودا لە لایەن مرۆڤەوە. لێ هێگل بە پێچەوانەوە جەخت دەکات کە بەبێ ئەم بناغە تیۆلۆژییە تەنانەت سادەترین کار / بەرهەم، بۆ نموونە "چەکوش، گاز، قەڵەم، بەتایبەتیش زانست"، بەسەر سروشتدا باڵادەستە، بۆیە چۆن هۆشی مرۆڤ لە سروشت باڵاترە، بە هەمان شێوە گەرەکە جوانێتی ی هونەر (das Kunstschöne) هێندە باڵاتر لە جوانێتی ی سروشت (das Naturschöne) دابنرێت. هێگل بەڕێی دیاریکردنی تێگەی کارەوە بناغەی ئەم گریمانەیەش دەڕێژێت.

لەبەر ئەوەی کاری هونەری پێکەوەژیانی بونیادیانەی کار و ڕاڤەیە، بە واتایەکی دی، لەبەر ئەوەی هونەر کردارێکی مەبەستمەندە لەنێو جیهان و هەروەها لەتەک جیهاندا، ئەوا هێگل ئیدیال-یش وەک شێوازێکی ئامادەیی ئیدێ دیاری دەکات. ئیدیال لێرەبوونی یان ئەکزیستێنسی ئیدێیە. لێ تەنیا کاتێک مرۆڤ دەتوانێت لە ئیدێ تێبگات، گەر هاتوو ئیدێ بەرێی چالاکیی خودی مرۆڤەوە ڕیالیزەبکرێت. ***یەکێک*** لە شێوازەکان بۆ ئەوەی ئیدێ بەرێی چالاکیی مرۆڤەوە تەرجومە بکرێت و شیاوی لێتێگەیشتن بێت، بریتییە لە دروستکردن (کردن) ی شێوەیەکی جوان. بێگومان لێرەدا کردەکێتی یان سروشت لەنێو ئەم شێوە جوانەدا، لەنێو کاری هونەریدا، وێنە نادرێتەوە، بەڵکو ئەوە خودی ئیدێیە کە بە شێوازێکی "لێرە-بوون" (Da-Sein)ی خۆی دەگات. بۆیە هونەر لاسایی سروشت ناکاتەوە، بەڵێ تەنانەت لاسایی سروشت لە هێزی خولقێنەریدا ناکاتەوە، بەڵکو هونەر ئیدێ (Gedanke) دەردەبڕێت. تایبەتمەندیی هونەر "هاوبەشە بە ئایین و فەلسەفە"، هونەریش هاوشێوەی هەردووکیان "جۆر و شێوازێکی خودایی"یە؛ "گەلان لە هونەردا باڵاترین پێشبینییەکانی خۆیانیان داڕشتووە"، ئەم هونەرەش زۆر جار "تاکە کلیلێکە بۆ ئایینی گەل". لێ دیاریکردنی ئیدیال وەک لێرەبوونی یان وەک ئەکزیستێنسی ئیدێ هاوکات دیاریکردنێکی کارایی کولتوورییانەی هونەریش لە خۆ دەگرێت. کارایی کولتوورییانەی هونەر ئەوەیە کە هونەر گۆڕان بە ڕاڤەیەکی ئاشکرای جیهان بدات کە شیاوی تێگەیشتن بێت. هونەر ئەمەی پێبەجێدەهێنرێت گەر پرنسیپی ڕیالیزەکردنی ئیدێ بخاتە جێی پرنسیپی لاساییکردنەوەی سروشت، یان گەر ئیدیال جێی جوانی ی سروشت بگرێتەوە.

بۆیە هونەر بە دیدی هێگل شایانی ئەوەیە ببێت بە بابەتی پێوەخەریکبوونی فەلسەفەیی. هونەر تەنیا لەتەک هەستدا نائاخڤێت، نەخێر، هونەر ئاگایی "دوایەمین مەبەستە ڕاستینەکانی ژیان" دەگەیەنێت، ئەویش چونکە هونەر لە پرسیاری مرۆڤەوە سەبارەت بە ژیانێکی بەدیهێنراو سەرهەڵدەدات. هونەر سەرسووڕمان (تعجب) و هەست نییە، بەڵکو گەیاندنی ڕاستییە.

### – هونەر و ڕاستی

لە ڕوانگەی هێگلەوە دیاریکردنی هونەر وەک کار ئەو واتایە دەگەیەنێت کە هونەر ئەرکی خۆی، واتا ***ڕاڤەکردنی جیهان***، پەیوەست بە کولتووری مرۆڤەوە لەئەستۆ دەگرێت نەک لە پەیوەندیدا بە سروشتەوە. بۆیە هونەر بەو ڕێیەوە تەنیا مەئریفەی جیهان نییە، بەڵکو هەروەها ڕاڤەیەکی جیهانە بە ڕەچاوکردنی ئەو پرسیارە کە داخۆ چۆن گەرەکە مرۆڤ کرداری بەرپرسیار بنوێنێت. هونەر وەک ڕاڤەکردنی جیهان بە بایەخی کردارەوە دیاردەدات. ئەمە پێشتر لە پێناسەکردنی ئەو شێواز و جۆرەدا دەرکەوت کە چۆن هونەر ڕاستی دەگەیەنێت، واتا ئەمە لە دیاریکردنی دەرکەوتەی جواندا خویابوو. لێ ئەمە بە هەمان شێوە لە دیاریکردنی ***ئەوە'***شدا خویادەبێت کە داخۆ چی لە هونەردا وەک ڕاستی دەگەیەنرێت کە بریتییە لە: لێوەشاوەیی بۆ نواندنی کرداری "جوان"، واتا نواندنی کرداری بەرپرس و مۆرالی.

لەم دیاریکردنە بنەڕەتییە نوێیەی هونەردا وەک "ئیدیال"، بە پێچەوانەی دیاریکردنی هونەرەوە وەک لاسایی سروشت، ئەو پەڕینەوەیە لەگۆڕێیە کە لە ئێستێتیکی فۆرمالەوە بۆ ئێستێتیکی ناوەرۆک ڕوودەدات. شێوە تایبەتییەکەی ئێستێتیکی ناوەرۆک لای هێگل، یان تێزەکەی ئەو لەمەڕ پەیوەندیی نێوان فۆرم و ناوەرۆکی هونەر، خۆی لە دیاریکردنی کارایی کولتوورییانەی هونەردا دەبینێتەوە. هێگل هاوڕا لەتەک شێلینگدا دەبێژێت، لە هونەردا نەزەر-ی-جیهان (Welt-Anschauung) دەگەیەنرێت. هونەر دارشتنی جیهان / سروشت نییە، بەڵکو هونەر "***پێشبینی ی پێشبینی***" دەداتەوە و بەم ڕێیەشەوە سێنسێتی لەنێو جوانیدا دەبێت بە گوزارشتی (Ausdruck) هۆشەکێتی، بێگومان هۆشێک کە مێژوویيانە دەگۆڕرێت، هۆشێک کە خودی خۆی لە هونەردا ڕیالیزە دکات. دەرکەوتەی (Schein) جوان وەک ئیدیال زیندوویەتیی ئیدێیە. لە زیندوویەتیی ئیدێدا گرێدراویی ئیدێ بە هەمەجۆریی شێوازگەلی مێژوویيانە جودا و جیاوازانەوە دێتە دەربرین، واتا هەمەجۆریی ئەو شێوازانە کە تێیاندا ئەزموونکردنی ڕاستی لەنێو مێژوودا دیاری دەکرێت.

بۆیە هونەر بۆ هێگل تەنیا شێوازێکی مەئریفەی جیهان نییە کە فەلسەفەییانە ***وەک مەئریفە*** (لە بەراورد بە فۆرمی دیکەی مەئریفە) لێی بتوێژرێتەوە، بەڵکو لە هونەردا هاوکات ناوەرۆکێکی تایبەتیی مێژوویی یان پێشنیارێکی ڕێنومایيکردن (بۆ کردار یان ڕاڤەکردنی جیهان) دەگەیەنرێت. بۆیە هێگل لە موحازەرەکانیدا جەخت دەکات کە: "هونەر شێوازێکی تایبەتیی هۆشە بۆ دیارهێنانی خۆی، بۆ ڕیالیزەکردنی خۆی"؛ ئەوجا ئەرکی هونەر ئەوەیە کە "شیمانە" (ئیحتمال) بهێنێتە ئاراوە. هێگل بەم تێڕوانینە دەیەوێت هاوشێوەی ئەریستۆتێلیس (کە 'شیمانە' وەک ڕاست ی دیاردەر دیاری دەکات) تێزەکەی خۆی پێشان بدات کە دەبێژێت: دەرکەوتەی جوان وەک جوان ئاماژە دەدات بۆ "ڕاستێتی لەنێو ئێستاکە ی سێنسیدا". لێ لەبەر ئەوەی هێگل هاوکات دەبێژێت کە دەرکەوتە "جیانەکراوەیە لە کرۆک"، ئەوا ئەو لە بەهای ئەم پەیوەندییە بە شیمانەوە کەمناکاتەوە، بەڵکو لەو واتایەدا دەریدەبڕێت کە ڕاستێتی دیاردەدات. لێ هێشتا هەر بەو دیاردانە جەختییەک سەبارەت بە دیاردانی ڕاستی دەستەبەر ناکرێت. کەواتە لە هونەردا ڕاستی وەک لێرەبووی دیار بە ئێمە دەگات؛ ڕاستی لە پەرچاندنێکەوە، لە ئەزموونکردنێکی ڕیالێتییەوە، سەرهەڵدەدات نەک تەنیا لە سروشتەوە وەرگیرابێت، هاوکات لە هونەردا گەیاندنی ئەم ئەزموونە مەبەستە. لە لێڕوانیندا سەرئەنجامی پرۆسەیەکی ئەزموونکردنی جیهان دێتە دارشتن، ئەمە بێگومان لە هاوکات-لێرەبوونی شێوەی جواندا، یان لە جیهانبینییەکدا.

هێگل دوو بیرۆکە بەم تێڕوانینانەوە دەلکێنێت: یەکەمیان بریتییە لە تێزی کۆتایی هونەر یان ئەدگاری ڕابوردوویانەی هونەر؛ ئەم تێزە دەبێت بە پێشنیار، چونکە لە هونەردا ڕاستی تەنیا لەنێو دیاردەدا ئامادەیە، کەواتە ڕاستی نەخراوەتە ژێر پشکنینێکی تێگەییەوە، لایەنی کەم هونەر خۆی ئەو کارەی نەکردووە، بۆیە هونەر لە جیهانی ئاڵۆزی مۆدێرندا تەنیا پێی دەکرێت ڕاڤەیەکی یەکلایەنیی جیهان و مرۆڤ بخاتەوە، ڕاڤەیەک کە بەپاڵییەوە ڕێنومایيکردنی دیکە بۆ کردار پێویستن. لێ هێگل هاوکات گۆڕان بە بەرنامەی مێژوویەتیی هونەر دەدات، چونکە ناشێت شێوازی دیاردانی ڕاستی لەنێو دیاردەی جواندا هەر لە سەرەتاوە دیاری بکرێت، بەڵکو تەنیا لە زیندوویەتییەوە، لە گۆڕانی ئیدێوە، سەرهەڵدەدات. بونیاتنانی تێگەییانەی ئەم گۆڕانە زیندووە تەنیا بەپاشیانی شیاوە. ئاخر لێرەش "کونەبەبووەکەی مینێرڤا بە داهاتنی تاریکی دەست بە فرین دەکات".

له دیاریکردنی کاری هونەریدا ئەسپێکتێکی دیکەی گرنگ هەیە: لای هێگل ئێستێتیکی بەرهەمهێنان (پرۆدوکسیۆن) و ئێستێتیکی وەرگرتن (ڕێسەپسیۆن) یەکانەیەک پێکدەهێنن. کاری هونەری کە "پێشبینی ی پێشبینی"یە، ڕیالێتی پێشان دەدات، ئەمە بێگومان لەو شێوەیەدا وەک چۆن خودی ڕیالێتی (کە بەڕێی کاری بەدیهێنەرانەی تاکەکەسێکەوە دیاری کراوە) بۆ هەمووان دەگەیەنرێت. کەواتە دەرکەوتەی جوان گەرەنتی دەدات کە جیهان بەڕێی ئەزموونکردنەوە وێنەبدرێتەوە. ئەم ئەزموونکردنەی جیهان بەپێشیانی جیهانی / سروشتی بونیاتناوە. لێ دیدی جیهان، وەک ئەزموونی بونیادنراو، سەرلەنوێ لەنێو کاری هونەریدا دەبێتەوە بە نەگەیەنراو (واتا ڕاستەوخۆ)، سەرلەنوێ — بۆ ئێمە هەموومان — بۆ ئەزموونکردن دادەنرێت. کەواتە شێوەیاندنی (Gestaltung) هونەری بریتییە لە فۆرماندن و هەستکردنەوە (Nachvollzug) بە فۆرماندنی وێنەیەکی جیهان.

بێگومان فۆرماندنی وێنە-جیهان (Welt-Bild)ێکی بەم چەشنە دەشیت بەگوێرەی توانستی تاکەکەس و شیمانەی پێشدراوی مێژوویی جیاواز بکەوێتەوە. هێگل سێ ڕووی شیاوی ئەم فۆرماندنە دیاری دەکات و تێیاندا ئەو شێوازە جیاوازانە دەچەسپێنێت کە چۆن بەڕێی هونەرەوە جیهانبینییەک لەنێو دەرکەوتەی جواندا، لەنێو سەرجەمێتیی / یەکانەی شێوەی جواندا، دەگەیەنرێت، واتا: هێگل فۆرمەکانی هونەر دیاری دەکات. بێگومان ئەم فۆرمانە لە مەغزای گەیاندنی ڕاستیدا بونیادییانە هەمان شتن، لێ بەهۆی مەرجە مێژووییەکانەوە شیمانەی جیاوازی فۆرماندنن لەیەکدی، شیمانەی جیاوازی بەدیهێنانی هونەرن لە یەکدی، واتا ئەم فۆرمانە شێوازی جیای بەدیهێنانی "ئیدیال"ن.

۳-٤-۲- ستروکتور و مێژوو: تێڕوانینی هێگل بۆ فۆرمەکانی هونەر

شێوەکانی کارایی کولتوورییانەی هونەر کە لە مێژووجیهانی (Welt-Geschichte) هونەرەکاندا دیارن، هێگل لە دیاریکردنی سێ فۆرمی هونەردا پێناسەیان دەکات کە بریتین لە: فۆرمی هونەری ***سیمبۆلی***، ***کلاسیکی***، ***ڕۆمانتیکی***. ئەم سێ فۆرمەی هونەر ڕۆڵی هونەر لەنێو کولتووری مرۆڤدا پابەند بە دۆخە مێژووییە جیاوازەکانەوە دەچەسپێنن. هەروەها هێگل بەم ڕێیەوە شێوە و کاریگەریی هونەر بەگوێرەی قۆناغ و کولتوورەکان جیا دەکاتەوە، لێرەشدا مەنزورەکانی ئەم جیاکردنەوەیە لە پەرچاندنی مێژووییەوە نەک لە تێگەی خودی هونەرەوە دێنە ئاراوە. ئاخر گەر ئیدیال بریتی بێت لە ئیدێی کارا بە شێوەی مێژوویی کۆنکرێت، ئەوسا ئەم ئیدێیە وەک گەرەنتی بۆ ڕاستیی مێژوویی تەنیا پێی دەکرێت جیاواز دیاربدات و بە شێوازی جیاوازیش "بۆ-ئێمە" بێت. هێگل، پابەند بە دیاریکردنی ئیدیالەوە، لەم شێوازانەی "بۆ-ئێمە-بوون"، لە شیمانە بونیادییەکانی ئەزموونکردنی ڕاستی، دەتوێژێتەوە.

- **فۆرمەکانی هونەر وەک دیاریکردنی کارایی کولتوورییانەی هونەر**

فۆرمەکانی هونەر وەک ڕیالیزەبوونی جیاوازی ئیدیال دیاردەدەن، واتا وەک داڕشتەی جیاوازی کارایی ی کار یان وەک کارایی کولتوورییانەی هونەر بە پێشمەرجی مێژووییەوە. بە دیدی هێگل مۆرکی "فۆرمی سیمبۆلیی هونەر" بریتییە لە گەڕان بەدووی شێوەی گونجاوی بینراودا بۆ ئیدێ (ی خودایەتی). لێرە هونەر فۆرمگەلی سروشتی وەردەگرێت و بۆ ڕادەی قەوارەی زەبەلاح، قەوارەی لە ئەندازەبەدەر، هەڵیاندەزنێنێت، کە ئیدی لەڕادەبەدەرکردنی شێوە سروشتییەکە، یان کۆپیکردنی لەڕادەبەدەر گەورەی دوایەکێتی (موتەناهی)، دەبێت بە سیمبۆلی بێدوایەکێتی (ناموتەناهی). خودا بە دەستوێژی لەڕادەبەدەرکردن، ئەوە بێگومان بەڕێی هونەرەوە، دەبێت بە شیاوی لێتێگەیشتن، لێ ئەوە بە شێوازێک کە جارێ ***بەتەواوی*** دیاری نەکراوە. هەڵبژاردنی شێوەکە بە ئارەزووی خۆ ئەنجامدراوە، لێرەشدا تەنیا دەستوێژی بێدوایەکیکردنەکە (ناموتەناهیکردنەکە) دەشێت وەک لایەنی گونجاو بە ئیدێ دابنرێت. هێگل بە نموونەی ئایینە خۆرهەڵاتییەکان ئەم شیمانە زۆرانەی خودایاندنی سروشت لە هونەردا ڕوون دەکاتەوە. هونەر لە سازاندنی خوداکاندا نەک وێنەی جوانی خودا، بەڵکو وێنەی مەزن (erhaben)ی خودا بەرهەمدەهێنێت. مەغزای پێکەوەلکاندنی هونەر (یان دەستوێژی هونەر بۆ بێدوایەکیکردنی سروشت) و ئایین خۆی لەو تێڕوانینەدا دەبینێتەوە کە سازاندنی هونەری (یان ئیدیال) ڕێنومایییەک بۆ مرۆڤ و سەرجەم ژیانی ئەو دادەنێت. هونەر و کولتوور یەکن. هەروەها کولتوور و کولت یان خوداپەرستی / عیبادەت جارێ لە یەکدی جیا نەکراونەتەوە.

لێ مۆرکی "فۆرمی کلاسکیی هونەر" چێکردنی سینتێزێکە لە ناوەرۆک و فۆرم، یان دۆزینەوەی ئەو شێوە گونجاوەی خودایە کە جارێ لە فۆرمی سیمبۆلیی هونەردا نەبوو. هونەر لە شێوەی جوانی مرۆڤیدا "هۆشەکیترین فۆرمی سروشت" ئاشکرا دەکات و هەڵیدەزنێنێت بۆ فۆرمی خودا. لێ ئەم فۆرمە مەزن نییە، واتا وەک شێوەکانی فۆرمی سیمبۆلیی هونەر نییە، بەڵکو جوانە. خودا لە فۆرمی سیمبۆلیی هونەردا لە دەسەڵاتی بێدوایەکییانەی سروشتێتیدا دادەڕێژرێت و بەرانبەر مرۆڤ دادەنرێت، واتا بوونەوەرە مۆرالییەکە لەچاو دەسەڵاتی سروشتدا زۆر بچووک دەردەخرێت، لێ هونەری گریکی بە پێچەوانەوە خودایەتی ***وەک*** مرۆڤێتی دەسازێنێت. خودا یان خودایەتی لە شێوەی جوانی مرۆڤدا بەتەواوی ئامادەیە.

هونەرمەند لەم هونەرەدا خوداکانی گەل بۆ خودی گەل، هاوکات لەتەک خوداکاندا مۆرالی هەمووان و لەتەک ئەمیشدا بناغەی دەوڵەت دەئافرێنێت. ئێستا مرۆڤ لە سروشتپەرستیدا بۆ نێو بێدوایەکێتی هەڵنامژرێت، بەڵکو لە خوداپەرستیدا بۆ خودی خۆی فرێدەدرێتەوە. مرۆڤ لە خوداکاندا کە بەڕێی هونەرەوە وێنەکێشراون، بە خۆی دەگات. خودا وەک شەریکی مرۆڤ خویا دەبێت، بێگومان نەک تەنیا وەک نزیکێکی سروشتیی مرۆڤ، بەڵکو وەک شەریکی کردارییانەی مرۆڤ. بەڵێ هونەر ئەمەیش دەکات بە بابەتی خۆی، بەتایبەتی پۆیێزیی گریکی کە خوداکان وەک دەسەڵاتدارانی سۆزی مرۆڤ، وەک پاڵهێزی کردار لەنێو کۆمەڵگەدا، دادەڕێژێت.

ئەگەر هێگل کلاسیسیت بووایە (وەک چۆن توێژینەوەی ڕەخنەیی دەیبینێت)، ئەوا دەبوو لەم ترۆپکەی هونەردا بووەستایە و بەرانبەر بەم جوانییە سەرجەم هونەری دیکەی نزم بنرخاندایە. هێگل لەبریی ئەوە، لە هزرینییەوە لە ناوەرۆکی هونەری گریکی، واتا لە جیهانی خودایانی بینەیی فۆرمێنراو، گۆڕان بە ئەرگومێنتێک بۆ زەرورەی پەڕینەوە ڕووەو فۆرمێکی دیکەی هونەر دەدات. هونەری گریکی بەرپرسیارییەک بۆ شوێنگرتنەوەی خودایەک دەخاتە ئەستۆی وەرگر / ڕێسیپیەنت (هێگل ئەمە بە نموونەی تراژیدیای گریکی ڕوون دەکاتەوە)، وەرگر بەم ڕێیەوە

مۆرالێک لەئەستۆ دەگرێت، لێ ئەم مۆراله بۆ داواکاریی ڕۆشناییپێدراوی ئاوەز کافی نییە. شوێنگرتنەوە پرنسیپی مۆرالی ئەنتیکەیە، بەمەش بریتییە لە پەیوەندیی نێوان هونەری جوان و ڕیالێتی، لێ ئەم شوێنگرتنەوەیە لەژێر مەرجەکانی مۆدێرنەدا دەبێت وەک ڕێنوماییکردنی کورتهێن ببینرێت، چونکە نەشیاوە هونەر بتوانێت لەسەر ئەم شێوازە مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی بەتوانای ئاوەز پێبگەیەنێت. لەم تێڕوانینانەی هێگلدا بیرۆکەکەی شیلەر لەمەڕ پێکەوەنەگونجاویی ئەنتیکە و مۆدێرنە، هەروەها تێڕوانینی شیلەر بۆ هونەری سۆزمەند (سێنتیمێنتال) خۆی دەبینێتەوە. لێ هێگل بە بەراوردێکی ناوەرۆکە جیاوازەکانی هونەر ئیزافەی ئەو تێڕوانینانەی شیلەر دەکات، واتا بە بەراوردکردنی پێشبینیی گریکییانە و کریستییانەی خودا. ئاییینی کریستیانی چیدی لە خودا وەک شەریکی سروشتیی مرۆڤ تێناگات، بەڵکو لە فۆرمی دامەزرێنەری ئاییندا وەک شەریکی مێژوویی-کولتوورییانەی کردار وەریدەگرێت. هونەر بە داڕشتنی شێوەی خودا، شێوەیەک کە هاوکات مرۆڤ و خودایە، بە ئەرکێکەوە دەئاڵێت کە دژوارترە لە پەیکەری گریکی و بەمەش — وەک هێگل دەبێژێت- هونەر هاوکات بە سنووری خۆی دەگات. ئاخر ئێستا پێویست نییە هونەر خودایەتی لەنێو هارمۆنییەکی کامیل لەتەک خودی خۆی و لە "ئارامیی پیرۆز"دا دابڕێژێت (وەک چۆن ئەمە لە شێوەی کلاسیکییانەی خودادا دەبینرا)، بەڵکو ئێستا وەک بوونەوەری بەمێژوویی کردارنوێن دایدەڕێژێت، لێ ئێستا ئەم ناوەرۆکە لە لایەن خودی هونەرەوە بنیاتنانرێت، بەڵکو پێشتر لەنێو سروشدا (وەحی) بە هونەر دراوە. کاتێک خودای گریکی شێوەیەکی سروشتییانەی جوانی هەبوو، ئێستا بە پێچەوانەوە ناوەرۆکە کریستیانییەکە شێوەی هۆشەکییانەی سروشت ی مرۆڤ تێکدەشکێنێت، چونکە چیدی نابێت ئەو شێوەیە سیمبۆلی گشتگیری خودایەتی بێت. خودا شەریکی کرداری مرۆڤە، ئەم کردارەش ناشێت لە شێوەیەکی نەبزۆکدا دیاربدات، بەڵکو تەنیا لە بەدووییەکهاتنی دۆخگەلدا، یان لە مێژووی خودا لەتەک مرۆڤدا.

## – فۆرمەکانی هونەر و بگۆڕیی کولتوورییانەی هونەر

هێگل لەم تێڕوانینەوە دەگات بەو تێزە کە هونەر کارەکتەرێکی ڕابوردوویی هەیە. گەر یەکێتیی نێوان عیبادەت / خوداپەرستی (Kult) و کولتوور بپسێت، ئەوسا واتای هونەر بۆ کولتوور سنووردار دەکرێت. بە دیدی هێگل فۆرمی کلاسیکیی هونەر سەرلەبەر کولتووری دەسازاند، لێ ئەم سازاندنە سەرلەبەرییە لە فۆرمی ڕۆمانتیکیی هونەردا بەناچاری بزر دەبێت، ئەمەش بەهۆی ناوەرۆکی هونەرەوە. ئێستا چیدی هونەر ئەو پەیوەندییانە ناخاتەوە کە لەنێویاندا مرۆڤ لێرەبونی هەیە (existiert)، بەڵکو بۆ هونەر بەپاڵ چەند دەسەڵاتێکی دیکەی هەڵگری کولتوورەوە یەک کارایی دەمێنێتەوە: پێشاندانی وێنەییانەی ڕێنوماییکردنی فرەجۆری مێژوویی مرۆڤ، کە زۆر جار ڕێنوماییکردنێکی پێچەوانەیە. بێگومان هونەر بەم تاکە کارایيە گرنگیی خۆی لەدەست نادات، لێ هونەر سەرباری ئەوە، بەگوێرەی شیمانەکەی خۆی، شتێکی ڕابوردووییە، چونکە ئێستا لەو کولتوورەدا کە ئاییینی کریستیانی شەقڵی پێداوە، ڕۆڵی خۆی لە هێنانەگۆڕیی پێشبینیی خودادا لەدەستداوە، یان ئەو ڕۆڵەی بەناچاری بۆ ئایین چۆڵ کردووە.

لێ هونەر بەم لەدەستدانەی واتا گشتییەکەی (یونیڤێرسالەکەی) ئازاد دەبێت. ئێستا هونەر لە بەرپرسیارییەوە بۆ ناوەرۆکی ئایینی گۆڕان دەبینێت بەرەو دارشتنی سەرجەم ئەو شتانە کە مرۆڤ دەبزوێنن. ئێستا مرۆڤ ("هومانوس") دەبێت بە پیرۆزە (موقەدەسە) نوێکەی هونەر، بەرێی ئەم ئاراستە نوێیەشەوە هونەر وا دەکات کە شیمانەکانی مرۆڤ-بوون دیاربدەن، هەروەها نەخشەی خۆی بۆ مرۆڤ و جیهانی هومان بەرەنگاری ئەو نائازادییە فاکتی و سنووربۆدانراوییەی مرۆڤ دەکاتەوە کە لە جیهانی ڕۆژانە و سیاسیدا باڵادەستە. هونەر بەهۆی وەرگرتنی واتایەکی بەشەکییەوە (نەک سەرجەمی -و)، بەهۆی ئازادبوونییەوە بۆ دارشتنی سەرجەم مرۆڤێتی، ئیدی لەپاڵ کارایییەکەیدا بۆ پێشنیارکردنی بینەییانەی ڕێنومایی‌کردن (نەک ڕێنومای ئیجباری، ئەویش چونکە ئێستا چیدی خودایەتی ناوەرۆکی ئەو نییە)، کارایییەکی ڕەخنەییش وەردەگرێت. لێ ڕەخنەکەی تەنیا نێگەتیڤ نییە، بەڵکو هاوکات وەک یوتۆپیا دەردەکەوێت. ئاخر پێشنیارکردنی شیمانان پێش هەڵبژاردنی ئۆپشنە کەتوارییەکانی کردار دەکەوێت. بەبێ جەختبوونی بینەیی لەو شتە کە شایستەی مرۆڤە و هاوکات وەک شیاوی بەدیهێنان دیاردەدات، بەبێ شێوەی جوان کە هونەر نەخشەی دەکێشێت، نەشیاوە لە ڕیالێتیی نامۆبوو و نامۆکەر تێپەڕبکرێت. بە شێوەیەکی دی ببێژین: تێزی کارەکتەری ڕابوردوویی‌یانەی هونەر شیمانەیەک ئاوەڵا دەکات بۆ ئەوەی ڕێنوماییکردنی کردار بەرێی هونەرەوە وەک یوتۆپیا یان وەک خەیاڵی (فیکسیۆنی) ئەلتەرناتیڤێکی باشتر بۆ کردەکێتیی فاکتی ببینرێت. تێڕوانینی هێگل کە ئیدیال بەگشتی و هەر کارێکی هونەری بەتایبەتی وەک "پێشبینی ی پێشبینی" دادەنێت، گەرەنتی دەدات کە پێشنیارەکانی ڕێنومایی‌کردن (ئۆریەنتاسیۆن) لە لایەن هونەرەوە نەبن بە ئیدیۆلۆژی. ئاخر پێویست نییە پێشنیاران بۆ کردار وەک ڕێنومای ناچارکەر ببینرێن، بەڵکو دەشێت وەک شیمانەگەلی تێگەیشتنێک لە خودی خۆ و وەک نەخشەی جیهان دابنرێن.

بناغەی ئەم جوداکارییە لە دیاریکردنی "مۆدێرنە"دایە لە لایەن هێگلەوە، لە دیاریکردنی کولتووری ئاڵۆزی جیهانی سەردەمدایە، کە تێیدا لەپاڵ بەرپرسیارییە تایبەتەکاندا (پریڤاتەکاندا) یاساکانی ئایین و دەوڵەت، هەروەها بەرپرسیارکردن بۆ ئاوەز و ئازادی، چوونیەکانە داواکاری ئاراستەی مرۆڤ دەکەن. لە پاشخانی دیاریکردنی کار، و دیاریکردنی ئیدیالەوە وەک زیندوویەتیی ئیدێ، ڕووندەبێتەوە کە هێگل تێڕوانینەکەی خۆی لەمەڕ کارایی مێژووییانەی کاری هونەری، جارێکی دی لە فۆرمەکانی هونەردا وردتر دەهێنێتەوە نێوان، تاکو بتوانێت بە پێناسەکردنی تاکە هونەرەکان پتر دیارییان بکات. گرنگترین ئەسپێکتی پێناسەی فۆرمەکانی هونەر بریتییە لەمەی خوارەوە: پەیوەستبوونی هونەر بە دەرەکێتیی دیاردە یان لێڕوانینەوە هۆیەکە بۆ ئەوە کە هونەر لەژێر مەرجی گۆڕراوی مێژوویدا گۆڕانی بەسەردا دێت. بێگومان کارایی کاری هونەری بونیادیانە وەک خۆی دەمێنێتەوە کە هێنانەئارای نێوکۆییانەی نەزەرـ ی جیهانە (Welt-Anschauung)، وەلێ فۆرمەکانی هونەر مەرج نییە لە کولتوورە جیاوازەکاندا لەیەک بچن: ئەو ناوەرۆکانە کە هونەر گەیاندوونی، لێکچوو نین. بۆیە ئەم تێزە مۆرکی داوە بە تیۆریی فۆرمەکانی هونەر لای هێگل: بگۆڕیی کولتووریانەی هونەر بە لێکچوویی کارایی کولتوورییەوە، بە ئەدگاری نەگۆڕی کارەوە.

## ٣-٤-٣ جیهانی هونەرەکان

هەموو فۆرمێکی هونەر بە دیدی هێگل هونەری بە خۆ تایبەتی هەیە. هەر یەکەی ئەو هونەرانە پێشانی دەدات کە هونەر لە سەردەمێکی تایبەتیدا ئەدگاری کاری هەیە، واتا ڕاڤەکەرانە ڕۆڵی هونەر لەنێو کولتووری مرۆڤدا دیاردەهێنێت. بێگومان هێگل لێرەدا نایەوێت بەرێی تێگەی فەلسەفەوە بەپێشیانی مێژووی هونەرەکان وەک سەرجەم دیاری بکات، بە پێچەوانەوە هەوڵ دەدات دیاریکردنی فەلسەفەییانەی هونەر (واتا تێڕوانینی کاری هونەری) لە گۆڕانە مێژووییەکانیدا ڕوون بکاتەوە. هێگل بە نموونەی تایبەتی گفتوگۆ لەسەر ئەدگاری کارئاسای هونەر دەکات: ئەو بۆ فۆرمی سیمبۆلیی هونەر نموونەی تەلارسازی وەردەگرێت، بۆ فۆرمی کلاسیکیی هونەر جەخت لە پەیکەری جوان دەکات، ئەوجا لە فۆرمی ڕۆمانتیکیی هونەردا شێوەسازی و موزیک و پۆیێزی وەک ڕووەکانی "زیندوویەتیی ئیدێ"، یان ڕووەکانی ئامادەیی بینەیی هۆش لە مێژوودا، ئاوەڵا دەکات. گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە تێگەی کاری هونەری کاراییە ناوبراوە ڕێبەرییەکە لە ڕاڤەکردنی زۆرێتی و گۆڕانی مێژووییانەی هونەرەکاندا وەردەگرێت. هێگل دەیەوێت بە بەڵگەوە بیسەلمێنێت کە هونەر سەرباری هەموو جیاوازییەکی ناوەرۆکی و شێوەکی (فۆرمال) هەر جارە یەک تاکە ڕاڤە بە بایەخەوە بۆ فۆرمی ژیان دەهێنێتە گۆڕێ، واتا شەقڵ بە کولتوورێک دەدات، لێرەشدا لەو تێزەوە دەردەچێت کە "گەلان باڵاترین تێڕوانینەکانی خۆیانیان لە فۆرمی هونەریدا دارشتووە، بە شێوازی هونەر لێیان (واتا لە تێڕوانینەکانیان) بەئاگاهاتوونەتەوە"، کە ئیدی بۆ هەندێک قۆناغی تایبەتی "ئیدێی هۆش" تەنیا لە هونەردا ڕووی تێکردوون. لێ لە سەردەمانی پاش ئەو قۆناغانەدا هونەر تەنیا "بەشەکییانە / پارسیەل" (لەپاڵ ڕێنوماییکردنی دیکەی کرداردا) توانویەتی بەواتا بێت. لێ دەبێت بۆ ڕەوتی ئەم گۆڕانە جەخت لەوە بکەین کە تێزەکەی هێگل لەمەڕ کارەکتەری ڕابوردووییانەی هونەر گۆڕان نابینێت بۆ بوون بە تێزێک لەمەڕ بێواتایی هونەر لە کولتووری مۆدێرندا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هێگل واتای نەگۆڕی هونەر بۆ جیهانی مۆدێرن دادەڕێژێت و بەتەواوی دەیچەسپێنێت. جێی سەرنجە کە هێگل هەر بەرئەنجامێکی توێژینەوەی مێژوویی هونەر، بێگومان تا ئەو ڕادەیە کە لە بەردەستیدا بوون، هەروەها تێڕوانینی دەوڵەمەندی سەردەمەکەی بۆ هونەر و سەردەمانی ڕابوردووو بۆ شرۆڤەکانی، بەکاردەهێنێت.

هێگل ئەم فرەتوێژییە مێژووییە لەنێو تێگەی کاری هونەریدا پێکەوە گرێدەدات بۆ ڕاڤەیەکی یەکانەیی فێنۆمێنە مێژووییەکە. ئەو ڕوانگەی یەکانەیی لێهزرینەکانی لە "فەلسەفەی مێژووی جیهان"دا وەسف دەکات، لێرەشدا دەیەوێت بەڵگە بۆ ئەوە بەدەستەوە بدات کە "ئایین، خوداپەرستی (کولتوس)، خووڕەوشت، نەریت ... دەستوور، یاسای سیاسی" بەرێی هونەرەوە پێشاندەدرێن و بۆ هەمووان دەخرێنە بەردەم. لە کاری هونەریدا "سەرجەم چێوە"ی تێڕوانینەکانی کۆمەڵێکی کولتووری، هەروەها "بەسەرهات و کردەوەکان"ی ئەو کۆمەڵە وەک سەرچاوەی کۆمەڵێکی تایبەتی، ڕاڤەدەکرێن، بۆ هەمووان وەک شیاوی لێتێگەیشتن دادەڕێژرێن و بە شێوەی بینەیی دەکرێن بە بۆماوە.

- **تەلارسازی**

بۆیە هێگل لە خەریکبوونیدا بە تەلارسازییەوە سەرەتا ڕوو دەکاتە ئەو دێباتە تیۆرییەی تەلاسازی کە تێیدا دەپرسرا داخۆ تەلارسازی لە ئەشکەوتەوە، لە بینای بەردین یان دارەوە سەرچاوەی گرتبێت. هێگل ئەم دێباتە دەهێنێتە نێو پرسیارێکی گشتگیرترەوە سەبارەت بەوە کە داخۆ کارەکانی تەلارسازی چە واتایەکیان بۆ کۆمەڵێکی تایبەتیی کولتووری هەبێت. ئەو بە نموونەی بورجی بابل یان پەرستگای بێل (کە هێرۆدۆت لەبارەی دەدوێت) ئەم پرسیارە ڕووندەکاتەوە. هونەر لەنێو ئەم کارە هونەرییە تایبەتییەی تەلارسازیی سیمبۆلیدا دەبێت بە سەنتەر و وروژێنی کولتوورێک. بورج یان پەرستگە بریتییە لە "پنتی یەکخستنی مرۆڤەکان". هێگل هەروەها گۆڕی شا میسرییەکانیش وەک ئەم پنتەی یەکخستن دەبینێت، چونکە مرۆڤ بە تێڕوانینی ئەو دەتوانێت گۆڕەکانی میسریش وەک "کاری نەتەوە" دیاری بکات، یان وەک سەرئەنجامی کاری سەرجەم گەل کە تێیدا گەل خودی خۆی لەنێو باڵاترین زاتی خۆیدا، لەنێو شای خۆیدا، شکۆدار دەکات. لێ هێگل ئەم کارانە بە "کارکردنی ڕەمەکییانەی هۆش لەنێو مێژوودا" دادەنێت، بۆ ئەم تێڕوانینەشی ئەرگومێنت دەهێنێتەوە: لێرە جارێ هونەرمەند "تەنیا پیشەگەرێکی دەستی"یە و پلانی کەسێکی باڵاتر بەئەنجام دەگەیەنێت بەبێ ئەوەی هیچ لەو شێوەیە بگۆڕێت کە پێشتر بۆی دانراوە. کاری تەلارسازی "کاری هەمووانە و لەبەر ئەم هۆیە چەقی هەمووان" پێکدەهێنێت، یان بریتییە لە "یەکێتیی دیار"ی ئەو گەلە وەک کۆمەڵێکی کولتووری.

بێگومان مەبەستی هێگل ئەوە نییە کە گۆیا لە کاری هونەریدا ئیدێیەک پێشبینی دەکرێت و هەمووان دەتوانن لەسەری کۆک بن، بەڵکو مەسەلەکە بەتایبەتی ئەوەیە کە "نێوکۆیەتیی بنیاتنانەکە (کۆنستروکسیۆنەکە)"، واتا نێوکۆیەتیی پلاندانان و کارکردن، هاوکات دەبێت بە پاڵهێزی "یەکخستنێک بۆ بنیاتنانی دەوڵەت". لەنێو ئەو "دروستکراوەدا کە بەرەو هەورەکان بەرزبۆتەوە"، "خودبەدیهێنان"ی کۆمەڵێکی نوێ هەیە. بەڕێی کاری نێوکۆییەوە لەم هەوڵەدا، کۆمەڵگەی هەبووی باوکسالاری هەڵدەگیرێت (wird aufgehoben) بۆ ئاستی فۆرمێکی یەکەمینی دەوڵەتی کە بەڕێی یاساوە پێکەوە گرێدراوە. بەم شێوەیە، لە ڕوانگەی هێگلەوە، لەم کارە زەبەلاحەدا سەرجەمێتیی گەلان سەرباری هەموو جیاوازییەکی لەگۆڕێبووی مێژوویی، خۆی یەکدەخات. "چۆنێتیی یەکگرتنی ئەوان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بریتی بوو لەو پەیوەندییە کە یەکبەیەکی ئەوانی گرێ دا (هاوشێوەی یاساکان کە ئێمە پێکەوە گرێ دەدات". ئەم یاسایانە بریتین لە "پەیوەندیی ئەخلاقی" کە لە سەرجەمێتیی دیاری کارەکەدا بۆ هەمووان ئامادەیە. لە کاری تەلارسازیدا تێگەیشتنی کۆمەڵێک کە بۆ کاری نێوکۆیی هەیەتی، دەهێنرێتە نێو جیهانەوە. لە خودی کاری هونەریدا هەنگاوەکە لە سروشتەوە ڕووەو هومانێتی (مرۆڤگەرایی) خۆی دەبینێتەوە.

هێگل ئەم هەنگاوە لە نووسینی *'مێژووی فەلسەفە'*دا بە ئافسانەیەکی دی ڕوودەکاتەوە کە کارایی مێژووییانەی کاری هونەری دەسەلمێنێت. مرۆڤان کە سەرەتا وەحشییانە و بەبێ کولتوور دەژیان، بەڕێی کاری هونەرییەوە "بۆ بوون بە دەوڵەتێک یەکدەخرێن". ئەوان فێری "هونەر و زانست" دەکرێن و بۆ هومانێتی پەروەردە دەکرێن. کەواتە هێگل لەم تێزەیدا لەمەڕ پێگەیاندنی مرۆڤ لە لایەن هونەرەوە تێڕوانینەکەی شیلەر وەردەگرێت، لێ هاوکات لە تێڕوانینی ئەو تێپەڕ دەکات: هونەر نەک تەنیا مرۆڤ بۆ بەئاگاهاتن لە ئاوەز و ئازادی پێدەگەیەنێت، بەڵکو هونەر هاوکات جیهانی مرۆڤ دەسازێنێت — هونەر کولتوورێکی مرۆڤی دەخاتەوە. لێ هونەر هەروەها لەنێو یەکێتیی کار

و ڕاڤەکردندا، سازاندن و تێگەیشتنی جیهاندا، نەک تەنیا بەهایەکی مەعریفیی هەیە، بەڵکو هاوکات بایەخی بۆ کرداریش هەیە. لە خودی کاری هونەریدا کولتوورێک لە مەغزای گشتگیردا خویا دەبێت کە وەک کولتوور: وەک دەوڵەت و ئایین، بەڕێی دروستکردنی کاری هونەرییەوە پێدەگەیەنرێت. کاری هونەری سروشت وەک کردەکێتیی پێشدراو بۆ کردەکێتییەکی مرۆڤی وەردەسازێنێت، واتا، بە بنیاتنانی کۆمەڵێکی کردار کە لە کارکردنی نێوکۆیی و ڕاڤەی جیهاندا پێدەگات، کولتوور دەخاتەوە.

## - پەیکەر

هێگل پێناسەی پەیکەر دەکات وەک هەنگاوی دیکەی باڵاتر لە ڕیالێتیی ئیدێ ی نێو مێژوودا. خودایەتی دەروونی تەلارسازی پێکدەهێنێت، بە پێچەوانەشەوە تەلارسازی بەڕێی لەخۆگرتنی خودایەکی دیاریکراوەوە بە مەغزای خۆی دەگات. لێ جیاواز وەک لە فۆرمی هونەری سیمبۆلیدا، چیدی خودایەتی وەک شێوەی پەتیی سروشتی دیارنادات، بەڵکو وەک شێوەیەکی هۆشەکیانەی سروشتی. هونەرمەندی کلاسیکی لە "ڕەمەکی ژیرییەوە" خوداکان لە شێوەی جوانی مرۆڤیدا دادەڕێژێت. بەو ڕێیەوە مرۆڤ "خوداکانی لە خودی خۆیەوە وەرگرتووە". "ئەم خودایانە کە لە هۆشەوە بەرهەمهێنراون، کاری هونەرمەندانن: هۆزانڤانان، پەیامبەران، پەیکەرسازان". هونەرمەندان لە وێنەی خوداياندا "باڵاترین شێوازەکانی ئاگایی گەلی خۆیان" پێشان دەدەن. ڕاستی لەنێو شێوەی جواندا بە زانینی یان بە پێشبینیکردنی خودی خۆی دەگات. چۆن پەیکەرساز ئەم شێوەیە وەک جوانییەکی لە خۆدا سرەوتوو تەواو دەکات، بە هەمان شێوە هۆزانڤان واتای ئەو شێوەیە گۆکردووانە (دیسکورزیڤانە) بۆ کولتوورەکە راڤە دەکات. هۆزانڤان هاوکات وەک کاهین و پەیامبەر دیاردەدات: "ئەو خوداکەی خۆی دروست دەکات و ڕاڤەی دەکات".

بە دیدی هێگل مۆرکی وێنەی پەیکەر بریتییە لە باڵاترین جوانی ی شیاو ("نەشیاوە لەو جوانتر هەبێت و ببێت")، هەروەها ئامادەیی لە خۆدا سرەوتووی خودایەتی لەنێو مێژوودا دەگەیەنێت (vermittelt). "تۆخمی تایبەتمەندێتی" (ئیندیڤیدوالێتی)، هەروەها ئەو دەسەڵاتانەش کە مرۆڤ لە کرداردا قەرزبارییانە، لەنێو خوداکاندا بۆ کۆمەڵێک دەهێنرێنە ئاراوە و لە خوداپەرستیدا بە پێش چاوانەوە ڕادەگیرێن. بۆیە ئەوە هونەرـ ئایینە کە شەقڵی بە پۆڵیسی گریکی وەک سەرجەم داوە. وەلێ پۆییێزی ئەو مێژووەی کردار کە لە پشتی ئەم دیاردە جوانەوەیە و کرداری هەر خودایەکی تایبەتییە لەتەک مرۆڤاندا، دادەڕێژێت. پۆییێزی ڕاڤەیەکی وردی شێوە جوانەکە دەخاتە بەردەم، واتا میتۆلۆژی دەهێنێتە گۆڕێ. هێگل لێرەدا ئەفسانەی کرۆنۆس کە منداڵەکانی خۆی دەخوات، بەم چەشنە تێماتیزە دەکات: ئەفسانەکە بریتییە لە "بەسەرچوونی کات لەنێو گەلێکدا کە تێیدا جارێ هیچ شتێکی مۆرالی و سیاسی و ڕێکخراو نییە". لە شێوە و کرداری ئەم خودایەدا ئاشکرا دەبێت کە بەبێ ئاگایی لە مێژووی خۆ نەشیاوە نوێ لە کۆنەوە، نەشیاوە پێشکەوتنی هەبوونایەتی (des Bestehenden)، سەرهەڵبدات.

لێ گرنگترین ئەسپێکت لە دیاریکردنی پەیکەردا جەختکردن نییە لە جوانیی پەیکەر، بەڵکو ئەم هەقیقەتەیە: لە شێوەی جوانی خوداکاندا ئەو دەسەڵاتانە وەک بازنەی خوداکان بۆ ئاسمان هەڵدراون کە ڕێبەریی کرداری مرۆڤ

دەکەن و مرۆڤیش سەرەتا "لەنێو ناخێکدا دایان دەخات". پەیکەر بە شێوازی ساویلکانەی ڕاستەوخۆ کەساندنی (Personifikation) مۆرال و پرنسیپە ڕێبەریکەرەکانی مۆرال دەخاتەوە.

هێگل پابەند بە شیلەرەوە دەبێژێت، هەموو مۆتیڤێکی کرداری مۆرالی لەنێو پەیکەردا شێوەی خۆی دەبینێتەوە. کەواتە شێوەی خوداکان فۆرمی هزرینی گەلێک بە سیمبۆل دەردەخەن، هەروەها پەرپنەوەیەک رووەو دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی ئەنجام دەدەن، پەرپنەوەیەک کە هاوکات لە شێوەی باڵاترین خودادا، زیۆسدا، سیمبۆلییانە دێتە دەربرین. کەواتە جوانیی کارە هونەرییەکان تەنیا مۆرکێکی ئێستێتیکی نییە بۆ نرخاندنی سازاندنەکە، یان بەدیهێنانی خۆیی هونەرمەندەکە، بەڵکو هەروەها نیشانەیە بۆ سەرگرتنی ئەو کارە، یان وەک هێگل دەبێژێت، نیشانەیە بۆ بەدیهێنانی کارایی مێژووییانەی هونەر، بۆ سەرگرتنی گەیاندنی ڕاستی. ئاخر هونەر "باڵاترین شێواز"ی ئاگایی مێژوویی یان ئاگایی کولتوورییانەی گەل ی خۆی دەخاتەوە، کە ئیدی هونەرمەندان هاوکات دەبن بە "مامۆستای گەل."

هێگل وای دەبینێت کە ئەم یەکێتییەی جوانی و بەدیهێنانی کارایی مێژووییانەی  هونەر، تەنیا لە گریکەواری و لەوێش لەژێر مەرجی ئایینی گریکیانەی چارەنووسدا هێنراوەتە گۆڕێ. وێنەی پەیکەر و ئێپۆس خوداکان وەک دەسەڵاتدارانی ڕێنێویی مۆرالی دادەڕێژێن، هەردووکیان دەبن بە پاڵهێز بۆ سەرهەڵدانی پۆلیسی گریکی. هێگل هەر لەم ڕوانگەیەوە لە لێهزرینەکانی ێنادا دەوڵەت و کاری هونەری هاوتا دادەنێت. پێشان تراژیدیا کێشەی مێژووییانەی یەکگرتنەوەیەکی ئەرێنی (ئافیرماتیڤ) لەتەک ڕێنومایيکردنی مۆرالیانەی شێوەیەکی دیاریکراوی خوداییدا دەکات بە بابەتی پێوەخەریکبوون. ئێستا لە پۆلیسی سەرهەڵداودا هەمەجۆرییەکی ڕێنومایيکردنی مۆرالی کە لە خوداکانەوە گەیەنراوە، باڵادەستە و چیدی هونەر ناتوانێت بەریەککەوتنی ئەو ڕێنومایيکردنانە پێکەوە بگونجێنێت (ئاشتبکاتەوە). بەڕێی ئەم پێشڤەچوونە مێژووییەوە پێویستییەک بۆ ئەوە سەرهەڵدەدات کە ئیدی هونەر واز لە باڵاترین شیمانەکەی خۆی بهێنێت کە سازاندنی کۆمەڵێکی مۆرالییە، یان ئەو شیمانەیەی خۆی بۆ دەسەڵاتی دیکەی ڕێنومایيکردن جێبهێڵێت. هونەر سەرباری ئەوە هێشتا هەر بۆ کولتوور لە مەغزای ڕێنومایيکردنی نێو مۆرالێتیدا بەبایەخ دەمێنێتەوە. هێگل ئەم واتا بەشەکییەی (پارسییەلەی) هونەر کە بۆ کولتووری مۆدێرنی شەقڵپێدراو بە ڕۆشنایی و داواکاریی ئاوەز هەیەتی، بە نموونەی ئەو هونەرانە ڕوون دەکاتەوە کە دەیانداتە پاڵ فۆرمی ڕۆمانتیکیانەی هونەر.

- **شێوەسازی، موزیک، پۆییزی**

هێگل لە شێوەسازیدا یەکەم پێشکەوتن لە دارشتنی خودادا دەبینێت. هەروەها شێوەسازی ڕوودەکاتە دارشتنی شێوەی خودا کە بێگومان ئێستا خودای کریستیانییە. ئێستا شێوەسازی خودا لەنێو دۆخدا دادەڕێژێت، هەروەک ببێژین لە وێنەی کتوپڕی کرداردا. شێوەی خودا، جیاواز لە شێوەی پەیکەر، چیدی لەنێو دەورووبەری سروشتییانەیدا دیارنادات، بەڵکو دەگوازرێتەوە بۆ نێو کولتوورێک. خودا لە مێژووی کرداردا لەتەک کۆمەڵی خۆیدا واتا بۆ مرۆڤ وەردەگرێت، ئەمەش لە ڕووەکانی دیاردانی دۆخەکییەوە، بێگومان بەبێ ئەوەی ئێستا بە دیاردانی سرەوتووـجوانی

ڕێنوماییکردنی مۆرالی بگاتەوە کە مۆرکی شێوەی پەیکەر بوو. ئەوجا بەدووی ئەم یەکەم بازنەیەی شێوەسازیدا، بە داڕشتنی شەهیدەکان مێژوویەک دێت وەک سەرئەنجامی ڕێنوماییکردنی کریستیانەی کردار بۆ مرۆڤ. لێ هێگل ئەم داڕشتنە لە گۆشەنیگای ئێستێتیکییەوە وەک کێشەمەند دەبینێت: هونەری جوان بزر دەبێت، ئەوەش بەهێزتر لەوە کە لە داڕشتنی مێژووی موئاناتەکانی لەخاچدراودا ڕوودەدات. سەرەڕای ئەوە لە گۆشەنیگای بایەخەوە ئەم داڕشتنە جێی مشتومڕ نییە. هونەر کە چیدی جوان نییە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئێستا ئێستێتیکییانە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، ئەوا مەبەستی ئیمان بەکراوەیی دەهێڵێتەوە؛ هونەر پێشاندانی (ڕێپرەزەنتاسیۆنی) خودایەتی لە جیهاندا دەمێنێتەوە، ئێستا هونەر بەڕێی ناوەرۆکە وەک سروش (وەحی) نێرراوەکانەوە دەبێت بە نیشانەی داواکاری کە وەک باری شەکەتکەر بەسەر شیمانە سروشتییەکانی داڕشتنەوە زیتبۆتەوە.

لێ لە ڕووی مێژووییەوە جێی سەرنجە کە هێگل لە "موحازەرەکان"دا، جیاواز وەک لە "ئێستێتیک"ی چاپکراودا، داڕشتنەکانی مادۆنا، هەروەها ماریيا ماگدەلێنا، وەک شێوەی سروشتیی جوانی ئەو پەیوەندییە دادەنێت کە مرۆڤ بە خوداوە هەیەتی، نەک پێگەیەکی یەکەمین بە هونەری جوانی ڕێنیسانس یان بە سوژێی مەزنی بابەخودا یان لەخاچدراو بدات. شێوەسازی لە شێوەی سروشتیدا – ئێستا لە شێوەیەکی پەرچاوەی (ڕێفلەکسیڤی) پەیوەندیی نێوان مرۆڤاندا– هاوکات خۆشەویستی وەک پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا پێشان دەدات، لێ ئەم پێشاندانە تەنیا بە سیمبۆلی خۆشەویستیی خۆبەختکردوو ئەنجام دەدرێت. لە سوژێکانی دیکەدا شێوەسازی لە شێوەی جوانی سروشتی تێپەڕدەکات و دەگات بە تێڕوانینێکی پەرچاوە کە هێگل بە مۆدێلی تراژیدیای گریکی ڕوونی دەکاتەوە. خودایەتی لە داڕشتنی موئاناتەکانی لەخاچدراو و شەهیدەکاندا لە بەرەنگارییەکی نێگەتیڤی پەتیی جیهاندا دیاردەدات. لێرە جارێکی دی شیمانەی گەیاندن (Vermittlung) خۆی سنووردار دەکات. لە نێگەتیڤێتیی دۆخە ناکۆکەکەدا کە بە نەمانی ڕوالەتییانەی خودایەتی هاتۆتەئاراوە، ئامادەیی بینەیی خودایەتی کۆتایی دێت.

بۆیە هونەر لە شێوەسازیدا موئایەشەی سنووردانانێکی جووتەنیی دەکات: هونەر تەنیا لە داڕشتنی خۆشەویستیی خودادا پابەند بە خۆشەویستیی دایکەوە دەتوانێت هارمۆنیانە بێت و لە جوانیشدا بە فۆرمی گریکییانەی خودایان بگونجێت. لێ هونەر ئێستا لێرە چیدی لە مەغزایەکی تەواوەتیدا کار نییە، بەڵکو داڕشتنی تاکەکسە لە پەیوەندییەکەیدا بە خوداوە. داڕشتنی پەیوەندیی کۆمەڵێک بە خوداوە (داڕشتنی موئانات یان شەهیدان)، بە پێشاندانی سەرئەنجامەکانی ناکۆکیی نێوان ئیدیال و جیهان کۆتایی دێت، بێگومان پێشاندانێک کە چیدی جوان نییە.

هێگل پابەند بەمەوە سنووردارییەکی دووەم لە هونەردا دەبینێت کە بێتواناییە بۆ خستنەوەی مۆرالێتیی هەمووان، ئەم بێتواناییەش بەستراوە بە بێتواناییەوە بۆ هەڵهێنجانی ناوەرۆکی خودایی لەنێو خودی هونەرەوە. بەرانبەر ناوەرۆکی سروشییانە (وەحی)ی هونەر کە بەهۆی سروشیبوونییەوە وەک ڕێنوما دانراوە، لەنێو "بازنەی جیهانیدا" هەمەجۆرییەکی بێسنووری ناوەرۆکی شیاو هەیە. لە سەردەمی هێگلدا خەریکبوونی ڕەخنەیی بە هونەرەوە ئەم ناوەرۆکانەی بە پێوەری داڕشتنی مێژوو، پۆرترێ، دیمەن، وێنەی ژانر و ژیانی نەبزۆک (still life) دەپێوا، لێ هێگل بە پێچەوانەوە بۆ ئەمانیش سەرلەنوێ پرسیارەکەی خۆی سەبارەت بە شیمانەی هێنانەئارای کارێکی هونەری دەچەسپێنێت.

هێگل لە وێنەکانی هۆلەندییەکاندا (بێگومان نەک لە وێنە ئایینییەکانیاندا، بەڵکو لە ژانر و ژیانی نەبزۆکدا) کاری هونەری بۆ جیهانی مۆدێرن ئاشکرا دەکات. بەتایبەتی ئەو وێنانە کە ناوەرۆکی بێبایەخیان هەیە، بۆ هێگل گرنگترینن، چونکە لە نێویاندا ژیانی ڕۆژانە یان شتە دوایەکییەکان تەواو جوان دادەڕێژرێن. بێگومان لێرەش جوانیی داڕشتن و کامیلکردنی تەکنیک نابن بە پێوەر بۆ کارێکی هونەری، بەڵکو ئەو دیدەی جیهان (Weltsicht) دەبێت بە پێوەر کە لەنێو ئەم کامیلکردنە فۆرمالەدا دەربڕاوە. وەک هێگل دەبێژێت، هۆلەندییەکان، هەروەک ببێژین، موزیکێتیی ڕەنگیان دیراسەکردووە. ئەوان لە وێنەی ژیانی جوانی ڕۆژانەدا جیهان وەک "جیهان"ێک دیاردەهێنن کە "لەنێو هۆشەوە زایێنراوە و زایێنراوەتەوە"، وێنەکانیش یەکانەیەکی پێشاندانی (ڕێپرەزەنتاسیۆنی) کار و ڕاڤەکردنن. وەک هێگل دەبێژێت، لەو وێنانەدا کە ناوەرۆکی بێبایەخیان هەیە، کەتوارێکی ئەوتۆ وەک دۆکومێنت تۆمار دەکرێت کە سازاندنی ڕاومی (فەزای) کولتوورییە بە کاری مرۆڤ، هەروەها ئەوەیە کە چۆن ڕێکخراوی سیاسی زانیوێتی توانای خۆی بەڕێی خۆڕزگارکردنەوە لە ئیسپانییەکان بسەلمێنێت. کەواتە داڕشتنی ئاسوودەیی هاوڵاتیان نیشانەی جیهانبینییەکە کە بایەخی بۆ کولتوورێکی تایبەتی هەیە. لێ ئەم جیهانبینییە پابەندی کاتە و دەبێت لە سەردەمدا سەرلەنوێ بە پەرچاندنی ئێستێتیکی دەروویەکی بۆ ئاوەڵا بکرێتەوە. لەبەر ئەم هۆیەیە کە هێگل بە تێزی بەشەکێتیی / تەواونەکراویی (پارسیالێتیی) هونەر دەگات.

لە هەردوو بازنەکەی شێوەسازیدا خویا دەبێت کە هونەر بەڕێی داڕشتنی خودایەتییەوە لە لایەک شیمانە بۆ جوانبوونی خۆی لەدەستدەدات، لە لایەکی دیکەوە هونەر دەزانێت ئەو شیمانەیە بە تەرکیزخستنە سەر "هومانوس" وەک پیرۆزە نوێکەی هونەر بەدەستبهێنێتەوە. بەڕێی ئەم ناوەرۆکەی هونەرەوە، بەڕێی داڕشتنی خودئاگاییەکی کولتوورییەوە لە شێوەی جواندا، هونەر شێوەکییانە لە ناوەرۆکی هونەری گریکی جیاواز نییە، وەلێ لە شیمانەی خستنەوەی خودی ئەم ناوەرۆکەدا لە ئەو جیاوازە. هونەر واتا یونیڤێرساڵەکەی (گشتگیرەکەی) لەدەستدەدات، چونکە ناوەرۆکی لەخۆتێگەیشتنی مێژوویی وێنەدەکێشێت، وەسفدەکات، کە وەک ڕێنوما لە بەردەمیدا دانراوە و تەنیا وەک پەیوەندکراو بە کولتوورێکی تایبەتییەوە دەتوانێت بە پێش دیدی خۆیەوە ڕابیگرێت.

هێگل لە داڕشتنی موزیک و پۆیێزیدا کە ئەو وەک هونەرە "جیهانییەکان" دەیان بینێت، شرۆڤەی ئەو تێڕوانینە دەکات کە داخۆ تا چەند دەشێت "هومانوس" وەک پیرۆزە نوێکەی هونەر کارایی وەربگرێت و داخۆ چۆن کارێکی هونەری لەژێر مەرجەکانی ئاوەزی ڕۆشناییپێدراودا شیاو بێت. پێش هەموو شتێک دوو نموونە لە دیاریکردنی موزیک و پۆیێزیدا گرنگن: یەکەم، پێناسەکردنی ئۆپێرا لە لایەن هێگل؛ دووەم، خەریکبوونی ئەو بە درامای مۆدێرنەوە.

ئێستێتیکی موزیک لە موحازەرەکانی هێگلدا کە لەمەڕ فەلسەفەی هونەر خوێندوونیەتەوە، زۆر بەکورتی و فۆرمال پێشکەش دەکرێت. هێگل تەنیا بەو دانوستاندنەوە خەریک دەبێت کە داخۆ موزیکی ئامێری (ئینسترومێنتال) پێشتریی لە موزیکی بە وشە ئاوەڵیکراو هەبێت یان بە پێچەوانەوە. هێگل پرسیارەکە سەبارەت بە کاری هونەری، وەک چۆن لە شێوەسازیدا کردی، بە نموونەیەک ڕوون دەکاتەوە کە پەیوەست بە سەردەمی خۆیەوە نموونەیەکی زۆر سادە بوو: ئۆپێرا، کە بە دیدی ئەو دووپاتکردنەوەی تراژیدیای گریکییە لەسەر زەمینەی مۆدێرنە. لە ئۆپێرادا، هاوشێوەی تراژیدیا، "هەموو هونەرەکان ... یەکخراون: سروشتی مرۆڤ، پێشاندانی تەلارسازی بەڕێی شێوەسازییەوە، ئەوجا موزیک و سەما و پانتۆمیم". کەواتە ئۆپێرا هاوشێوەی درامای کۆن هونەری جوانە، لێ

ئۆپێرا، بە پێچەوانەی هەر یەککگرتنەوەیەکی (ئیدێنتیفیکاسیۆنێکی) ئەرێنی لەتەک فیگورەکانی درامای گریکیدا، تەنیا چێژێکی پەرچاوەی هونەر دەوروژێنێت. چێژبینین لە سەرگرتنی کارێکی جوانی سەرجەمییانەی هونەری تەنیا بەو مەرجە دەشێت گەر ئەبستراکتکردنێک (تەجریدکردنێک) لە ناوەرۆکەکانی ئۆپێرا ئەنجام بدرێت. ئەم ناوەرۆکانە، کە هێگل بە چەند نموونەیەکی ئۆپێرای سەردەم پێشانیان دەدات، بۆ مرۆڤی مۆدێرن بێبایەخن، بۆ هۆشی رۆشناییپێدراو بەر لە هەموو شتێک "سامناک"ـن. ئۆپێرا نەک تەنیا نموونەیەکە بۆ کارێکی هونەریی جوان لە مۆدێرنەدا، بەڵکو لە سەرووی ئەمەشەوە کارێکی هونەریی ئەوتۆیە کە سەرجەم هونەرەکان پێکەوە گرێدەدات. سەرەڕای ئەوە ئەم کارە هونەرییە چیدی جیهانبینیی پڕبایەخ نییە؛ هونەر لێرە لە خزمەتی چێژتنی هونەردایە.

هێگل لە پۆییێزیدا دژبەرێک بەرانبەر ئەم هونەرە جوانەی نێو جیهانی مۆدێرن دادەنێت: دراماکانی شیلەر. ئەو پێشتر بە داڕشتنی ئێپۆسی کۆن و نوێ ئەو جیاوازییەی ڕوون کردبۆوە کە لە نێوان هێنانەگۆڕێی کولتوورێک بەڕێی هونەرەوە و پێشاندانی ڕوویەکی کولتوورێک لەنێو هونەردا هەیە. لە ئێپۆسی کۆندا "هۆزانڤان ... پەیڤەرە"؛ هۆزانڤان گوزارشت بۆ پێشبینییەکی گەل دەدۆزێتەوە، ئەویش کاتێک "جیهانی سەرجەم گەلێک" لەو ساتەدا دادەڕێژێت کە "گەلێک لە خەواڵوویی بێئاگای خۆیەوە بێداردەبێتەوە بۆ نێو ڕەوشی ئاگایی". لەبەر ئەم هۆیە ئێپۆسیش "بناغەی ئاگایی گەلان"ـە. پۆییێزی لانکی کولتووری مرۆڤە. هێگل لەم پەیوەندییەدا گۆڕان بە دیاریکردنێکی تایبەتیی بلیمەت (ژینی) دەدات. لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ ناتوانێت گریمانە بکات کە گۆیا گەلێک خۆی هۆزانێکی بەو چەشنە دادەنێت، بە پێچەوانەوە مرۆڤ دەبێت بێژێت کە تاکەکەسێک دەتوانێت هۆزانێک، کارێکی هونەری، بئافرێنێت، گەر هاتوو ئەو سەر بە گەلی خۆی بێت. ئێپۆس کە پێشبینیی جیهان دەکات، چە بەرهەمهێنانی ئازادی تاکەکەسێکە و چە کارێکی ئۆبژێکتیڤییە. ئەوجا هێگل لە لێهزرینەکانیدا سەبارەت بە تەلارسازی و پەیکەر پێشانی دەدات کە لەم کارە هونەرییەدا "هۆزانڤانان زمانیان بە گەل داوە". لێ پنتی یەکخستنی هەموو کەسەکان خۆی لە زمانی هاوبەشی هەمووواندا دەبینێتەوە، بۆیە ئێستا هونەر پەرچاوەترە (لێهزریوترە) لە ڕاڤە کارتێداکراوەکەی تەلاسازی و شێوەی جوانی پەیکەر.

لەدژی ئەم واتا یونیڤێرساڵەی هونەر وەک هێنانەگۆڕێی زمانێکی نێوکۆیی، ئێپۆسی مۆدێرن و هۆزان (لیریک) بەشەکێتیی (ناسەرجەمێتیی) بلیمەت و هەروەها هینی زمانێکی خولقێنراوی نێو هۆزان دادەنێن. کاتێک پاڵەوانانی ئێپۆسی کۆن لە یونیڤێرساڵێتییەکی بلیمەتدا پەیوەندیی خۆیان بە جیهانەوە نەخشە دەکێشا و ئەو پەیوەندییەش بۆ سەرجەمی کۆمەڵ دەبوو بە ئاڕاستەکاری، ئەوا پاڵەوانانی ئێپۆسی مۆدێرن بە پێچەوانەوە تەنیا کارەکتەری کەسەکییان (ئیندیڤیدوێلیان) هەیە کە تاکلایەنە داڕێژراوە. هێگل ئێپۆسە جەرمانییەکان کە لە سەردەمی ئەودا بڵند دەنرخێنران، بۆ نموونە سترانی نیبەلونگەکان، وەک کاری هونەری قبووڵ ناکات، چونکە بە دیدی هێگل ئەو ئێپۆسانە هیچ پەیوەندییەکیان بە سەردەمەوە نییە، یان وەک ئەو خۆی دەبێژێت: پاڵەوانانی ئێپۆسەکانی چەرخی ناڤین "لە دۆخی ئێمە دابڕاون"، بۆیە ئێپۆس ناگات بەو "ئاستەی پەروەردە (Bildung)" کە "ئێمە (...) هەمانە". هەر ئەوها مرۆڤ دەتوانێت — وەک چۆن هاوچەرخانی هێگل دەیکەن — هۆزانڤانانی ئێپۆسەکانی سوارچاکی بە "هۆزانڤانانی نەتەوەیی" دابنێت، وەلێ کەرەسەکانی ئەم پۆییێزییە بە دیدی هێگل سەر بە مێژوویەکن "کە هیچ گرنگییەکی بۆ ئێمە نییە".

به دیدی هێگل ئێپۆسی چەرخی ناڤین لە ڕۆماندا بەردەوامیی پێدەدرێت. سەرەتا لە "دۆن کیشۆت"ی کێرڤانتێسدا سوارچاکێتی دەدرێتە بەر گاڵتەجاڕی، ئەمەش پێگەی تاکەکەسی پاڵەوان لەنێو مێژووی خۆیدا و هەروەها بەشەکێتیی کرداری بلیمەتانە و داڕشتنی هونەری ڕۆشن دەکاتەوە. ئاخر لەنێو دەوڵەتێکدا "کە ڕێکخراوی یاسایی زۆر باڵادەستە، سەربەخۆیی تەنیا لەخۆباییبوون و پێکەنیناوییە و دەکەوێتە نێو کایەی کۆمیکەوە". ئێپۆسی نوێی جیهانی مۆدێرن، واتا ڕۆمان، وەک تێم و هەروەها وەک سەرئەنجام پەروەردەکردنی (تەعلیمی) تاکەکەسێک لە خۆ دەگرێت. بێگومان ناوەرۆکی ئەم ئێپۆسە بەهۆی تێڕوانینی پەروەردەکردنەوە سەرنجڕاکێشە، سەرەڕای ئەوە گۆڕانەکە هێشتا هەر لەو مەغزایەدا کەسەکی دەمێنێتەوە کە واتایەک بە ئاڕاستەیەکی گشتییەوە وەرناگرێت.

لە هۆزاندا (لیریکدا) ئەم پەڕینەوەیە بەو ڕێیەوە کە گوزارشتی هۆزانی چواندنی پریڤات (تایبەت) وەردەگرێت، بەهێز دەبێت. ئاخر هۆزان، هەندێک ڕەوشی لێدەربچێت، لە میدیەمێکی تاکەکەسیدا، واتا لەنێو هەستدا، دیدێکی تەنیا تاکەکەسییانەی جیهان دەگەیەنێت. هێگل لە خەریکبوونیدا بە پۆییێزیی (هۆنراوەی) هۆزانییەوە (شیعرییەوە) ڕوودەکاتە ئەو دیاردانە کە تێیاندا هۆزان نەک ئەرکی گەیاندنی ئەزموونێکی تاکەکەسییانەی جیهان، بەڵکو ئەرکی گەیاندنی کولتوورێکی نامۆ وەردەگرێت. هێگل کارەکەی گوێتە بە ناونیشانی 'دیوانی خۆرهەڵاتی-خۆرئاوایی' دەکات بە بابەتی پێوەخەریکبوونێکی قووڵ، لەم ڕەوتەشدا هەوڵ دەدات پێشانی بدات کە هەروەها لە هونەری سەردەمیشدا دەشێت هۆزانڤانییانە جیهانبینییەکی نامۆ و ڕابوردوو بگەیەنرێت، ئەوجا بەم ڕێیەوە ئاستی ئەو خودئاگاییە پەرە پێبدرێت کە مرۆڤ لە کولتووری خۆییدا پێی گەیشتووە. هێگل ئەم کارەی گوێتە وەک هونەرێکی جوان و هاوکات پرواتا دەبینێت. وەک ئەو دەبێژێت، گوێتە لەم کارەدا "باڵاترین ئاستی لە پۆییێزیدا" بەدیهێناوە، نەک لە 'فاوست'دا (کە هێگل پاشان لە "ئێستێتیک"دا وەک باڵاترین کاری گوێتە دایدەنێت). '***دیوانی خۆرهەڵاتی-خۆرئاوایی***'، بە پێچەوانەی پۆییێزییەکی سەبژێکتیڤییەوە کە تەنیا ڕوو لە هەست دەکات، "ئاسوودەکردن لە ئەندێشەدا، یان ئازادیی هۆش بەسەر ئیلتیزامی جیهانەوە، بەسەر ستایشکردنی چێژی کاتییەوە"، دادەنێت. '***دیوان***' هاوڵاتی مۆدێرن پێدەگەیەنێت بۆ بوون بە هاوڵاتیی جیهانی نەک هاوڵاتیی دەوڵەتێکی تایبەتی، چونکە '***دیوان***' لە پۆییێزیدا جیهانبینیی کولتوورێکی نامۆ لەنێو کولتووری خۆییدا دەگونجێنێت. هێگل لێرە هونەرێکی جوان ئاشکرا دەکات کە وەک هونەر تا ڕادەیەکی کافی خەریکی پەرچاندنە، کە هەروەها کارایی پەروەردەیی وەردەگرێت، لێ ئەم پەروەردەیە دەهێنێتە نێو دیدێکی ڕەخنەیی جیهانەوە. ئاخر ئەو ئەلتەرناتیڤە هۆزانڤانییە کە '***دیوان***' ئاوەڵای دەکات، ڕێنومایی‌کردنێکی ڕاستەوخۆی مۆرالی یان کولتووری نییە، بەڵکو تەنیا پەرەپێدانی ئەزموونی پێشتر هەبووی جیهانە، پەرەپێدانیش بەرێی ئەو شیمانە ئەلتەرناتیڤە کولتوورییەوەیە کە ئەو بۆ لێرەبوونی هومان هەیەتی.

هێگل لە دانوستاندنی واتای هونەردا بۆ جیهانی مۆدێرن، هونەری جوان و هونەری گرنگ لەدژی یەک دادەنێت. کاتێک جوانی و گرنگیی مێژوویی لە '***دیوانی خۆرهەڵاتی-خۆرئاوایی***'دا پێکەوە گرێدراون، ئەوا دراما بە لەدەستدانی جوانی، واتای کولتوورییانەی خۆی دەکرێت. هێگل پێشتر لە خەریکبوونیدا بە تراژیدیای گریکییەوە ئاماژەی بۆ ئەوە دابوو کە ئەم تراژیدیایە، بە پێچەوانەی ئێپۆس، ڕێنومایی‌کردنە جیاوازەکانی کردار و بەیەکدادانیان دەکات بە بابەتی خۆی. ناوەرۆکی تراژیدیا بریتی نییە لە داڕشتنی "جیهانی بنەڕەتیی گەلێک"، بەڵکو داڕشتنی "قۆناغێکی ئەبستراکتتری درەنگترە کە تێیدا هۆش بەسەر شێوەی جیاوازدا بەش بووە". بێگومان هێگل دانوستانی ئەو هەوڵە

جیاوازانەی سەردەمەکەی دەکات کە دەدران بۆ ژیاندنەوەی تراژیدیای گریکی، لێ تەنیا لە هەوڵەکەی گوێتەدا گوێزانەوەی درامای ئەنتیکە بۆ نێو جیهانی مۆدیرن بە شایانی دانوستانکردن دادەنێت. گوێتە "دەهێڵێت سەرجەم دەسەڵاتی کاریگەر لەنێو سۆزی کەسی کردارنوێندا" دیاربدات، واتا خوداکان وەک دەسەڵاتی سۆز، وەک پرنسیپی کرداری مۆرالی دیاردەدەن نەک وەک خودای مەکینەیی جیابۆوە لە مرۆڤ. گریکێتی لە هۆنینەوەیەکی بەو چەشنەدا دەبێت بە "مۆدێرن" و مرۆڤ بۆ پرسیارکردن لەبارەی شوێنی خۆی لەنێو مێژوودا پێدەگەیەنێت.

هێگل خۆی بەتایبەتی بە دراماکانی شیلەرەوە خەریک دەکات، چونکە بە دیدی ئەو شیلەر، هاوشێوەی هۆزانڤانانی ئێپیکی، کرداری پاڵەوانانە دەکات بە بابەتی داڕشتن. تاکەکەسی مەزن کە لە ئێپۆسی کۆندا وەک نەخشەسازی جیهانێک دیاردەدات، شیلەر لە دراماکانیدا دەیباتە نێو کۆمەڵگەی ئاڵۆزی مۆدێرنەوە، بەم کارەش ئێستا لە لایەک بلیمەت دەبێت بە بەرهەمهێنەر و بابەتی پۆییێزی، لە لایەکی دی بەڕێی هونەرەوە بەشەکێتیی (پارسیالێتیی، تەواونەکراویی) ڕێنوماییکردنی کردار ئاشکرا دەبێت. ئێستا چیدی مەسەلەکە لە هونەردا ئەوە نییە کە لە ڕێنوماییکردندا ڕاستەوخۆ کرداری تاکەکەسێکی مەزن وەربگیرێت، بە پێچەوانەوە، ئێستا پۆییێزی لەبریی ئەوە پێشانی دەدات کە داخۆ چۆن کرداری تاکەکەسیی بەگوێرەی هومانێتی و لە هەلومەرجەکانی جیهانی مۆدێرنی مەدەنیدا بشێت. هێگل پێشتر لە خەریکبوونیدا بە 'ڤالنشتاین'ی شیلەرەوە گۆتبووی کە سەربەخۆیی تاکەکەسێکی مەزن، سەربەخۆییەکی لاواز و فیزدارانەیە و بە زەروورەش جەریمە دەقەومێنێت. ئاخر لە "ڕەوشی سەقافەتی پێگەیشتوو"دا کرداری تاکەکەسێک نابێت بەهۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێکی نوێ یان مۆرالێتیی گەلێک، بەڵکو ئێستا هونەر لە ڕەوشێکی بەم چەشنەدا شکستهێنانی "کارێکی مێژوویی-جیهانی" دادەڕێژێت. ئێستا سەردەمی ئێپۆسی نەتەوەیی بەسەرچووە. سەرەڕای ئەوە شکستهێنانی تاکەکەسی مەزن کە لە درامادا دادەڕێژرێت، هاوکات لەنێو شیمانەی سنووردارکراوی کرداردا "هاوسۆزیی مۆرالی" دەخاتەوە، واتا ئامانجی کرداری مرۆڤ دەخاتەوە کە ئامانجێکی قبووڵکراوە لە لایەن هەمووانەوە. خودڕیالیزەکردنی مرۆڤ، لە مەغزای بەکارهێنانێکی بەتوانای ئاوەزدا، لە درامادا وەک زەروری، هەروەها وەک نەشیاوی بەدیهێنان لە لایەن تاکەکەسێکەوە، دادەڕێژرێت.

لەم ڕوانگەیەوە درامای مۆدێرن چیدی "هونەری جوان" نییە، بەڵکو لە مەغزای پێناسەکەی کانتدا "مەزن"ە (erhaben). لە داڕشتنی درامادا مەبەستی کردار و بەدیهێنانی کردار ڕێنادەن پێکەوە بگونجێنرێن. بێگومان لە کرداری درامیدا مەبەستێک ئاشکرا دەبێت و هەمووان قبووڵی دەکەن، لێ ئەو دەستوێژانە کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەڵدەبژێررێن، بەزەرووری کورت دەهێنن. هێگل لەمەدا شکستیهێنانی هونەر نابینێت، بەڵکو مۆدیفیکاسیۆنی (وەرگۆڕینی) ڕۆڵی هونەر لە دەوڵەتی مۆدێرندا دەبینێت، وەرگۆڕینێک کە بەهۆی مەرجە گۆڕاوە کولتوورییەکانەوە پێویستە.

لە داڕشتنی ئاوەڵاکراوی هونەرەکاندا خویا دەبێت کە چۆن تێگە بنەڕەتییەکانی ئێستێتیکی فەلسەفەیی، واتا تێگەکانی کار، دیاردەی جوان و ئیدیال، لە دانوستاندنی خودی فێنۆمێنی هونەردا بە واتا و لیاقەی خۆیان دەگەن. هێگل ئەم تێگە بنەڕەتییانە لە ڕاڤەیەکی سەرجەمییانەی کارایيە کولتوورییەکەی هونەردا پێکەوە گرێدەدات. ئەو تاکە دیاردەکان بەگوێرەی ڕۆڵیان لەنێو کولتووری مێژووییدا دەنرخێنێت، کە ئیدی جیهانی مرۆڤ لە لایەک وەک جیهانێکی مۆرکپێدراو لە لایەن هونەرەوە دیاردەدات، لە لایەکی دی ڕۆڵی هەر یەکەی هونەرەکان لەنێو کۆمەڵگەدا

جیاواز ڕوون دەکرێتەوە. لێرەدا هێگل هەنگاوێکی سەرنجڕاکێش دەنێت: هەنگاوی یەکگرتنەوەیەکی (ئیدێنتیفیکاسیۆنێکی) ئەرێنی لەتەک نەزەڕ-ی-جیهان (Welt-Anschauung)ی هونەردا تا دەگات بە خەریکبوونێکی پەرچاوە بە دۆخی مێژوویی خۆییەوە، خەریکبوونێک کە خودی هونەر دەرفەتی بۆ ڕەخساندووە.

### ٣-٤-٤ تێزی کۆتایی هونەر لای هێگل

ئەمڕۆ ئێستێتیکی هێگل بەهۆی تێزی کۆتایی هونەرەوە کەم قبووڵ دەکرێت. لێ گەر ئێمە ئەو سەرچاوانە بەهەند وەربگرین کە لە موحازەرەکانی بەرلینی هێگلەوە لە بەردەستدان، ئەوسا ئەم تێزەی کۆتایی هونەر لە ڕۆشنایییەکی دیکەدا دەردەکەوێت. هێگل دەبێژێت: لەمپەڕی هونەر "لەنێو ئەو خۆیدا نییە، بەڵکو لەنێو ئێمەدا"یە. پاشان هێگل لە *'ئەنسیکلۆپێدی'*دا، لێ هەروەها لە دوایەمین موحازەرەکانیدا، سیستەماتیکییانە گەشە بەم تێڕوانینەی خۆی دەدات. هێگل لەوێدا دەبێژێت: هونەر، وەک ***'تاکە'*** دەسەڵاتێکی کولتوورییانەی ڕێنومایی‌کردن، خۆی "خودی خۆی لە ژیاندا دەهێڵێتەوە". "هونەر کە دارشتنی ڕاستییە، دەبێت بە باڵاترێک، هەر ئەمەیە، دوای تێپەڕکردنی ئێمە لە ئەو، پێگەی هونەر لە چۆنێتیی بوونیدا بۆ سەردەمەکەمان دیاری دەکات".

کەواتە تێزەکەی هێگل لەمەڕ کۆتایی هونەر یان لەمەڕ کارەکتەری ڕابوردووییانەی هونەر ئەوپەڕی دەشێت ئەم واتایە بگەیەنێت: هەر ئەوەندەی مرۆڤ لەژێر مەرجەکانی دەوڵەتی مۆدێرندا بژی، یان هەر ئەوەندەی مرۆڤ چیدی تەنیا بەڕێی هونەرەوە پێشبینیی ئایینەکەی نەکات، ئیدی هونەر واتا گشتییەکەی (یونیڤێرسالەکەی) لەدەستدەدات. لێ هونەر سەرباری ئەوە واتا خۆییەکەی لەدەست نادات. هونەر لە دەوڵەتی مۆدێرندا تاکە دەسەڵاتێکی ڕێنوماییکردن نییە بە دوایەمین چواندنەوە، سەرەڕای ئەوە زۆر چاک دەتوانێت لە پێشنیارە جیاوازە جیهانبینییەکاندا پێشبینیی شیمانەی ژیانێکی مرۆڤیانەتر بکات. هونەر لە جیهانی مۆدێرندا ئەرکی "پەروەردەکردنی فۆرمێل" وەردەگرێت، ئەمەش بەواتای، هاوڵاتیی جیهانی مۆدێرن دەرفەت نادات کە هونەر ناوەرۆکیانە ببێت بە ڕێپێشاندەری کرداری ئەو، یان لە بنیاتنانی ژیانی مۆرالیدا ڕێبەریی ئەو بکات. لێ هاوڵاتیی دەوڵەتی مۆدێرن سەرەڕای ئەوە ڕاهێنانی توانستی هزرین دەکات و بەدەستی دەهێنێت، توانستێک کە لە مامەڵەکردنی لەتەک هونەردا دەیگونجێنێت تاکو بڕیاری خۆی بۆ فۆرمە شیاوەکانی ژیان بدات. هونەر بڕێک فۆرمی شیاوی مرۆڤپەروەرانەی ژیان پێشان دەدات، بۆ هەڵبژاردن (ئیختیارکردن) و بەمەش بۆ تاقیکردنەوە دەیان خاتە بەردەم.

کاتێک هونەر بینەییانە پێشنیاری هەڵوێست دەخاتە بەردەم، ئیدی بەم ڕێیەوە کارایییەکی ڕەخنەیی لە جیهانی مۆدێرندا وەردەگرێت و پێشانی دەدات کە چۆن مرۆڤ بەرانبەر نامۆبوونی نێو جیهانی فاکتی گۆڕان بە ئەلتەرناتیڤی سەرگرتوو بدات. هونەر وەک ڕەخنە دەمێنێتەوە، کە بێگومان هاوکات واتایەکی یوتۆپییانەی لە خۆ گرتووە. هونەر بینەییانە هەمەجۆریی فۆرمە هومانەکانی ژیان پێشان دەدات، لێ ئەم هەمەجۆرییە مرۆڤ ناچار

ناکات تاکو شیمانەی باشتر بۆ دۆخی خۆی هەڵبژێرێت، بەڵکو تەنیا دەیبزوێنێت بۆ ئەوەی بەدووی فۆرمێکی مرۆڤییانەتری ژیاندا بگەڕێت. بەمەش هونەر پێشنیار بۆ کردار پێشکەش دەکات، پێشنیارەکانیش دەبێت ڕێ بدەن شێوەکییانە بە ڕەچاوکردنی هومانێتییان، هەروەها ناوەرۆکییانە بە ڕەچاوکردنی ئەگەری بە دۆخ تایبەتی بەجێگەیاندنیان، بپشکنرێن. هێگل بە تێزەکەی خۆی لەمەڕ کۆتایی هونەر جەخت لە بەشەکێتی (پارسیالێتی)ی واتا مێژووییەکەی هونەر دەکات، لێ ئەم تێزە هاوکات تێڕوانینێکی هونەرە وەک ڕەخنەی فۆرمی مرۆڤییانەی ژیان و ڕەخنەی بناغە دامەزراوەییەکەی ئەو فۆرمەی ژیان، واتا: کۆمەڵگە.

کەواتە هونەر بە دیدی هێگل ئۆتۆنۆم نییە، بەڵکو پابەندە بە ناوەرۆکی خۆیەوە، واتا بە پیرۆزی (موقەدەسی) نوێوە: بە "هومانوس"ـەوە (بە مرۆڤەوە). هونەر لە خزمەتی پێگەیاندنی "مرۆڤایەتی"دایە. کەواتە گەرچی هونەر کارەکتەرێکی ڕابوردوویی و واتایەکی بەشەکیی هەیە، سەرەڕای ئەوە لە جیهانی مۆدێرندا نەشیاوی دەستبەردارییە. هونەر دەتوانێت وێنەی ژیانی بەدیهاتوو، دەتوانێت سەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی کرداری بەدینەهاتوو، بەکراوەیی بهێڵێتەوە. هێگل ئەم ڕۆڵەی هونەر بە ڕاڤەکردنی شیلەر پێشان دەدات، لێ ئێمە هەروەها دەتوانین ئەم کێشەیە بە شانۆنامەکانی بێکێت ڕوون بکەینەوە. وێنەگەلی ژیانی بەدیهاتوو، چێکردنی بینەیی ڕێنوماییکردن، تەنیا ئەدگاری پێشنیاریان هەیە، چونکە ڕوونکراوە نین، چونکە بەس نین بۆ داواکاریی ئاوەز بۆ ئاوەزمەندی، بەڵکو تەنیا ئاوەز و ئازادی دیاردەهێنن. لەبەر ئەم هۆیە چیدی ناشێت هونەر لە کولتووری مۆدێرندا لە پەرچاندن (هزرین) جیابکرێتەوە. هونەر وروژێنی پەرچاندنە، ئەم پەرچاندنەش لە لایەنی خۆیەوە دەکەوێتە پێش کرداری بگۆڕی کۆمەڵگەوە.

لە ئێستێتیکی هێگلدا ئەو تێڕوانینەی ئێستێتیکی فەلسەفەیی بەدیدەهێنرێت کە پاشان لە نوێ-مارکسیزمدا، جیابۆوە لە ئێستێتیکی مارکسیستی، سەرلەنوێ وەردەگیرێتەوە. هێگل گۆڕان بە ڕۆڵێکی ئەوتۆی هونەر لەنێو جیهانی مۆدێرندا دەدات کە ئادۆرنۆ سەرلەنوێ وەریدەگرێتەوە: ئادۆرنۆ داوا دەکات کە هونەر گەرەکە ڕەخنەی کۆمەڵگە بێت. هەروەها مارکوزە، لە لێهزرینی بنەڕەتییانەی ڕێکەرەوەیدا سەبارەت بە هونەر، لە مەغزای کارابیەکی یوتۆپیانەی ڕەخنەدا بەردەوامیی پێدەدات.

## ٣-٥- کارایی ڕەخنەیی-کۆمەڵایەتییانەی هونەر:

**ئێستێتیکی نوێ-مارکسیزم**

ئێستێتیکی مارکسیستی بەگشتی ئەو داواکارییە بەرزدەکاتەوە کە ئەو میراتگری ئێستێتیکی ئیدیالیزمی ئەڵمانییە، هێندە نەبێت تێڕوانینە هۆشەکی-مێژووییەکەی هونەر لە سەرەوە بۆ سەر پێ هەڵدەگێڕێتەوە. هونەر بەم ڕێیەوە دەبێت بە فێنۆمێنی سەرەکیی سەرخان و دەبێت بچێتە خزمەتی ژێرخانەوە، واتا بچێتە خزمەتی ئەو پەیوەندییانەی مرۆڤەوە کە پێشمەرجی ئابوورییان هەیە. کۆمەڵگە لە هونەردا ئاوێنەی ڕاستییەک بەدەستدەهێنێت کە لە سەرەتاوە زانراوە، وەلێ وەک ڕاستی بۆ هەمووان ئاشکرا نییە. بەم شێوەیە هونەر ئەرکی پەروەردەیی لە واتای گەیاندنی ئیدیۆلۆژیدا وەردەگرێت، بەو ڕێیەشەوە داوای یەکگرتنەوەیەکی (ئیدێنتیفیکاسیۆنێکی) ئەرێنی لەتەک ڕاستییە داڕێژراوەکەدا دەکات. بۆیە هونەری مارکسیزم هونەرێکی کورتکراوەیە و دروست ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە ئەو خۆیشی بووە بە ئیدیۆلۆژی. پرسیارێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە داخۆ تا چەند بشێت لەسەر زەمینەی هزری مارکسیستی گۆڕان بە کۆنسەپسیۆنێکی ڕەخنەیی (-ئیدیۆلۆژییانەی) هونەر بدرێت. لەپاڵ ئێستێتیکەکەی ئادۆرنۆدا بەتایبەتی هەوڵەکەی مارکوزە گونجاوە بۆ توێژینەوە لە درێژەپێدانی ئێستێتیکی ئیدیالیستی لەنێو مارکسیزمدا، چونکە هەردووکیان وایدادەنێن کە هونەر کاراییەکی ڕەخنەیی هەیە. بۆیە هونەر بۆ ئەم ئێستێتیکە نوێ-مارکسیستییە تەنیا گەیاندنی ئیدیۆلۆژییەک نییە کە ئەرێنییانە قبووڵ بکرێت، بەڵکو هونەر توانستی ڕەخنەییە لەنێو پەیوەندییەکی ئەوتۆی کۆمەڵگەدا کە بەگشتی وەک نامۆبوون دیاردەدات.

## ٣-٥-١ هونەر وەک ڕەخنەی کۆمەڵگە

تیۆدۆر ڤ. ئادۆرنۆ لە 'تیۆریی ئێستێتیک'دا لەو تێزەوە دەردەچێت کە هونەر بە ئازادبوون لە ناوەڕۆکی ئایینی بە ئۆتۆنۆمی دەگات. لێ ئادۆرنۆ هاوکات دەبێژێت کە هونەر بەڕێی بەربوونییەوە لە ئایین هێشتا هەر بەتەواوی لە مەبەستدانانی مێژووییانە دیاریکراو ڕزگاری نەبووە: "کاری هونەری لە جیهانی ئەمپیرییەوە دەردەپەڕێت و جیهانێکی خۆیی دەهێنێتە گۆڕێ، ئەوجا جیهانەکەی بەرانبەر جیهانی ئەمپیری دادەنێت هەروەک بوونەوەرێک بێت. بەم ڕێیەوە کاری هونەری بەئاپریۆری ڕەهەندێک بۆ ئەرێنیکردن وەردەگرێت، جا گەر خۆی تەنانەت ناسۆراوی بنوێنێت. کەواتە کاری هونەری دەبێت بە جیهان لەپاڵ جیهانی ڕیالدا. ئەم جیهانە خۆییەی دەرکەوتەی جوان مرۆڤ بۆ ئەوە لەخشتە دەبات کە نەک لەتەک جیهانی فاکتیدا، بەڵکو لەتەک جیهانی دەرکەوتەدا یەکبگرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە هونەریش دەبێت بە سیستەمێکی لەتەکیەکگرتنەوە (ئیدێنتیفیکاسیۆن) و گومانی بوون بە ئیدیۆلۆژی

له ئەمیش دەكرێت كە ئێستا دژی خودی هونەر دەوەستێتەوە. لێ هونەری ئۆتۆنۆم بە پێچەوانەوە دەبێت ئەم كۆتانەی هونەر جارێكی دی بپەرچێنێتەوە و لە خۆی دایانبماڵێت. هونەری ئۆتۆنۆم بۆی نییە مرۆڤ بۆ ئەرێنیی پەیوەندییە فاكتییەكان ناچار بكات (ئاخر گەر ئەمە بكات، ئەوسا دەبێت بە ئیدیۆلۆژیی فۆرمێكی تایبەتیی كۆمەڵایەتی)، هەروەها نابێت مرۆڤ بۆ ئەرێنیی ئەو كرۆكە هونەریانە ناچار بكات كە وەك ئەلتەرناتیڤی ڕیالێتی گۆڕان پێدراون، ئاخر گەرچی ئەو كرۆكانە ئۆتۆنۆمن، سەرەڕای ئەوە مەرجی مێژووییان هەیە، چونكە لە دۆخی تایبەتیی دراوی نامۆبوونەوە سەریانهەڵداوە.

هەرئەوەندەی مرۆڤ لەتەک ئەو كردەكێتییەدا یەكبگرێتەوە كە وەک ڕێكخراوێكی دووەمین (بەپاڵ كۆمەڵگەوە وەک ڕێكخراوی یەكەمین — و) لە هونەردا داڕێژراوە، ئیدی ئەو كردەكێتییەی نێو هونەر بۆ كەسی یەكگرتۆوە دەبێتەوە بە درۆ، دەبێتەوە بە پەیوەندییەكی نامۆبوون. ئاخر مرۆڤ نە دەتوانێت بەڕێی هونەرەوە وەک ئەلتەرناتیڤ جیهانی فاكتی بگۆڕێت و نە دەتوانێت لەنێو هونەردا جیهانی كردەكی ببینێتەوە.

هۆی ئەم گرفتەی هونەر كە ناشێت بازی بەسەردا بدرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەدگاری دەركەوتەیی خودی هونەر — ئادۆرنۆ ئەمە خۆگرێداو بە هێگلەوە پێشان دەدات. دەركەوتەی جوان لە لایەک ڕەهەندێک بۆ فریودانی مرۆڤ لە ڕیالێتی وەردەگرێت، لە لایەكی دی ناچارە پەیڕەوی ڕۆشناییدان بكات. هەر بۆیە جیهانی دەركەوتەی جوان چە ئاشكراكردنی ڕاستیی ڕیالێتییە و چە داپۆشینی ئەدگاری دەركەوتەیی خۆیەتی. لێ هونەر بە ڕەهەندی ناچارەكی بۆ داپۆشینی ئەدگاری دەركەوتەیی خۆی، تێكدەچێت: دەبێت بە نامۆبوون. ئادۆرنۆ لە تیۆریی ئێستێتیكدا ئەم كارەكتەرە جووتەنییەی هونەر، واتا ڕۆشناییدان بۆ ڕاستی و ناچاركردن بۆ نامۆبوون، دادەڕێژێت، ئەمەش پێكەوە لەتەک هەوڵێكدا بۆ ئەوەی گۆڕان بە مۆدێلگەلی ئەوتۆی تێگەیشتنی هونەر بدات كە لە توانایاندا بێت بەسەر ئەم ئاپۆرییەدا (بێچارەییەدا) زاڵ ببن.

"پاڵهێزی پرسیارەكە سەبارەت بە ڕاستیی هونەر لە هەڵهاتنی نابوونەوەرێكدایە كە هەروەک هەبێت". ئێمە دەتوانین پەیوەست بەمەوە ببێژین، هونەر خۆی بەم داواكارییە دەژی: ئەوە كە خودی هونەر دایدەڕێژێت، "لەبەر ئەوەی دیاردەدات، دەبێت مومكین بێت". لێ ئەم داواكارییە لە بنەڕەتدا فریودەرە، چونكە گفتی جیهانێكی باشتر دەدات كە هونەر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت گەرەنتی بە لێرەبوونی بدات. لەبریی ئەوە دەبێت كاری هونەری مرۆڤ بۆ ئەوە ببزوێنێت كە لە پەیوەندییەكی ناتەبادا بە ڕیالێتییەوە، "بەبێ پەچە" لە خودی ڕیالێتییەكە تێبگات و هێشتا هەر تێگەیشتنە ئەلتەرناتیڤەكەی خۆی لە ناوەرۆكی بەمێژوویی دیاریكراویدا بەبێ مەرج قبووڵ نەكات. ئەركی هونەر بزواندن نییە بۆ ئەرێنی، بەڵكو هەڵماڵینی (دێنونزیاسیۆنی) ڕیالێتیی نامۆبوو، هەروەها پێشبینیكردنی جیهانی سەرگرتوو و ژیانێكی بەدیهاتوو ئەركی ئەوە. هونەر تایبەتە بەوە كە دیاردە بێت، خەیاڵ / هەڵبەستراو (فیكسیۆن) بێت، سەرەڕای ئەوە ڕێ بە ناخ-ئاسوودەیی لای جیهانێک نادات كە تەنیا وەک باشترێک دیاردەدات؛ ڕێ بە سرەوتن لای خۆی نادات. كاتێک مرۆڤ لە كاری هونەریدا ئەزموونی ساتەكییانەی تۆتالێتی (هەمەكێتی) دەكات، دەبێت ئەزموونكردنەكە وەک ڕێڕەوێک ڕووەو ڕەخنەی كردەكێتی بهێڵێتەوە، چونكە دەركەوتە (ی جوان) هەر جارە مرۆڤ بۆ پرۆسەیەكی پێشڤەچوون ی نەشیاوی كۆتاییپێهێنان ناچار دەكات.

گەر بەم شێوەیە لە هونەر تێبگەین، ئەوسا لە ڕێسەپسیۆنی (وەرگرتنی) هونەردا ڕۆشناییدانێک هەیە کە چە تیۆرییانە و چە پراکتیکییە. لە ئەدگاری دەرکەوتەیی هونەردا دەرفەتێک هەیە بۆ ئەوەی وەرگر بەڕێی بینەیی سێنسییەوە بۆ هزرین ناچار بکرێت. "کارە هونەرییەکان تەنیا ئەویدیکەی ئەزموونەدەری (Empirie) نین، بەڵکو هەموو شتێک لەنێو ئەواندا دەبێت بە ئەویدییەک". بۆیە کارە هونەرییەکان خاوەنی بوونی ئیدیال نین، بەڵکو ئەوان "بەو هۆیەوە کە (سێنسێتی ی دیاردە) بەهۆشەکی دەکەن"، ئیدی دەتوانن "گفتی سێنسێتییەکی کۆسپ بۆ دانراو یان سەرنەگرتوو بدەن". بۆیە لەنێو دەرکەوتەی سێنسیدا (مەحسوسدا) تەنیا دەرفەتێک خۆی نابینێتەوە، بەڵکو مرۆڤ هەروەها دروست لە دەرکەوتەکە تێدەگات، بەڵێ تەنانەت لە ناچارکردنەکەش بۆ هزرین تێدەگات. کاتێک ڕاستیی ریالیتی لەنێو سێنسێتیدا دیاردەدات، نابێت ئەم پرۆسەیە بە ئەزموونێکی ناخ-ئاسوودەی ڕاستی یان بە زانینێکی تەواوکراو سەبارەت بە ڕیالێتی کۆتایی پێبێت، بەڵکو تەنیا قۆناغێکی ڕێڕەویی ڕووەو ڕاستی دەستەبەردەکات. ئەم ئەدگارەی قۆناغی ڕێڕەویی دەبێت، وەک مەرجی ئەزموونکردنی دوایەکییانەی ڕاستی، بەجددی وەربگیرێت و بەڕێی هونەریشەوە دەرببڕێت.

بۆیە گەرەک نییە و نابێت هونەر بریتی بێت لە وێنەدانەوەی ڕیالێتیی کۆمەڵایەتی — واتا ئەوە بکات کە مارکسیزم داوای کردبوو. هونەر نابێت تەنانەت ئەم ڕیالێتییە لە مەغزای شیمانەیەکی باشتردا (بۆ نموونە وەک وێنەی جیهانێکی بەدیهێنراو لە مەغزای جیهانبینیی سۆسیالیستی یان کۆمونیستیدا) وێنەبداتەوە، بەڵکو هونەر دەبێت خۆی لەو جۆرە پرۆسە کۆمەڵایەتییانەی وێنەدانەوە تەواو بەدوور بگرێت. لێ هونەر تەنیا کاتێک ئەمەی پێدەکرێت، گەر سەرلەنوێ چە ئیدیال و چ تێڕوانینی لاساییکردنەوە دیاری بکاتەوە. گەر هونەر بییەوێت بە ئەرکە ڕەخنەییەکەی خۆی بگونجێت، ئەوا چیدی ئەو جوانێتییە ناهێنێتەدی کە مێژووییانە لەگۆڕێیە، بە پێچەوانەوە ئێستا دەبێت لە هونەری مۆدێرندا جوانێتیی سروشت بێتە جێی ئەو جوانییەی هونەر کە لە ئێستێتیکی هێگلدا دیاری کراوە. ئادۆرنۆ ئەم پێشترییەی جوانیی سروشت بە تێڕوانینە تایبەتەکەی خۆی ڕووندەکاتەوە، کە دەبێژێت: سەرجەم لێرەبوونی مێژوویی بریتییە لە لێرەبووونی نامۆبوو کە دەبێت بەهەند وەربگیرێت. گەر ئەم تێزەی کۆسەپسیۆنی کۆمەڵگە وەک پێشمەرج دابنێین، ئەوسا ئیدی تەنیا جوانێتییەک دەتوانێت کارایی ڕەخنەییانەی خۆی لەبیرنەباتەوە کە وەدەرنراوە لە هێزی سازێنەر و چیدی بۆ مرۆڤ دەستپێگەییو نییە. جوانێتی ی سروشت بریتییە لە جوانێتی ی مەزن و ژێرخەر، جوانێتییەکە کە مرۆڤ ناتوانێت بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. تەنیا ئەم جوانییە دەچێتە سەرووی هارمۆنییەکەی جوانێتیی کلاسیکییەوە کە داوای ئەرێنی دەکات، هەروەها سنووری سەرجەم ئەو ناوەرۆکانە دەبەزێنێت کە کۆمەڵایەتی-مێژووییانە خراونەتە بەردەم. بەم ڕێیەوە ئیدی جوانیی سروشت هاوکات دەبێت بە گۆشەنیگایەکی بێلایەن بۆ دەستپێکێکی ڕەخنەی کۆمەڵگە. پەیوەندیی نامۆبوونی کۆمەڵگە و مێژووی مرۆڤ ناشێت لە یەک پنتی نێو پەیوەندیی مێژووییەوە بخرێتە ژێر ڕەخنەوە، بەڵکو ئەو ڕەخنەیە تەنیا لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییەوە دەشێت. تەنیا گەر هونەر جوانێتی ی سروشت دابڕێژێت، ئیدی ڕیالێتییەکی خۆیی بنیاتدەنێت کە پابەند نییە بە دۆخی کۆمەڵایەتی و بەرچاوتەنگییەکەیەوە.

هونەر نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێ بدات کۆمەڵایەتییانە بەکاربهێنرێت و نامۆ بکرێت، بە پێچەوانەوە هونەر دەبێت، گەر لە ڕوانگەی ڕیالێتیی کۆمەڵایەتییەوە بڕوانین، شتێکی زیادە/ ناپێویست (überflüssig) بێت، چونکە

هونەر تەنیا وەک شتێکی زیادە پێی دەکرێت پەیوەندییە فاکتییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە. کەواتە پێویستە ئۆتۆنۆمیی هونەر لەوەدا بێت کە هونەر وەک ئەو ئۆتۆنۆمە دژە هەڵوێستی خۆی بەرانبەر کۆمەڵگە بپارێزێت. هونەر بەرێی "لێرەبوونی پەتیی خۆیەوە ڕەخنە لە (...) کۆمەڵگە دەگرێت" و دەبێت سەرەڕای ئەوە ناکۆمەڵایەتی بێت. "ناسۆسیالێتیی هونەر بریتییە لە نێگاسیۆنی (نەفیکردنی) تایبەتیی کۆمەڵگەی تایبەتی".

بە دیدی ئادۆرنۆ کارەکتەرە جووتەنییەکەی هونەر خۆی لەم دووفاقییەدا دەبینێتەوە. هونەر فاکتێکی کۆمەڵایەتییە و هاوکات ئۆتۆنۆمە. گەر هونەر دەست لە میانەی خۆی لەتەک ڕیالێتیدا هەڵبگرێت، ئەوسا دەبێت بە "شمەک". "هونەر تەنیا بە هێزی کۆمەڵایەتیی بەرهەڵستیکەر خۆی لە ژیاندا دەهێڵێتەوە". ئادۆرنۆ ئەم هێزی بەرهەڵستییە کە هونەر لەدژی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیەتی، بە نموونەی کاری هونەریی جیاواز ڕوون دەکاتەوە. بەتایبەتی ئەدەبەکەی بێکێت بۆ ئادۆرنۆ وەک گونجاو دەردەکەوێت تاکو بە بەڵگەوە ئەم هەڵوێستەی هونەر لەدژی بوونی مرۆڤ بە موڵکی دۆخە کۆمەڵایەتی-مێژووییەکەی خۆی بسەلمێنێت، لێ هەروەها فیگورە کۆمیکییەکەی دۆن کیشۆت و شانۆنامەکانی برێشت داواکارییەکانی ئادۆرنۆ بۆ هونەرێکی بەو چەشنە بەدیدەهێنن.

ئادۆرنۆ داواکاریی خۆی لە هونەر بەم شێوەیە پێناسە دەکات: هونەر گەرەکە بە گەڕانەوە بۆ جوانێتیی سروشت، نامۆبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی کردار هەڵبگرێت (نەفیبکات)، یان: هونەر تەنیا کاتێک دەتوانێت ئەو داواکارییە بەدیبهێنێت، گەر هاوکات ببێت بە هەڵگرتنی (نەفیکردنی، نەهێشتنی) نامۆبوونی شتەکان. تەنیا گەر هونەر سەربەخۆ بێت لەوە کە هەیە، هەروەها سەربەخۆ بێت لەوە کە لەنێو ئەو خۆیدا شیاوی بێژتنە، ئیدی هونەر بەڕاستی ئۆتۆنۆم دەبێت. ئەم ڕاستییە کە لە هونەردا دیاردەدات، دەبێت پێشتر شتەکانی لە نامۆبوونیان ئازادکردبێت.

لێ بەبێ گەڕانەوە بۆ جوانی ی سروشت نەشیاوە ئەدگاری ڕەخنەیی-کۆمەڵایەتییانەی هونەر ڕابگیرێت. هونەر تەنیا بە داڕشتنی جوانێتی ی سروشت دەتوانێت و بۆی هەیە داواکاری بۆ "میمێزیس" (لاسایی) بەرز بکاتەوە. تەنیا لاسایی جوانی ی سروشت، لاسایی ئەوەکەیەکی نەشیاوی لاساییکردنەوەیە. تەنیا ئەم لاساییە گەرەنتی دەدات کە هونەر چیدی مرۆڤ تووشی لەتەکیەکگرتنەوەی (ئیدێنتیفیکاسیۆنی) نوێ و بەمەش تووشی نامۆبوون نەکات، ئاخر ئێستا هونەر بەم شێوەیە شت-ێک داناڕێژێت کە لەژێر ڕکێفی پەیوەندیی نامۆبووندا بێت. گەر هونەر لاسایی جوانی ی سروشت بێت، ئەوسا ئیدی "سروشتی دووەم"، واتا پۆلبەندیکردنی کولتوورییانەی مرۆڤبوون، سەرجەمییانە بەگوێرەی جوانییەکەی سروشتێکی مەزن و لە مرۆڤ تێپەڕکردوو هەڵدەگیرێت. بەم شێوەیە بە نوێکردنەوەی تیۆریی میمێزیس و وەرگێڕینی تەوەرەکانی ئێستێتیک بۆ تیۆرییەکی جوانێتیی سروشت خویا دەبێت کە چۆن ئادۆرنۆ ئێستێتیکی ئیدیالیزمی ئەڵمانی لە سەرەوە بۆ سەر پێ هەڵدەگێڕێتەوە. ئادۆرنۆ ئەو تێگە کرۆکییانە وەردەگرێت کە ئێستێتیکی ئیدیالیستی بۆ دیاریکردنی کاری هونەری گۆڕانی پێدابوون، واتا تێگەکانی: کار، دەرکەوتەی جوان، هۆشەکێتیی هونەر، هەروەها پابەندبوونی سێنسێتیی هەبووی نێو هونەر بە پەرچاندنەوە. ئادۆرنۆ لەو تێڕوانینەوە کە ئێستا چیدی مەسەلەکە سازاندنی جوانێتی ی مرۆڤییانە نییە (وەک لای هێگل)، بەڵکو جوانێتیی سروشتە، سەرجەمی ئەو تێگانە دەگوازێتەوە بۆ سەر بنەڕەتی هەڵوەشاندنەوەیان. بەم ڕێیەوە ئیدی ڕۆڵی هونەر لە یوتۆپیای

جوانییەکی نەشیاوی ڕیالیزەکردن و لە کردار دابڕاوەوە سەرلەنوێ — وەک لای کانت — بڕیار بۆ ڕەخنەی نێگەتیڤی نێگەتیڤێتی ی هەبوو (واتا نامۆبوون) دەدات.

ئادۆرنۆ پێش بنیاتنانی ئێستێتیکەکەی تێگەیشتنێکی خۆیی بۆ مێژوو و کۆمەڵگە هەبوو، کە پاشان ئیدی سازاو بە تێڕوانینی ئێستێتیکییانەی کارایی وەردەگرێت. بە دیدی ئەو سەرجەم هاتووەئارای مێژوویی پێشمەرجە بۆ مرۆڤبوون، لێ سەرجەم هاتووەئارا لە کۆتاییدا سەرلەنوێ نامۆبوونە، چونکە هەموو دۆخێک مرۆڤ ناچاردەکات بۆ ئەوەی شیمانەگەلی دیاریکراوی لێرەبوونی خۆی بەهەند وەربگرێت، لێرەشدا بەناچاری لە چانسی دیکە کە هاوکات باش یان تەنانەت باشترن، دایدەبڕێت. بۆیە پێشڤەچوونی مێژوویی تەنیا دەشێت بریتی بێت لە هەڵگرتنی (نەفیکردنی) ئەم سنووردارییە کە کردەکییانە لەگۆڕێیە، واتا تەنیا وەک نێگاسیۆنی پەیوەندییە دیاریکراوەکان دەشێت. بێگومان دۆخی نوێ کە بەدووی ئەوەدا بە شۆڕش (ڕێڤۆلوسیۆن) بەدیهێنراوە، خۆیشی سەرلەنوێ دۆخێکە کە مرۆڤان بۆ پێبەستەیی دیاریکراوی مێژوویی ناچاردەکات، بۆیە ئەمیش گەرەکە وەک نامۆبوون پێناسەبکرێت. پاشان ڕەخنەی کۆمەڵگە دەبێت بە پاڵهیز بۆ شۆڕشی بەردەوامیپێدراو بەبێ ئەوەی لە نامۆبووندا گیربخوات. ئادۆرنۆ بەتایبەتی لە هونەردا شیمانەیەک دەبینێت بۆ ئەوەی ئەم پاڵهێزە شۆڕشگێڕییە بەبێداری بهێڵرێتەوە.

بۆیە ئادۆرنۆ لە هونەردا دوایەمین شیمانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بونیادە هەبووەکانی کۆمەڵگە دەبینێت، چونکە تەنیا هونەر پێی دەکرێت ڕەخنەی کۆمەڵگە لە واتای ڕادیکالی ڕەخنەیەکی هەنگێوەری نامۆبووندا ئەنجام بدات. تەنیا هونەر چانسێکی هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندیی نامۆبوون لە ئاوێنەی ڕیالێتییەکی نامۆنەبوودا (واتا جوانی ی سروشتدا) دیاربهێنێت، ڕیالێتییەکەش نامۆنەبووە چونکە لە دەرەوەی کردارە. لەبەر ئەوەی ئادۆرنۆ سەرجەم لەگۆڕێبوو (کەتوار) لەژێر تێگەی نامۆبووندا ڕیزبەندی دەکات، ئەوا هونەر لە ڕەخنەی پەیوەندییە هەبووەکاندا تەنیا کارایییەکی سنووردار وەردەگرێت. هونەر وەک ڕەخنەی نێگەتیڤی کەتواری لەگۆڕێبوو، وەک نێگاسیۆنی نێگاسیۆن (نەفی ئەلنەفی) دەمێنێتەوە.

### ٣-٥-٢ هونەر وەک دەرخستەی بینەیی (Vor-Schein) ژیانی بەدیهاتوو

ئادۆرنۆ کارایی هونەر بۆ ڕەخنەی کۆمەڵگە وەک "ڕەخنەی نامۆبوون" تەرخان دەکات، لێ ئەم جۆرە تەرخانکردنە لە دانوستاندنە نوێ-مارکسیستییەکاندا دەخرێتە ژێر گومانەوە. بۆ نموونە هێربەرت مارکوزە لە کۆنسەپسیۆنی (بەرنامەی) دیالێکتیکی نێگەتیڤی ئادۆرنۆدا بەشداری ناکات، ئەم بە پێچەوانەوە لە داڕشتنی ڕیالێتیی مێژووییدا، کردەکێتی وەک تۆڕێکی پێکهاتوو لە نامۆبوون و شیمانەگەلی ژیانی بەدیهاتوو دیاری دەکات. بۆیە مارکوزە دژی تەرخانکردنی کارایيە ڕەخنەیی-کۆمەڵایەتییەکەی هونەر بۆ ڕەخنەی نێگەتیڤێتی دەوەستێتەوە و هاوکات لەپاڵ ئەم هەڵوێستەیدا داواکارییەک بۆ ئەوە بەرز دەکاتەوە، کە نابێت "یوتۆپیا"ی ژیانی بەدیهاتوو لە جیهانی مێژوویی دوور بخرێتەوە و بۆ نێو "سروشت" ببرێتەوە، بەڵکو گەرەکە هەوڵ بدرێت ئەو یوتۆپیایە لە داڕشتنی ڕیالێتی ی مێژوویی-کۆمەڵایەتییەوە بەدیبهێنرێت. لێرەوە مارکوزە دەپرسێت: ئایا هونەر کە لە خەریکبوونی

ڕەخنەییدا بە کۆمەڵگەوە نەخشەیەکی ئەلتەرناتیف بۆ نامۆبوون دەکێشێت، لەو مەغزایەدا یوتۆپیانەیە کە ئەو هاوکات پێکەوە لەتەک ڕەخنەی نێگەتیڤدا پێشنیاری "گفتدانێک بە بەختیاری" دەکات؟ کەواتە گەر ئەمە ئەوها بێت، ئەوسا پێویستە مرۆڤ کاریی ڕەخنەیی-کۆمەڵایەتییانەی هونەر وەک یەکێتییەک لە نێوان ڕەخنەی کۆمەڵگە (لە مەغزای ڕەخنەی نامۆبوون) و یوتۆپیادا (وەک نەخشەی ئەلتەرناتیڤی ژیانی بەدیهاتوو) دابنێت.

بەگشتی هونەر لە مارکسیزمدا دەکرێت بە دەستوێژ تاکو ئەو ڕاستییە سیاسییە بە هەمووان بگەیەنێت کە لە سەرەتاوە پەی پێبراوە، هەروەها ڕۆشنایی بە جەماوەر بدات لەبارەی دۆکترینی چەسپیوی پارت وەک ڕاستییەکی چواندوو. لێ مارکوزە لە نووسینێکی کورتدا بە ناونیشانی "پێرمانێنسی هونەر" نەخشەی ئێستێتیکێکی مارکسیستی بەبێ سنووردانانە دۆکترینییەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی دادەنێت. ئەو دەیەوێت لەم نەخشەیەدا لاوازییەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی بۆ خاتری هەڵوێستێکی ڕەخنەیی-مارکسیستی نەهێڵێت، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگە بنەڕەتییەکانی ئیدیالیزمی ئەڵمانی. بەم ڕێیەوە دەیەوێت بە ئێستێتیکێک بگات کە "ئیستێتیکی تایبەتیی مارکسیستی" بۆ خاتری نەخشەیەکی ڕەخنەیی-یوتۆپیانە نەهێڵێت، هەروەها لەسەر زەمینەی فەلسەفەی پراکتیکی پەیوەندییەکەی هونەر و کردار کە لە ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا ئەنجام دراوە، تێبەڕێنێت و پەیوەندیی نێوان هونەر و کرداری کۆمەڵایەتی شرۆڤە بکات.

لە ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا تێزە بناغەییەکەی ڕۆشناییەکان کرا بە پرۆگرامێکی گشتگیرتر بۆ ڕۆشناییدانی مێژوویی. مارکوزە بەگوێرەی ئەم تێزە بناغەییەی ڕۆشناییەوە هونەر دیاریدەکات: هونەر بریتییە لە فێنۆمێنی کولتووری مرۆڤ؛ ئەوجا مارکوزە دیاریکردنی فەلسەفەییانەی هونەر لەتەک پرسیاری خودبەدیهێنانی مرۆڤ لەنێو مێژوودا یەکدەخات. ئەو پەیوەست بە مارکسیزمەوە گۆڕان بە ئۆنتۆلۆژییەکی هونەر دەدات – ئۆنتۆلۆژیی هونەر وەک دیاریکردنی کاریی (فونکسیۆن). لێ گەر هونەر وەک فێنۆمێنی کولتوور دابنرێت و شرۆڤە بکرێت، ئەوسا پرسیارەکە سەبارەت بە ئۆنتۆلۆژیی هونەر دەبێت بە پرسیاری: ئایا چۆن و بە چە مەبەستێک مرۆڤ لە ڕەوتی مێژووی خۆیدا ئەم جۆرە تایبەتییەی شت لەپاڵ شتگەلی دیکەدا دروست دەکات، یان ئایا مرۆڤ چۆن و بە چە مەبەستێک لەتەک ئەم شتە تایبەتییەدا مامەڵە دەکات؟ پرسیاری "ئۆنتۆلۆژیانە" شرۆڤەیەکی بەم چەشنەی کاریی یەکلادەکاتەوە، کە داخۆ کاری هونەری وەک شتێکی تایبەتی (وەک فێنۆمێنێکی کولتوور) چی بێت بەرانبەر ئۆبژێکتەکانی مەئریفە و کردار.

لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا کۆنسەپسیۆنەکانی ئێستێتیک لە ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا و مارکسیزم سەرەتاییانە پێکەوەدەگونجێنرێن. کارە هونەرییەکان شت ی تایبەت نین بە بەکارهێنان و دابینکردنی گوزەران، بەڵکو "ئۆبژێکتی ئاماژەدەر"ن (Deute-Objekte)، کەواتە کارە هونەرییەکان "پێشبینی ی پێشبینی" ی جیهان و مرۆڤن، و لە کۆمونیکاسیۆندا، لە لەیەکتێگەیشتندا سەبارەت بە سەرجەم ڕوانگەکانی لێرەبوونی تاکەکەسی و پێکەوەژیانی مرۆڤان ڕۆڵی پێشنیارکردنی جیهانبینییانە بۆ ئاراستەی هەڵوێست وەردەگرن. یان با ئەم پرسە لە مەغزای ئێستێتیکی ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا دەرببڕین: مەسەلەکە ڕوو دەکاتە ڕاستیی مێژووییانەی هونەر یان ڕوو دەکاتە ئەو ڕاستییە کە بەڕێی هونەرەوە گەیەنراوە (vermittelt). ئەوجا لە کۆتاییدا بە ئاراستەدانی ئێستێتیک ڕووەو کاریی مێژووییانەی هونەر نەک تەنیا ئێستێتیکی ئیدیالیزمی ئەڵمانی و نوێ-مارکسیزم بەیەک دەگەن، بەڵکو

هاوکات لەتەکیاندا ئەو هەوڵە هێرمینیۆتیکیانەش یەکدەگرنەوە کە لە بناغەڕشتنی ئێستێتیکدا پشت بە هایدێگەر دەبەستن. پرسیاری سەرەکی و بناغەی ئەم ئێستێتیکە لای ئەمان بریتییە لە دیاریکردنی کارایی کۆمەڵایەتیـ ڕەخنەییانەی هونەر کە هاوکات دیاریکردنی فەلسەفەییانەی "کرۆک"ی هونەرە. لێرە ئێستێتیکی فەلسەفەیی بریتییە لە لکێکی تیۆریی مێژوویی مرۆڤ، واتا پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مێژوویەتی (Geschichtlichkeit).

ئەو پرسیارە کە سەبارەت بە کارایی ڕەخنەییـکۆمەڵایەتییانەی هونەر یان سەبارەت بە مێژوویەتیی هونەر لەگۆڕێ بوو، لە ڕەوتی ڕەخنەی مارکسیستیدا لە ئیدیالیزم ڕیزێک ڕاڤەکردن و چەوتڕاڤەکردنی بەخۆوە بینی. مارکوزە لە لێهزرینەکانیدا لەمەڕ پێرمانێنسی هونەر ڕەچاوی ئەم هەقیقەتە دەکات. ئەو ئاگامەندانە گۆڕان بە فۆرمێکی مارکسیزمی ڕەخنەیی دەدات کە ڕەوێنراوەتەوە لە بەکارهێنانی ئیدیۆلۆژییانەی هونەر وەک ڕۆشنابیدان سەبارەت بەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییە کە مارکسیستییانە چەسپێنراوە. مارکوزە لەم مارکسیزمە ڕەخنەییەدا کارایی کاری هونەری وەک ڕەخنەی شۆڕشگێڕ دیاری دەکات. بە دیدی ئەو کارێکی هونەری دەشێت ناوبنرێت "شۆڕشگێڕ"، گەر بتوانێت بە "فۆرماندنێکی ئێستێتیکی نائازادییەکەی ڕیالێتیی مەوجود" پێکەوە لەتەک هەوڵەکانی یاخیبووندا کە تاکەکەس لەدژی ئەو نائازادییە دەیاندات، دیاربهێنێت و لێرەشەوە "ئاسۆی دۆخگۆڕی دەربخات". ئەم جۆرە کارە هونەرییە بۆ مارکوزە "ئۆتۆنتیک"ـە / ڕەسەنە (authentisch) و تێیدا فۆرم و ناوەرۆک یەکدگیر دەبن، ئەمەش بێگومان لە مەغزای ئێستێتیکی هێگل بەتایبەتی و ئێستێتیکی ئیدیالیستیدا بەگشتی. کاری هونەری بریتییە (*ist*) لە یەکێتیی ڕەخنە وەک "سکاڵاکردن، یاخیبوون و هیوا"، بەمەش ئیدی "دژی ئەو کردەکێتی"یە دەوەستێتەوە "کە ئەو خۆی پێشانی دەدات."

کەواتە کارایی کۆمەڵایەتییانەی هونەر ئەوە نییە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری بنوێنێت، ئەمەش لە واتای شۆڕشێکدا کە هونەر هۆشەکییانە چەسپاندبێتی و کردەکییانەش ئەنجامدرابێت، وەک چۆن ئەمە لە مارکسیزمدا داوا دەکرا، نەخێر، هونەر بەرانبەر پراکسیسی ڕادیکالی سیاسی تەنیا "ناڕاستەوخۆ" ڕەخنەیی دەبێت. بۆ هونەر شیمانەکانی ڕەخنە سەرهەڵدەدەن کاتێک ئەو "بۆ نێو ڕەهەندێک دەکشێتەوە کە تێیدا تەنیا لەنێو هێزی وێنادا مەوجود وەردەگۆڕێت و دەیپەڕێنێتەوە" بۆ نێو "جیهانی هەڵبەستراو / خەیاڵی (Fiktion)". هونەر یوتۆپییە نەک بریتی بێت لە نواندنی کاریگەری. خەیاڵی (Fiktion) جیهانێکی بەدیهێنراو، یان جیهانێکی هومان کە لە هونەردا یان لەنێو دەرکەوتەی جواندا سازێنراوە، خەیاڵی جیهانێکە کە مرۆڤ تێیدا دەژی و بە خەرەندێک جیانەکراوەتەوە، بەڵکو ئەزموونی ئەلتەرناتیڤی شیاو بۆ ڕیالێتیی مەوجود دەگەیەنێت. ئەوجا بەدووی ئەوەدا دەشێت لە هەنگاوێکی دیکەدا ئەم ئەلتەرناتیڤانە لەدژی پەیوەندییە هەبووەکان (مەوجودەکان) بەگەڕبخرێن و لەگەڵ خۆیان "سکاڵا" دژی نامۆبوون دەهێنن. بەم ڕێیەوە (ئەمەش لە مەغزای هێگلدا) "ئەو جیهانە کە لە هونەردا سازێنراوە، وەک کردەکێتی (ی ڕاستینە) دەناسرێت"، واتا وەک ڕیالێتییەک کە "لە جیهانی ڕیالدا چەوسێنراوەتەوە و تەزویرکراوە" و دەشێت توانا بە مرۆڤ بۆ لێرەبوونێکی هومان بدات. بەو ڕێیەوە کە کاری هونەری خۆی نێگەتیڤانە لە ڕیالێتی دادەبڕێت، بێگومان دابڕین لە مەغزای سکاڵا و یاخیبووندا، ئیدی پۆزەتیڤانە دەبێت بەهۆی سەرهەڵدانی هیوایەک بۆ ئەوەی لەنێو خۆیدا "هەمەکێتییەکی / تۆتالێتییەکی لە خۆدا داخراو"، جیهانێکی خۆیی ی ژیانی بەدیهاتوو، دژی نامۆبوون دابنێت.

مارکوزە لەم پەیوەندییەدا گۆڕان بە دیاریکردنێکی ئۆتۆنۆمیی هونەر دەدات، ئۆتۆنۆمییەک کە چیدی بەهایەکی ئیدیەل و شکۆمەندییەکی خۆیی لەوبەر مرۆڤەوە بە هونەر نادات، بەڵکو بەو ئۆتۆنۆمییە تەنیا ڕەوایی هونەر لەدژی ڕیالێتیی زۆر بەدەسەڵات دەردەخرێت. جوانی لەنێو خۆیەوە ئۆتۆنۆمیی جیهانی دەرکەوتە یان جیهانی خەیاڵ دەهێنێتە ئاراوە. لێ ئۆتۆنۆمیی هونەر تەنیا لە واتای دژەهەڵوێستێکی هونەردا بەرانبەر جیهانی ڕیالی نامۆبوون شیاو و گەرەکی لێتێگەیشتنە، نەک لە واتای یاسایەتییەکی خۆیی هونەردا کە مرۆڤ بۆ هەڵوێستی خۆبەخشینی سامڵێنیشتوو ناچار بکات. هونەر ئۆتۆنۆمە، چونکە جیهانەکەی پرۆژەی ڕیالێتی لە مەغزای ئازادیدا دادەنێت، بە واتایەکی دی لە مەغزای دەرخستەی بینەییانەی (Vor-Schein) ئازادیدا دایدەنێت. بۆیە مارکوزە دەتوانێت ئەم تێزە پارادۆکسە دەرببڕێت: هونەر تەنیا وەک هونەری ئۆتۆنۆم دەتوانێت ببێت بە "فاکتەری کۆمەڵایەتی".

مارکوزە لە یەکێتیی نێوان ئۆتۆنۆمیی هونەر و کارایی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕان بە تێزی یەکێتیی ناوەرۆک و فۆرم دەدات. کارێکی هونەری ئۆتۆنۆمە، گەر ناوەرۆک و فۆرم پێکەوە خۆیان لە هارمۆنیدا ببیننەوە، لێ کاری هونەری هاوکات ئەم هارمۆنییە ناخەکییە ئاڕاستەی ڕیالێتی دەکات، چونکە "فۆرمی ... ئێستێتیکی" هیچی دیکە نییە جگە "لە فۆرمی مێژووییانەی ڕەهەندی ڕەخنەیی" و هونەریش بەم ڕەهەندە "لەتەک دۆخگۆڕیی کۆمەڵگەدا ڕەت دەبێت". لێرەدا "خەیاڵ ڕیالێتییەکی خۆیی، جیهانێکی واتا، دەسازێنێت و ئەم جیهانە لەو کاتەشدا کە ڕیالێتیی مەوجود بە ناڕەوای دادەنێت، هێشتا هەر چواندنی دەبێت". هونەر وەک بەشێکی ڕیالێتیی مەوجود دیاردەدات، یان وەک بەرنامەی ئەلتەرناتیڤی ناوەرۆکییانەی جیهانێکی خەیاڵی کە هەروەها هومانە. هونەر شۆڕشگێڕە، چونکە دەردەکەوێت کە خەیاڵ بەر لە نامۆبوونی مەوجود شایانی ئەوەیە ڕیالێتیی پێبدرێت.

مارکوزە هەڵوێستێکی دژبەری تیژکراوە بەرانبەر ئێستێتیکی مارکسیستی وەردەگرێت و ڕایدەگەیەنێت کە هەموو ئێستێتیکێکی مارکسیستی چواندنی دەبێت تەنیا گەر هاتوو لەسەر شێوەی فۆرمولەکردنەکەی ئەو بناغەی بڕێژرێت. مارکوزە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هەڵوێستەی دەگەڕێتەوە بۆ ئێستێتیکی ئیدیالیزمی ئەڵمانی و تێگە بنەڕەتییەکانی ئەم ئێستێتیکە وەردەگرێتەوە، ئەوجا بەگوێرەی ئەو پێشمەرجە دەیانپشکنێت کە داخۆ بتوانن گەرەنتی بە دیاریکردنێکی گشتگیری کاراییەکەی هونەر (لەنێو یەکتیی ئۆتۆنۆمی و ڕەخنەدا) بدەن.

مارکوزە داوای سینتێزێک لە نێوان ڕەخنە و یوتۆپیادا دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا تێگەی "دەرکەوتەی جوان" وەک بناغەی داواکارییەکەی خۆی بۆ ئەو سینتێزە و هەروەها بناغەی تێڕوانینی ئۆتۆنۆمیی هونەر دادەڕێژێت. تێزی ئۆتۆنۆمیی هونەر لە مەغزای کاراییە کۆمەڵایەتییەکەیدا، واتا لە مەغزای دانانیدا لەژێر بیرۆکەی هومانیزەکردنی جیهاندا، تەنیا لەنێو تێگەی دەرکەوتەدا شیاوی لێتێگەیشتنە. تەنیا گەر جیهانی خەیاڵی یان ئەندێشە وەک داڕشتەی سەرگرتووی کردەکێتیی جڤاکییانەی مرۆڤ بچێتە نێو کاری هونەرییەوە، ئیدی هونەر دەتوانێت چە ڕەخنەی نامۆبوون و چە "گفتی ئازادکردن" لە خۆ بگرێت. هونەر هەروەها بە وێنەی پێچەوانەی ڕیالێتیی گەرەنتی دەدات بە "نەهێشتنی شیاوی زەبر، بە دەرکەوتەی ئازادکردن"، بێگومان بەبێ ئەوەی خۆی بخاتە جێی ڕیالێتیی مەوجود، ئاخر وەک مارکوزە دەبێژێت، "بردنەسەری گفت هونەر ناگرێتەوە".

مارکوزە دەگەڕێتەوە بۆ دیاریکردنە ئیدیالیستییەکەی ئیدیالی هونەر (Kunstideal) تاکو جیابوونەوەی دەرکەوتە لە ڕیالێتی و هەروەها زەرووڕەی پەیوەستکردنی خەیاڵ بە ڕیالێتییەوە بناغەبرێژێت. ئێمە دەبێت لە ئیدیال ئیدێی پێوارەیی (regulative Idee) تێبگەین تاکو ئیدی کارایی ڕەخنەییەکەی هونەری ئۆتۆنۆم شیاوی تێگەیشتن بێت. ئەمە لە ئێستێتیکی ئیدیالیزمی ئەڵمانیشدا هەر لەسەر هەمان شێوە ڕووندەکرایەوە. سەرەتا لە دیاریکردنی ئیدیالدا جەخت لەوە دەکرێت کە نابێت جیهانی ئافرێنراوی هونەر بە کردەکێتی دابنرێت، هونەر هەردەم "دەرکەوتەی جوان" دەمێنێتەوە، یان هونەر بەرانبەر ڕیالێتی تەنیا جیهانێکی خەیاڵییە. لێ جیهانی هونەر، وەک ئیدیال، دابڕاو نییە لە ڕیالێتیی مەوجود. ئیدیال دەچێتە خەباتەوە لە پێناوی هومانیزەکردنی جیهاندا، لێ ئیدیال سەرەڕای ئەوە هێشتا هەر وەک "دوایەمین ئامانج، ترانسسێندێنت دەمێنێتەوە". ئیدیال یان ئەو ڕاستییە کە لە هونەردا داڕێژراوە، بە پێچەوانەی داواکارییەکەی مارکسیزمی دۆگماییەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کردار نییە، بەڵکو وەک "ئیدێی پێوارەیی" لە مەغزای کانتدا، وەک ڕێنومای بینەیی ی کرداری ڕیال، کارایی لە سازاندنی جیهاندا وەردەگرێت. بێگومان لەتەک هەر دۆخگۆڕییەکی کاریگەریی هونەردا، گوزارشتی هونەریش دەگۆڕرێت. ناوەرۆکەکانی هونەر بگۆڕێن پابەند بە کولتوورەوە، لێ ئەدگاری شێوەکییانەی هونەر ئەوها نییە، بەڵکو بریتییە لە سازاندنی جیهانێکی "جوان"، واتا جیهانێکی لە خۆدا داخراوی هیوا لەوبەر نامۆبوونەوە.

(1): سیتاتە ئینگلیزییەکانی دەیڤید هیوم بەڕێز هۆشەنگ فاروق بۆ کوردی وەریگێڕاون.

سەرچاوە:

Annemarie Gethmann-Siefert: Einführung in die Ästhetik، Stuttgart 1995

## فەرهەنگۆک

تێبینی: واتای زۆرینەی واژەکان پەیوەست بەم نووسینەوە دیاری کراوە، لێ دەشێت لە واتای دیکەشدا بەکار بهێنرێن. بۆ وشە گریکییەکان پیتی (گ) و بۆ وشە لاتینییەکان پیتی (ل) دانراون.

**ئاگایی**: بە ئەرەبی: الوعي.

**ئانالیتیک:** ڕێبازی شرۆڤەکردن.

**ئاپریۆری**: پێشئەزموونی، سەربەخۆ لە ئەزموون.

**ئاپۆستەریۆری**: پاشئەزموونی، واتا سەرهەڵداو بەڕێی ئەزموونەوە.

**ئاوتێنتیک**: نەڕازێنراوە، ڕەسەن، لە خۆدا دروست.

**بڕیار / Das Urteil**: بە ئەرەبی: "قضية"، تێگەیەکی بناغەیی لۆگیکە، وەک دەربڕینێک. وشەکە لە یاساناسییەوە وەرگیراوە: بڕیاری دادگایی حاسمە، واتا یەکلاییکەرەوەیە. بڕیار لە دوو تێگە پێکدێت کە بریتین لە بکەر و هەڵگیراو، بە یاریدەی ڤێربی ناتەواوی "ە" پێکەوە دەلکێنرێت، بۆ نموونە "سۆکرات مرۆڤە".

**بێدوایەکی**: ناموتەناهی.

**پاتۆس** (گ): هەستی پڕموبالەغە، دەربڕینی سۆزەکیی وروژاو.

**پراکسیس** (ل): بە ئەرەبی (عملی)، بۆ نموونە سیاسەت "کردن" پراکسیسە، ماتماتیک بەڕەهایی تیۆرییانەیە.

**پرێمیس** (ل): تێگەیەکی لۆگیکە، بەواتای "پێشدانراو". زانستی پێوانەیی (سیللۆگیزم) لە دوو پێشدانراوەوە، بە واتایەکی دی لە دوو بڕیارەوە، بڕیارێکی دی دەرئەنجامێنێت. بۆ نموونە: سۆکرات مرۆڤە، مرۆڤ بمرە، کەواتە: سۆکرات بمرە.

**پۆئێتیک**: ڕێسای هونەری هۆنینەوە.

**پەرچاندن**: ڕێفلەکتدانەوە، ("انعکاس")، بریتییە لە هەڵگێڕانەوەی هۆشەکییانەی بابەتە دەرککراوەکان یان وێنا ناخییەکان لە لایەن مرۆڤەوە، کە دوورخستنەوەی بابەتەکەیە لە سەرچاوەکەی.

**پێرمانێنس**: بەردەوامی.

**پێشبڕیار**: لە لۆگیکدا بڕیار (قضية / das Urteil) هەیە کە هەنگێوەری بابەتەکە یان ڕەوشەکەیە و لە زەینەوە دەدرێت. لێ پێشبڕیار لە بۆچوونەوە بەبێ بناغە، کەواتە بەبێ ناسینی بابەتەکە یان ڕەوشەکە، بەزۆریی لە هەستەوە دەردەبڕرێت.

**ترادیسیۆن** (ل): ئەوەیە کە لە ڕابوردووەوە گەیەنراوە و سەروەریی هەیە. ترادیسیۆنی ئەو کەسەیە کە هەوڵ بۆ پاراستنی یان چەسپاندنەوەی ئەو ترادیسیۆنە دەدات.

**ترانسسێندێنس** (ل): سەرسروشتی، دەرچوو لە شیمانەی دەرککردنی سێنسی و ناسین.

**ترانسسێندێنتال**: لە تیۆریی مەئریفەدا بە کێشەدانانێک یان شێوازێکی بناغەڕشتن دەگوترێت ترانسسێندێنتال کە دەگەڕێتەوە بۆ مەرجی زەروری و لەژێر ئەو مەرجەدا شیمانەی ناسینی بابەت دادەنێت، کەواتە مەئریفەی بابەتەکان بەئاپریۆری دەشێنێت.

**تیۆریی مەئریفە**: لکێکی فەلسەفەیە کە خۆی بە بونیادە بناغەییەکانی مەئریفەی شتەکان یان ریالێتییەوە خەریک دەکات.

**تیۆلۆژی** (گ): زانستی خوداناسی، کە لە هەبوون و مۆرکەکانی خودا دەکۆڵێتەوە.

**تێگە**: (مفهوم)، بریتییە لە ئەبستراکتردنی تاکەکان بۆ گشتێتی لە لایەن زەینەوە، کە دەشێت لە واژەیەک یان چەند واژەیەکدا یەکیان بخات، یان بە پێچەوانەوە دانراوی خودی زەینە. تێگە بنەمایەکی سەرەکیی هزرینی ئاوەزمەندانەیە.

**تێلیۆلۆژی**: زانستی هۆئەنجامی، ڕێبازێکی فەلسەفەییە کە هەموو شتێک وەک ئەنجامی هۆکارێکی پێشینەیی دیاری دەکات.

**تێماتیزەکردن**: کردنی کێشەیەک بە بابەتی لێکۆڵینەوە یان دانوستاندن.

**چاپاندن** :بە عەرەبی انطباع، بە ئەڵمانی (Eindruck)، بە لاتینی (Impression)، بۆ نموونە ئیدراکێکی تایبەتی، وەک بینینی درەختێک، لەنێو ناخی ئێمەدا چاپ دەبێت، تۆمار دەبێت. بابەتەکە بریتییە لە چاپێنراو.

**خۆمەبەست**: ئەو شتەی کە مەبەستی دەرەکیی نییە، بەڵکو خۆی بۆ خۆی مەبەستە.

**خولگەی ئەرگومێنتی**: یان خولگەی لۆگیکی کە سەلماندنێکی سووڕاوەیە، بۆیە سەلماندنێکی هەڵەیە، چونکە پرێمیسەکان (پێشمەرجەکانی سەلماندن) لە سەرەتاوە ئەوەیان لە خۆ گرتووە کە گەرەکە بسەلمێنرێت. بۆ نموونە بڕیارێکی لۆگیکی خۆی دەکرێت بە پێشمەرجی سەلماندنی خودی بڕیارەکە.

**دژبێژی**: دژبێژی تێگەیەکی کرۆکیی لۆگیکە. مرۆڤ بۆ نموونە تێزێکی هەیە، پاشان دەشێت لە ڕەوتی دارشتندا دەربڕینی دیکە ئەنجام بدات کە پێچەوانەی تێزەکەی خۆی بن، بەمەش ئەو دژبێژیی خۆی دەکات.

**دۆکترین** (ل): بیروباوەڕی چەسپیوی سیاسی، یان تیۆریی زانستی کە نوێنەرەکانی چواندنی ڕەهای پێدەدەن.

**دۆگماتیزم** (گ/ل): پابەندبوونی وشک بە بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆژییەوە.

**دوالیزم** (لا): فەلسەفەی دووانەتی یان دوو تەوەرەیی.

**دوایەکی**: موتەناهی.

**دەرئەنجاماندن**: دەرئەنجامگیری، کە دەشێت لە پێشمەرجی گشتییەوە ئەنجام بدرێت (ئاوەزگەری)، یان لە پێشمەرجی تایبەتییەوە (ئەزموونگەری).

**دیاگرام** (گ/ل): نەخشە.

**دیسپلین** (ل): بەشی زانستی لە زانکۆدا.

**دیستینکت**: شیاوی جیاوازیکردن یان وردکردنەوە لە پێناوی ئاشکراییدا.

**دیستینکسیۆن**: ئاشکراکردنی جیاوازیی شتێک لە شتانی دی.

**دیسکورز** (ل): گۆتار.

**دیسکورزیڤ**: هەنگاونانی (نڤیسکی یان گفتوگۆیی)ی ئیستیدلالی یان دەرئەنجامگیرانە لە تێگەوە بۆ تێگە.

**دیلێما** (گ/ل): دۆخێک کە تێیدا مرۆڤ ناچارە لە نێوان دوو شت یان ڕەوشدا کە هەرووکیان نالەبارن، بڕیارێک بدات.

**دێبات** (ل): دانوستاندنی زانستی.

**دێدوکسیۆن**: دەرئەنجاماندنی ئاوەگەرایانە لە بنەڕەتی لۆگیکی یان ماتماتیکییەوە.

**دێدوکتیڤ**: دەرئەنجاماندن بەڕێی دێدوکسیۆنەوە.

**دێلیکاتێس** (ل): هەستی ناسک (هەروەها واتای خۆراکی بەتام دەگەیەنێت).

**ڕاسیۆنال** (ل): ئاوەزمەندانە.

**ڕاسیۆنالێتی**: شێوازی هزرینی ئاوەزمەندانە، هزرینی ئاوەزییانەی مەبەستمەند.

**ڕەخنە**: لێرەدا تێگەی ڕەخنە (کریتیک) تەنیا لای کانت گەرەکی ڕوونکردنەوەیە. ڕەخنە لەم ڕوانگەیەوە واتای "دیاریکردنی سنوور" دەگەیەنێت. بۆ نموونە ئەو لە "ڕەخنەی ئاوەزی پەتی"دا دەیەوێت سنوورەکانی توانستی مەئریفەیی ئاوەزی پەتی، واتا ئاوەزی بەدەر لە هەر ڕەوشێک یان دراوێکی سێنسی، دیاری بکات.

**مەئریفەی سێنسی**: ئەو مەئریفەیەیە کە بەڕێی سێنسەکانەوە لە شێوەی ئیدراکدا هاتۆتە ئاراوە. بەتایبەتی ئەزموونگەراکان ئەم جۆرە دەرککراوییانە وەک مەئریفەی سەرەتایی وەردەگرن کە پاشان بە پەرچاندن (ڕێفلەکسیۆن) مەئریفەی گشتییان لێوە دەرئەنجامێنن.

**ژینجیهان** (Lebenswelt) :تێگەیەکی تایبەتی فێنۆمێنۆلۆژیی هوسەرلە و بەڕێی ئەویشەوە هاتۆتە نێو فەلسەفەوە. ژینجیهان ئەو جیهانەیە کە هەر تاکێک پێش هزرین تێیدا دەژی.

**سوژێ** (ل / فەڕەنسی): کەرەسەی داڕشتنی هونەری.

**سۆسیالیزەکردن**: بەکەسکردن-ی تاکەکەس (مندالّ).

**سەبژێکت** (ل): بکەری ئاگامەند کە فەلسەفە یان زانست بنیاتدەنێت.

**سەبژێکتیڤی**: کارێکی هزری کە تەواو لە خۆیەکی بکەرییانەوە ئەنجام بدرێت.

**سەروێنە**: یان پێشوێنە، هەبوونێکی بناغەییە کە لێوەی دەروێنەیەک یان دیاردەیەک دەکەوێتەوە و لەو سەروێنەیە دەچێت، لێ هاوشێوەی نییە.

**سینتێز** (گ): (تێکهەڵکێش) توخمێکی هزرینی دیالێکتیکییە. مرۆڤ بۆ نموونە دەربڕینێکی وەک تێز هەیە، پاشان دژە دەربڕینێکی دیکە وەک ئەنتیتێز ئاڕاستەی دەربڕینەکەی ئەو دەبێتەوە یان ئەو خۆی بەرەنگاری دەکاتەوە و دەشێت لە هەردووکیانەوە سینتێزێک وەک مەئریفەیەکی نوێ بهێنرێتە گۆڕێ، تێکهەڵکێش بکرێت.

**سینۆنیم** (گ): (مرادیف)

**سێنس** (ل): واتای هەست (بۆ نموونە شەش هەستەکە) ناگەیەنێت. هەست دیاردەیەکی دەروونییە، لێ سێنس ئۆرگانییە و بریتییە لە تۆمارگریی فیزیۆلۆژیانە لەنێو مرۆڤ و ئاژەڵە پێشکەوتووەکاندا. سێنسەکان بریتین لە سێنسی بینین، بیستن، چێژتن، بۆنکردن، گرتن.

**سێنساوی**: سەروەربوونی سێنسەکان لە نواندنی ڕەفتاردا، سۆزمەند.

**فاکت**: دراو، ئەوە کە کردەکییانە لەگۆڕێیە.

**فۆرمال** (ل): شێوەکی، شێوەی بەدەر لە ناوەرۆک.

**فۆرمێل** (ل): لە ڕووی شێوەکییەوە.

**فونکسیۆن** (ل): کارایی (دەزگایەک، ئامێرێک یان کەسێک لە دامەزراوێکدا).

**فێلیکس ئائێستێتیکوس**: بەگوێرەی پێناسەی خودی باومگارتن بەواتای "مرۆڤی هەستناسک بە دەستۆچکەی بەختەوەرەوە".

**کریتێر** (گ): مۆرک، سەنگی مەحەک.

**کۆمپۆزیسیۆن** (ل): (ترکیب)، دانانی ئاوازێک.

**کۆگنیسیۆن** (ل): بەزۆری مەبەست لە هزرینە لە واتایەکی فراواندا. کۆگنیسیۆن توانستەکانی ئاگاداری، یادوەری، ئەندێشە، ویست و بڕوا، هەروەها فێربوون و پلاندانان و هتد لە خۆ دەگرێت.

**کۆگنیتیڤ**: زانینمەند.

**کۆمونیکاسیۆن** (ل): لێکتێگەیشتنی نێویەکی، پەیوەندیی زمانیانەی نێومرۆڤی.

**کۆنتێکست** (ل): (سیاق)

**کۆنڤەنسیۆن** (ل): (اتفاق)

**کۆنسەپسیۆن** (ل): بەرنامە یان تێڕوانینی تیۆرییانە، نەخشەی هزری یان هونەری.

**مۆتیڤ** (ل / فەڕەنسی): وروژێن.

**مۆرال** (ل): سیستەمی بنەما ئاکارییە پابەندەکان بە ترادیسیۆن و ئایین و فۆرمی کۆمەڵایەتییەوە.

**مێتاتیۆری** (گ): تیۆرییەک بەسەر تیۆریگەلی دیکەوە کە پابەند بەو تیۆرییە سەرینەییەوە ئاڕاستە وەردەگرن.

**میمێزیس** (گ): داڕشتنی هونەری، لێرەدا هەقیقەتێک، واتا فۆرمێک دەدرێت بە کەرەسەیەکی پەرش یان تەنانەت شێواو.

**نەسازی**: (التناقض).

**نێگاسیۆن** (ل): واتا هیچاندن، نەهێشتن، نەفیکردن.

**نوێخواز**: (بە ئەرەبی "فزولی"). مرۆڤی نوێخواز کەسێکە کە هەڵپەی شتی نوێ دەکات.

**نۆرم** (ل): پێوارە (معیار).

**نۆرماتیڤ**: پێوارەیی.

**نۆرمال**: ئاسایی، گونجاو بە هەر پێوەرێک، بۆ نموونە پێوەری کۆمەڵایەتی.

**نۆمینالیزم**: ناوگەرایی، ڕێبازێکی فەلسەفەییە کە وایدادەنێت، تێگەکان تەنیا ناون بۆ تاکە شتەکانی نێو کردەکێتی، ناوەکانیش تەنیا لەنێو هۆشدا هەن. لەم ڕوانگەیەوە بوونەوەرێکی گشتگیر لێرەبوونی نییە کە وەک بناغەیەکی ڕیال شتەکان لە خۆ بگرێت.

**ویست**: تەقەلای ناخەکیی مرۆڤە کە هەمیشە ڕووەو ئامانجێک ئاڕاستەی دەرەوە دەکرێت.

**ئۆبژێکت** (ل): بابەتی یان ڕەوشی یان کێشەی دانراو لە لایەن سەبژێکتی ئاگامەندەوە. بە کوردی بابەت بەکاردەهێنرێت کە ڕاست نییە، چونکە مەرج نییە بابەتێک دانراوی (مەوزوعی) سەبژێکتێک بێت.

**ئۆبژێکتیڤی**: دیدی یان تێڕوانینی یان ڕوانگەی پێشتریدەر بە دانراوەکەی (واتا بە مەوزوعەکەی) سەبژێکت.

**ئۆپسیۆن** (ل): هەبوونی ئازادی بۆ ئیختیاری شتێک یان ڕەوشێک.

**ئۆنتۆلۆژی** (گ): بوونناسی.

**هیپۆتێز**: (گ، ل) گریمانەی زانستی کە جارێ سەلماندنی گەرەکە. دەستوێژێکە بۆ سەلماندنی شتە یاسادارەکان، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی دروستبوونیان. پێچەوانەی هیپۆتێز بریتییە لە پرۆگنۆز کە گۆڕانی ئایندەیی ڕادەگەیەنێت.

**هیچاندن**: (نێگاسیۆن).

**هێرمینیۆتیک**: فەلسەفەی تێگەیشتن.

**ئەبستراکت** (ل): (مجرد).

**ئەرگومێنت** (ل): پاساو، (حجە، بورهان).

**ئەزموون**: جۆرێکی مەئریفەیە کە بە کارکردن لە دەرککراوییە سێنسییەکاندا سەرهەڵدەدات.

**ئەکت** (ل): ڕوودان، کردار.

**ئەمپیری**: سەرهەڵداو لە ئەزموونی سێنسییەوە یان لە ئێکسپێریمێنتی زانستییەوە.

**ئەنترۆپۆلۆژی** (گ): لە دوو وشەی ئەنترپۆس (مرۆڤ) و لۆگۆس (ناسین) پێکهاتووە، واتا: "مرۆڤناسی.

**ئیدیال** (گ/ل): نموونەی باڵا.

**ئینتەرسەبژێکتیڤی**: نێوبکەری. بۆ نموونە چەند سەبژێکتێک پێکەوە نێوبکەرییانە توێژینەوەیەک ئەنجام دەدەن.

**ئینتەلیگێنس**(ل): ژیری، هەبوونی ژیرانەی زانین و زانست.

**ئینتوئیسیۆن** (ل): (حەدەس)، ڕوانینی "ڕوون و ئاشکرا" لە شت یان لە ڕەوش.

**ئینتەنسیۆن** (ل): مەبەست.

**ئینتەنسیۆنال** (ل): مەبەستمەند.

**ئیندوکسیۆن** (ل): (استقراء)، دەرئەنجامگیریی ئەزموونگەرایانە لە دەرککراوییە تایبەتە سێنسییەکانەوە.

**ئیندوکتیڤ**: دەرئەنجامێنراوی ئەزموونگەرییانە.

**ئێپۆخێ** (گ): بەواتای "ڕاگرتنی بڕیار بەسەر شتێکدا". مێتۆدی هوسەرلە بۆ گەیشتن بە کایەی سەبژێکتیڤێتیی پەتی.

**ئێپۆس** (گ): (ملحمە)

**ئێکسپێریمێنت** (ل): تەجروبەی زانستی.

**ئێکستاز**: (حاڵ)، لێرەدا ئاگایی لەکار دەکەوێت، هەروەک دەگۆترێت: مرۆڤ ئاگای لە خۆی نامێنێت.

**ئێنتوسیازم**: وروژان، هەڵچوونی سەرسامانە.